٧٠ وێستگەی مێژوویی

تەیموور مستەفایی

کوردستان ٢٠١٥

٧٠ وێستگەی مێژوویی

تەیموور مستەفایی

هەوڵنامەی کتێب

کوردستان ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: **٧٠ ویستگەی مێژوویی**
نووسین و ئامادەکردنی: **تەیموور مستەفایی**
پێداچوونەوەی: **سەلام ئیسماعیلپوور**
گرافیک و دیزاین: **هۆزان**
وێنەی بەرگ: **سەلاح نادری**
نۆرەی چاپ: **یەکەم ٢٠١٥**
تیراژ: **١٠٠٠ دانە**
چاپخانە:
نرخ: **دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (٥٠٠)ی
ساڵی ٢٠١٥ی دراوەتێ

پێشەکشە بە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای
ئازادی و دیموکراسی

هەواڵنامەی کتێب

پێڕست

هەواڵنامەی کتێب

١: دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤)............ ١٣
٢: ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (١٣٢٤)............ ١٦
٣: پەیمانی دۆستایەتیی کوردستان و ئازەربایجان (١٣٢٥)............ ١٨
٤: لە سێدارە درانی پێشەوا و هاوڕێکانی (١٣٢٦)............ ٢٠
٥: هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا بۆ کۆنگرەی سێهەم............ ٢١
٦: ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان (١٣٢٩-١٣٣٢)............ ٣٢
٧: کومیتەی کوردستان و ئازەربایجان (کاک)............ ٣٤
٨: پەلاماری پۆلیس بۆ سەر ئەندامانی حیزب (١٣٣٨- ١٣٤٣)............ ٣٥
٩: کۆنگرەی دووەمی حیزب (١٣٤٣)............ ٣٧
١٠: جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ تابۆی لەشکان نەهاتوویی دەشکێنێ............ ٣٩

١١: گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو و بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات (١٣٤٩ ـ ١٩٧٠).. ٥١

١٢: «کۆنگرەی سێهەمی حیزب» (١٣٥٢).. ٥٤

١٣: ئالوگۆڕەکانی سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی لێکدانەوەی شەهید دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا.. ٥٧

١٤: پێکهێنانی کومیتەی زاگرۆس (١٣٥٧).. ٦٤

١٥: دەستبەسەرداگرتنی پادگانی مەهاباد، هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی پێویست (١٣٥٧).. ٦٧

١٦: ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب (١٣٥٧)................................. ٦٩

١٧: شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە (١٣٥٨).. ٧٤

١٨: ریفراندۆمی دیاریکردنی نیزام، یەکەم شانۆسازیی ڕێژیم (١٣٥٨)......... ٧٩

١٩: هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاشتییانەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان (١٣٥٨) ٨١

٢٠: شەڕی نەغەدە (١٣٥٨).. ٨٣

٢١: هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان (١٣٥٨)... ٨٥

٢٢: شەڕی پاوە و فتوای جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان (١٣٥٨) ٨٦

٢٣: ئیعدامەکان لە کوردستان.. ٩٢

٢٤: دەستپێکردنی شەڕی بەرگری لە کوردستان (١٣٥٨)............................ ٩٤

٢٥: بەشداریی خەباتگێڕانی بەشەکانی دیکە لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا ٩٨

٢٦: قارنێ و قەڵاتان، کۆمەڵکوژیی گەلی کورد (١٣٥٨)............................. ١٠٠

٢٧: داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و هەڵوێستی حیزب (١٣٥٨)................ ١٠٤

٢٨: بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ پێشنووسی یاسای بنەڕەتیی ئێران (١٣٥٨).. ١٠٥

٢٩: کۆنگرەی چوارەمی حیزب (١٣٥٨).. ١٠٨

٣٠: هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە کوردستان (١٣٥٩).......... ١١٢

٣١: هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستان (بەهاری ١٣٥٩)...................... ١١٤

٣٢: شەڕی ٢٦ ڕۆژەی سنە (١٣٥٩).. ١١٦

٣٣: جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لە حیزبی دێموکرات (١٣٥٩).......... ١٢٠

٣٤: دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران (١٣٥٩)................................ ١٢٧

٣٥: سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق (١٣٥٩) ١٢٩

٣٦: بۆردمانی زیندانی «دۆڵەتوو» (١٣٦٠)...................................... ١٣٠

٣٧: کارو کردەوەکانی حیزب لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان........... ١٣٦

٣٨: پاساوێکی ناڕەوا بۆ شەڕێکی زیانهێنەر (١٣٦٠)............................ ١٤١

٣٩: کۆنگرەی پێنجەم و دوو بڕیاری گرینگ (١٣٦٠)............................. ١٤٣

٤٠: ٥٩ عەمەلیات بۆ تۆڵەی ئیعدامی٥٩ لاوی مەهاباد (١٣٦٢).................. ١٤٤

٤١: راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە سەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزبی توودەی ئێران (١٣٦٢) ١٤٦

٤٢: سەبارەت بە شوورای نیشتمانیی بەرگری.. ١٥٠

٤٣: مانگی دیفاع لە ئازادی و مانگی هێرش بۆ سەر دوژمن (١٣٦١).......... ١٧٧

٤٤: کۆنگرەی ٦، پەسەندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک (١٣٦٢)............ ١٧٩

٤٥: دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە (١٣٦٣).. ١٨٤

٤٦: پێوەندیی حیزب و کۆمەڵە.. ١٨٥

٤٧: وەرگیرانی حیزب بە ئەندامی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست....................... ١٩٩

٤٨: بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری تیرۆریست بوونی رێژیمی خومەینی (١٣٦٦) ٢٠٤

٤٩: کۆنگرەی هەشتەم (١٣٦٦).. ٢٠٥

٥٠: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و دەربازبوونی هێزەکانی حیزب (١٣٦٦) ٢٠٩

٥١: جیابوونەوەی دوای کونگرەی هەشتەمی حیزب (١٣٦٧)...................... ٢١٨

٥٢: بڕیارەکانی پلینۆمی حیزب پاش قبوولکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ لە
لایەن خومەینییەوە (١٣٦٧).. ٢٢٤

٥٣: راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی پێکهاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی (١٣٦٧) ٢٣٠

٥٤: چۆن بوو دوکتور قاسملوو رووی لە وتووێژ کرد و تیرۆر کرا؟ (١٣٦٨) ٢٣٣

٥٥: جیابوونەوەی زۆربەی ئەندام و کادرە کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە
حیزبی توودەی ئێران (١٣٦٩).. ٢٤٢

٥٦: تیرۆری دوکتور سەعید و هاوڕێیانی لە ریستورانی میکونۆس (١٣٧١) ٢٤٧

هەواڵنامەی کتێب

٥٧: گواستنەوەی بنکەکانی حیزب لە قەندیل بۆ کۆیە (١٣٧٢)........................ ٢٥٧
٥٨: کۆنگرەی دەیەمی حیزب و یەکنەگرتنەوە (١٣٧٤)................................... ٢٦٠
٥٩: تۆپبارانی کەمپی ئازادی (١٣٧٥)... ٢٦٩
٦٠: بزووتنەوەی ئیسلامی و رادەستکردنی تێکۆشەرانی دێموکرات بە کۆماری ئیسلامی (١٣٧٥).. ٢٧١
٦١: تیرۆرەکان لە کوردستانی باشوور و عێراق (١٩٩١ـ ١٩٩٥)................... ٢٧٥
٦٢: دەرمانداو کردنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب (١٣٧٦)........................ ٢٨٣
٦٣: کۆنگرەی ١٣، کۆنگرەی دەستکەوتە مێژووییەکان (١٣٨٥)................... ٢٨٥
٦٤: دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ (١٣٨٣)........................ ٢٩٧
٦٥: نارەزایەتیی چل رۆژەی خەڵکی کوردستان و خەباتی مەدەنی (١٣٨٤) ٢٩٨
٦٦: ئینشعابی پاش کۆنگرەی سێزدە (١٣٨٥).. ٣٠٣
٦٧: راگەیەندراوی دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێزگرتن لە شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو لە بیستەمین ساڵی شەهیدکرانیدا (١٣٨٨)............. ٣١٢
٦٨: ٢٣ی بانەمەڕ، رۆژێک کە کوردستان سەری بە سێدارە داخست (١٣٨٩) ٣٢٧
٦٩: بەرگری لە نیشتمان لە شەڕ دژی داعشدا (١٣٩٣).................................. ٣٣٥
٧٠: گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاخ و هەڵسوکەوتی Pkk................ ٣٣٦

پێشەکی نووسەر

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ (١٣٩٤ی هەتاوی) حەفتا ساڵ لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات تێدەپەڕێ. تێکۆشانی ئەم حیزبە هەوراز و نشێوی زۆری لە دامەزرانی کۆماری کوردستان تا رووخانی کۆمار و لە دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی نهێنی تا راپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ - ٤٦ و رووخانی رێژیمی پاشایەتی و رزگاربوونی بەشێکی زۆر لە کوردستان و بەرگریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، تیرۆرکردنی رێبەرانی و دەیان تێکۆشەری دیکەی ئەم حیزبە و شەهید بوونی هەزاران رۆڵەی بەوەج لە ریزی پێشمەرگایەتیدا لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی داگیرکەر و زیندانیکردنی بە هەزاران رۆڵەی بەوەج و ئەشکەنجە و ئازار یان کوشتوبڕ و قەڵاچۆی دەیان گوندی

کوردستان و .. تێپەڕاندووە، بەڵام نە سەرکەوتنەکان لە خۆ باییان کردووە و نە تێکشکانەکان نائومێدیان کردووە.

قۆناغی یەکەمی خەباتی ئەم حیزبە بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و رووخانی کۆمار و ئیعدامی قازییەکان دەست پێ دەکا کە کاریگەرییەکانی ئەو قۆناغە و بیرەوەرییەکانی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا شوێندانەریی هەبووە و هەیە. قۆناغی دووهەمی خەباتی حیزب لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی دەست پێ دەکا کە لەم قۆناغەدا تا ساڵی ١٣٤٦ واتە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ئەگەرچی تێکۆشان بەردەوام بووە، بەڵام رەنگدانەوەی کەمتر لە قۆناغی یەکەم بووە و تەنانەت لە چەند ساڵێکیشدا ئەم حیزبە لە رێبازی دروست و ئوسووولیی خۆی دوور دەکەوێتەوە کە دیارە خەباتی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ لاپەرەیەکی زێڕین لە ئازایەتی و بەگژداچوونەوەی داگیرکەرە. قۆناغی سێهەمی خەباتی ئەم حیزبە لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوییەوە دەست پێ دەکا کە لەم قۆناغەدا دوکتور قاسملوو بناغەیەکی پتەو و بەرۆژ بۆ سیاسەتی ئەم حیزبە دادەنێ کە دەتوانم بڵێم ئەم چەشنە لە دیاریکردنی سیاسەت، حیزبی دێموکرات دەباتە قۆناغێکی نوێ کە ئەم سیاسەتە لە داهاتووی تێکۆشانی حیزبدا رەنگ دەداتەوە و توانایی زیاتر بە بەهێزبوون و بەرەوپێشچوون و دێموکراتیزە کردنی ئەم حیزبە دەدات.

لە چوارچێوەی ئە م سیاسەتەدا:

حیزب بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی هیچکات لە کەرەستەی ناڕەوا کەڵکی وەرنەگرتووە. هەرچەند رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە حیزب بکێشێتە ئەم رێگایە، رێژیم لە کوردستان بە شێوەیەکی دڕندانە بە تۆپ و هێلیکوپتەر و فڕۆکە دەستی داوەتە بۆردمان، تۆپباران و تەنانەت بۆردمانی شیمیایی و کوشتوبڕی خەڵکی بێ دیفاع، ئیعدامی زیندانیانی سیاسی و ئەشکەنجەی خەڵک

کە زۆربەیان کاری سیاسییان نەکردووە. ڕێژیم ئەوپەڕی جینایەتی لەم وڵاتەدا خولقاندووە، بەڵام حیزبی دێموکرات هیچ کات لە بازنەی عەقڵ نەچووەتە دەرەوە و لە پێوەرە ئینسانییەکان دەرنەچووە و هیچ کات نەکەوتووەتە فیکری ئەوەی کە کردەوە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بە کردەوەی هاوچەشن وەڵام بداتەوە. هەمیشە پەلاماری دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی یانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی داوە و لە نێوان خەڵکی بێدیفاع و ناوەندە نیزامییەکان و هێزە سەرکوتکەرەکان جیاوازیی داناوە. لادان لەم ئوسولەی بە لادان لە ڕێبازی ئەسڵیی حیزب داناوە و هەر کەس لەم بارەوە خەتایەکی کردبێ، چاوپۆشیی لێ نەکراوە و سزا دراوە کە دیارە لەم سیاسەتەیدا قەت زەرەری نەکردووە و هێزەکانی ڕێژیم کاتێک کە زانیویانە ئەگەر دیلی هێزی پێشمەرگە بن ناکوژرێن و ئازاد دەکرێن، لە کاتی شەڕەکاندا کە گوشاریان کەوتووەتە سەر، لوولەی تفەنگەکانیان کردووەتە خوارەوە و تەسلیم بوون، ئەم کردەوەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە خەباتی ئێمە لە دنیادا بە خەباتێکی ڕەوا و ئینسانی بناسرێت، خەباتی ئێمە پشتگیریی کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان و وڵاتانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و تەواوی هەواڵنێر و فیلمهەڵگرەکان کە هاتوونەتە کوردستان ئەم ڕاستییەیان ڕاگەیاندوە و سەریان سووڕ ماوە لەوەی کە لە حاڵەتی شەڕدا حیزب چۆن توانیویەتی ئەم ئوسوولە ئینسانییە ڕەچاو بکا.

لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ئەم حیزبە ئەوە بووە کە عامیلی ئەسڵیی شۆڕشی بە هێزی گەل زانیوە و پشتئەستوور بە هێزی میلیونیی گەلەکەی خەباتەکەی بردووەتە پێش و پشتیوانی دەرەکیی وەک عامیلی یارمەتیدەر زانیوە و کەس نەیتوانیوە دار و لەلەی بۆ بتاشێ و ڕێبازی بۆ دیاری بکا و ڕێبازی ئەم حیزبە لە چوارچێوەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورددا دیاری کراوە.

سیاسـەتی ڕێبەریی بە کۆمەڵی وەک بناغەی ڕێبەریکردنی خەبات دیـاری کـردووە و دووریـی کـردووە لـە تاکپەرەسـتی و بڕیاردانی تاکەکەسی کە ئەم سیاسەتە گەرەنتیی بەردەوامیی بووە لە خەبات.

لەگـەڵ ئەوەی بڕوایەکی تەواوی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بـۆ گەلەکەمـان هەبـووە و لە ماوەی تەمەنی خۆیـدا هەوڵی بۆ داوە، هەر لەو کاتەشدا دیاریکردنی شێوەی خەبات و دیاریکردنی ئامانجی دواڕۆژی هەرکام لە بەشەکانی کوردستانی بە مافی ئەو ڕێکخراو و حیزبانە زانیوە کە لەو بەشـەی کوردسـتاندا خەبات دەکەن و لەمەڕ پێوەنـدی کـردن بە حکوومەتەکانـی ئەو وڵاتانەوە کـە کوردیان تێدا دەژی، بە مەرجێک ئەو پێوەندییەی بە ڕەوا زانیوە کە زیانی بۆ ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەدایە نەگەیەنێت.

بۆ ئەوەی پێشـەکییەکە زۆر درێژ نەکرێتەوە، زیاتر لەوە لە سـەر چوارچێـوەی سیاسـەتەکانی حیزبـی دێموکـرات نـاڕۆم کـە بـواری جۆراوجـۆر دەگرێتـەوە و دەکـرێ بۆ خۆی لە تویێ کتێبێکدا چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

مەبەسـت لە نووسـینی کتێبی « ٧٠ وێسـتگەی مێژوویی» خستنە رووی کۆمەڵێـک ڕووداو و هەڵویسـتی ئـەم حیزبەیە کە لە درێژەی ئـەو خەباتـەدا هاتوونەتە ئاراوە کە بێگومان بەشـێک لەم ڕووداوانە تێکۆشـەرانی دیکـەی حیزب لە چوارچێوەی بیرەوەری و نووسـینی جۆراوجۆردا باسیان لە سەر کردووە کە لەم ڕووداوانەشدا هاتوون، بەڵام کۆمەڵێک هەڵوێست و بڕیاریش لەم کتێبەدا دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەر کە پێشـتر باسـیان لێ نەکراوە، یان بە کەم و کوڕی باسیان کراوە کە نووسـەران یان زانیاریـی تەواویان لە ڕووداوەکە نەبووە، یان بە گرینگیان نەزانیوە کە من لێرەدا باسم لێوە کردوون.

لەم کتێبەدا بەشێک لە ڕووداوەکان بە دوورودرێژی و بەشێک بە کورتی ئاماژەیان پێ کراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

ـ ڕادەی زانیاری و بەڵگەی لەدەستدابوو.
ـ هەڵگرتنی ئەو ڕادە باسە کە لە سەری کراوە.
لـە نووسـینەکانی ئەم ڕووداوانەدا تا سـاڵی ١٣٦٨ی هەتاوی زۆر جار لە نووسراوە و وتارەکانی دوکتور قاسملوو کەڵکم وەرگرتووە، لە بەر ئەوەی بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و بە ناوەڕۆکترم زانیون. پاش ئـەو ماوەیـەش لە بەشـێکی زۆری ئـەو ڕووداوانـەدا بۆ خۆم بەشـدار بـووم و لەگەڵ ئـەوەی کەڵکم لە ڕۆژنامەی «کوردسـتان» و نامیلکەکانـی دیکـەی حیـزب وەرگرتـووە بـەڵام لێکدانـەوە و بۆچوونەکانـی خۆمـم بـە بنەمـا گرتـووە کـە لەوانەیە تێکۆشـەرانی دیکـەی ئـەم حیزبە یان لەگەڵی موافیق بن یا نەبن و تێبینی‌یان هەبێ کە بە مافی ئەوانی دەزانم. هەرچی بێ لە نووسـین و لێکدانەوەکانی ئەم کتێبەدا خۆم بەرپرسیارم و یەک و دوو بابەتێک کە لە کەسانی شـارەزا لـە ڕووداوەکـەم وەرگرتوون لـە خـوارەوەی وتارەکەیاندا ئاماژەم پێ کردووە.
لێرەدا بە پێویسـتی دەزانم سپاسـی بێ پایانی ئەم هاوڕێیانە بکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا یارمەتیی زۆریان داوم:
ـ سـەلام ئیسـماعیل‌پوور کـە ئەرکی پێداچوونـەوەی کتێبەکەی وە ئەستۆ گرتووە و زۆر تێبینیی وردیشی پێ داوم.
ـ سـەلاح دەشـتی، وەزیر یووسفی و سامان وەیسیانی کە بەشێکی بەرچـاوی ئـەم نووسـینەیان بـۆ تایـپ کـردووم و هەروەهـا جەبار دروودی کە ئەویش لە بەشێک لەو نووسینەدا هاوکاریی کردووم.
تەیموور مستەفایی
پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی

٧٠ وێستگەی مێژوویی

هەواڵنامەی کتێب

■ ١: دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤)

ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠(٢٥ی ئووتی ١٩٤١ی زایینی) لەشکری سوور لە باکوورەوە و لەشکری ئەمریکا و ئینگلیس لە باشوورەوە ئێرانیان داگیر کرد، ڕێژیمی دیکتاتۆریی ڕەزاشا بێجگە لە بەیاننامەیەکی بێناوەڕۆک کە باسی لە بەهێزی و ورەی ئەرتەشی ئێران دەکرد، نەیتوانی هیچ دژکردەوەیەک لە خۆی نیشان بدات و دەرکەوت کە ئەم جۆرە ئەرتەشانە بێجگە لە سەرکوتی خەڵک نەبێ هیچ توانایەکیان بۆ بەرگری لە وڵات نییە و هەر بۆیە ڕێژیمی دیکتاتۆریی ڕەزاشا تێک ڕووخا. هێزەکانی ئەمریکا و ئینگلیس لە باشووری ئێران نیشتەجی بوون و لەشکری سۆڤێتیش لە باکووری ئێران. بە تێکچوونی دیکتاتۆریی ڕەزاخان هێندێک ئازادی لە وڵات

پەیدا بوو و ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوە. لە نێوان ئەم دوو هێزەدا مەهاباد وەک ناوچەیەک بوو کە هیچکام لەو هێزانەی تێدا نیشتەجێ نەبوون، بۆیە وەزعێکی تایبەت لەم ناوچانەدا پێک هات سەرەتا خەڵک چەکدار بوون و بە هۆی ئازادییەک کە لەم ناوچەیەدا پێک هاتبوو، کۆمەڵەی ژ.کاف لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١(١٦ی ئۆتی١٩٤٢ز) لە مەهاباد دامەزرا. لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.کاف تا دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ٣ ساڵ مەودا بوو کە لەو سێ ساڵەدا کۆمەڵەی ژ کاف بە دەرکردنی گۆڤاری نیشتمان و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی پتەو بەڵام بە بیروباوەڕی ناسیۆنالیستیی تۆخ بیری نەتەوەیی پەرە پێ دا. بەڵام کۆمەڵە بەو هۆیەوە کە ڕێکخراوێکی داخراو بوو و هەلومەرجی ئەو کاتیش پێویستی بە ڕێکخراوێکی کراوەتر و بەربڵاوتر هەبوو، وەڵامدەری ئەو بارودۆخە نەبوو. بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵە و لە سەرەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد بەو ئاکامە گەیشتن کە هەر لە سەر ئەساسی کۆمەڵەی ژ.کاف ڕێکخراوێکی دیکە دابمەزرێنن کە گونجاویی لەگەڵ هەلومەرجی تازە پێکهاتوو هەبێت. بە پێی ئەو زەروورەتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٦ی ئووتی١٩٤٥) لە شاری مەهاباد دامەزرا و بەرنامەی خۆی ڕاگەیاند.

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێک لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورددا و سەرەتایەک بۆ پێکهاتنی حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێڕن بوو کە بەرنامەیەکی ڕوونی پێشکەش کردبوو. لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ٣ ئەرکی بنەڕەتیی لە پێش بوو:

١. ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لە ژێر ئاڵای خۆی.

٢. گرێدانی خەباتی گەلی کورد لەگەڵ خەباتی سەرانسەریی ئێران بۆ دێموکراسی و دژی فاشیزم.

٣. راکێشانی پشتیوانیی هێزە پێشکەوتووەکان بۆ مافی ڕەوای گەلی کورد.

یەکەم بەرنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ خاڵدا پێشکەش کرا کە ناوەڕۆکی ئەو ٨ خاڵە بریتی بوو لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، بەدیهێنانی دێموکراسی و دابەزاندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە خاڵەکان بریتی بوون لە:

١. نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەحەلیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودمۆختاریی خۆی بە دەست بێنێ.

٢. مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە زمانی کوردی بە ڕێوە بچن.

٣. لە سەر بناغەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ، بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێریی بە سەردا بکا.

٤. کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بە بێ قسە لەگەل خەڵکی ناوچەکە بن.

٥. دەبێ لە سەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێیی و خاوەن ملکدا ڕێککەوتنێک بێ کە دوارۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.

٦. حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشی کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانیتر وەک ئاسوورییەکان، ئەرمەنییەکان و هیی دیکە یەکیەتی و برایەتیی تەواو پێک بهێنێ.

٧. حیزبی دێموکرات بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و

هەواڵنامەی کتێب

بازرگانی و پەرەپێدانی لەشساغی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانە سرووشتییەکانی کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگادا تێدەکۆشێ.

٨. ئێمە دەمانهەوێ تەواوی گەلانی ئێران هەلی تێکۆشان بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشخستنی نیشتمانیی خۆیان.

■ ٢: ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (١٣٢٤)

لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات تا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٦٠ ڕۆژی کێشا و لە سەرەتای خەرمانانی ١٣٢٤ پێشەوا قازی محەممەد بە سەرۆکایەتیی وەفدێک لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەشداریی کرد و پاش ئەم جێژنە بۆ باکۆ بانگهێشت کرا کە سەفەرەکەی بە هۆی ئەوەی کە سەرۆکی حیزبی دێموکرات بوو، سەفەرێکی بە تەواوی سیاسی بوو و لەم سەفەرەدا بەڵێنیی هێندێک هاوکاریی وەک پێدانی چەک و وەرگرتنی قوتابی بۆ پەروەردە و هاوکاریی ماڵیی پێ درابوو.

جموجۆڵی دیکەی وەک دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی حیزب لە شارەکانی دەوروبەری مەهاباد و چەککردنی شارەبانیی مەهاباد وەک دوایین ئاسەواری ڕێژیم لەو شارە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە زۆربەی ناوچەکاندا هەلومەرجەکەی بەرەو ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان پاڵ پێوە نا، تا لە ئاکامدا لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانوویەی ١٩٤٦) لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، دامەزرانی کۆماری کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەریندا کە نوێنەرانی بەشێک لە ناوچەکانیتری کوردستانی تێدا بەشدار بوون، ڕاگەیەندرا و قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا قازی محەممەد بەرنامەی دواڕۆژی کار و تێکۆشانی کۆماری

هەواڵنامەی کتێب

کوردستانی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتدا هەموو ئەو بەرنامەیە بوو کە حیزبی دێموکرات دایتابوو.

کابینەی کۆمار بە سەرۆکایەتیی حاجی بابە شێخ لە ١٣ کەس پێک هاتبوو کە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ناوی وەزیرەکانی لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بڵاو کرایەوە.

لەم مەراسیمەدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشدار بوون و بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی نەقشێکی پڕڕەنگتریان لەو بەشدارییەدا هەبوو کە لە پاراستنی کۆماریشدا دەورێکی بەرچاویان گێڕا.

لە کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان کە لە سێ ڕەنگی سوور و سپی و کەسک و ناوەڕاستەکەشی لە ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتبوو، هەڵکرا و سروودی «ئەی ڕەقیب» بوو بە سروودی ڕەسمیی کۆمار.

■ کار و کردەوەکانی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان ١١مانگ ژیا و لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا گەلێک کردەوەی گرینگی جێبەجێ کردن کە ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون.

زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی، ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر بە زمانی کوردی بڵاو کرانەوە کە لەوانە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵاڵە کە گۆڤارێکی ئەدەبی بوو، گڕوگاڵی منداڵان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان کە لە پێشخستنی زمانی کوردیدا دەورێکی بەرچاویان گێڕا.

شانۆی کوردی نەخشێکی زۆری گێڕا، چوونکە خەڵکی نەخوێندەوار کە تا ئەوکات زیاتر لە ٩٠٪ی خەڵک نەخوێندەوار بوون زۆر باش لە شانۆ حاڵی دەبوون.

دامەزراندنی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان کە بە تایبەتی ژنی کورد

بۆ یەکەمجار بە ڕەسمی و بە ئاشکرا هاتنە مەیدانی خەبات کە لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ (١٤ی مارسی ١٩٤٦) یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزرا.

پێکهێنانی سوپای میللی کە بە هێزی پێشمەرگە ناو نرا، بەشێک لە بەرنامەی حیزب بوو کە بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان نەخشی بەرچاو بگێڕێ و بەشداریی چالاکانەی ئەفسەرە کوردەکانی لەشکری عێراقیش دەوری تایبەتیی خۆی هەبوو.

بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ فرۆشتنی توتن و کڕینی زۆر کەرەستەی پێویست، گەشەیەکی تایبەتی بە بازرگانی دا.

دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش: لە کاتێکدا کە بە هەزاران کەس چەکدار بوون، لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا یەک کەس کوژرا، دزی نەبوو، بەرتیل خواردنیش بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرا.

دەسکەوتی هەرە گرینگی ئەم کۆمارە ئەوە بوو کە بۆ یەکەمجار گەلی کورد چارەنووسی خۆی بە دەستەوە گرت و تامی ئازادیی چێشت. نە زەبروزەنگی پۆلیسی بە سەرەوە مابوو نە لە کەس فەرمانی دەبرد، بەڵکوو ئەوە کورد خۆی بوو کە خۆی بە ڕێوە دەبرد و لە وڵاتی خۆیدا خاوەن دەسەڵات بوو.

■ ٣: پەیمانی دۆستایەتیی کوردستان و ئازەربایجان (١٣٢٥)

لە ڕۆژی ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی (٢٣ی ئاوریلی١٩٤٦) لە شاری تەورێز لە لایەن دوو هەیئەتی ڕەسمیی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلیی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەری پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوانیاندا ئیمزا کرا کە دەقی پەیماننامەکە بەم جۆرەیە:

١. لەو جێگایانەی کە بە پێویست دەزانرێت، هەر دوو حکوومەت

نوێنەری ڕەسمیی خۆیان لە خاکی یەکتر دیاری دەکەن.
٢. لە ئازەربایجان لەو جێگایانە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، کاروباری دەوڵەت بە دەستی کوردەکانەوە دەبێ، هەروەها لە کوردستان لەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئازەربایجانین، کاروباری دەوڵەت بە دەستی مەئموورانی حکوومەتی میلیی ئازەربایجانەوە دەبێ.
٣. هەر دوو حکوومەت کۆمیسیۆنی هاوبەش بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان پێک دێنن، بڕیارەکانی ئەم کۆمیسیۆنە بە چاوەدێریی سەرۆکی هەر دوو حکوومەت جێبەجێ دەبێ.
٤. لە کاتی پێویستدا لە نێوان حکوومەتی میلیی ئازەربایجان و کوردستاندا هاوکاریی نیزامی ساز دەبێ و هەرچی پێویست بێ، یارمەتیی یەکتر دەدەن.
٥. ئەگەر پێویست بێ، لەگەڵ حکوومەتی تاران وتوویژ بکرێ، دەبێ بە پەسەندی هەر دوو حکوومەتی میلیی ئازەربایجان و کوردستان بێت.
٦. حکوومەتی میلیی ئازەربایجان بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین و کۆماری کوردستانیش بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین، بە پێی توانا هەوڵ دەدەن.
٧. هەر کەسێک کە بۆ تێکدانی دۆستایەتیی مێژوویی و نەتەوەیی ئازەربایجان و نەتەوەی کورد و لەنێوبردنی یەکیەتیی دیموکراتیکی میللی یا ئاڵۆزکردنی ئەم یەکیەتییە تێ بکۆشێ، یەکدەست لە لایەن هەر دوو لاوە سزا دەدرێ.

هەولێرنامەی کتێب

■ ٤: لە سێدارە درانی پێشەوا و هاوڕێکانی (١٣٢٦)

دوای ئەوەی لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٧ی دیسامبری١٩٤٦) ڕاست ساڵێک پاش چەککردنی شارەبانیی مەهاباد، ئەرتەشی شا مەهابادی داگیر کرد و کۆماری کوردستان تێک شکا و کۆتایی بە تەمەنی هات تا ڕۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥(٢١ی دیسامبری١٩٤٦) مەهاباد ئارام بوو. لەو ڕۆژەدا سەرتیپ هۆمایوونی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی لەو شارەدا کۆ کردەوە و داوای تفەنگەکانی لێ کردن کە لە یەکیەتیی سۆڤییەت وەرگیرابوون، بەڵام پێی گوترا کە ئەو تفەنگانە دابەش کراون و لە پێش گەیشتنی لەشکر سووتێنراون وکەس نازانێ تفەنگەکان لە دەستی کێدان. پێشەوا قازی محەممەد بەرپرسایەتیی ئەو کارەی وە ئەستۆ گرت و لە ئاکامدا هەر ئەو ڕۆژە ٢٨ کەس لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بە قازی محەممەدیشەوە گیران.

لە مانگی بەفرانباری ١٣٢٥(٣٠ی دیسامبری ١٩٤٦دادگایی کردنی پێشەوا و هاوڕێیانی محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی بە بێ ئەوەی ڕێگا بدرێ پارێزەر بۆ خۆیان بگرن، دەستی پێ کرد و لە ئاکامدا ڕۆژی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥(٢٣ی ژانویەی١٩٤٧) بە ئێعدام مەحکووم کران. جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ماوەی ٦٦ ڕۆژ دوا خرا و لە ئاکامدا ڕۆژی١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦(٣٠ی مارسی ١٩٤٧) لە سێدارە دران. دواخرانی حوکمی ئێعدامی پێشەوا و هاوڕێکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆشەویستییەی کە پێشەوا قازی لە نێو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی شاری مەهاباد هەیبوو. ڕێژیم لە دژکردەوەی خەڵک دەترسا، هەر بۆیە لە ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانیدا کە لە مەیدانی چوارچرا (ئەو جێگایە کە کۆماری کوردستانی لێ دامەزرا) لە سێدارە دران، کەشوهەوایەکی نیزامیی بەرقەرار کرابوو.

پێشەوا قازی لە تەواوی دەورانی موحاکماتی لە دادگای نیزامیی شادادا کە بە هۆی «سەرهەنگ فیرووزی»یەوە بەڕێوە دەچوو، بە تایبەتی لە ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٢٥ (٩ی ژانویەی ١٩٤٧)دا کە ١٤ کاتژمێری خایاند، ئازایانە دیفاعی لە کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی گەلی کورد کرد و لە ڕاستیدا ئەوە پێشەوا بوو کە دادگای نیزامی و ڕێژیمی پاشایەتیی موحاکمە دەکرد و لە دیفاعییاتەکەیدا دەیگوت ئەمڕۆ قازی محەممەدێک ئێعدام دەکەن، سبەی هەموو مرۆڤێکی کورد دەبێتە قازی محەممەدێک.

لە درێژەی ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادیدا زۆر لاوی بەوەج ڕێچکە و ڕێبازی پێشەوایان بەر نەدا و لە پێناو ئەو ئامانجانەدا بە هەزاران ڕۆڵەی بەوەجی دیکە شەهید بوون و ئەم ڕێگایە هەر بەردەوامە و ئێستا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە کراوەتە ڕۆژی شەهیدان و هەموو ساڵێک ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا لەم ڕۆژانەدا لە یادی شەهیدە سەربەرزەکانیاندا کڕنۆشیان بۆ دەبەن و بەڵێنیی درێژەدان بە ڕێبازەکەیان نوێ دەکەنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

■ ٥: هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا بۆ کۆنگرەی سێهەم: «دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچوونی کۆماری کوردستان و شکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٣٢٤ـ ١٣٢٥دا کزیی ناوخۆیی حیزب و بەڕێوەبەرانی جووڵانەوەی حکوومەتی میللی بوو». ئەو کزبوونە لە هەموو بارەکانی ژیانی حیزب و حکوومەتدا خۆی دەنواند. لە حیزبدا کزیی سیاسیی بەڕێوەبەری بەرچاو بوو. نووسراوەکانی ئەو وەختە لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە بگرە هەتا نووسراو و گۆڕانکاریی دیکە لەگەڵ ئەوەی کە بڵاوکردنەوەیان بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گەورەی کورد بوو، بەڵام پایەی هێندێک لە

وتـارە سیاسـیەکانیان کە دەبوا ڕێنیشـاندەری کۆمەڵانـی خەڵک بن، نزم بوو.

پەرەئەسـتاندنی تونـدی جووڵانـەوە و سـەرکەوتنی بـە خێرایـی، تەرکیبێکـی نالەبـاری لـە بەڕێوەبەریـدا پێـک هێنابـوو. زۆربـەی بەڕێوەبەران بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا دەسـتیان بە کاری سیاسـی کردبوو، تاقیکردنەوەیان کەم بوو.

لە خەرمانانی ١٣٢٠دا هەتا ١٣٢٤ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێـک هـات، تەنیا چوار سـاڵ مـاوە هەبوو. لـەم ماوە کورتـەدا تەنیا تاقیکردنەوەی سیاسیی یەک دوو ساڵی کۆمەڵەی ژکاف بە دەستەوە بـوو. ناچـار بەڕێوەبەرییـەک پێک هاتبـوو کـە پایـەی تێگەیشـتن و تاقیکردنـەوەی سیاسـیی لـە ڕادەی ئەو مەسـئوولیەتەی کە هاتبووە ئەسـتۆی، نزمتـر بوو. هـەر وەک لە ڕاپۆرتی کۆمیتـەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم گوتراوە:

«بێ ئەزموونی کاربەدەسـتانی کۆماری کوردسـتان لەوەڕا دەردەکەوێ کە پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوە تاڵە مێژووییەی گەلـی کـورد بـە درێژایی خەباتـی خۆی دەسـتی کەوتبوو، تا ڕادەیەکـی زۆر فریـوی قسـە و وادە و بەڵێنیـی حکوومەتـی کۆنەپەرەستی تارانیان خوارد».

بـە ڕاسـتیش ژیـری و خـاوەن تەجرەبەیی لـە سیاسـەتدا لە کاتی بەرەنگاربـوون لەگـەڵ دوژمنـی فێڵزانـدا دەردەکـەوێ. بـە داخـەوە سـەرۆکایەتیی کۆمـاری کورسـتان لـە مەهابـاد لـەو ئەزموونەدا بە سەرکەوتوویی دەرنەچوو و تووشی هەڵەیەکی مێژوویی ئەوتۆ هات کە بۆ گەلی کورد یەکجار زۆر گران تەواو بوو.

گەلـی کـورد بـە درێژایی مێژووی خۆی لە تەشـکیلات و ڕێکخراو خـۆی دوور ڕاگرتـووە، تەنانـەت لێشـیان بێـزار بووە، هۆیەکەشـی دیـارە، تەشـکیلات و ڕێکخراو سـەمبولی فەرمانڕەوایـی حکوومەتی

مەرکەزی بووە و زۆری لێ کردووە، جا لە بەر ئەوە کزبوونی حیزب لـە بـاری ڕێکخـراوەوە لە سـەردەمی کۆماری کوردسـتاندا شـتێکی زۆر مەنتیقـی بـوو. بـە داخـەوە ئەو کزبوونـە لە هەمـوو کاروباری حیزبـدا دیار بوو. سـەلماندنی ئوسـووڵی تەشـکیلاتی لـە ناو حیزبدا تێکۆشـانێکی زۆری دەویسـت، بـە داخـەوە دامەزراندنی ئوسـووڵی تەشکیلاتی لە بارێکیتریشەوە دژوار بوو. نەک هەر ئەم ئوسووڵە لە لای گەلی کورد خۆشەویسـت نەبـوو، بەڵکوو بەڕێوەبەرایەتی خۆی لە ئوسـووڵی تەشکیلاتی شارەزا نەبوو، لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان بە چاکی دەرکەوت کە کزیی کاری تەشکیلاتیی سەردەمی کۆماری کوردسـتان تا چ رادەیەک بوو. بێجگە لەوە، حیزب لە باری ئیدئۆلۆژیشـەوە کز بوو. مەبەست ئەوە نیە کە دەبوایە تیئۆریی زانستی بە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو سەردەمەدا زاڵ بێ، تەنیا ئینسانی خەیاڵی دەتوانێ بەم جۆرە فیکر بکاتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردسـتان لە کۆمەڵی کوردەواریی ئەو وەختە هەڵقووڵابوو و هەر چەند پێشڕەوی کۆمەڵ بوو، بەڵام نەیدەتوانی حیزبێک بێ کە بە پێی تیئۆریی زانسـتیی پەرەسـتاندنی کۆمەڵ بجووڵێتەوە. مەبەست تەنیا ئەوەیـە کـە تەنانـەت یەکێتیی فیکریـش لە سـەر بەرنامەیەکی روون بـە تـەواوی پێـک نەهاتبوو. جووڵانەوە تازە دەسـتی پـێ کردبوو و بەهێزبوونـی هەسـتی نەتەوایەتـی لـە کوردسـتاندا وای لـێ کردبوو کـە تەنیـا لایەنگـری لە مافـی نەتەوایەتی کـورد بۆ بەشـداربوون لە جووڵانـەوە و تەنانـەت بۆ گەیشـتن بە بەڕێوەبەریـش بەس بوو، لە سـەر گیروگرفتەکانی کۆمەڵی کوردەواری، لە سـەر گیروگرفتەکانی گشـتیی ئێـران و نیونەتەوەییـش یەکێتیـی فیکریی تـەواو تەنانەت لە ناو بەڕێوەبەریشدا پێک نەهاتبوو، لە کاتی پەلاماری حکوومەتی شا بـۆ کوردسـتان و پـاش تێکچونی کۆماری کوردسـتان بوو کە کزیی ئیدئۆلوژی و یەکێتیی فیکری لە ناو حیزب و بەڕێوەبەرایەتیی حیزبدا

بە تەواوی دەرکەوت.

کزبوونی حیزب لە باری سیاسی و تەشکیلاتی و ئیدئۆلۆژییەووە لە کەمبوون و یا نەبوونی بە یەکجاریی کادری تێگەیشتوو و پێگەیشتوو لە ریزەکانی حیزبدا دیار بوو، بەڕاستی نوختەی کزی جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٤ـ ١٣٢٥ نەبوونی کادر بوو. لەبەر ئەوەی تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوو، نەیتوانی کادری پێویستی خۆی بۆ خۆی پەروەردە بکا. کادری باش، ئەو کادرەی کە بە کاری تێکۆشانی حیزبی دێ و بڕبڕەی پشتی حیزبە، تەنیا لە مەیدانی خەباتدا پەروەردە دەکرێ. راستە کە دەبێ فێری تئۆریی زانستی بێ، پایەی زانستیی خۆی بەرێتە سەر، بەڵام دەبێ لە ناو گەلدا ژیابێ و لە ناو گەلیشدا پەروەردە کرابێ، فێر بووبێ و لە ژیان و خەبات دەرسی وەرگرتبێ.

بە داخەوە کادری ئەوتۆ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەر یەکجار کەم بوون و دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە هۆیەکانی هەرە ئەساسیی تێکچوونی کۆماری کوردستان نەبوونی کادری لێزان و شارەزا بوو، کزبوونی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە ناو کاروباری حکوومەتی کۆماریشدا خۆی دەنواند.

لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەمدا گوتراوە:

«کزبوونی سەرۆکایەتی و نەبوونی کادری پێگەیشتوو بوو بە هۆی ئەوە کە وەزعی سیاسی لە ژوورەوە پتەو نەکرا، دەزگای حکوومەت چەسپاو نەبوو، هێزی میللی سەر و سامانێکی رێکوپێکی پەیدا نەکرد».

بەم جۆرە راپۆرت ئیشارەی بە سێ مەسەلەی ئەساسی کردووە:

یەکەم: پتەوکردنی وەزعی سیاسیی ناوخۆ، کە بەر لە هەموو شتێک راکێشانی پشتیوانی و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای کۆماری کوردستان بوو، لەم بارەوە کۆماری کوردستان سەرکەوتوو

بـوو و زۆربـەی میللەتـی کورد بە دڵەوە پشـتیوانیی لـێ کرد، بەڵام پێویست بوو کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە باری سیاسییەوە پەروەردە بکرێـن، حاڵـی بکرێـن کە حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان بە تەواوی چی دەوێ و هێزی بێ پایانیان بۆ پاراسـتنی کۆماری کوردسـتان و دەسـکەوتەکانی هان بدرێ. هەروەها مانای بێ هێزکردن و تەنانەت لـە بـاری سیاسـییەوە لـە ناوبردنـی هەمـوو ئـەو دەسـتە و توێژانە بـوو کـە دژی کۆمـار بـوون. بـە تایبەتی خاشـەبڕ کردنـی نفووزی هێندێک دەرەبەگی گەورە و سـەرۆک عەشـیرەت بوو کە بە ئاشـکرا دوژمنایەتیی خۆیان بەرانبەر بە کۆمار نیشان دا، لە پاش تێکچوونی کۆمـاری کوردسـتان، ئـەو وەختە کە دەسـتە و توێـژی دژی کۆمار رۆڵـی خائینانـەی خۆیان دیاری کرد، ژیانی سیاسـیی نەرمی کۆمار بەرانبـەر بـە دوژمنانی جووڵانەوە بە تـەواوی دەرکەوت. هێندێک لە کاربەدەسـتانی کۆماریـش کـە بۆ قازانجی فەردیـی خۆیان هاتبوونە ناو دەزگای کۆماری کوردستان، زۆر زوو خەیانەتیان کرد و خۆیان دە باوەشی دوژمن هاوێشت.

یەکێک لە ئەرکەکانی بنەڕەتیی شۆڕشێک، تەنانەت هەموو گۆرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیش تێکدانی دەزگای دەوڵەتیی کۆن و دانانی دەزگای نوێیـە کە بە ئامانجەکانی شـۆڕش وەفـادار بێ و خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک بکا و دژی دوژمنانی جووڵانەوە تا سەر رابوەستێ. بەداخەوە سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستان نە ئەو دەرفەتەی هەبوو، چوونکە ئەو ماوەیەی بە دەسـتیەوە بوو کەمتر لە سـاڵێک بوو و نە ئیمکانی ئـەوەی هەبـوو. لێرەشـدا دیسـان بـێ کادری وە بەرچـاو دەکـەوت و پاککردنـەوەی دەزگای حکوومەتـی لـە ئینسـانی بـێ کەڵـک و بێ بیروباوەڕ هاسان نەبوو، چونکە کەس نەبوو لە جێگایان دابنێ. بەڵام با ئەو راستیەش بڵێین کە ئەم مەسەلە بۆ سەرۆکایەتیی ئەو وەختە گرینـگ نەبوو و لەوانەیە فیکریشـی لـەوە نەکردبێ کە پاککردنەوەی

دەزگای حکوومەتی ئەرکێکی زۆر پێویستە. بێگومان پێکهێنانی هێزی میللیی کوردستان، لەشکری شۆڕشگێڕی گەلی کورد، سەرکەوتنێکی گەوەی کۆماری کوردستان بوو. پێشمەرگەکان کە زۆربەیان زەحمەتکێش بوون، بە دڵەوە بۆ دیفاع لە کۆماری کوردستان ئامادە بوون. بەڵام هێزی میللی سەروسامانێکی رێکوپێکی نەبوو و ئەمە لە دوو مەسەلەدا ئاشکرا بوو. یەکەم هێزی پێشمەرگە نە لە باری سیاسی نە لە باری عەسکەرییەوە پەروەردە نەکران، زۆرجار هەر ئەوەندە بەس بوو کە کەسێک کورد بێ و بتوانێ تەقە بکا بۆ ئەوەی بێتە ناو جەرگەی پێشمەرگە، دیسیپلین و مەشقی نیزامی جارێ بە تەواوی لە ناو هێزی میللیدا سەر نەکەوتبوو. بە کورتی پیوەندیی عەشیرەتگەری لیرەشدا نفووزی خۆی پاراستبوو و زۆر زیانی بە هێزی میللی گەیاند.

دووهەم: راستە کە هێزی میللی چەند سەرکردەی لێوەشاوە و خۆشەویستی گەلی پەروەردە کردبوو کە پایەی تێگەیشتنی سیاسی و تەنانەت نیزامیشیان بەرز بوو، بەڵام زۆربەی ئەفسەرانی هێز لەو دوو سفەتە ئەساسییە بێبەش بوون کە بۆ هەموو سەرکردەیەکی لەشکری شۆڕشگێڕ پێویستە، بە کورتی سەرکردایەتیی هێزی میللی کز بوو و لە وزەیدا نەبوو ئەرکی قورسی پاراستنی کۆماری کوردستان بە جێ بگەیەنێ.

ئەو هۆیانە باسمان کردن هۆی بیری یان سۆبژکتیڤن، بەرپرسی ئەو هۆیانە سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هەرچی هەڵەش کراوە دیسان هەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو حیزبە بەرپرسە، بەڵام هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان هەر ئەوانە نەبوون، هێندێک هۆی ناوخۆیی‌تریش هەبوون کە بە هۆی بەرچاو یا ئۆبژیکتیڤیان دادەنێن، واتە ئەو هۆیانە کە دەسەڵاتی

حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییان بە سەردا نەبوو و نەیاندەتوانی لە هەلومەرجی ئەو وەختەدا تەئسیرێکی زۆریان بکەنە سەر.

یەکەم: قووڵتر نەبوونی جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٤ـ ١٣٢٥ بوو. بەو مانایە کە هیچ گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیی پێک نەهێنا و زیاتر لە چوارچێوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیدا مایەوە، هەلومەرجی ئەو سەردەمی کوردستان و تەرکیبی حیزب و بەڕێوەبەرایەتییەکەی ڕێگای ئەو گۆڕانە قووڵەی نەدەدا. ئەو گۆرانە بە تایبەتی لە لادێدا پێویست بوو، لەناوبردن و یا هەر نەبێ کەمترکردنی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و هەنگاو هەڵهێنان بە قازانجی جووتیاران دەیتوانی جووتیارانی کوردستان، واتە زۆربەی گەلی کورد بکا بە پشتیوانی جیددیی کۆماری کوردستان. لەم بارەوە کۆماری کوردستان لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە دواتر بوو، لە کاتێکدا کە لە ئازەربایجان ئیسلاحی زەوی دەکرا، زەویی دەرەبەگەکان لە ناو جووتیاراندا دابەش دەکرا، لە کوردستان پاشکەوتووتر بوونی کۆمەڵی کوردەواری و بەهێزبوونی باری نەتەوایەتیی جووڵانەوە ڕێگای گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی نەدەدا.

دووهەم: تەنیا یەک لە سێی خاکی کوردستانی ئێران رزگار کرابوو، لە نەتیجەدا ناوچەی کرماشان و سنە، واتە بەشی خوارووی کوردستان کرا بە بنکەیەک دژی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. لە باتی ئەوەی کە ئەم دوو ناوچەیە وەک بەشێک لە خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی میللیی کوردستاندا بن، بوون بە زەخیرەی سیاسی و ئابووریی حکوومەتی مەرکەزی و بۆ رووخاندنی کۆماری کوردستان کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی سەرۆکایەتیی حیزب بڕیاری رزگارکردنی ناوچەی کرماشان و سنەی نەدا کە لەو سەردەمەدا کارێکی گران نەبوو؟ لە ڕاستیدا

سـەرۆکایەتی و بـە تایبەتـی سـەرکردەکانی هێزی میللـی چەند جار هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ رزگاریی بەشی خوارووی کوردستان لـە جبهـەی سـەقزەوە پەلامـار بدەنـە سـەر لەشـکری حکوومەتـی مەرکـەزی، بـەڵام پارسـەنگی هێزەکانـی نێونەتەوایەتـی رێگـەی ئەوەیـان نەدەدا. ئەو وەختە سـوپای ئینگلیز کوردسـتانی خوارووی داگیـر کردبـوو و دەرکەوت کە هـەر پەلامارێک بۆ رزگارکردنی ئەم ناوچەیـە بەرەنگاربـوون لەگـەڵ هێزی ئینگلیز بوو. لـە لایەکیترەوە ئینگلیـز و ئەمریـکا و یەکێتیی سـۆڤیێتی لە بـەرەی یەکگرتووی دژی فاشیسـتیدا بوون و سـەرۆکایەتیی کۆماری کوردسـتان نەیدەتوانی ئـەو هەلومەرجـە نەخاتـە بەرچاو، ناچـار رزگارکردنی کوردسـتانی خـواروو بـۆ دواڕۆژ مایـەوە، دواڕۆژێک کە هـەر نەهات تا کۆماری کوردستان خۆی تێک چوو.

سـێهەم: هـەر وەها کە لـە راپۆرتدا هاتـووە، « نەبوونی یەکگرتنی پتـەو و یەکێتیـی بـە کـردەوە لە ناو هێـزە دێموکراتیکەکانـی ئێراندا، یەکێـک لـە هۆیەکانی هەرە گرینگی تێکشـکانی کۆماری کوردسـتان و هەروەهـا جووڵانـەوەی سەرانسـەریی ئێران لە سـاڵەکانی ١٣٢٤-١٣٢٥دا و بەشێک لە جووڵانەوەی دێموکراتیک و دژە ئیمپریالیستیی سەرانسەری ئێران بوو.

هەرچەنـد بەرەیـەک لـە نـاو شـەش حیزبـی ئێرانـدا وەک، حیزبی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی سۆسیالیست و حیزبی جەنگەڵ پێک هاتبوو و ئەو بەرەیە لە باری فیکریەوە تەئسیرێکی زۆری کردبووە سـەر وەزعـی سیاسـیی ئێـران و کۆمەڵانـی خەڵکی سەرانسـەری ئێرانـی لـە باری سیاسـییەوە وریا کردبوو، بـەڵام بەداخەوە رۆژێک کە پێویست بوو ئەم بەرەیە بە هەموو هێزیەوە بێتە مەیدانی خەبات، بێدەنـگ وەسـتا و بوو بە تەماشـاچیی رووداوەکان. سـەرۆکایەتیی

سێ حیزبی ئەساسیی ئەم بەرەیە، حیزبی توودەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەریەک بە جیا کەوتنە ڕێگا دۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خۆیان. کاتێک لەشکری کۆنەپەرەستی ئێران بۆ لای ئازەربایجان و کوردستان وەڕێ کەوت، حیزبی توودە بێدەنگ مایەوە. کە جووڵانەوە لە ئازەربایجان و کوردستان تێک شکا، ئەو وەختە لێدانی جووڵانەوە لە ناوچەکانی‌تری ئێران بۆ کۆنەپەرستیی ئێران هاسانتر بوو. سەیرتر ئەوە بوو کە هەر چەند لە ناو حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا پەیمانی دووقۆڵی هەبوو کە بە پێی ئەو پەیمانە دەبوایە پێکەوە دژی حکوومەتی مەرکەزی بەربەرەکانێ بکەن، بەڵام بەداخەوە کاتێک لەشکری شا پەلاماری ئازەربایجانی دا، سەرۆکایەتیی فیرقە بە بێ ئاگاداری و راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاشەکشەی کرد. هەر بەم جۆرە کە لەشکری ئێران ڕووی لە کوردستان کرد، سەرۆکایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نە هاوبەرەی هەبوو، نە هاوپەیمان.

دیارە هۆی دەرەوەش بە هۆی بەرچاو دادەنرێن، هۆیەک کە لە دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدەر بوو. پشتیوانی ئەسڵی کۆماری کوردستان لە دەرەوە، یەکێتیی سۆڤیێتی بوو. ئیمپریالیزمی ئینگلیز کە نفووزێکی زۆری لە دەزگای حکوومەتیی ئێراندا هەبوو و هەروەها ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە تازە بە شێوەیەکی شێلگیر ڕۆڵی خۆی لە سیاسەتی ئێراندا دیاری دەکرد، کۆماری کوردستانیان بە دڕکی چاوی خۆیان دادەنا.

ئینگلیزییەکان بە تایبەتی لەوە دەترسان کە چەسپاو بوونی کۆماری کوردستان لە ئیران تەئسیر بکاتە سەر کوردستانی عێراقیش کە سەرچاوەی نەوت بوو و نەوتەکەش زیاتر بە دەست شیرکەتەکانی ئینگلیزەوە بوو. ئەمریکاییەکانیش هەم بە گشتی دژی

ئەستاندنی رزگاریخوازی بوون و هەم بوونی بنکەیەکی دیموکراتی وەک کۆماری کوردستانیان لە ئێران بە زیانی نفووزی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانی. بێجگە لەوە، شیرکەتەکانی نەوتی ئەمریکایش لە نەوتی کوردستانی عێراقدا بەشدار بوون. بۆیە ئەم دوو وڵاتە ئیمپریالیستییە بە هەموو هێزیانەوە رێژیمی کۆنەپەرەستی ئێرانیان بۆ لەناوبردنی کۆماری کوردستان هان دا و لە هەموو بارێکەوە، دراو، چەک و موستەشار یارمەتییان پێ کردن، دیارە راستەوخۆ دەستی خۆیان بۆ ئێران درێژ کرد، لەشکری خۆیان بۆ ئێران نەنارد، بەڵام نیشانیان دا کە بۆ ئەمەش ئامادەن. تەنانەت ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە ئەو کاتە تاقە وڵات بوو کە بۆمبی ئەتۆمی بە دەستەوە بوو، پشت ئەستووریی خۆی بەو بومبانە نەدەشاردەوە. لە شەڕی دووهەمیشدا سەرکەوتوو بوو، دەوڵەمەندتر و بەهێزتر دەرچووبوو و وڵاتەکەشی وێران نەببوو.

هۆیەکی دیکەش سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیێتی سەردەمی ستالین بوو کە بە گشتی لێپرسراوەکانی هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوە تووشی زۆر هەڵەی گەورە ببوون. ئێرانیش لەم هەڵە و چەوتیانە تەرخان نەکرا، لێکدانەوەی بەرپرسانی سیاسیی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیێتی لە وەزعی سیاسیی ئێران، لیکدانەوەیەکی چەوت بوو. کاربەدەستانی ئەو وەختەی ئێران بە مانورکردن و دانی بەڵێنی کە پەلامار نابەنە سەر حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان و گیروگرفتی نەوتی شومالیش کە پەیمانی دەرهێنانی هاوبەش لە ناو ئێران و یەکێتیی سۆڤیێتیدا ئیمزا کرابوو، بە قازانجی یەکێتیی سۆڤیێتی چارەسەر دەکەن، توانیان پیاوە سیاسییەکانی ئەو وەختەی یەکیەتیی سۆڤیێتی بە فریو بەرن. جەعفەر باقرۆف کە کاربەدەستی سەرەکیی ئازەربایجانی سۆڤیێتی بوو و لە دانانی سیاسەتی سۆڤیێتی لە ئێراندا دەستێکی باڵای هەبوو و لە پاشانیش لە یەکێتیی سۆڤیێتی موحاکمە و ئیعدام کرا، لە

هەموو ماوەی پەرەئەستاندن و تێکچوونی جووڵانەوەی ئازادیخوازی لــە ئێرانــدا زۆر نالەبــاری کرد و زۆر بڕیــاری فەردیی ئەوتۆی دا کە بە قازانجی سیاســەتی دەرەوەی سۆڤێتی و جووڵانەوەی دێموکراتی لە ئێران نەبوو. ئەوە بو وەختێک لەشــکری حکوومەتی مەرکەزی بە بیانــووی ڕێکخســتنی هەڵبژاردنی مەجلیس ڕووی لــە ئازەربایجان و کوردستان کرد، سۆڤێتییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە پێویستە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەربەرەکانێی ئەم لەشکرە نەکا.

بیجگــە لەوە، ســۆڤێت تازە لە شــەڕی دووهەمــی جیهانی ڕزگاری ببوو. نیوەی وڵاتەکەی وێران ببوو، پێویستی بە ئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانکردنــەوە هەبوو. وەختێک کە دەرکەوت لەشــکری ئێران نەک وەک لەشــکرێک کە دەیــەوێ هەڵبژاردنی مەجلیس ڕێک بخا، بەڵکوو وەک لەشکرێکی داگیرکەر کەوتە ئازەربایجان و ڕۆژی ٢١ی ئازەری ١٣٢٥ گەیشتە تەورێز و هێچ کە بەربەرەکانێش نەکرا، بەڵکوو هێزی کۆنەپەرەست لە ئازەربایجان بۆ کوشتنی دێموکراتەکان دەستیان دایە چەک، ئەو وەختە ئیتر یەکێتیی سۆڤێتی بیشیویستبا لە ئازەربایجان و هەروەها لە کوردستانیش دیفاع بکا، هیچی پێ نەدەکرا.

ڕاســتییەکیتریش دەبــێ لێــرەدا بگوتــرێ. یەکێتیــی ســۆڤێتی چــۆن لــە کۆماری کوردســتان دیفاعــی کردبا؟ ئەگەر کوماری کوردســتان خــۆی بەربەرەکانێــی لەشــکری کۆنەپەرەســتی ئێرانــی کردبا و ئەو بەربەرەکانێیــە ماوەیەکیــش درێــژەی هەبــا، ئــەو وەختــە لەوانە بوو یەکێتیی ســۆڤێتی یارمەتیی کۆماری کوردســتان بــدا. بەڵام کۆماری کوردســتان بەربەرەکانێــی نەکرد و دیفاعیشــی لە خــۆی نەکرد، لەو حاڵەتەدا یەکیتیی سۆڤێتی بۆ دیفاع لە کۆماری کوردستان تەنها یەک ڕێــگای هەبوو، ئەویش ناردنی لەشــکری ســۆڤێتی بــۆ ئێران بوو. بۆ ئــەوەی نــەک یارمەتی بە گەلی کورد بدا، بەڵکوو لە باتی گەلی کورد شــەڕ بکا. دیارە ئەوەش مومکین نەبوو، هەرچەند مێژوو ئەوەیە کە

بووە نەک ئەوە کە دەبوایە ببێ، بەڵام ئایا کۆماری کوردستان دیفاعی لە خۆی کردبا و ماوەیەکیش خۆی ڕاگرتبا، وەزع نەدەگۆڕا؟

ئەمە چەند دەرسێکە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد و بە تایبەتی لە تێکۆشـانی کۆماری کوردسـتان لە مەهاباد. لێکۆڵینەوەی زیاتری هەموو بارەکانی پێکهاتن و پەرەئەسـتاندن و تێکچوونی ئەو کۆمارە دەبێ هەر درێژەی هەبێ.

■ ٦: ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان (١٣٢٩-١٣٣٢)

لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ هەتاویدا هێزی داگیرکەری ڕێژیمی پەهلەوی بە بیانووی دابینکردنی «ئەمنیەت» بۆ هەڵبژاردنی «مجلس شـورای ملـی» کۆمـاری کوردسـتان و شـاری مەهابـادی پێتەختی کۆمـاری داگیـر کرد، سـەرۆک کۆمـار و گەلێک لـە ڕێبەرانی حیزب و کۆمار شـەهید کران، بەڵام بە شـەهیدکردنی پێشەوا و هاوڕێکانی و زیندانیکـردن و ئازاری تێکۆشـەرانی حیزبی دێموکراتیش ڕێژیمی شـا نەیتوانـی ئیـرادەی گەلـی کورد بۆ خەبـات لە پێنـاو وەدیهێنانی ئامانجەکانیـدا تێـک بشـکێنێ و حیزبـی دێمۆکرات پاش ئەو غەدر و زەبرە گەورەیەش زۆر زوو کەوتەوە خۆ و ڕێکخراوەکانی سازمان دایـەوە، جەمـاوەری ڕێـک خسـتەوە و خەباتێکی شـکۆداری وە ڕێ خست.

جارێکـی دیکەش لە ١٥ی ڕێبەندانی١٣٢٧ی هەتاویدا ڕێژیمی شـا هێرشـێکی بەربڵاوی کردەوە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەکی زۆریانی خسـتە زیندان و ئەشـکەنجەگاکانیانەوە، کەچی ورەی شۆڕشـگێڕانی دێموکـرات تـا دەهـات بەرزتـر دەبـووەوە و شێلگیرتر و لێبڕاوانەتر لە تێکۆشان هەڵدەچوونەوە.

یەکێـک لـە ڕووداوە مێژووییەکانـی ئـەو سـەردەمە ڕێفراندۆم بۆ «یاسـای ٢٠٪» بـوو کـە حکوومەتـی موسـەدیق هێنایـە ئـاراوە و

لایەنگرانی شا دژایەتییان دەکرد. هەڵوێستی حیزبی دێمۆکرات لە هەمبەر ئەو ڕێفراندۆمە دەنگدان بۆ پەسندکردنی یاساکە بوو کە لە بەرژەوەندیی جووتیارانی زەحمەتکێشدا بوو. لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەدا لە هەموو ئەو ناوچانەی کومیتەکانی حیزبی دێموکرات چالاک ببوونەوە، لە بانەوە هەتا شنۆ و سندووس (نەغەدە) دژبەرانی یاساکە و لایەنگرانی حەمەڕەزاشای بکوژی پێشەوا لە بانە ٢ دەنگ و لە مەهابادیش هەر ٢ دەنگیان هێنایەوە. ئەوە بە ڕوونی دەری دەخست کە خەڵکی کوردوستان چەندە لە شا بێزار و چەندە بە ڕێبازی دێمۆکرات وەفادارن. هەروەها لە سەرەتای هاوینی ساڵی١٣٣١ی هەتاویدا کاندیدای حیزبی دێموکرات بۆ دەوری ١٧ی «مجلس شورای ملی» ٨٧٪ی دەنگەکانی خەڵکی ناوچەکەی دەستەبەر کرد کە ئەو هەڵوێستەی کۆمەڵانی خەڵکیش ئاماژەیەکیتر بۆ پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان لە خەباتی جەماوەریی حیزبی دێموکرات بوو.

لە بەستێنی رەخساو بۆ خەباتی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٩ی هەتاوی تا کۆتایی مانگی گەلاوێژی١٣٣٢ی هەتاوی حیزبی دێمۆکرات لە موکریان بزووتنەوەیەکی شکۆداری جەماوەریی وەڕێ خست کە جووتیار و زەحمەتکێشانی ناوچەکەی لە دژی ڕێژیم و سیستمی زاڵمانەی دەرەبەگایەتی لێک کۆ کردەوە. ئەو بزووتنەوەیە تا ئەو سەردەمە لە کوردستان، ئێران و دەوروبەریدا بێ وێنە بوو. ناوەندی بزووتنەوەکە شاری بۆکان بوو کە بە خێرایی ناوچەکانی گەورکی سەقز، توورجان، دەوروبەری بۆکان، شامات و سندووسی گرتەوە. لووتکەی ئەو بزووتنەوەیە کۆبوونەوەی دەهەزار کەسیی جووتیاران لە ئاوایی «ئاڵبلاغ»ی بۆکان بوو کە لەوێ بڕیار درا شاری بۆکان لە چنگی ژاندارم و نوێنەرانی دەسەڵاتی شا کە ببوونە پاڵپشتی دەرەبەگەکان،

دەربێنن. ئەو بزووتنەوەیە تا «کوودەتا» نگریسەکەی شا لە ٢٨ی گەلاوێژی١٣٣٢ی هەتاوی بەردەوام بوو.

سڵاو لەو رۆڵە تێکۆشەرانە و ئەو شەهیدە قارەمانانەی حیزبی دێموکرات کە بزووتنەوەی جووتیارانی موکریانیان ڕێبەری کرد.

* ئەم بابەتە لە لایەن بەڕێز کاک عومەر غوڵامعەلی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە ئامادە کراوە.

■ ٧: کومیتەی کوردستان و ئازەربایجان (کاک)

پاش رووخانی کۆماری کوردستان ریبوارانی رێگای پێشەوا قازی محەممەد رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتیان لە ناوچەی باکووری کوردستانی ئێران، موکریان و تەنانەت سنەش بە یارمەتیی حیزبی توودە بووژاندەوە. لە مەهاباد کومیتەیەکی ٦کەسی بە ناوی «کومیتەی مەهاباد» پێک دێت کە ئەندامەکانی بریتی دەبن لە عەزیز یووسفی، رەحیم سوڵتانیان، کەریم ئووەیسی، غەنی بلووریان، عەبدوڵڵا ئیسحاقی و بەرپرسی ئەم کومیتەیەش لە بانەمەڕی ١٣٣٢ەوە عەبدولڕەحمان قاسملوو بووە. ئەم کومیتەیە بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی حیزبی دێموکرات، خەڵکی بەرەو خەبات هان دەدا.

لەو کاتەدا رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان کە پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزبی توودە هەبوو، لە تەنیشت حیزبی توودە کە رۆڵی دەفتەری سیاسیی هەبوو لە تاران، لە لایەن کومیتەیەکی تایبەتییەوە بە ناوی «کاک» کە سێ ئەندامی هەبوو و کورتکراوەی «کومیتەی ئازەربایجان و کوردستان» بوو بە ڕێوە دەچوون. لەو کومیتە سێ کەسییەدا ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی توودە، نوێنەرێکی ئازەربایجان و نوێنەرێکی کوردستان بەشدار بوون کە نوێنەری کوردستان لە دەوری یەکەمدا سارمەدین

سادق وەزیری و لە پاش ئەویش دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بووە.

تەشکیلاتی حیزب لەم دەورەیەدا بە بەشێک لە تەشکیلاتی حیزبی توودە دەهاتە ئەژمار، بە جۆرێک کە کاتێک ئەندامێکی تارانی حیزبی توودە دەهاتە کوردستان، ئۆتۆماتیک دەبووە ئەندامی حیزبی دێموکرات و ئەگەریش ئەندامێکی حیزبی دێموکرات دەڕۆیشتە تاران، دەبوو بە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران و ئەم تێکەڵاویی تەشکیلاتییە تا کۆنفرانسی یەکەمی حیزب کە لە ساڵی ١٣٣٤ لە «کەوتەران»ی مەهاباد بە ڕێوە چوو، درێژەی کێشا. لەو کۆنفرانسەدا واتە کۆنفرانسی یەکەم بوو کە بە هۆی «پۆلیسزەدە» بوونی حیزبی توودە کە پاش ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی حیزبی توودە گیران و پۆلیس نفووزی کردبووە نێو تەشکیلاتی حیزبی توودە، بە پێشنیاری دوکتوور قاسملوو پێوەندیی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبی توودە پچڕا و حیزب کومیتەیەکی سەربەخۆی بۆ خەبات لە کوردستان دیاری کرد کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە:

عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، هاشم ئەقەلوتوللاب، عەزیز یووسفی، عەبدوڵڵا عیزەت پوور، ئەسعەد خودایاری.

دوای پێکهێنانی ئەم کومیتەیە بوو کە حیزب سەربەخۆیی تەشکیلاتیی خۆی بە دەست هێنایەوە، هە رچەند بیروباوەڕی توودەیی تا ساڵانێکی درێژ بەرۆکی حیزبی دێموکراتی بەر نەدا و لە هەر قۆناغێکدا بە جۆرێک کێشەی بۆ ئەم حیزبە خۆش کردووە.

■ ٨: پەلاماری پۆلیس بۆ سەر ئەندامانی حیزب (١٣٣٨- ١٣٤٣)

لە درێژەی خەباتی تەشکیلاتییاندا، ئەندامانی حیزب پاش رووخانی کۆماری کوردستان لە دوو قۆناغدا کەوتنە بەر هێرشی پۆلیس و بە

زیندانی درێژخایەن و تەنانەت ژمارەیەکیشیان وەک عەزیز یووسفی و غەنی بلووریان بە ئێعدام مەحکووم کران کە دیارە لە بەر دوو هۆکار ئەو حوکمە بە ڕێوە نەچوو و کرا بە زیندانی هەتاهەتایی.

هۆکاری یەکەم دیفاعی نێونەتەوەیی و هۆی دووهەم لە ئارادابوونی شۆڕشی کوردستانی عێراق کە بە رواڵەت ئێران لە دژی ڕێژیمی عێراق پشتگیریی لێ دەکرد. چوونکە نەدەگونجا لە لایەک ڕێژیم پشتیوانی لە کوردی بەشێکی کوردستان بکا و لە لایەکی دیکەوە تێکۆشەرانی کوردی ئێران ئێعدام بکرێن.

لە ساڵی ١٣٣٨دا ژمارەیەک نزیک بە ٢٥٠ کەس و لە دوارۆژەکانی ساڵی١٣٤٣دا دەیان کەسی دیکە کەوتنە بەر پەلاماری پۆلیس و دەستبەسەر کران و ئەمە زەبرێکی کاریگەر بوو کە لە پەیکەری تەشکیلاتی حیزب دەکەوت. دیارە بێجگە لەو ژمارەیە کە گیران و زیندانی کران، ژمارەیەکی بەرچاویش کە ئاگاداری ئەو گرتنانەی ساواکی ڕێژیمی شا بوون، خۆیان گەیاندە کوردستانی باشوور تا ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەم بەشەی کوردستاندا مانەوە.

هۆکاری ئاشکرابوون و گیرانی ئەو ژمارە زۆرە لە ئەندامان دەگەڕێتەوە بۆ سێ خاڵ:

١. سیستمی کاری تەشکیلاتی، زەنجیرەیی بوو. بۆیە بە گیرانی کادری رابیت و ئێعتراف کردنی بە پێوەندییەکانیان لە گەڵ باقی ئەندامانی حیزب لە ژێر ئەشکەنجەدا، بەشێکی زۆر لە تەشیکیلاتی حیرب ئاشکرا دەبوو.

٢. نەبوونی پێوەندییەکی خێرا بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو ئەندامانەی کە پێوەندییان بە کەسی دەستگیرکراوەوە هەبوو.

٣. بوونی ژمارەیەک سیخوڕ کە هەم هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزبیان دەخستە ژێر چاوەدێری و هەم نفووز درابوونە نێو شانە

حیزببییەکانەوە.

■ ٩: کۆنگرەی دووەمی حیزب (١٣٤٣)

کۆنگرەی دووەم لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ لە گوندی «سونێ» لە کوردستانی عێراق بەسترا و ئەم کۆنگرەیە بە «کۆنگرەی لادان لە ڕێبازی حیزب» ناسراوە، لە بەر ئەوەی لە ساڵی ١٣٣٩ تا ١٣٤٩ حیزبی تووشی وەزعێکی نالەبار کردبوو کە بێجگە لە هێندێک لە ڕێکخراوەکانی حیزب کە دژی سیاسەتی ئەو کاتە خەباتیان دەکرد، حیزب کەوتبووە گێژاوێکەوە کە هەر وا بزانە رابردووی خۆی لە بیر بردۆتەوە. زیانی هەڵسووڕانی سەرۆکایەتیی ئەو چەند سالەی حیزب بۆ هەموو ڕێکخراوەکان و گشت جووڵانەوەی کورد و کوردستانی ئێران یەکجار زۆر بوو.

سروشتە تایبەتییەکانی ئەم لادانە!

حیزب تووشی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ ببوو کە دژی دێمۆکراسی بوو. ئەوەی پێوەندیی بە بیری پێشکەوتنخوازانەوە هەبا دژی بوو، تا ئەو جێگایە کە ئەگەر کەسێک بە دژی سەرۆکایەتیی ئەو کات نەزەرێکی دەربڕیبایە، بە دوژمنی کورد ناو دەبرا.

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی دەرنەدەچوو، ڕۆژنامەی «کوردستان» کە میراتی کۆماری کوردستان بوو، وە لا نرابوو، «پەروەردەی کادر» بوونی نەبوو و لەو ماوەیەدا بۆ نموونە یەک کەلاسی کادریش پێک نەهات، یان نامیلکەیەک بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاریی ئەندامانی حیزب بڵاو نەدەکرایەوە.

ئوسوولی حیزبی بە تەواوی لە ژێرپێ نرابوون. سانترالیزمی دێموکراتیک کە پێوەندییەکانی نێوان سەرۆکایەتی و ئەندامانی حیزب دیاری دەکرد، تەنیا سانترالیزمێکی توندوتیژ کە شێوەی تاکڕەوانەشی هەبوو، بەجێ مابوو. هەموو کارەکانی حیزب شێوەی فەردی هەبوو بڕیار بە فەردی دەدرا و بە فەردی جێبەجێ دەکرا.

کۆبوونـەوەی حیزبـی بـە مانای راسـتی خۆی لـە گۆڕێدا نەمابوو. فەزایەکی پۆلیسی زاڵ بوو بە سەر پێوەندییەکانی نێو حیزبدا.

ئەم وەزعە نالەبارە کە حیزب لەو ماوەیەدا تووشی ببوو، زیانێکی زۆری گەیاندە جووڵانەوەی کوردسـتانی ئێران و دوای خسـت دوو هۆکاری ئەساسیی هەبوو.

١. سـەرۆکایەتی کـە دوور بـوو لـە وڵات، لـە بـارەی سیاسـی و فیکرییـەوە یەکپارچـە نەبـوو، ناکۆکیـی نـاو حیزبە نیشـتمانییەکانی کوردسـتانی عێراق شـوێنی خراپی لە سـەر بیروباوەڕ و کردەوەی بەڕێوەبـەران و کادرەکانـی حیـزب دانابـوو و دووبەرەکیـی لـە نێو ئەندامانـی حیزبـدا پێـک هێنابـوو. بەشـێک مەلایی و بەشـێک ببوون بە جەلالی و زۆر جار هێرشـیان دەکردە سـەر بارەگاکانی یەکتر لە کوردستانی عێراق.

٢. پشتیوانیی سەرۆکایەتیی پارتی دێموکرات لە عەبدوڵڵا ئیسحاقی ببووە هۆی ئەوەی کە ناوبراو دەسەڵاتی تەکڕەوانەی خۆی بە سەر ئەندامانـدا بسەپێنێ.

کۆنگـرەی دووەمی حیزب لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە شـێوەی بانگکردنـی ئەندامـان هیچـکام لە پێوەرەکانی پێویسـتی تێدا رەچاو نەکرابـوو. نوێنەرانـی کۆنگـرە بـە چەشـنێک هەڵبژێردرابـوون کـە پەیڕەوی بیروباوەڕی سـەرۆکایەتی بن. زۆرکەس لەوانەی کە مافی بەشـداربوونیان لە کۆنگرەدا هەبـوو، لەم مافە بێبەش کران. هێندیک کە پێش لەو ماوەیە بۆ بەشداریی کۆنگرە هاتبوون بە زۆری تفەنگ دەرکران.

بڕیارەکانی کۆنگرە لادان لە رێبازی حیزب بوو. ئەو بەرنامەیە کە دانرابوو لە کۆنگرەدا، پایەیەکی سیاسـی نیزامیی هەبوو و زۆرتر لە بەرنامەی حیزبێکی ناسیۆنالیسـتی تۆخ دەچوو کە لەگەڵ رابردووی پێشکەوتنخوازانەی حیزب یەکی نەدەگرتەوە. هیندێک بڕیاری لە سەر

چەند دڵسۆزێکی حیزب لە کۆنگرە دەرکران کە نموونەی زاڵبوونی ئیدەی پۆلیسی لەم کۆنگرەیەدا بوو. لە نموونەکانی ئەو بڕیارانە دەتوانین بە تۆمەتبارکردنی پێشەوا قازی محەممەد بە خەیانەت، دەرکردنی دوکتور قاسملوو لە حیزب، دیاریکردنی مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری شۆڕشی کوردستانی باشوور وەکوو سەرۆکی حیزب و مامۆستا هەژاری شاعیر وەکوو ئەندامی ڕێبەری ئاماژە بکەین (کە هەر ئەندامی حیزبیش نەبوون و بۆ خۆیان لە کۆنگرەشدا بەشدار نەبوون و دواتریش ئەو بڕیارەیان ڕەت کردەوە. مامۆستا هەژار پێی ڕاگەیاندبوون کە ئەو نەک هەر خۆی بە ئەندامی حیزب نازانێ، بەڵکوو لە بنەڕەتدا خۆی بە کوردی ئێرانیش نازانێ).

■١٠: جووڵانەوەی ٤٦–٤٧ تابۆی لەشکان نەهاتوویی دەشکێنێ

جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ یەکێک لە ئازایانەترین جووڵانەوەکان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو. ئەم جووڵانەوە لە هەلومەرجێکدا هاتە ئاراوە کە کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ سەرکەوتبوو. ڕێژیمی پاشایەتی لە ناوچەکانی دیکەی وڵات دەسەڵاتی تەواوی هەبوو و لە باری نێونەتەوەییەوە لە وەزعێکی زۆر باشدا بوو. لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی شەرق و غەرب پێوەندیی دۆستانەی هەبوو، هەر بۆیە بە ئاسوودەیی هەموو هێز و توانای نیزامیی خۆی روو کردە کوردستان و لەم بارەوە دەکرێ بڵێین، جووڵانەوە لە هەلومەجێکی نامووناسیبی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دەستی پێکرد.

جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ تا ڕادەیەک لە رووی ناچاری و بە پەلە و بە بێ زەمینەسازی دەستی پێ کرد. بەڵام دیسانیش توانی ١٨ مانگ دەوام بێنێ و ڕێژیم لەگەڵ نیگەرانی و خەسارەت بەرەوڕوو بکا. ئەم جوولانەوە نیشانی دا کە ئیدیعای قەدەر قودرەتیی ڕێژیمی پاشایەتی و دام و دەزگای جەهەننەمیی ساواک کە بە وتەی «دیوار موش دارد،

موش هم گوش دارد» خەڵکیان تۆقاندبوو، فڕوفیشاڵ و ئەفسانەیەک زیاتر نیە. ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەندە بەهێز و زەربەناپەزیر نیە و لە ئاکامی ئەم جووڵانەوەیەدا بوو کە شانە چریکییەکانی موجاهیدین و فیداییەکان ساز دران و جەریانی «سیاکەل»ی لێ کەوتەوە.

دەرسی دیکەی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ ئەوە بوو کە نیشانی دا خەڵکی کوردستان چ ورەیەکی بەرز و پوتانسیێلێکی شۆڕشگێڕانەیان هەیە و ڕێبەرانی جووڵانەوەش نیشانیان دا کە چەندە شۆڕشگێڕ و خەباتکاری راستەقینەن. ئەوان بە بەربەرەکانی تا دوا هەناسە نیشانیان دا کە چەندە فیداکار و لەخۆبردوون.

شۆڕشگێڕانی ٤٦-٤٧ لە جەریانی دەستپێکی شۆڕش، لە چەند نامەیەکدا پێوەندی بە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو دەکەن و لێرە وەک نموونە نامەی کاک «ئیسماعیل شەریفزادە» کە ساڵی ١٣٤٧ لە گوندی دارینەی بانە لە گەمارۆی ٥٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی، پاش شەش ساعەت بەربەرەکانی لەگەڵ سێ هاوڕێی پێشمەرگەیدا شەهید بوو، دەخەمە بەرچاو:

«.. ئەورۆ تۆفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە و هەموو لایەک بە هومێدێکی بێپایانەوە دەڕواننە خەباتی نەتەوەکەمان و ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی عیلمی و دڵسۆزانە بە ڕێوە ببرێت و تێکۆشەرە دڵسۆزەکان و تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانی سیاسی و رووناکبیرە شۆڕشگێڕەکان بێنە کایەوە و جڵەوی کاروبار بە دەستەوە بگرن، ئەودەم داری هومێدی هەموو لایەک بە تەواوی وە بەر دێ و نەتەوەکەمان بە ئامانجی خۆی دەگات».

نامەی شەهید «سولەیمان موعینی» بۆ کاک د.قاسملوو:

«برای بەڕێز و خۆشەویست، کاک دوکتور رەحمان!

لە پاش سڵاو هیوادارین ساغ و سڵامەت بن. بەو بۆنەوە باشترین سڵاومان هەیە بۆ گشت برایان. ئەحواڵی خاو و خێزانی ئێمە پرسیار بکەی لە ژیانێکی پڕ لە پەرۆشی و پەژارەدا شەو و رۆژ دەکەینەوە لە بەر ئەوەی هیچ ئیمکاناتێکمان نیە و مریشکیش دەنووک بە سەرمان دا ئەدا و خەریکن بێکۆڵن. ماڵی قولی دراوسێمان پاڵەپەستۆمان ئەدەن و تەنگیان پێ هەڵچنیوین، منداڵە وردەکەی دنیایان بە دار و لاستیق تێ بەر داوین و بە هەموو توانایانەوە خەریکی بنکۆڵ و دەرکردنمانن. لەو خانووە کە مافی باب و باپیرمانی پێوە هەیە، بە قەوڵی خۆمان ماڵیان لە خانەخوێ حەرام کردووە و لەو لایشەوە زۆریان نۆکەر و دەستوپێوەندیی مل ئەستووریان بۆ گرتووین، هەموو رۆژێ دەوری ئەو خانووە ئەدەن، دەرگاو پەنجەرەیان پێوە نەهێشتووە. ئێمە ئەوا تەنیا بە برسێتی و رووتی و نەداری هەموو شتمان وەمل گرتووە و رێگای هاتنەژووریان نادەین. دراوسێکانیش وەک ماڵی مام شەریف و ئەوانە بن ئەوانیش کە بڕیاریان دابوو لە راست ئەو خانووەوەی ئێمە چاو بنووقێنن و داوای بەش و دەرکردنی ئێمە نەکەن، بەڵام ماڵی قولی ئەو رۆژانە هەندێکیان لە زار گوشیون. ناکرێ بڵێم بەرهەڵستیمان ئەکەن، بەڵام ئەوەی پێشتر گوتوویانە ئەیڵێنەوە.

خۆ بە ناشوکری نەبێ ئێمەش فریادڕەسێکمان نیە بە دادمان بگا، رەحمی خوای نەبێ. بەڵام بەخوا هەتا کەلاکمان نەکەوێ، ئەو خانووە قوراویە کە ئیرسی ئەژدادمانە و دڵمان پێوەیەتی، بە گەنجینەی دنیای نافرۆشین. تا ئێستاش بەهانەیان پێگرتووین منداڵیان ناردووینە سەر بەڵام هەر بۆ خۆیان تێشکاون. منداڵەکانی ماڵی خۆمان بەرهەڵستێکی

پیاوانەیان کردوە».

■ شیکردنەوەیەک بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ ٤٧
لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیدا بۆ کۆنگرەی سێهەم

ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٦ ٤٧ لە مێژووی خەباتی حیزبەکەماندا دوای کوودەتای ڕەشی گەلاوێژی ١٣٣٢ بێ وێنەیە و بە لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی خەباتی گەلەکەمان و گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتی دادەنرێ.

لەم ڕاپەڕینەدا کە هەژدە مانگی خایاند، زۆر کادری بەنرخی وەک سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سولەیمان موعینی و عەبدوڵڵای موعینی و بە دەیان ئەندامی تێکۆشەری حیزب شەهید کران و سەریان لە ڕێگای بیروباوەڕیاندا دانا و بە هەزاران کەس گیران و جەزرەبە دران و لە دادگای نیزامیی زەمانی شەڕدا بە مەرگ یان حەبسی دوور و درێژ مەحکووم کران، یان لە کوردستان لە نێو کەس و کاریان هەڵقەندران و بۆ مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران دوور خرانەوە.

لە بیرەوەریی ئەو کارەساتە خوێناوییەدا بە پێویستی دەزانین شیکردنەوەیەکی ڕاپەڕینەکە پێشکەش بە هاونیشتمانانی تێکۆشەر بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ بیرەوەریی فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵەکانی حیزب و گەلەکەمان، هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان دەستنیشان کردبێ تا لە قۆناغی ئێستا و داهاتوودا دووپاتە نەبنەوە. ڕیزی هەرە گەورە لە شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەلەکەمان بەرز ڕاگرتنی ئاڵای خەبات و کۆڵنەدانە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی هاوڕێیانی حیزبی و ڕۆڵەکانی گەل گیانی شیرینیان لە پێناویاندا بەخشی، ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و نەهێشتنی کەموکوڕی و ئامادەیی هێرشبردن بۆ سەر دوژمن، دەبنە هۆی ئەوە کە گەلەکەمان لە چوارچێوەی ئێرانیکی دێموکراتیکدا بە خودموختاری بگا و ئاواتی شەهیدانی ڕێگای

ئازادیی کورد و شەهیدانی ڕێگای ئازادیی ئێران بێتە دی.

■ هەلومەرجی عەینیی سەروبەندی دەستپێکردنی جووڵانەوە

دەستپێکردن بە جووڵانەوەی چەکداری لە سەرەتای ساڵی ٤٦دا، بەرهەمی لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی عەینیی وڵات بە شێوەیەکی گشتی نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی لێکدانەوەی بەشێکی کادر و ئەندامانی حیزبی، ئەویش لە کوردستانی عێراق بوو. ئەم هەڤاڵانە لە بەر وەزعێکی کە لە ئەنجامی سیاسەتی راونان و گرتن و تەحویلدانەوەی تێکۆشەرانی کوردی ئێران لە لایەن رابەرایەتیی جووڵانەوەی کوردستانی عێراقەوە تووشی هاتبوون، بڕیاریان دا چەکدارانە بگەڕێنەوە وڵات. راستە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتیدا دەیناڵاند و وێڕای گەلەکانی غەیرە فارسی ئێران لە هەموو هەقێکی نەتەوایەتی بێبەش بوو، ئازادییە سەرەکییەکانی بەشەر بە بێشەرمی لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە پێشێل دەکران و بە هەزاران رۆڵەی ئازادیخوازی کورد و غەیرە کورد لە سیاچاڵەکانی رێژیمدا بوون، بەڵام تەواوی ئەوانە بە مانای ئامادەبوونی وەزعێکی عەینیی لەبار بۆ راپەڕین نەبوون. لەوکاتەدا ناکۆکیی نێوان دەزگای حاکمە و خەڵک هێندە توندوتیژ نەبوو کە بگاتە سنووری پێکهەڵپڕژان و تەقینەوە. ئەو قەیرانە گشتییەش لە گۆڕێدا نەبوو کە نە چەوساوە و ژێردەستەکان ئامادە بن وەک پێشوو بژین و نە چەوسێنەران بتوانن بە کەیفی خۆیان وەک رابردوو لێخوڕن. کاتێک وەزعی گشتیی عەینی لە ئێرانێکی پان و بەریندا ئاوا بۆ راپەڕین نالەبار بێ، هەڵاواردنی کوردستان و دانی حوکمی ئەوە کە وەزع توندوتیژە و بۆ شۆڕش ئامادەیە، حوکمێکی دوور لە مەنتیق و حەقیقەتە.

بوونی پشتی جبهە و کاناڵ بۆ پێوەندیی دەرەوە و هێنانی یارمەتی، یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەر جووڵانەوەیەکە.

کوردستانی عێراق بە هۆی سیاسەتی چەوتی رابەرانی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق نەک هەر ئەو پشتی جبهەیە نەبوو کە یارمەتیدەری جووڵانـەوەی کوردسـتانی ئێـران بێ و ببێ بـە رێـگای دابینکردنی پیداویسـتییەکانی جووڵانـەوە، بەڵکـوو بە گوێرەی بڕیـاری بارزانی، سەرانسـەری سـنوور لـە کـوردە راپەڕیوەکانـی کوردسـتانی ئێران گیرابوو بۆ ئەوەی نەتوانن کەڵک لە کوردستانی عێراق وەک کاناڵێک بۆ پێوەندیی دەرەوە وەربگرن.

لێرەدا پێویستە ئەمەش وە بیر بخەینەوە کە جووڵانەوە بە جیددی داوای یارمەتیـی هەمەچەشـنەی لـە هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن کرد و تەنانـەت هێندێـک بەڵێنیـی پـێ درا، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو بەڵێنییانە هـەر وا مانـەوە و یارمەتییەکی کە کۆمەک بە مانەوە و بەهێزبوونی جووڵانەوە بکا، لە گۆڕێدا نەبوو. دەرکردنی بەیاننامە بۆ رای گشتی سـەرنجی بیروڕای جیهانی بۆ لای کارەسـاتی کوردسـتانی ئێران و پێکهێنانـی خۆپیشـاندان دژی رێژیـم لـە وڵاتانـی ئۆرووپـا و .. تەنیا یارمەتییەک بوون کە بە جووڵانەوەی گەلی کوردی ئێران کرا.

■ هەلومەرجی زەینیی وڵاتەکەمان لە سەروبەندی جووڵانەوەدا

لـە سـەروبەندی دەسـتپیکردنی جووڵانەوەی چەکداریـی ٤٦ ٤٧دا پێ بـە پـێ لەگـەڵ لەبـار نەبوونـی وەزعـی عەینـی بـۆ جووڵانەوە، وەزعی زەینیش لەبار نەبوو. هێزە سیاسیەکانی دژی رێژیم تووشی دووبەرەکـی ببـوون و داوێنـی تێکۆشـانی دژی رێژیمیـان بـە هۆی سیاسـەتی راونان و کوشـتوبڕی حکوومەتەوە هەر دەهات تەسـکتر دەبـوو. هیـچ هاوکارییەکـی عەمەلی و نزیکییەک لـە نێوان هێزەکانی سیاسـیی دژی رێژیم هەسـتی پێ نەدەکرا. لە کوردستانیش گرتن و راونانـی ئەندامانـی حیزبی لە رەشـەمەی ٤٢ و بەهاری ١٣٤٣ بووە هۆی ئەوە کە سـەدان کەس بگیرێن و بە سـەدانیش پەڕیوەی عێراق بن.

کادر و ئەندامانی راکردوو، چ ئەوانەی ١٣٣٨ بەرەو عێراق چووبوون و چ ئەوانەی لە ١٣٤٢ەوە رۆیشتن، لە جیاتی ئەوەی عێراق بکەنە پێگە بۆ سازکردنەوەی پێوەندی و پێکهێنانی رێکخراوی حیزبی، کەوتنە گێژاوی دووبەرەکی و هێندە سەریان بە گیرەوکێشەی عێراق گەرم بوو کە زیندووکردنەوەی رێکخراو لە کوردستانی ئێرانیان وەک ئەرکی سەرەکی لە بیر چووەوە.

«کوردایەتی» کردن و دوژمنایەتیی بیروباوەڕی پێشکەوتووانە بوو بە بنێشتەخۆشکەی زۆربەی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەرمێن. هەر لە ژێر تەئسیری ئەم بۆچوون و لێکدانەوەشدا بوو کە رابەرایەتیی ئەو سەردەمەی حیزب و زۆربەی کادر و ئەندامانی پەڕیوە، ئەرکی خەبات لە وڵات و بووژاندنەوەی حیزبیان لە ئێران خستبووە پشت گوێ و بۆ کوردستانی عێراق خەریکی خەبات وجبهەوانی بوون، بەو هیوایە کە گۆیا جارێ کوردستانی عێراق دەگەیەنینە پلەیەک و پاشان بە یارمەتیی کوردی عێراق کوردستانی ئێرانیش یەکلا دەکەین.

ئەو رابەر و کادر و ئەندامانە ئەگەر جاروباریش رێگایان کەوتباوە وڵات یان بۆ فەعاڵیەت هاتبان، زیاتر مەبەستیان کۆکردنەوەی یارمەتی و شرەوبرە و بژێوی بۆ راپەڕینی کوردستانی عێراق بوو، نەک کار و باری بنەڕەتی یان واتە پێکهێنانی رێکخراو لە کوردستانی ئێراندا.

بەربەرەکانێ دژی ئەم چەشنە بۆچوونە بوو کە بەرەبەرە جموجۆڵ پێک دەهات، ئەم مەسەلەیە کە کاری بنەڕەتیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاری سیاسی و رێکخراوەیی لە ئێراندایە، هەر دەهات لایەنگری زیاتر دەکرد. بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کادر و ئەندامانەی کە لایەنگری ئەم رێبازە بوون، سازکردنی رێکخراو لە دەوروبەری شارەکانی سەردەشت، بانە،

مەهاباد و شاپوور (سەڵماس) بوو.

راست لەو کاتەدا کە هیوای دوارۆژێکی گەشەدار لەو چەشنە خەباتە دەکرا، رابەرانی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق ریگای گرتن، راونان، دوورخستنەوە و تەحویلدانەوەی کوردە تێکۆشەرەکانی ئێرانی گرتەبەر. ئەم هێرشە ناجوامێرانە بوو بەهۆی ئەوەی کە هێندێک لە کادر و ئەندامانی حیزب بە سەرکردایەتیی شەهید سولێمانی موعینی بەرەو وڵات بگەڕێنەوە. گەڕانەوەی سولێمان و هەڤاڵانی بوو بە هۆی ئەوە کە لێپرسراوانی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق توند و تیژی بەرانبەر بەو کوردە ئێرانییانە زیاد کەن کە بیری تێکۆشانی دژی رێژیمی شایان لێ دەکردنەوە. هەڤاڵ مەلا رەحیم (ویردی)، قوربانیی ئەو سیاسەتەی لێپرسراوانی جووڵانەوەی عێراق دەرهەق بە تێکۆشەرانی کوردی ئێران بوو.

زیادکردنی فشار و گوازتنەوە و خستنە ژێر چاوەدێریی ئەو کادر و ئەندامانەی کە لە عێراق وەک پێگە بۆ کاروباری ئێران کەڵکیان وەردەگرت، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم دەستەیەش مەترسیی گرتن و تەحویلدانەوەیان ببوو بە جیددی، لە کاتێکدا کە رێکخراوی ساوای حیزبی تەنیا لە بەشێکی چکۆلەی کوردستاندا پێک هێنرابوو، بەرەو ئێران بگەڕێتەوە.

ئاشکرایە ئەم رێکخراوە ساوایە، لەگەڵ ئەو کادر و ئەندامانەی کە لە پێشدا گەڕابوونەوە وڵات سەرەڕای هاوکاری و یەکگرتن، دیسان ئەو کەرەستەیە نەبوون کە جووڵانەوە لە سەر شان و شەپیلکیان خۆ راگرێ و ئەو هێزە نەبوون چ لە باری مادی و چ لە باری مەعنەوییەوە کوردستانێکی پان و بەرین داگرنەوە و زەمینەی زەینی لە چوارچێوەی کوردستاندا ئامادە بکەن. بە گرتنە بەرچاوی مەیدانی تێکۆشانی جووڵانەوە و بەراوردی لەگەڵ کوردستان و گرینگتر لەوەش لەگەل ئێران، پلەی مەترسیی ئەو کارە و گرینگیی ئەو بارە

قورسە کە دەکەوتە سەرشانی جووڵانەوە و رابەرایەتییەکەی، زیاتر دەردەکەوێ.

زۆر بە جێیە ئەم مەسەلە بنچینەییەش وە بیر خەینەوە کە هەڤاڵانی بەشدار لە سەرکردایەتیی راپەڕینەکەدا، هەر چەند ئەندامی حیزبێک بوون، بەڵام هاوبیر و هاوکردەوە نەبوون و بە شێوەیەکی تێکڕایی پێڕەوییان لە تیئۆرییەکی زانستی و شۆڕشگێڕانە نەدەکرد کە بەردی بناغەی هەر کردەوە و راپەڕینێکە و بەرنامەیەکی سیاسی و روونیان نەبوو کە لە رێگای رێکخراوەوە بیگەیەننە کۆمەڵانی خەڵک و لە رێگایەوە کار لە مێشک و هەستیاندا بکەن و هێزیکی مادی پڕ توانای لێ پێک بێنن، بەم جۆرە دەردەکەوێ کە ئاسۆی جووڵانەوەکە چەند تاریک بوو.

راستە هەڵسووڕێنەرانی جووڵانەوە لە کۆنفرانسێکدا کە دوای گەڕانەوە بەستیان، ریزە بڕیارێکیان بۆ شکڵی کارکردن و دابەشی کار دەرکرد، بەڵام لە نێوان بڕیاری کوتوپڕ و دیاریکردنی ئەرک و مل راکێشان بۆ دیسیپلین و وازهێنان لە نەزەری شەخسیدا فەرق زۆرە. هەڤاڵان نەیانتوانیبوو واز لەو بیروباوەڕ و کردەوانە و لەو هەستان و دانیشتنە بێنن کە لە ماوەی ساڵەکانی دەربەدەریدا قەدیان پێوە گرتبوو. هەر بۆیەش زوو زوو بایان دەدایەوە سەر بۆچوون و لێکدانەوەی پێشوویان.

■ هەڵەکانی رابەرایەتیی جووڵانەوە

١. گرتنە پێشی سیاسەتی دیفاعیی پاسیڤ

مارکس دەڵێ: پێویستە بەر لە شۆڕش هەموو پێداویستییەکانی شۆڕش بگریە بەرچاو، پاشان دەست بە شۆڕش بکەی. ئەگەر بە بێ ئەم کارە دەستت بە شۆڕش کرد، تاقە رێگای بێ ئەملاوئەولا هێرشە. دیفاع مەرگی راپەڕینی چەکدارانەیە.

رابەرانی جووڵانەوەی ٤٦ ٤٧ لە سەر کەمئەزموونی و

کەمدەرەتانی، هەر لە سەرەتای کارەوە تووشی ریزە هەڵەیەکی تاکتیکیی زەق و بەرچاو هاتن کە لە باری ستراتیژییەوە بوو بە هۆی فەوتانیان. کادر و پێشمەرگەکان کاتێک کوردستانی عێراقیان بەجێ هێشت یان پێیان بەجێ هێڵرا و گەڕانەوە کوردستانی ئێران، تەنیا بۆ باوباوێن و ئەم دێ و ئەو دێ کردن نەگەڕانەوە وڵات، بەڵکوو بە مەبەستی دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە گەڕانەوە وڵات. راستە چەکوچۆڵیان لە بەرانبەر چەکوچۆڵی دوژمندا شتێک نەبوو، بەڵام ورەی دوژمنیش ئەو ورەیە نەبوو کە دوایە پەیدای کرد. کاتێک دەستەیەکی دژی رێژیم لە دەرەوە دەگەڕێتەوە و ئەولا و ئەملا دەکەن، خۆیان هەر ناوێکی لێ بنێن، دوژمن ئەو کردەوە بە راپەڕینی چەکداری دژی خۆی دادەنێ و بۆ نەهێشتنی هەوڵ دەدا. هەڤاڵانی راپەڕیو لە جیاتی ئەوەی هەر لە سەرەتادا چوار پێنج زەبری گورچووبڕی وێنەی شەڕی سپیسەنگ، هەر خۆیان لەم لاوئەولا حەشار دەدا و جاروباریش بە دزی سنووری کوردستانی عێراقیان دەپەڕاند و لە گەرمێن دەحەسانەوە! لە کاتێکدا کە دوژمن دوای ئەو زەبرە، زۆربەی پاسگا لاوازەکانی خۆی هەڵگرتن و پاشەکشەیەکی کاتی و تاکتیکیی دەست پێ کرد.

خۆبواردن لە شەڕ و گرتنەپێشی سیاسەتی دیفاعیی پاسیڤ بوو بە خۆرەیەک کە هەم جووڵانەوەکەی دەخوارد و هەم کاری دەکردە سەر هەست و مێشکی ئەو خەڵکەی کە بە گوێرەی توانا نوای راپەڕیوەکانی دەدا.

٢. پاک نەکردنەوەی مەڵبەندی جووڵانەوە لە هاودەستەکانی رێژیم

رابەرانی جووڵانەوە لە ماوەی هەژدە مانگدا بێجگە لە چەند هەنگاوی سەرەتایی هەوڵی خاوێنکردنەوەی مەڵبەندی تەسکی جووڵانەوەیان نەدەدا. سستی و خاوی بەرانبەر بەوانەی پیاوی دوژمن بوون و

کردەوەی دژی جووڵانەوەیان شاراوە نەبوو، دەبوو بە هۆی ئەوە کە ڕێژیم زیاتر ئەوانە لە گیانی کادر و لێپرسراوە پێشمەرگەکان بەردا و بۆ لای خۆیان ڕابکێشی. سەیر ئەوەیە لە هێندێک مەڵبەنددا مەلایەکی جاسووس بە ناوی ئەوەی کە خاوەنی خزم و کەسە و ئاغایەکی خۆفرۆش بە ناوی ئەوەی خزم و عەشیرەتی زۆرە، لە سزادان و لەناوبردن معاف بوون. نەبوونی بڕشت بۆ پاککردنەوەی مەڵبەندی تێکۆشان بوو بە هۆی ئەوە کە ڕۆڵەی وەک ئاوارە لە داو بخرێ و هەڵمەت و مەلا ڕەحیم فریوی ئاغا و مەلای خۆفرۆش بخۆن و واز لە ریزی جووڵانەوە بێنن.

٣. نەبوونی بەرنامەی روون لە باری مەسەلەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی

بەرنامەیەکی روونی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ نەبوو. تەبلیغاتی گشتیی ڕابەرانی جووڵانەوە لە باسی بەشخوراویی گەلەکەمان و پێویستیی گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادی بە شیوەیەکی موتڵەق تێپەڕ نەدەبوو. جووڵانەوە بەرنامەیەکی بۆ وەرزێران نەبوو کە ٩٠ لەسەدی گرانایی ڕاپەڕینیان لە سەر شان بوو. وەرزێری مەڵبەندی ڕاپەڕین نەیدەزانی ڕاپەڕین چ دیارییەکی بۆ ئەو لە هەگبەدایە و سبەینێ لەگەڵ ئاغا تەکلیفی چییە؟

ڕابەرانی جووڵانەوە لەم ماوەی درێژەی جووڵانەوەدا گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک، تەنانەت دوو سێ بەیاننامەیان سەبارەت بە ئامانجەکانی جووڵانەوە لە مەڵبەندی جووڵانەوە و لە وڵاتدا بڵاو نەکردەوە. بۆ ئەوەی دۆست و دوژمن بزانن ئەو چەند دەستە چەکدارەی دێن و دەچن و دەکوژن و لێیان دەکوژرێ، دەڵێن چی و چییان دەوێ؟ (لە ماوەی جووڵانەوەی چەکداریدا تەنیا بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە) کەمتەرخەمی لەو مەسەلەشدا هەر دەگەڕێتەوە سەر ناشارەزایی ڕابەرانی جووڵانەوە و نەدیتنی نەخشەی ئاگادارکردنەوە و ڕاکێشانی

سەرنجی خەڵک بۆ لای داخوازییە رەواکانی جووڵانەوە.

٤. بە هێند نەگرتنی دامەزراندنی رێکخراو و بەرینتر کردنی مەیدانی تێکۆشان

جووڵانەوەی ٤٦ ٤٧ بە کردەوە ئەهمیەتی پێویستی بە رێکخرای نهێنی نەدا و بوونی چەکدارەکان لە مەڵبەند بوو بە هۆی ئاشکرابوونی زۆربەی ئەوانەی پێوەندییان بە حیزبەوە بوو. بێجگە لەوەی کە بۆ بەرینترکردنی دایرەی تیکۆشانی حیزبی هەنگاو هەڵنەبڕا و کاری رێکخراوەیی و نیزامی هەر لە سنووری ئەو مەڵبەندانەدا مایەوە کە بەر لە گەڕانەوە کاریان لێ کرابوو، بۆ بەرینترکردنی تەشکیلاتی حیزبی لە مەڵبەندی تێکۆشانیشدا کارێک نەکرا. دیارە تەنگەبەریی ئەو مەیدانەش کاری گەمارۆدان و سەرکوتکردنی جووڵانەوەی هاسانتر دەکرد. بۆ تاریخ دەبێ بگوترێ کە لەگەڵ هەمووی ئەو کەموکۆڕییانەش، کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد بە هەموو توانای خۆیانەوە دالدەی تێکۆشەرانیان دەدا و پشتیوانییان لێ دەکردن.بەڵام بە داخەوە رابەرانی جووڵانەوە نەیانتوانی کەڵک لەو یارمەتییە بێ دریغەی زەحمەتکێشانی گەلەکەمان وەربگرن.

■ ئەو دەرسانەی کە دەبێ لە جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ١٣٤٧ وەریان بگرین:

١. بۆ ئەوەی جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێری بەرەو سەرکەوتن بچێ، پێویستە ئەو جووڵانەوە لە لایەن حیزبێکەوە بەڕێوە بچێ کە خاوەنی بیروباوەڕی پێشکەوتووانە و شۆڕشگێڕانە بێ. بە بێ حیزبی شۆڕشگێڕ و بە بێ چەکداربوون بە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە، جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەش لە ئارادا نیە.

٢. بۆ ئەوەی شۆڕش لە وڵاتێکی پان و بەرین و فرەگەلی وەک ئێراندا سەرکەوێ، وجوودی بەرەیەکی یەکگرتووی هێزەکانی میللی و پێشکەوتوو پێویستە، بەرەیەک کە نەک بە قسەو لە سەر

کاغەز، بەڵکوو لە مەیدانی کردەوەدا، نەخشی رابەریی جووڵانەوەی سەرانسەری بگێڕێ و کاری رێکخستنی هەنگاوەکانی شۆڕشگێڕان لە مەڵبەندە جیاوازەکاندا و رێنوێنیی خەبات بەرەو سەرکەوتن بگرێتە ئەستۆ.

٣. بۆ ئەوەی گەلی کورد وەک هێزێک لە شۆڕشی داهاتووی وڵاتدا نەخشی هەبێ و داخوازیەیکانی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتدا بێنێتە دی، پێویستە رێکخراوەکانی حیزبی بە گوێرەی هەلومەرجی نوێ زیندوو بکرێنەوە و ئەندامان بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و زانستی تەیار بکرێن.

٤. بوونی بەرنامەیەکی روونی ئابووری و کۆمەڵایەتی، رێبازی سیاسیی روون، تاکتیک و ستراتیژی دیار و ئاشکرا ئاسۆی سەرکەوتن تا رادەیەکی زۆر دەردەخەن و دەبنە هۆی ئەوە کە ریزی دۆستەکانی ستراتیژیکی چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە دیاری بێ.

٥. دەستکردن بە شۆڕش هێندە گرینگ نیە، گرنگ درێژەدانە بە شۆڕش. هەر شۆڕشێک هەلومەرجی عەینی و زەینیی بۆ رەچاو نەکرابێ و بە گوترە بە بێ هەڵسەنگاندنی وەزعی خۆ و دوژمن و هەلومەرجی نێونەتەوایەتی دەست پێ کرابێ، سەرکەوتنی نیە و رەنگە تێک بشکێ.

■ ١١: گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو و بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات (١٣٤٩ ١٩٧٠)

شۆڕشی ١٩٥٨ی زایینی (١٣٣٧ی هەتاوی) لە عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی ژووئیەی ئەو ساڵەدا سەرکەوت و مەلا مستەفا بارزانی کە پاش ١٢ ساڵ لە یەکێتیی سۆڤیێتەوە دەگەڕێتەوە بو عێراق، لە پراگ دەبێتە میوانی دوکتور قاسملوو و داوای لێ دەکا ئەویش لە گەڵی بگەڕێتەوە و لەم پێوەندییەدا پێداگریی زۆر

دەکا، بۆیە پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ عێراق. لە گەڕانەوەی یەکەمی دوکتور قاسملوودا عەبدوڵڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تەوفیق وەک نەفەری یەکەمی حیزب دەمێنێتەوە و لەگەڵ دوکتور قاسملوو کۆ دەبنەوە بۆ بووژاندنەوەی حیزب، ئەو هەوڵە بە هۆی فیکر و بیروباوەڕی عەشیرەیی ئەحمەد تەوفیق و جیاوازیی بۆچوونیان لەگەڵ دوکتور قاسملوو سەری نەگرت، پاش سەر نەکەوتنی لەم هەوڵەدا بە دوکتور قاسملوو ڕادەگەیەنن کە لە ماوەیٚ ٢٤ کاتژمێردا دەبیٚ عێراق بە جیٚ بهێڵیٚ. بەم چەشنە دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٩ تا ١٣٤٩ لە دەرەوەی وڵات دەمێنێتەوە و ئاگاداری تێکوشانی حیزب ئەبیٚ.

■ دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

ساڵی ١٩٧٠ جارێکی دیکە دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی عێراق و لەگەڵ چەند کەس کۆنفرانسی سێهەم پێک دێنن کە پێکهێنانی ئەو کۆنفرانسە چەند گیروگرفتێکی لە پێش بوو، یەکەم ئەوە بوو کە ڕێبەرایەتی توانای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نەبوو، واتە دەبوا هەموو شتێک لە سەرەتاوە دەست پیٚ بکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە باڵی حیزبی توودە نفوورزێکی زوری هەبوو، واتە سانترالیزمێکی بۆرۆکراتیک لە حیزبدا پێک هاتبوو کە زور دژی دیموکراسی بوو، هەروەها هەستێکی بەستراوەیی بەرانبەر بە یەکێتیی سۆڤیێتی و وڵاتانی سۆسیالیستی پێک هێنابوو، لە لایەکی دیکەوە تێکەڵاوی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی باشوور ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگی تێدا پێک هێنابوون و ماکیاولیزمی کردبووە باو، بەو مانایە کە لەگەڵ هەموو کەس دەکریٚ ڕێک بکەوی و کاریگەری لە سەرت دابنیٚ. لەوانەش خەراپتر دوو شتی دیکە بوو کە ئەندامانی حیزب لە هەموو شتێک پێیان گرینگتر بوو: یەکێکیان ئەوە بوو کە چەک و پارە بۆیان لە هەموو شتێک گرینگتر بوو،

دووهــەم ئەوە بوو کە نووســین و تەشــکیلات هیــچ مانایەکی نەبوو. پێش گەڕانــەوەی دوکتــور قاســملوو کۆنفرانســی دووهــەم گیرابوو و باڵــی ناسیۆنالیســتی بریتــی لە ئەمیری قازی، حەســەن رەســتگار، عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مامۆستا هێمن پێک هاتبوو، لە لایەکی دیکەوە محەمەد ئەمین سراجی کە لە ساڵی ١٣٤٧ چووبووە بەغدا و یوسف رێزوانی کە ئەویش لە بەغدا بوو و کاسبیی دەکرد وەک باڵی چەپ و پێشکەوتنخواز بوون.

لــە کاتــی گەڕانەوەی دوکتور قاســملوودا تەشــکیلاتێک لــە گۆڕێدا بــوو کــە بەرنامــە و پێــڕەوی نێوخــوی نەبــوو کە چوارچێــوەی کار و تێکوشــانیان و ســەلاحیەت و دەســەڵاتی ئەندامان روون بکاتەوە. لــە رێبەرایەتیــی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم کەســانێکی ئەوتۆ نەمابوونەوە، ئەحمەد تەوفیق کوردستانی عێراقی بە جێ هێشتبوو و بە کورتی دەبوایە لە ســیفرەوە دەســت پێ بکرێتەوە، یەکەم پێشنیار کە دوکتور قاسملوو پێشکەش بە ئەندامانی دانیشتووی کوردستانی عێراقــی دەکا، دانانــی بەرنامەیــەک بــوو کــە لــە ژێــر ســێبەری ئــەو بەرنامەیەدا تێکۆشــان دەســت پــێ بکاتەوە، پاش ئــەوەش ئەندامانی حیزب کۆ بکرێنەوە و کونفرانســێک بگیرێت تا مەشــرووعیەت بدەن بە رێبەرایەتی.

ســەرەتا رێبەرایەتییەکی ٧ کەسی دیاری دەکرێن کە بریتی دەبن لە دوکتور قاســملوو، یووسف رێزوانی، محەمەد ئەمین سراجی، ئەمیر قازی، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، حەسەن رەستگار، کەریم حیسامی.

نووســینی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ درابوو بە دوکتور قاســملوو و بــۆ نوســینی ســێ مانــگ کاتــی پــێ درابوو. لــەو کاتــەدا پێکهێنانی یەکێتییەکی فیکری لە نێو ئەندامانددا پێویســت بوو، لە بەر ئەوەی کە لەو کاتەدا سێ تەیفی فیکری لە حیزبدا هەبوو کە بریتی بوون تەیفی فیکریی توودەئیستی بە نوێنەرایەتیی کەریم حیسامی، تەیفی فیکریی

مائۆئیستی بە نوێنەرایەتیی محەمەد ئەمین سراجی و تەیفی فیکریی ناسیونالیستی بە نوێنەرایەتیی ئەمیر قازی.

کارێکی دیکە کە زور گرینگ بوو و پێویست بوو کاری لە سەر بکرێ، سەربەخۆیی سیاسی بوو. لەو کاتەدا حیزب خاوەنی رادیۆیەک دەبێ و حکوومەتی عێراق داوای لێ دەکا کە لە رادیۆکەدا دژی مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلوول قسە بکرێ. حیزب ناچێتە ژێر باری ئەم داواکارییە، هەر بۆیە حکوومەتی عێراق رادیۆکەی پێ دادەخات.

بۆ بووژاندنەوە و پێکهێنانی تەشکیلاتی نێوخۆیی دوو نەفەر دیاری دەکەن و تەنانەت بو گرینگیدان بە کاری نێوخۆیی دوو کەس لە ئەندامانی نێوخۆ وەک ئەندامی رێبەرایەتی دیاری دەکرێن، بەڵام لەم هەوڵەیاندا سەرناکەون.

■ ١٢: «کۆنگرەی سێهەمی حیزب» (١٣٥٢)

کونگرەی سێهەمی حیزب لە مانگی رەزبەری ١٣٥٢ لە بەغدا بە ڕێوە چوو. لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک بڕیار دەرچوون کە بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان لێ کرا:

خەبات بۆ وەدیهێنانی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و وەدەستهێنانی مافی خودموختاری بۆ گەلی کورد. بۆ گەیشتن بەم مافەش دەبێ لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەربگیرێت. دروشمی رووخاندنی رێژیمی پاشایەتیش لە دەستووری کاری بەڕێوەبەریدا بووە و بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی سەرانسەری، لە هێزە دێموکرات و چەپەکان دراوە. بۆ وێنە لە رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٣٤، کە لە گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٥٣ دەرچووە، لە سەر پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی لە بابەتێکدا بە ناوی »پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی ئەرکی مێژوویی هەموو هێزە نیشتمانییەکانە«، هاتووە:

.. لـە کۆمەڵـی ئەمـڕۆی ئێرانـدا دوو بـەرەی لێکجیـا لـە بەرامبـەر یەکتـر راوەسـتاون و دژی یەکتر خەبات دەکـەن. لە لایەک توێژێکی کەمێک ئەریسـتۆکرات و کۆنەدەرەبەگ و سـەرمایەداری کۆمپرادۆر بە سـەرۆکایەتیی شـا و دەرباری پەهلەوی کە بە زۆری سـەرەنێزە و ئیعدام و رەشەکوژی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە، لە لایەکی دیکـەوە کۆمەڵانـی خەڵک و رێکخراوە نیشـتمانییەکانن کە لە هەموو تێکۆشـانێکی ئاشـکرا بێبەش کراون. رێژیمی دیکتاتۆریی پاشـایەتی بە هۆی سـازمانی ئەمنیەت و سـەرەنێزەی لەشـکرەوە هێزی خۆی سـەپاندووە و هەمـوو ویسـت و داخوازێکـی رەوای خەڵک بە گوللە وەڵام دەداتەوە.

لـە پاش شـەڕی دووهەمـی جیهانی تا ئێسـتا حیـزب و رێکخراوە سیاسییەکانی وڵات دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی پاشایەتی خەبات دەکەن و بۆ هێنانەسـەرکاری حکومەتێکی نیشـتمانی و دێموکراتێک تێدەکۆشن. گەلانی ئێران لە پێناوی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا زۆریان قوربانی داوە و فیداکارییان کردووە، بەڵام سەر نەکەوتوون. یەکێک لە هۆیەکانی سەرنەکەوتن و تەنانەت تێشکان و پاشەکشە ئەوە بووە کـە لـە نێـوان حیزب و رێکخـراوە نیشـتمانییەکانی ئێرانـدا یەکیەتیی خەبات و تێکۆشان، بەرنامەی سیاسیی هاوبەش و بەرەی یەکگرتوو نەبووە.

.. مەسەلەی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی لە وڵاتی ئێمەدا لەمێژە لە بەرنامەی خەبات و تێکۆشـانی زۆربەی حیزبە نیشـتمانی و ئازادیخوازەکانـدا جێـی کراوەتەوە و هەوڵی بۆ دراوە. زۆر حیزب و رێکخـراوی نیشـتمانی بەهـەق لەسـەر ئەو باوەڕە بـوون کە دژی دوژمنی هاوبەش دەبێ خەباتی هاوبەش بکرێ.

.. چەنـد کۆسـپ و بەرهەڵسـتی بەرچـاو هاتوونەتـە سـەر رێگای پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشـتمانی کە بۆ ئەوە دەبن بە کورتی

باسیان بکەین...
دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ئەرکی هەموو حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسییە کە خۆی بە دژی ڕێژیم و بە دڵسۆزی گەلانی ئێران بزانێ. تێکۆشانی تێکڕای هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و دانانی بەرنامەیەکی یەکگرتووی خەبات، نەک هەر دەتوانێ لە ژوورەوەی وڵات توانای هێزەکانی دژی ڕێژیم و کۆمەلانی گەل کۆ بکاتەوە، بەڵکوو دەرەتانی پڕوپاگەندە و تەبلیغاتی بەدرۆی ڕێژیم ببڕێ و بیروڕای گشتی لە سەر وەزعی نالەباری وڵات روون بکاتەوە و ڕێژیم لە مەیدانی نێونەتەوەییدا تاق بخاتەوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیی بە یەکێک لە دروشمەکانی خۆی داناوە، تا ئێستا چەند جار لەو بارەوە بیروڕای خۆی دەربڕیوە. حیزبی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا تێکۆشان بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی بە یەکێک لە مەسەلە گرینگەکانی ڕۆژ دەزانێ.
لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆ کۆنگرەی سێهەم گوتراوە: حیزبی ئێمە لەو بڕوایەدایە کە بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیی گەلانی ئێران پێویست نیە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار ئیدئۆلۆژی و بەرنامەی سیاسی و ئامانجەکانی ستراتیژیکیان وەک یەک بێ. هەر حیزب و ڕێکخراوێک دەتوانێ سەربەخۆیی ئیدئۆلۆژیک و ڕێکخراوەیی خۆی بپارێزێ و لە کاروباری تەشکیلاتی و تەبلیغاتیی خۆیدا سەربەست بێ. سەرۆکایەتیی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی دەبێ لە گشت بەشداران پێک بێ».

■ ١٣: ئالوگۆڕەکانی سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی لێکدانەوەی شەهید دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا

ولاتی ئێمە لە سالی ١٣٥٦دا هێندێک رووداوی تازەی بە خۆیەوە دیت، کە لە مێژووی تازەی ئێران، یان بە جۆرێکیتر بلێین لە چوار یەکی چەرخی دواییدا وێنەیان نەبینراوە. ئەگەر لە سالی ١٣٤٩ بەم لاوە ژمارەیەک لە رۆلە تێکۆشەر و پێشەنگەکانی گەلانی ئێران لە دژی دەسەلاتی دیکتاتوری راپەڕیبوون و بنکە و بنیاتەکانی رێژیم و ئاغا ئیمپریالیستەکانی ئەویان پەلامار دەدا، لە سالی رابردوودا تووڕەیی و بێزاری دەربڕین لە دەسەلاتی سەرەڕۆی حکوومەتی شا، ئەو تەنگەبەرەی پەڕاند و خۆی گەیاندە نێو کۆمەلانی هەراوی خەلک و چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی گەلانی ئێران.

لە سالی رابردوودا مانگرتن و خۆپیشاندانی خەلک لە تاران و شارە گەورەکانی ولاتدا بە ڕادەیەک بەربلاو بوو کە رێژیمی شا ئەو ئیدیعایەی بۆ نەچێتە سەر کە گۆیا دوژمنەکانی تەنیا ژمارەیەکی کەم لە «دین وەرگەڕاو» و «بەکرێگیراوی بێگانە»ن و بە هاندانی بێگانە دەیانەوێ پیشی پێشکەوتنەکانی ئێران بگرن.

لە ئەنجامی ئەم وەزعە تازەیە و لە ژێر تەوژمی بیرەباوەڕی گشتیی جیهانیدا کە رۆژبەرۆژ زیاتر دەنگی بێزاری و تووڕەیی خۆی دژی کردەوە و ئاکارەکانی ریژیم بەرز دەکردەوە، حکوومەتی شا ناچار بوو نەختێک پاشەکشە بکا و ئەگەر تەنیا بۆ روالەت بازی و فریودانیش بێ، چەند شتێکی وەک سەردانی نوێنەرانی رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ لە هێندیک لە زیندانەکانی ئێران و دامەزرانی کۆمیتەی بەرگری لە مافی مرۆڤ قبوول بکا و ئەگەر هێندێک رخنەی شەڕە زێڕینگەرانەشی لێ بگیرێ، نێوچاوان تێک نەنێ و وە سەر خۆی نەیەنێ.

■ ئەم رووداوانە چیمان پیشان دەدەن؟

رەنگە هیچ گومان لەوەدا نەبێ کە ئەم رووداوانە لەسەر یەک نیشانەی دەستپێکردنی قۆناخێکی تازە لە رووبەڕووبوونەوەی کۆمەلانی خەڵکی ئێران لەگەڵ حکوومەتی دیکتاتور و سەرەڕۆی پاشایەتیدان. دیارە ئەمە وەک دیاردەیەکی نوێ لە وەدەنگ هاتن و بێزاری دەربڕینی خەڵک لە کردەوە دژی گەلییەکانی رێژیمی شادا، بۆ هەموو گەلانی ئێران و رێکخراوە پێشڕەوەکانیان جێگای هیوا و دڵخۆشییە و نیشانەی ئەوەیە کە بەکارهێنانی دەسەلاتی تاکەکەسی و زوڵم و زۆری لە رادەبەدەر و ناتەبایی ئابووری و کۆمەلایەتی، بەرەبەرە هەلومەرجی عەینی بۆ راپەڕین و شۆڕشی سەرتاسەریی ئێران ئامادە دەکەن.

بەلام ئەوەندەی پێوەندیی بە «گۆڕان»ی سیاسەتی حکوومەتی حەمەڕەزا شاوە هەیە، نابێ ئەو نەختە پاشەکشەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، تێکۆشەرانی ئێران بخاتە گومانەوە کە گویا رێژیمی شا دەست لە سیاسەتی زەبر و زەنگ هەڵدەگرێ و چەشنە دێموکراسییەکی وەک ئەوەی لە ولاتانی ئورووپاییدا هەیە دەگرێتە پێش. نابێ پێمان وابێ سبەینێ و دووسبەی رێژیمی شا پێشی ئازادییە دێموکراتییەکان بەرەلا بکا و خەڵکی ئێران بتوانێ لە رێگای خەباتی پارلمانی و خۆپیشاندانی خەیابانییەوە بە ئاواتە لەمێژینەکانی بگات!

هەموومان دەزانین کە حکوومەتی شا لە سیاسەتی نێوخۆدا هەر وەک جاران و بە زیادەوەش رۆژ بەرۆژ هەوڵ دەدا قودسیەتی!! رێژیمی پاشایەتی زیاتر بچەسپێنێ و دەرەتانی هیچ چەشنە خۆدەرخستنێک بە هێزە نیشتمانییەکانی ئێران نادا و هەتا دێ زیاتر بۆ کۆکردنەوەی دەسەلات لە دەستی بنەماڵەی پاشایەتی

و چڵکاوخۆرەکانی دەربـاردا هەوڵ دەدا. لە سیاسـەتی دەرەوەشـدا تێدەکۆشێ هەرچی زیاتر بەستراوەیی سیاسی و ئابووری و نیزامیی ئێران بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتە سـەرمایەدارییەکانی ئورووپـای رۆژئـاوا پتـەو بکا. ئـەو هەوڵ و تەقەلایـەش کە رێژیمی شـا بـۆ زیاتـر نزیکبوونـەوە لـە حکوومەتـە کۆنەپەرەسـتەکانی ناوچـە و بـۆ بەسـتنی پەیمانێکـی نیزامـی لەگـەڵ رێژیمـە سـەر بـە ئیمپریالیسـتەکانی خەلیج دەیدا، لە هیچ کەس شـاراوە نیە. کەوا بوو، ئـەو تـۆزە پاشەکشـەیەی رێژیمی شـا و ئەو چـاوڕاوەی دەربارەی «دیموکراسـی»! لە دەزگا تەبلیغاتییەکانـی ئێرانەوە بڵاو دەکرێتەوە، بـە هیـچ جـۆر بەڵگـە و نیشـانەی گۆرانـی ناوەڕۆکـی راسـتەقینەی رێژیمـی ئێران نین و لە باشـترین حاڵەتدا «دەریچەی ئیتمینان»ێکن بـۆ کـەف وکـوڵ دامرکاندنـەوەی کۆمەلانی تووڕە و رق هەسـتاوی خەڵکی ئێران. تاقیکردنەوە دەری خستووە کە هەر کاتێک حکوومەتی شـا تۆزقاڵێک هەسـت بە مەترسی بکا، پەنا بۆ زەبروزەنگ و ئاکارە جەهەننەمییەکانـی دەبـا و چلکاوخۆرەکانی سـاواک و ژاندارمری لە گیانی رۆڵەکانی خەڵک بەر دەدا. رووداوەکانی ئاخری مانگی رێبەندانی تەوریز بەڵگەیەکی زیندووی راسـتی و دروسـتیی ئەو لێکدانەوەیەن. لە خۆپیشـاندانی خەڵکی تەورێزدا پۆلیسـی شـا هەر کە هەسـتی بە بەرینی و بەربڵاوبوونی خۆپیشاندانەکە کرد، بێ سێ و دوو لێکردن سینگی رۆڵە بێ دیفاعەکانی ئەو شارەی دایە بەر مەودای شەستتیر و شـەقام و کۆڵانەکانـی تەورێـزی بە خوێنی بێتاوانان سـوور کرد. هەر چەند بە قسـەی تەبلیغاتچییەکانـی رێژیم ژمارەی قوربانیەکانی ئـەو خۆپیشـاندانە لـە سـێزدە کـوژراو و ١٢٥ بریندار زیاتـر نەبوو، بەڵام هەر بە قسەی رادیۆی دۆستە سەهیونیستەکانی شا ٧٥ کەس کوژرابـوون و ژمـارەی بریندارانیـش لـە ٣٠٠ کـەس زیاتر بوو. خۆ ئەمەش دەزانین کە ژمارەی ئەو کەسـانەی بە تاوانی بەشـداربوون

لەو خۆپیشـاندانەدا گیراون، هەر بە گوێرەی بەیاننامە رەسمییەکانی دەوڵەت، خۆی لە ٨٠٠ کەس داوە و تا ئێستا گرتن و راونان درێژەی هەیە. بێجگە لەوە کە تەورێز تا ئێسـتا وەک شـارێکی داگیرکراو، بە تانک و زرێپۆشەکانی دژی نیشتمانیی شا گەمارۆ دراوە.

گرتـن و موحاکمـە کردنـی خوێندکارانـی زانسـتگاکانی تـاران و تەورێز و شیراز و بەشداری خۆپیشاندانەکەی قوم و زۆر نموونەی تری لەو بابەتەمان بە دەستەوەن، بەڵام دەرێژ کردنەوەی ئەو باسە لێرەدا پێویست نیە و با بێینە سەر ئەسڵی مەتڵەب مەبەست:

ئـەوە بۆ هەشـت سـاڵ دەچێ کـە جموجۆڵی چەکدارانە لـە ئێراندا بـە راپەڕینەکـەی سیاهکەل دەسـتی پـێ کـردوە و لەگـەڵ ئـەوەی جەللادەکانی رێژیم هەموو توانای خۆیان بۆ خاشـەبڕکردنی بە کار هێناوە و پێچەوانەی ئەوەی کە کاربەدەستان زۆر جار رایانگەیاندوە کـە ناحەزانـی رێژیم بنەبـڕ بـوون و کـەس نەماوە سـەر نەفەسـی هەڵباوێ، هەر جارە لە شـوێنێک سـەری هەڵداوەتەوە و لێدانی بنکە و بنیاتەکانی دوژمن تەقریبەن بێ پسانەوە درێژەی هەبووە. ماوەی ساڵێکیشـە بەربەرەکانێی خەڵک شـێوەیەکی تازەی وەرگرتووە و لە کۆڕوکۆمەڵـە ئاشـتییەکانەوە بیگـرە تـا دەگاتە دەسـتە و رێکخراوە مارکسیسـتییەکان، لـەو بەربەرەکانێیـەدا بەشـدارن. کەچـی لەگـەڵ هەمووی ئەوانە، تا ئێسـتاش حکوومەتی دژی نیشـتمانیی شـا وەک دوڵبای سەلیمی جەوهەری سواری شان و شەپیلکی گەلەکانی ئێران بووە و هەر وەک جاران پرزەی لە خەڵک بڕیوە.

تـۆ بڵێـی هەمـووی بـە نەتیجـە نەگەیشـتبێ ئـەو خەباتـە و بەربەرەکانێیـە چـی بێ؟ بە کەمێک وردبوونەوە بۆمان دەر دەکەوێ کـە هـەر دوو جۆرەکانـی خەباتـی ئـەم هەشـت سـاڵانەی دوایـی و ئەگـەر نەختێـک بگەڕێینـەوە دواتـر، بزووتنـەوە چەکدارانەکـەی ٤٦ ١٣٤٧ی کوردستانیشـی لەگـەڵ بـێ، چەنـد شـەرتێکی بنەڕەتیـی

سەرکەوتنیان تێدا نەبووە، وەک هاوکاری و هەنگاو ڕێکخستنی هێزە نیشتمانییەکانی ئێران، ڕاکێشانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک بۆ کۆڕی خەبات و تێکۆشان، سەرکردایەتی کردنی ئەو خەباتە لە لایەن بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانییەوە کە خاوەنی بەرنامە و ئامانج و ستراتیژییەکی روون بێ و سەرئەنجام بە گژداچوونی ڕێژیم لە هەموو شوێنێک و لە تەواوی جبهەکاندا. بە درێژایی ئەو هەشت نۆ دە ساڵەی باسمان کرد هەمیشە جووڵانەوە لە ناوچەیەکی بچووکدا تەنگەبەر بۆتەوە کە ڕێژیم بە ئاسانی توانیویەتی گەلەکۆمەکی بکاتە سەری و تێکی بشکێنی. لە ساڵی رابردووشدا سەرەڕای فەرەوان بوونی ئەڵقەی بەرەنگار بوونەوەکە، دیسان خەباتەکە پچڕ پچڕ بووە و لە لایەن هێزێکی سیاسیی شۆڕشگێڕیشەوە ڕێنۆێنی و رابەرایەتی نەکراوە. ئەمە جگە لەوەش کە شێوەی خەباتەکە شێوەی خەباتی ئاشتیخوازانە دژی ڕێژیمێک بووە کە لە زمانی گوللە بەو لاوە هیچ زمانێک نازانێ. هەر ئەندازە هەلومەرجی عەینی لەباریش بێ، ئەگەر هەلومەرجی زەینی ئامادە نەبێ و ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕ بە بەرنامەیەکی روونی سیاسییەوە سەرۆکایەتیی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی تێدا وە ئەستۆ نەگری، ناتوانێ بەرهەمێکی باشی لێ وەربگرێ و دەستی زۆرداران لە سەر زۆرلێکراوان کورت بکرێتەوە. بەڵام هەلومەرجی زەینی، واتە بوونی ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕ بۆ رابەرایەتی کردنی خەبات، دەتوانێ ئەوپەڕی کەڵک لە هەلومەرجی لەباری عەینی وەربگرێ. ڕەنگە یەکێک هەبێ بڵێ ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێران سەرئەنجام ڕۆژێک هەر دەتەقێتەوە و کۆتایی بەم وەزعەی ئێستا دێنن. دیارە ئەوە لە خۆیدا شتێکی راستە و بێگومان مێژوو ڕێگای خۆی دەبڕێ و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دەورو دووکانە دەپێچێتەوە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەوە پرۆسەیەکی دوور و درێژە و هیچ پەکی بەوە نەکەوتووە کە ئەو گۆڕانەی ئێمە دەمانەوێ

بە ساڵێک پێک دێ، یان بە هەزاران ساڵ. شۆڕشگێڕیش هەر بەوە دەڵێن کە ئەو ڕەوتە مێژووییە خێراتر بکا و ڕێگای دوور و درێژ بە ماوەی کورت ببڕێ. کەوابوو، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بو سەرکەوتن بە سەر دوژمندا و بۆ وەدیهێنانی ئاواتە لەمێژینەکانی گەلانی ئێران تەنیا یەک ڕێگایان لە پێشە، ئەویش یەکگرتنە لە بەرەیەکی نیشتمانیدا و لەسەر بەرنامەیەکی روونی سیاسی کە داخوازیە سەرەکییەکانی هەموو گەلانی ئێران و هەموو چین و توێژە نیشتمانییەکانی خەڵکی وڵاتی ئێمەی تێدا گڵاڵە کرابێ.

بەڵام ئەرکی ئێمەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چیە؟

کەم کەس هەیە نەزانێ کە کوردستانی ئێران شانسی ئەوەی هەیە یەکێک لە سەنگەرە هەر قایمەکانی شۆڕشی سەرتاسەریی ئێران بێ. کەوابوو هەر بەرەیەکی نیشتمانی کە لە دوارۆژدا پێک بێ، چار ناچار یەکیک لە لایەنە ئەساسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. دەبێ ئەوە بزانین کە هەر چەند حیزبی ئێمە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئێراندا کاریگەرتر بێ، لە باری یەکگرتوویە نیشتمانییەکەشدا شوێنێکی گرینگی دەبێ و سەرئەنجام گەلەکەشمان دوای رزگاربوونی ئیڕان بەروبوویەکی زیاتری لە خەباتی لەمێژ ساڵەی خۆی پێ دەبڕێ.

جا بۆیە ئەوەی حیزب و گەلەکەمان جێگای شیاوی خۆیانە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئێرانی وەربگرن، ئەرکی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمەیە کە زیاتر بچنە نێو کۆمەڵانی گەلی کورد و چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە دەوری درۆشمەکانی حیزب کۆ بکەنەوە. هەر ئەوەندە بەس نیە کە لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبدا لە سەر سیاسەتی حیزب قسە بۆ خەڵک بکەن. دەبی بە هەموو توانای خۆمانەوە بچینە نێو خەڵک، لە نزیکەوە لە راز و ویست و داخوازییەکانیان ئاگادار بین و لە سەر سیاسەت و ڕێباز

و بەرنامە و ئامانجەکانی حیزب روونیان بکەینەوە.

هێندێک لە هاوڕێیان پەرەگرتنی رایەڵکە جاسووسییەکانی ساواک بۆ نزیکبوونەوە لە خەڵک و لێکهەڵاواردنی چاک و خراب و دۆست و دوژمن لە نیو ریزەکانی کۆمەڵدا بە کۆسپ دادەنێن. بەڵام نابێ لە بیرتان بچێ کە بۆ لێک جیاکردنەوەی دۆست و دوژمنێش و بۆ بێهێزکردنی رایەڵەکانی ساواکیش، بێجگە لە چوونە نێو خەڵک رێگایەکیترمان نیە.

یا ئەو راستییەشمان لە بەرچاو بێ کە ئەوەی سازمانی ئەمنیەت لە بارەی نفووز و دەسەڵاتی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە، بە تایبەتی لە کوردستاندا بەشی زۆری فروفیشاڵ و چاوورِاوەی ریژیمی شا نە تا ئێستا توانیویەتی و نە قەتیش دەتوانێ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو رۆڵە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵدا بۆ خۆی پەیدا بکا. گەلی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو هێزە سیاسییە دەناسێ کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا حکومەتێکی میللیی ئەویش لە شکڵی جومهووریدا بۆ کورد دامەزراندووە. لەو کاتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە، هیچ هێزێکی سیاسیی دیکە نەیتوانیوە لە کوردستاندا ریشە دابکوتێ و پەرە بگرێ. بە هەزاران رۆڵەی گەلەکەمان کە ئێستا ئێمە پێوەندیی رێکخراوەییمان پێیانەوە نیە، رۆژێک لە رێکخراوەکانی حیزبی ئێمەدا تێکۆشاون و تا ئێستا بە حیزبەکەمان وەفادار ماونەوە. ئەوانە نەک هەر لە رێزی گەل دەرنەچوون، تەنانەت رێگای هێزێکی سیاسیی دیکەشیان نەگرتۆتە بەر. هەوڵ و تێکۆشانی جیددی و بێ پسانەوەی ئێمە دەتوانی بە ماوەیەکی نیسبەتەن کورت زۆربەی ئەوانە بێنیتەوە نیو رێزەکانی حیزب و لەشکرێکی گەورە لەو رۆڵە بە ئەمەکانە پێک بێنی. بە تایبەتی کە توندوتیژ بوونی ناتەباییەکانی کۆمەڵی ئێستای ئێرانیش هۆیەکی یارمەتیدەری ئەو مەبەستەیە.

مەسـەلەیەک ماوە کە پێویستە ئیشارەی پێ بکرێ. ئەویش ئەوەیە کـە وەک بـۆ خۆمان دەزانین ماوەیەکی زۆرە بەو جۆرەی پێویسـتە نەچووینـە نیـو خەڵک و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کاتێک دەچینە نێویـان و بانگیـان دەکەیـن بـۆ نێو ریزەکانـی حیزب، بێجگـە لەوانە کە بە راسـتی تێکۆشـەرن و مانای راسـتەقینەی خەبات و تێکۆشان دەزانن، لەگەڵ چەند دەستە ئینسانێک بەرەوڕوو دەبین کە هەر چەند پاکن و دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەیانن، چەشنە بیروڕایەکی هەڵە و نادروستیان هەیە. راکێشانی ئەو جۆرە کەسانە بۆ مەیدانی خەباتی بە کردەوە هەوڵ و تێکۆشان و سەبر و سیکەدانێکی نائاسایی پێویستە. بـۆ نموونـە هێندێک کـەس کە بەداخەوە ژمارەشـیان کەم نیە کاتێک داوای هـاوکاری و تێکۆشـانیان لـێ دەکەی، لە وەڵامـدا دەڵێن : «لە هەلومەرجی ئێسـتادا کە «هیچ لە گۆڕێدا نیە» ئامادە نیم هاوکاریی رێکخراوەیی لەگەڵ حیزب بکەم، بەڵام با بگاتە رۆژی خۆی، بزانە بە سـەروماڵەوە تێدا دەبم یان نا؟ دیارە مەبەسـتیان لە رۆژی «خۆی» ئەو کاتەیە کە حیزبی ئێمە سـەنگەری چیاکانی کوردسـتان ئاوەدان دەکاتەوە و چەکدارانە بە گژ دوژمنی گەلانی ئێراندا دەچێ. بێ خەبەر لـەوەی کـە ئـەو «رۆژەی خۆی» نە لە ئاسـمان بـەر دەبێتەوە نە لە عـەرز هەڵدەقوڵـێ و نە هیچ کەسـیش بۆمان بە دیـاری دێنێ. ئەگەر قـەرار بـێ چاوەڕوانی موعجیزە بین، بەبێ شـک حەوت پشتیشـمان دەبرێتـەوە و ئـەو رۆژە هـەر نایە. ئەوە من و تۆ و ئەم و ئەوین کە دەبێ دەست بە دەستی یەکتر بدەین و بە کاری شێلگیر و تێکۆشانی بێ وچان ئەو رۆژە وە دی بێنین.

■ ١٤: پێکهێنانی کومیتەی زاگرۆس (١٣٥٧)

پـاش رووداوەکانـی تەورێـز لـە زسـتانی سـاڵی ١٣٥٦ی هەتاوی دوکتـور قاسـملوو لە ئورووپا دەگەڕێتـەوە عێراق و کۆبوونەوەیەک

لە کومیتەی ناوەندی پێک دێنێ و لەو کۆبوونەوەیەدا هەرچی کادری حیزبی بووە کۆ کراوەتەوە، دوکتور قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا دەڵێ: «بە بڕوای من بارودۆخی ئێران لە گۆڕانێکی زۆر قووڵدایە» و پێشنیار دەکا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و دەست بە تێکۆشانی سیاسی بکەن، بەڵام هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەو بیانوویە کە «جارێ کاتی نەهاتووە» موخالیفەت دەکەن. لە هاوینی ٥٧یش دیسان دوکتور قاسملوو کۆبوونەوەیەکی دیکەی کومیتەی ناوەندی پێک دێنی و سەر لە نوێ پێشنیاری گەڕانەوە بۆ ئێران دەکا کە دیسان کومیتەی ناوەندی مۆخالیفەت دەکات.

دوکتور قاسملوو لە هەستیاریی دۆخی ئێران تێ دەگا و ئەمجارە پێشنیار دەکا ئێستا کە کومیتەی ناوەندی ئامادە نییە بگەڕێتەوە، با کومیتەیەکی تایبەت پێک بێنین تا بگەڕێتەوە بۆ نێوخۆی وڵات و ئەم کومیتەیە سەلاحییەتی کومیتەی ناوەندیی پێ بدرێ کە لەگەڵ ئەم پێشنیارە موافقەت دەکرێ و ناوی کومیتەکە دەبێتە «کومیتەی زاگرۆس». ئەندامانی ئەو کومیتەیە لە ٦ کەس پێک دێن: ١: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ٢: ئەمیر قازی ٣: عەبدوڵڵا حەسەنزادە ٤: هاشم کەریمی ٥: سەید ڕەسووڵ دیهقان ٦: حەسەن شێوەسەڵی. نەفەری ٤ تا ٦ ئەندامی ڕێبەری نەبوون، ئەمە لە کاتێکدایە کە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەم ژمارەیان ١٥ کەس بووە.

سەلیم بابانزادەش هەرچەند ئەندامی کومیتەی زاگرۆس نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەو ٦ کەسە گەڕاوەتەوە نێوخۆی وڵات. هەرچی ئیمکاناتێک کە حیزب هەیبووە دەدرێ بەو ٧ کەسە تا بگەڕێنەوە بۆ ئێران و تێکۆشانیان دەست پێ بکەن. پێش لە گەڕانەوەی کومیتەی زاگرۆس بۆ نێوخۆی وڵات لە یەکەم کۆبوونەوەدا دوو کەس لە ئەندامانی زاگرۆس داوا دەکەن سکرتێری حیزب پێش لە هەموان

بگەڕێتەوە کە دوکتور قاسملوو ئەو داوایە قبووڵ دەکات، بەڵام ڕۆژی دواتر داوا دەکەن سکرتێر دوای هەموویان بگەڕێتەوە و دەڵێن ئەگەر سکرتێر پێش هەموویان بگەڕێتەوە، ڕێژیمی عێراق باقییەکەیان دەگرێ بۆیە باشترە سکرتێر ئاخر نەفەر بێ کە دەگەڕێتەوە کە دیسان دوکتور قاسملوو ئەو پێشنیارەش قبوول دەکا. لەو کاتەدا عێراق موخالیف دەبێ کە ئەوان لە ڕێگای عێراقەوە بگەڕێنەوە و داوایان لێ دەکا بچنە تورکیە و لەوێوە بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

ئەندامانی زاگرۆس لە کۆتاییەکانی هاوین و سەرەتای پاییزدا دەگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات کە کاتەکە زۆر دێر بووە و تا ئەو کات ڕێکخراوی جۆراوجۆر پێک هاتوون و هەرکەس بۆ خۆی لە نیو کۆمەڵگادا یارگیریی کردووە. بەڵام ئەوەی کە حیزبی دێمۆکرات بۆ دێر گەڕایەوە و بوو بەو هێزە گەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئێعتباری رابردووی حیزب واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەڕیوەبردنی شۆڕشی ٤٦-٤٧ و بوونی ڕێبەرێکی بەوەجی وەک دوکتور قاسملوو کە شوێندانەریی زۆریان هەبوو.

پاش گەڕانەوەی کومیتەی زاگرۆس بۆ نێوخۆی وڵات، محەممەد ئەمین سەراجیش کە دەزانێ مەسەلەکە جیدییە، دەگەڕێتەوە. بەرپرسایەتیی ئەندامانی زاگرۆس بەم چەشنە بووە: حەسەن شێوەسەڵی بۆ ورمێ، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ مەهاباد، هاشم کەریمی بۆ سنە، ئەمیر قازی بۆ کرماشان، محەممەدئەمین سەراجی بۆ سەقز، سەلیم بابانزادە بۆ بۆکان، سەید ڕەسووڵ دیهقان بۆ پیرانشار و نەغەدە، دوکتور قاسملوویش بۆ تاران.

ئەم ژمارەیە کە دەگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات، ژمارەیان کەم بووە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەمیش خەڵک پێوەندییان هەبووە، بۆیە زۆر لاواز بوون. پاشان کە وەزعەکە خۆش بوو، باقیی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش کە لە دەرەوە بوون، دەگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات و لە

یەکەمین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا لە نێوخۆی وڵات کومیتەی زاگرۆس هەڵدەوەشێننەوە و بەرپرسایەتیی ئیداریی کوردستان دەکەوێتە دەست کومیتەی ناوەندی. دیارە پاش گەڕانەوەی کومیتەی زاگرۆس، دەرکی زیندانەکان کرانەوە و زیندانییەکان ئازاد کران. لەو نێوانەدا مامە غەنی بلووریان و کاک عەزیز یووسفی کە لە کۆنگرەی سێهەمدا بە غیابی هەڵبژێردرابوون، بوون بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە عەزیز یووسفی دوای ماوەیەکی کورت بە داخەوە کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی مەهاباددا بە خاک ئەسپێردرا. پێویستە بگوترێ، لەم نێوانەدا ئەمیر قازی و هاشم کەریمی لە کاتی گەڕانەوەی کومیتەی زاگرۆس تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و تەنانەت دواتریش قەت نەچوونە شوێنی مەئمووریيەتەکەیان.

■ ١٥: دەستبەسەرداگرتنی پادگانی مەهاباد، هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی پێویست (١٣٥٧)

پاش ئەوەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، لە هەموو شارەکانی ئێراندا ناوەندەکانی سەرکوت، پادگانەکان و بنکەکانی هێزی چەکدار و ئەمنیەتیی ڕێژیمی پاشایەتی کەوتنە بەر هێرشی خەڵک و گرووپە سیاسییەکانی بەشدار لە شۆڕشدا و چەکوچۆڵی زۆری نێو ئەو ناوەندانە لە لایەن خەڵکەوە تاڵان کران. ئەم هەنگاوەی خەڵک لە لایەن دەسەڵاتدارانی نوێی ئێرانەوە بە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە پێناسە کرا و وەکوو خزمەت بە شۆڕش دانرا.

هەر لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندان، واتە ڕۆژێک پاش سەرکەوتنی شۆڕش، لە شاری مەهابادیش کۆمەڵێک لە خەڵک و لایەنە سیاسییەکان (بە بێ بەشداریی حیزبی دێموکرات) هێرشیان کردە سەر پادگان، بەڵام بە هۆی بێ ئەزموونی و ناڕێکوپێکیی هێزەکان و نەبوونی پلانی گونجاو، ئەو هێرشە تووشی شکست بوو

و زیانی مرۆیی قورسی لێ کەوتەوە. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ٢٩ کەس لە خەڵکی شار و کەسانی سەر بە لایەنە سیاسییەکان شەهید بوون و ٢٦ کەسیش بریندار بوون. هەروەها هێزەکانی نێو پادگان پاش ئەم هێرشە وشیار بوونەوە و بە قایمکردنی سەنگەرەکانیان و گرتنی بەرزاییەکانی پشتەوەی پادگان، لە رووی سەربازییەوە خۆیان بۆ هێرشی چاوەڕوانکراوی داهاتوو ئامادە کرد.

پاش ئەو رووداوە بوو کە حیزب بڕیاری دا هەر چۆنێک بووە دەبێ ئەو پادگانە کە وەکوو ئاسەواری ڕێژیمی پێشوو و هێمایەکی تۆقێنەر بە سەر شاری مەهابادا زاڵ بوو، دەستی بە سەردا بگیرێت، بەڵام نابێ ئەزموونی شکستخواردووی پێشوو تاقی بکرێتەوە. هەر بۆیە بەرپرسانی حیزبی لە مەهاباد بە گرتنی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەفسەران و دەرەجەدارانی کوردی نێو پادگان هەوڵیان دا پلانێک دابنێن بۆ ئەوەی کە پادگان خۆی بە دەستەوە بدات و شەڕێکی کارەساتباری لێ نەکەوێتەوە. لەو پێوەندییەدا ئەفسەران و دەرەجەدارانی شۆڕشگێڕی وەک شەهید سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ (شەهید هەژار)، و هەروەها سەرهەنگ ئیرەج (قەرەنی) قادری، کەریم پوورقوباد و حامید گەوهەری رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا. ئەو کەسانە بە قسەکردن لەگەڵ سەربازانی نێو پادگان بەو قەناعەتەیان گەیاندبوون کە کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی پادگان دەیانهەوێ کوودەتایەک دژ بە شۆڕش بکەن. هەر بۆیەش رۆژی ٢٩ی ڕێبەندان واتە حەوتوویەک پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کاتێک کە پادگان گەمارۆ درا، هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک لە نێو پادگانەوە رووی نەدا و لە ئاکامدا ئەفسەر و دەرەجەدار و سەربازە شۆڕشگێڕەکانی پادگانی مەهاباد، نیزامییەکانی سەر بە ڕێژیمی پێشوویان چەک و زیندانی کرد. تیمسار پزشکپوور، فەرماندەی پادگان کە دەیهەویست هەڵبێت، بە برینداری دەستگیر کرا و ئەوە

تاقە برینداری ئەو حەرکەتە گەورەیە بوو. ئەفسەر و دەرەجەدارە شۆڕشگێڕەکان داوایان لە خەڵک و پێشمەرگە کرد بۆ پاراستنی پادگان یارمەتییان بدەن و شوورایەکیان بو بەڕێوەبردنی پادگانی مەهاباد دیاری کرد و چەکوچۆڵی پادگان کەوتە دەستی حیزبی دێموکرات و خەڵک.

گرتنی پادگان لە گەڵ دژکردەوەی زور توندی ڕێژیم بەرەوڕوو بووەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەموو پادگانەکانی ڕێژیم لە تاران و باقیی شارەکانی دیکەی ئێران دەستیان بە سەردا گیرابوو و نەک هەر هیچ دژکردەوەیەک بەرانبەر بە گرتنی ئەو پادگانانە لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو بە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەش دادەنرا. ئەوەش لە یەکەم هەنگاوەکانی دامەزرانی ڕێژمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا نیازی خراپ و دڵی پڕ لە قینی بەناو ڕێبەرانی شۆڕشی لە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی وەکوو کۆسپێک بۆ سەر ڕێگای وەدیهاتنی خەونی مەزنیخوازانەی ئەوان بە روونی دەری دەخست. داهاتووی رووداوەکان و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان دەری خست کە گرتنی ئەو پادگانەش وەکوو زۆربەی هەڵوێستەکانی دیکەی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا چەندە بۆ بەهێزترکردنی خۆڕاگریی بزووتنەوەی کورد لە بەرانبە ئەو هێرشانەدا دروست و پێویست بووە.

■ ١٦: ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب (١٣٥٧)

حیزبی دێموکرات کە پاش رووخانی کۆماری کوردستان بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی هەبوو، سەرئەنجام لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ لە میتینگێکی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند. خەڵکی سەرتاسەری کوردستان بە هۆگرییەکی زۆرەوە بۆ ڕۆژی دیاریکراو خۆیان

گەیاندە شاری مەهاباد و لە میتینگی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبدا بەشدارییان کرد.

ڕۆژانی پێش لە دەستپێکردنی میتینگەکە، خەڵک دەستە دەستە دەگەیشتنە شاری مەهاباد و پاش پێشوازی لێکردنیان لە لایەن دەستەی دابەشکردنی میوانەکانەوە کە لە کۆشکی لاوانی ئەم شارەدا نیشتەجێ بوون، بە سەرماڵەکانی شاردا دابەش دەکران. لەم پێوەندییەدا خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەری مەهاباد میوانداریيەکی باشی میوانەکانیان کرد.

بەیانیی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە کۆبوونەوەیەکی دەیان هەزار کەسی لە ئیستادیۆمی ئەم شارەدا کە زۆر ڕۆژنامەوانی نێوخۆیی و بیانییش بەشدار بوون، دەستی پێ کرد. پاش خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب»و ڕژەی هێزی پێشمەرگە، شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چووە پشت تریبۆن و بەرنامە و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی ڕاگەیاند:

پاش سڵاو و ڕێزلێنان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان و سەرجەم ئێران، پاش سڵاو ناردن بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی شۆڕشگێڕان، ڕووناکبیران، ژنان، خوێندکاران، لاوان، کرێکاران، زەحمەتکێشان و هەموو گەلانی ئێرانی ڕایگەیاند:

«حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی، خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێدەکا.

ئەندام و لایەنگرانی حیزب شەهیدی زۆریان داوە، بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان چەشتوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی ئێمە خاوەن پشتیوانیی بێدرێغی گەل بووە و هەرگیز سەنگەری خەبات ڕەها ناکا و بە پشتیوانی خەڵک و هێزی لەبڕاننەهاتووی جەماوەری گەل و بە سەربەرزییەوە بەرگری

دەکەین».

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، دوکتور قاسملوو ئاماژە بە پێشینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا و دەڵێ:

«حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، یەکەمین دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە مێژووی هاوچەرخدایە کە هێشتا یادی ئەم کۆمارە پیرۆزە و دەسکەوتەکانی لە بیری هەموو دانیشتوانیدا ماوەتەوە.»

دوکتور قاسملوو پاشان ئاماژە بە سەرکەوتنی شۆڕشی بەشکۆی گەلانی ئێران وەک سەرکەوتنێکی گەورەی مێژووی ئێران دەکا:

«هەنووکە ئیدی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی رووخاوە و شۆڕشی بەربڵاوی خەڵکی لە سەرانسەری ئێران سەرکەوتووە و لە نێو گەلانی ئێراندا بە هێزێکی یەکگرتوو و کەموێنە، شۆڕشێکی ئەفسانەیی بەرپا بوو».

پاشان لە وتەکانیدا هێما بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش دەکا و شێوە دێموکراتیکەکان دەکاتە گەرەنتیی ئەو دەسکەوتانە:

«پاراستنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی راستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا گەرەنتیی سەرەکی پێشکەوتنی شۆڕش و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بۆ هەموو گەلانی ئێرانە. بێگومان بە نەبوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی راستەقینە، مافە نەتەوەییەکانی کورد دابین ناکرێ و بێ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ڕێژیم بە مانای راستەقینەکەی دێموکراتیک نابێ».

دوکتور قاسملوو لە وتەکانیدا پێداگریی زۆرتر لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکا و رادەگەیەنێ کە:

«مافی نەتەوەیی، وەک ئازادی لە بنەڕەتیترین مافەکانە کە شۆڕشی ئێران بۆ بەدەستهێنانی بەرپا بووە. لۆژیک و

پێویستی ئەوە دێنێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران بە فەرمی بناسرێ. بەم هۆیەوە پێویستە کە دەوڵەتی ئینقلابیی «مێهدی بازرگان»، رای خۆی لەمەڕ مەسەلەی نەتەوەیی و مافەکانی گەلی کورد کە لە کێشە بنەڕەتییەکانی شۆڕشی ئێرانە، بە ڕوونی رابگەیەنێ. نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە مافی هەیە دڵنیا بێ کە ستەمی نەتەوایەتی، میراتی چەپەڵی ڕێژیمی سەرەڕۆی شا لە نێو دەچێ و ئاسەوارێکی لێ نەماوە. دەبێ نوێنەرانی گەلی کورد لە مەجلیسی دامەزرێنەران و لە ڕێکخستنی یاسای بنەڕەتیی نوێی ئێراندا بەشداری بکەن تا بتوانن مافی سەلمێنراوی گەلانی ئێران و گەلی کورد لە یاسادا بگونجێنن.»

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، ئاماژە بە را و بۆچوونەکانی حیزب و بەرنامەکانی دەکا:

«حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە لە کۆمەڵگای ئەوڕۆکەی کوردستان دەرەتانی ئەوە هەیە کە یەکیەتیی پتەوی نێوان تەواوی چین و توێژەکانی گەل لە کرێکاران، زەحمەتکێشان، رۆشنبیران، بازاڕییەکان و عەشایرە نیشتمانپەروەرەکان سەقامگیر بکا.

.. سیاسەتی ئێمە ئەمە نیە کە هەر کەس دۆستمان نەبێ دوژمنمانە، بەڵکوو هەر کەس دوژمنمان نەبێ دۆستمانە».

«حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕێکی قوڵی بە دێموکراسی هەیە و ئامادەی هاوکاری لەگەڵ تەواوی حیزب و گرووپە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئێران و نێوخۆی کوردستانی ئێرانە. ئێمە لە ناخی دڵەوە دەڵێین کە زۆر خاڵی هاوبەش وەک ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ هاوکاریی نێوان ئێمە و هەموو هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتووەکان هەیە:

١. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا.
٢. دابینکردنی مافی خودموختاریی تەواوی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا.
٣. دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان بۆ تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی نەتەوەییەکان بە بێ جیاوازی.
٤. گەڵاڵە دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکدا و پۆشتەکردنی ئاستی ژیانی زەحمەتکێشان.
٥. چارەسەری مەسەلەی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژار و نێونجەکان. زەوی هی کەسێکە کە لە سەری کار دەکا.
٦. سنوورداركردنی کاتەکانی کاری حەوتووانەی کرێکاران و دابینکردنی بیمەی گشتی بۆ تەواوی کرێکاران و زەحمەتکێشان.
٧. ریشەکێش کردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری پێگەی فەرهەنگی و زانستیی خەڵک لەسەر بنەمای پەرەپێدانی زمانی زگماکی تەواوی گەلانی ئێران.
٨. کۆتایی هێنان بە نفووزی ئیمپرالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و وەدەرنانی پەیمانە نیزامییەکان و دەرکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەکی.
٩. پشتیوانی لە بزاڤی ئازادیخوازی تەواوی نەتەوەکانی جیهان و بەرگری لە ئەسڵی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا.
١٠. پێکهێنانی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ تەواوی وڵاتاندا لە سەر بنەمای ڕێزلێنانی بەرانبەر و ناسینی مافی دەسەڵاتی

نەتەوەیـی و دەسـتوەرنەدان لە کاروبـاری نێوخۆی یەکدی و پتەوکردنی پێوەندییەکی دۆستانە و ...»

دوکتور قاسـملوو لە بڕگەی کۆتایی وتەکانیدا بە پێداگری لەسـەر بەرنامەو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڵێ:

«دەبێ دێموکراسی فێر بین و رایبهێنن. کوردستانیش وەک تـەواوی ئێـران موڵکـی تایبەتـی هیـچ حیـزب و رێکخراوێکی سیاسـی نیـە. هەمـوو دەبـێ راوبۆچوونی خۆمان بـە خەڵکی بگەیەنیـن و ئـەوە خەڵکـن کـە دەبـێ بتوانـن ئازادانـە رێگەو رەوشـی خۆیـان هەڵبژێـرن. هـەر چەشـنە تیرۆرێکـی فیکری دەبـێ لـە نێـو بچـێ و هیچ کەس نابـێ بە هـۆی بیروباوەڕ و فیکرەکانی بکەوێتە ژێر گوشارەوە.

ئەرکـی دۆسـتان و لایەنگـران و ئەندامانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـە کـە ئامانـج و بەرنامـەکان و داواکانـی حیزب لە نێـو گرووپـە جۆرەبەجۆرەکانـی خەڵکـی کوردسـتان لـە رێگەیەکی دێموکراتیکەوە تەبلیغ بکەن...»

«ئاکامـی خەباتی یەکپارچەی ئێمە، کۆمارێکی دێموکراتیکی راستەقینە بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە.»

■ ١٧: شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە (١٣٥٨)

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویـدا لە شـاری سـنە دوو کومیتە پێـک هاتـن. کومیتەیەکیان بە سەرپەرەستیی ئەحمەد موفتیزادە و دووهەمیشیان بە سەرپەرەستی ئاخونـد سـەفدەری کـە دیارە سـەفدەری بـە هۆی شـێعە بوونییەوە بـوو بـە دەسـەڵاتی بڕیـاردەر لـە کومیتـەی ئینقلابـی ئیسـلامیدا و سـەرۆکایەتیی پادگانیشـی پی ئەسـپێردرا کە بـەردەوام هاتوچووی پادگانی دەکرد و لە رێکخستنەوەی هێزە ئینتزامییەکانی ئەم پادگانەدا

دەوری دەگێڕا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ناوبراو کەمترین لایەنگری لە نێو خەڵکی شاری سنەدا نەبوو، بەڵام ئەحمەدی مۆفتیزادە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری بوو و ڕێژیم بە هۆی سوونی بوونیەوە بڕوای پێ نەکردبوو کە ئەو ئەرکانەی پێ بسپێرێ.

لە لایەکی دیکەوە، مۆفتیزادە کە لەگەڵ کەم لوتفیی ڕێژیم بەرەوڕوو بوو، «ستادی ئینقلابی ئیسلامی» خۆی پێک هێنا و لە بینای ئۆستانداری جێگیر بوو. لەم ڕۆژە بەدواوە سەفەرە بەردەوامەکانی بۆ تاران، قوم، سیستان و بەلووچستان و هەروەها ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەست پێ کرد کە هەموو ئەم سەفەرانە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بوو.

بوونی دوو کومیتەی ئینقلابی ئیسلامی لەم شارەدا بوو بە هۆی کێبڕکێیەکی توند و شاری ڕۆژبەڕۆژ بەرەو نائەمنی دەبرد. کێشەی ئەم دوو لایەنە ئەگەر توندڕەویی هێزە چەپەکانیشی بێتە سەر، وەزعییەتی زۆر ئاڵۆز دەکرد، دەسەڵاتی تازەی ناوەندیش بیروباوەڕی بە نیسبەت کوردستان و خەڵکی کوردەوە نەک لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو جیاواز نەبوو، بەڵکوو بە هۆی مەزهەبی بوونی سەردەمدارانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەوە کێشەی جیاوازیی مەزهەبیشی لێ زیاد ببوو، ئەمە وەزعەکەی ئاڵۆزتر کردبوو.

لە ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ ئەحمەدی موفتیزادە لە نامەیەکدا بۆ سەرهەنگ سەدری، فەرماندەی لەشکری ٢٨ی سنە داوای چەکی لێ کردن کە ناوبراویش دەڵێ پێدانی چەک بەوان دەبێ بە ڕەزایەتی نوێنەری خومەینی واتە سەفدەری بێ. نەفەراتی موفتیزادە بەم وەڵامە زۆر ناڕەحەت دەبن، سەفدەریش بەو بیانووە کە ئەو چەکوچۆڵە دەفرۆشرێت ئامادە نابێت چەکوچۆڵ بە مۆفتیزادە بدات. لەم لاشەوە دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە کە سەفدەری چەکەکانی لە پادگان بردووە و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنگرانی موفتیزادە

لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەشـەمەی ١٣٥٧ لە بەر دەرکی کومیتەی سەفدەری داوای چەک دەکەن کە لە لایەن کەسێکەوە لە کومیتەی سەفدەری بە ناوی شاتر محەممەد تەقەیان لێ دەکرێ و کەسێک بە ناوی «حەمید دلاوەری» دەکوژرێت و دوو کەسـیش بریندار دەبن کە ئەمە دەبێتە هـۆی تەقەی بەرانبەر و بەم چەشـنە خەڵک دەوری پادگان دەگرن، بـەڵام پـادگان ئامـادە نابێ چەک بـە خەڵک بـدات و تەقە لـە خەڵک دەکـەن. ئـەم تەقەکردنە بە بڕیاری سەرلەشکر قەرەنی، فەرماندەی سـتادی هاوبەشی ئەرتەش بوو کە لەوێدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دەکوژرێـن و بریـندار و دەسـتگیر دەکرێـن. ڕۆژی ٢٨ی ڕەشـەمە بێجگـە لـە تەقە بە چەکی سـووک، پادگان ئاگری تۆپخانەی خۆی بۆ کوتانی شـار دەخاتە کار و هیلیکۆپترەکانی ڕێژیمیش بە دەستڕێژی موسەلسەلەکانیان ژمارەی کوژراو و بریندارەکان زیاتر دەکەن.

پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەم شەڕە خەڵک لە شار و گوندەکانی کوردسـتانەوە بە هێنانی ئازووقە و هەروەها بەشـداریی چەکدارانە لـەو شـەڕەدا دێنـە یارمەتیـی خەڵکی سـنە. لەم شـەڕەدا فەرماندەی لەشـکری سـنە دەگیرێت و پاش ئەمە لە لایەن شـوورای ئینقلابەوە پێشـنیاری ئاگربەسـت بـە دەوڵـەت دەدرێ کـە لە لایـەن دەوڵەتەوە ئەم پێشـنیارە قبووڵ دەکرێ، بەڵام بە قبووڵی ئاگربەسـیش لە لایەن پادگانەوە درێژە بە تۆپ و خومپارەبارانی شار دەدرێ. شەوی ٢٩ی ڕەشـەمە تێکهەڵچوونەکە توندتر دەبێ و پادگان زۆر بە توندی شـار دەداتـە بەر تـۆپ و خومپارەباران. لە کرماشـانەوە هیلیکۆپتر هێزی یارمەتیـدەر دەگوازێتـەوە بۆ پادگان. لە ڕۆژی یەکەمی سـاڵی ١٣٥٨ واتە یەکەمین نەورۆزی ئازادیدا لە باتی کردنەوەی ئاگری نەورۆز و تەقەی شـادی، شـار لە ژێر بۆردمان و تۆپبارانێکی خەستی پادگانی سنەدا بە سەر دەبات.

لە ڕۆژی یەکەمی نەورۆزدا وەفدێک پێکهاتوو لە تاڵەقانی، بەهەشتی،

ڕەفسەنجانی، بەنی سەدر، لە شوورای ئینقلاب و لە لایەن دەوڵەتیشەوە ئەحمەد سەدر حاج سەید جەوادی (وەزیری ناوخۆ) و یەحیاخان سادق وەزیری (نوێنەری کانوونی وکەلا) و.....

لە لایەنی بەرانبەردا ژمارەیەک لە شــوورای شــار، موفتیزادە و شێخ عێزەدین پێکەوە کۆ بوونەوە کە لەم دانیشتنەدا وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە دەســەڵاتی پێ نەدراوە و هاوکات فڕۆکەکانی ڕێژیم بە ســەر شاردا خەریکی مانۆڕدان بوون کە ئەمەش بوو بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵـک. هــەر بۆیــە لــە لایــەن وەزیــری ناوخۆوە بــە تەلەگــراف داوا لە سەرلەشـکر قەرەنی فەرماندەی سـتادی ئەرتەش کرا کە سووڕانەوەی ئەو فڕۆکانە بە سەر شاردا ڕابگرێ کە ئەم داوایەش لە لایەن قەرەنییەوە قبووڵ نەکرا. پاش وتووێژێکی زۆر لە لایەن وەفدی ڕێژیم و نوێنەرانی خەڵکـەوە گەڵاڵەیـەک درایە وەفـدی دەوڵەت و ئەمە بوو بە هۆی خراپ تێگەیشتنێک کە گوایە تاڵەقانی خودموختاریی قبووڵ کردووە.

ئـەوەی کـە بڕیـاری کۆتایی لە نێـوان تاڵەقانی و خەڵکی سـنەدا بوو، ئەوە بوو کە هەر دوو کومیتەی سـەفدەری و مۆفتیزادە هەڵوەشـێنەوە و لە باتی ئەوە کومیتەیەکی کاتی کە نوێنەرێکی تاڵەقانی تێیدا بێت، پێک بێـت کە ئەرکی بەڕێوەبردنی شـاری بکەوێتە ئەسـتۆ و ئـەو زیندانیانە کە لە لایەن پادگانی سـنەوە گیراون ئازاد بکرێن و تاڵەقانی «موزەفەر پەرتەوماە»ی وەکوو بەرپرسـی ئەو کومیتەیە دیاری کرد کە لە لایەن شـوورای موەقەتی شـاری سـنەوە جێگای پەسـەند نەبوو. ئەرکی ئەم کومیتەیە هەڵبژاردنی شـوورای شـار بوو. ژاندارمری و شـارەبانی بە هەڵوەشـاوە ڕاگەیەندران و دوکتور ئیبراهیم یوونسـی کە توودەییەکی کۆنەکار بوو، وەک ئوستانداری سنە دیاری کرا.

لەم شەڕەدا زیاتر لە ٣٠٠ کەس شەهید و نزیکەی ٥٠٠ کەس بریندار و زیاتـر لـە ٢٥٠ کـەس دەستبەسـەر دەکرێـن و زیانێکـی زۆری ماڵی وەبـەر خەڵک و شـار دەکـەوێ. لە کۆتایی سـەفەری هەیئەتی دەوڵەتدا

ئاکامی وتوویژی دەوڵەتیشیان لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن راگەیاند کە لەو راگەیەندراوەدا گوترابوو کە ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دابینکردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە گەرەنتی دەکات.

١. لە دانانی یاسای بنەڕەتیی نوێی ئێراندا ئێوەش هاوبەش و بەشدار دەبن و لەم یاسایەدا مافەکانی هەموو خەڵکی ئێران و لەوانە خەڵکی شەریفی کوردستان دەستەبەر دەکرێن.

٢. خەڵکی کوردستان بو پەرەدان بە فەرهەنگی رەسەنی کوردی ئازادیی تەواویان دەبێ و زمانی کوردی لە تەنیشت زمانی فارسی لە ناوچە کوردنشینەکاندا رەسمی دەبێ.

٣. کوردستان وەک هەموو ئوستانەکانی دیکە کاروباری ناوچەی خوی بە ئیرادە و ویستی خەڵک بەڕێوە دەبات و هیچ بەرپرسێکی ئیداری بە سەریاندا ناسەپێنرێ.

٤. بە خەڵکی کوردستان هەمو ئیمکاناتێک دەدرێ تا سەرچاوەی ئابووریی خویان لە رێگای خۆشبژیویی خۆیاندا بە بێ هیچ چەوسانەوەیەک بە کار بێنن.

٥. خەڵکی کوردستان هەر وەک خەڵکی سەرانسەری وڵات مافی بەشدارییان لە سیاسەتی گشتی و دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتدا بە بێ هیچ هەڵاواردنێک لە بەرچاو دەگیرێ.

٦. دەوڵەتی ئیسلامیی ناوەندی پاڵپشتیی تەواوی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خەڵکی مەزڵووم و چەوساوەی کوردستان لە سەرەوەی بەرنامەکانی خۆی دادەنێ و قەرەبووی دواکەوتووییەکانی پێشووشی بۆ دەکاتەوە.

٧. دەبێ ئازادیی خەڵکی کوردستان بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەلەپوور و بەڕێوەبردنی داب و نەریتەکانی کوردەواری کەمترین گیر و گرفتی بۆ نەیەتە پێش.

وەفدی نوێنەرایەتیی ئیمام خومەینی

١٣٥٨/١/٥

وەک دەبینین لـە خالّی شەشـەمدا بە بێ ئەوەی بیـروڕای خەڵکی سەرانسـەری وڵات وەرگیرابێ، ناوی دەوڵەتی ئیسـلامی هاتووە کە ئەمـە بـو خـوی نیشـاندەری نیەتی ڕێبەرانـی ڕێژیمە بە بـێ ئەوەی ریفراندومێک ئەنجام درابێ.

خالـّی جێـگای سـەرەنج ئەوەیەکـە هەرگیـز ئـەم خالانـە کەمترین هەنگاویان بو هەڵنەگیرا و وەک جەوهەری سەر کاغەز مانەوە و بگرە ڕێژیم لە باتی لە بەرچاوگرتنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردسـتان و دابینکردنـی مافەکانیـان، ڕێـگای سـەرکوت و زەبروزەنگی گرتە بەر کە لە درێژەی ئەم روداووانەدا بەشێک لەو سەرکوت و زەبروزەنگە دەخرێتە بەرچاوی خوێنەر.

■ ١٨: ریفراندۆمـی دیاریکردنـی نیزام، یەکەم شانۆسـازیی ڕێژیم (١٣٥٨)

ڕۆژی ١٠ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ڕێژیم لە شانۆسازییەکدا بـە نـاوی ریفرانـدۆم داوای لە خەڵکی ئێران کرد نـەزەری خۆیان لە سەر شێوازی ڕێژیمی داهاتوو دەرببڕن. ئەم داواکارییە کە لە شکڵی ریفراندۆمدا بەڕێـوە چوو، ئەگەرچی ڕواڵەتێکی دێموکراتیکی هەبوو و داوای لە خەڵک دەکرد بۆ دیاریکردنی نیزام دەنگ بدەن، بەڵام ئەو پرسـیارەی کـە هاتبووە گـۆڕێ، زور نادێموکراتیـک و پاوانخوازانە بـوو و لـە باتـی ئەوەی کـە خەڵک سەرپشـک بکرێ لـە هەڵبژاردنی سیسـتمە ناسـراوەکانی دنیـادا، سەرپشـک کرابوو لە هەڵبـژاردن لە نێـوان ڕێژیمـی پاشـایەتی و کۆماری ئیسـلامیدا. زور ڕوون بوو لە کاتێکدا کە هەر ٤٠ ڕۆژ بە سەر رووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا تێپەڕ دەبوو و ڕێژیمی پاشـایەتی سـەمبۆلی فاشـیزم و سـەرەڕۆیی بوو، خەڵـک ئامـادە نابـێ دەنـگ بە ڕێژیمی پێشـوو بـدا و دەنـگ دەدا بە

کۆماری ئیسلامی کە چار ناچار دەنگی وەردەگرت.

لە چوارچێوەی ئەم ریفراندۆمەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردستان لە بەر دوو هۆکار بڕیاری بایکوتی ریفراندۆمیان دا، یەکەم ئەوەی کە هیچ وێنایەک لە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نەبوو تاکوو وەها سیستمێک بۆ خەڵک ناسراو بێ و بتوانن باشی و خراپییەکانی لێک بدەنەوە. دووهەم ئەوەی کە پێش لەوەی جۆری سیستم دیاری بکرێت، پێویست بوو یاسای بنەڕەتیی وڵات بنوسرێ تا ڕوون بێت کە ناوەڕۆکی ئەو نیزامە لە یاسای بنەڕەتیدا چۆن پێناسە کراوە و ماف و ئەرکی خەڵک و دەسەڵات لە بەرانبەر یەکتردا ڕوون بکرێتەوە و لە سەر ئەم یاسایە روونکردنەوەیەک بە خەڵک بدرێ تاکوو خەڵک بزانن دەنگ بە چ جۆرە نیزامێک دەدەن، ئەم شێوە راپرسییە مرۆڤ وە بیری ئەم پەندە کوردییە دەخاتەوە کە دەڵێ: «سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە، کەروێشکت دەوێ ئەوە سمۆرە».

یەکەم ئامارسازییەکانی رێژیمیش کە هەر لە ئەم ریفراندۆمەوە دەستی پێ کرد، ڕاگەیاندنی ئاکامی ریفراندۆم لە ١٢ی خاکەلێوە بوو کە ڕاگەیەندرا ٩٨٪ی خەڵک دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی داوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە نیوەی خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمەکەدا بەشدارییان نەکردبوو، دووهەم ئەو کات و دواتریش کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی ئەو ئامارسازییەیان لەقاو دا و دوکتور لاجەوەردی کە یەکێک لە بەڕێوەبەران و پێکهێنەرانی ئەو ریفراندۆمە بوو، لە کاتی بەڕێوەچوونیدا لە چەندین وتووێژی تەلەڤیزیۆنی و لە تەلەڤیزیۆنی «تیشک»دا پەردەی لە سەر ئەم ئامارسازییە هەڵدایەوە.

ئەم هەڵوێستەی حیزب هەر چەند شوێنەواری ئەرێنیی لە سەر کاربەدەستانی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دانەنا، بەڵام نیشان

دەدات کـە حیزبـی دێموکـرات لـەو قۆناغە مێژووییەدا هەڵوێسـتێکی دروسـت و ئازایانـە و دووربینانـەی هەبـووە و نەکەوتۆتـە داوی سـاختەکارییەکانی دامەزرێنەرانـی ڕێژیم و ئەو لایەنە سیاسـییانەی کـە هەوڵیـان دەدا خەڵک بکێشـنە سـەر سـندووقەکانی دەنگدان بەو ڕێژیمە.

■ ١٩: هەوڵـدان بـۆ دابینکردنی ئاشـتییانەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان (١٣٥٨)

لە ڕۆژی ١٣٥٨/١/٨ی هەتاویدا وەفدێک بە سەرۆکایەتیی دوکتور قاسـملوو بە مەبەسـتی وتوویژ سـەبارەت بە داواکارییەکانی خەڵکی کوردسـتان، سـەردانی خومەینـی و موهەندیـس بـازرگان سـەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کاتیی کرد.

لـە نێـو ئـەو وەفـدەدا «دوکتور قاسـملوو، غەنی بلووریـان، ئەمیر قازی، محەممەد ئەمین سـراجی نوێنەری شـنۆ و نەغەدە و هەروەها سـارمەدین سـادق وەزیـری» هەبـوون کـە لـە «قـوم» چاویـان بە خومەینـی کەوت. لـە وتوویژێکی چاپەمەنیدا لەگـەڵ هەواڵنێرە بیانی و نیوخۆییـەکان دوکتـور قاسـملوو لـە سـەر وتوویژەکەیـان لەگەڵ خومەینیـدا دەڵـێ: «لـەو وتوویـژە لەگـەڵ خومەینـی ویسـتەکانی خەڵکـی کوردسـتانمان لەگەڵدا بـاس کرد و نیگەرانیـی خۆمانمان لە ئاژاوەنانەوەی دژە شۆڕش لە کوردستان پێ ڕاگەیاند و خومەینیش لـە وەڵامـدا پێداگریی لە سـەر ئەوە کـردەوە و گوتوویە کە بە بێ لە بەرچاوگرتنـی مەزهـەب و نەتـەوە، هەمـوان دەبێ مافی یەکسـانیان هەبـێ و ئازادانـە بـە بێ هیچ چەوسـاندنەوەیەک لـە ئێراندا بژین کە ئێمـە هیواداریـن لـە داهاتـوودا تێگەیشـتنێکی زیاتر لە نێوان ئێمە و ڕێبەری شۆڕشدا پێک بێ.

پـاش چاوپێکەوتـن لەگـەڵ خومەینـی، هەیئەتـی ناوبـراو لەگـەڵ

موهەندیس بازرگان سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کاتی و داریووش فرووهەر وەزیری کار چاوپێکەوتنیان کرد. دوکتور قاسملوو وێڕای پیرۆزبایی لە موهەندیس بازرگان سەبارەت بە بوونی بە سەرۆک وەزیران، بە درێژی لە سەر وەزعی کوردستان و ویستەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی خودموختاریدا قسەی کرد کە لە یاسادا بگونجێ و داوای کرد بۆ روونکردنەوەی ئەم داخوازییانەی، ڕێگای پێ بدرێ لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی سەرانسەری سەبارەت بە ویستەکانی خەڵکی کوردستان روونکردەوە بدات. موهەندیس بازرگان لە وەڵامدا ویستی خودموختاریی نێوخۆیی بە شتێکی پەسەند زانی و گوتی دەبێ لە یاسای بنەڕەتیدا بگونجێ و بۆ وتوویژ لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەڵێنیی دا وەفدێک پێکهاتوو لە وەزیری ناوخۆ و کار پێک بێنێ تا لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکی کوردستان وتوویژ بکەن. بازرگان هەروەها گوتی کەڵک وەرگرتن لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن بۆ روونکردنەوەی رای گشتی لە پێوەندی لەگەڵ ویستەکانی خەڵکی کوردستان و ناوەڕۆکی خودموختاری گرفتێک لە ئارادا نیە، بەڵام کاتێک وەفدی حیزبی دێموکرات داواکەیان لەگەڵ رادیۆ و تەلەڤیزیۆن باس کرد، وەڵامیان نەدرایەوە.

لە درێژەی ئەم چاوپێکەوتنانەدا دوکتور قاسملوو رۆژی ١٣٥٨/١/١٦ی هەتاوی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی تاران پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەیەدا داوای لە کوردەکانی تاران کرد بۆ روونکردنەوەی بیروڕای خەڵکی غەیرە کورد تێبکۆشن. ئەو گوتی لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی فارس دەزانن کە خودموختاری جیاییخوازی نیە، بەڵام دیسان دژی ئەم ویستە دەوەستن.

بۆ جاری دووهەم پاش شەڕی نەغەدە لە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی دوکتور قاسملو دەچێتەوە تاران و لەگەڵ خومەینی بۆ

ماوەی ٥٠ خولەک کۆ دەبێتەوە و داوای لێکۆڵینەوە لە سەر شەڕی نەغەدە بۆ روونبوونەوەی کەس یا کەسانی تاوانبار لە خومەینی دەکەن و بۆ جارێکی دیکەش مەسەلەی ئیدارەکردنی کوردستان لەگەڵ خومەینی دێنێتە گۆڕێ، بەڵام لەم سەفەرەدا دەوڵەت ئامادە نەبوو وەفدی حیزب ببینێ، وەفدی حیزب زیاتر لە حەوتوویەک چاوەڕوانی وەڵامی بازرگان سەرۆک وەزیرانی ئێران مانەوە.

لەم کاتەدا دوکتور قاسملوو پێشنیارەکانی حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری دەخاتە بەر دەستی دەوڵەت کە بریتی دەبن لە:

١. داوا دەکەن دەوڵەت هەڵویستی خۆی بەرانبەر بە ویستی خودموختاری کە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە دراوە، رابگەیەنێ.

٢. داوا دەکرێ دەوڵەت لە ناردنی هێزی ئەرتەش و هەواپەیما و هێلیکۆپتەر و موجاهید و پاسدار کە بە کردەوە رەچاوی بێ لایەنی لە نێوان کورد و تورکدا ناکەن و هەروەها بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش هێز نەنێردرێ بۆ ئەوەی تەحریک و دژکردەوەی خەڵکی لێ نەکەوێتەوە.

■ ٢٠: شەڕی نەغەدە (١٣٥٨)

دوای ئەوەی کە رۆژی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە میتینگی سەد هەزار کەسیی ستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباد، حیزبی دێموکرات دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی راگەیاند، وەک سوننەتێکی لێ هاتبوو لە هەموو شارەکان بۆ دەستپێکردنی چالاکیی حیزبی میتینگ بەڕێوە بچێت. رۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی شاری نەغەدەش لە چوارچێوەی ئەو رەوتە گشتییەدا دیاری کرابوو بۆ پێکهێنانی ئەو میتینگە حەوتوویەک پێشتر لەگەڵ پیاوماقووڵان، کەسایەتییە ئایینی و بە نفووزەکانی شاری نەغەدە قسەکرا بوو و موافقەتی هەر دوو لا واتە ئازەرییەکان

و کوردەکان وەرگیرابوو.

ئـەم کۆبوونـەوە تەنیـا بـۆ کـوردەکان پێـک نەهاتبـوو، بەڵکوو بۆ ئازەرییەکانیـش پێـک هاتبوو کە ئەندامی حیزب بوون و لە قەدیمەوە هاوسـەنگەری حیـزب و هاوپەیمانـی بـوون و ئـەم میتینگـە زیاتـر پێداگرتـن لـە سـەر برایەتی و پێوەندیـی برایانە لە نێوان دوو گەلی کورد و ئازەریدا بوو.

ڕەنگـە لـە بـەر ئـەم هۆیـە بێت کـە داورودەسـتەی «قەتـاری و مەعبوودی» دوو مۆرەی بەدناو و خائینی زەمانی شـا کە لە لایەن ئاخونـد «حەسـەنی» ئیمـام جومعـە و نوێنەری خومەینـی لە ورمێ پشـتیوانیان لـێ دەکـرا پیلانگێڕی دژی میتینگەکە دەسـتی پێ کرد و کاتێک پەیامی حیزب لە لایەن دوکتور «قاسملوو»ەوە خوێندرایەوە، میتینگەکـە درایـە بـەر تەقە و ئەم تەقەیە تـا ڕۆژی ٣ی بانەمەڕ هەر درێـژەی هەبـوو. ئەگەرچـی ئـەم پیلانە بۆ هەمیشـە سـەر نەکەوت، بـەڵام دەبـێ قبـووڵ بکەین بە شـێوەی کاتـی سـەرکەوت و توانیان سەدان نەفەر لە هەر دوو لا بە کوشتن بدەن.

حەسـەنی بە تەواوی ئیمکاناتییـەوە ئازەرییەکانی دژی کوردەکان بەسـیج کـرد و لە هەمـوو ناوچە ئازەرینشـینەکان کۆمەکـی دەهێنا. ئەرتەش کە ڕایگەیاندبوو بێ لایەن دەمێنێ، بێ لایەن نەما و بە تانک و تۆپ کەوتنە کوتانی ناوچە کوردنشینەکان و ئەو شوێنانە کە کوردیان تێدا بوو. لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕیش کاتێک دەسـتەیەکی نوێنەرایەتیی کورد لە مەهاباد بۆ چارەسەری گیروگرفتی نەغەدە و هەوڵی ڕاگرتنی شەڕ بە بێ چەکدار و پارێزگار چووبوونە شارۆچکەی محەمەدیار و بە ئاشکرا لە لایەن چەکدارانی «حەسەنیەوە» هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرا، ئەگەر هەوڵی یەک دوو کەس لە کاربەدەستانی ئۆستانداری نەبوایـە کـە حەزیـان دەکـرد شـەڕەکە کۆتایی پـێ بێ، لە باشـترین حاڵەتـدا هەمـوو ئەندامانـی دەسـتەی نوێنەرایەتیی کورد بـە بارمتە

دەگیران. بەو حاڵەش دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بەبێ تەلەفات دەر نەچوو و «عوسمان کریمی» کە لەگەڵ نوێنەرانی کورد بە مەبەستی چاوپێکەوتنی هێندێک بە بارمتەگیراوی بانەیی چووبووە «محەممەد یار» بە شێوەیەکی گوماناوی بێسەروشوێن کرا و پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی دۆزرایەوە کە بە دەستی پیاوانی حەسەنی کوژرابوو.

حیزب لە بەر تەشەنە نەکردنی دوژمنایەتیی نێوان کورد و ئازەری ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ ئاگربەسی ڕاگەیاند و ڕۆژی ٣ی بانەمەڕ شەڕەکە بە یەکجاری کۆتایی پێ هات.

هەر چەند حیزب هەوڵی دا تاوانباران بناسێنێ و چەند جار هاتوچۆی ورمێ و تاران و قومی کرد، بەڵام هیچ فایدەی نەبوو. «مەهدی بەهادوران» کە لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بە نوێنەرایەتیی شەخسی خومەینی سەری لە ناوچەکە دابوو، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ خومەینی هەر چەند «حەسەنی، قەتاری و مەعبودی» بە تاوانبار ناسی و بە خومەینیی ڕاگەیاند، بەڵام هیچ ئیجرائاتێک لەم بارەوە نەکرا.

شەڕی نەغەدە بۆ ماوەیەک کاریگەریی لە سەر پێوەندیی نێوان کورد و ئازەرییەکان دانا و ڕێژیم توانی ئازەرییەکان دژی گەلی کورد هان بدا و جینایەتەکانی «قاڕنێ و قەڵاتان، ئیندرقاش، سۆفیان، حەلبی، کۆکیان، سەوزە و سەرچنار و حەسەن نوران» ئاکامی ئەم ڕقە بوو. بەڵام پاشان ئەم ڕەوتە بەرەبەرە بەرەو باشی ڕۆیشت و ئەم دوژمنایەتییەی ئازەرییەکان لە دژی حیزب نەما، چوونکە بۆیان دەرکەوت کە دوژمنی هەر دوو لایان ڕێژیمە.

■ ٢١: هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان (١٣٥٨)

ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی مەجلیسی خوبرەگان بەڕێوە چوو. ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژ هاوکات

لەگـەڵ دەسـتووری جیهـادی خومەینی دژی گەلی کـورد، نوێنەرانی هەڵبژێـردراو بـۆ مەجلیسـی خوبـرەگان کـە لـە جێـی مەجلیسـی دامەزرێنەران بۆ دانانی یاسای بنەڕەتی دیاری کرابوو، دەستیان بە کاری خۆیان کرد. شـێوەی هەڵبژاردنەکە ئوسـتانی بوو. لە ئوستانی ورمێ دوکتور قاسملوو دەنگی یەکەمی هێنابوو و کاتێک ویستی لەم هەلومەرجـەدا بـۆ کاری نوینەرایەتیی مەجلیسـی خوبـرەگان بەرەو تـاران بچـێ، کومیتـەی ناوەنـدی رێگای چوونـی پێ نـەدا، چوونکە دیـار بـوو لەو هەلومەرجەدا لە باشـترین حاڵەتدا دوکتور قاسـملوو دەستبەسـەر دەکرێـت، لـە کۆتاییـدا رۆژی ٢٨ی گەلاوێـژ کاتێک کە ئەندامانی ئەو مەجلیسـە چوونە لای خومەینی، ناوبراو سەبارەت بە دوکتور قاسـملوو رایگەیاند « ای کاش امده بود» واتە «بریا هاتبا، چوونکە دەمەویست لێرە رای بگرم».

■ ٢٢: شـەڕی پـاوە و فتـوای جیهـادی خومەینـی دژ بـە خەڵکـی کوردستان (١٣٥٨)

لـە هاوینـی سـاڵی ١٣٥٨دا جـەوی شـاری پـاوە بەهـۆی دنەدانی «زولفەقـاری»، نوێنـەری ڕێژیـم و جەماعەتـی «مەکتەبی قورئان»، رۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. رۆژێک بەهۆی وەرگەڕانی ماشینەوە دوو بەکرێگیراوی ڕێژیم کە بۆ گەڕان چووبوونە دەرەوەی شـار، دەمـرن و چەنـد کەسـێکیش بریـندار دەبـن. مەکتەبییەکانـی شـاری پاوە دەنگۆی ئەوەیان بڵاو کردبووەوە کە حیزبی دیمۆکرات نارنجۆکـی لـە ژێـر ئەو ماشـینە داناوەتەوە، بۆیە هەڵأدێـراوە و لەم لاشـەوە زولفەقاری لە دنەدان و رێکخسـتنی سـپای پاسداران خافڵ نەبوو.

لەم هەلومەرجەدا لە شوورای ١١ کەسیی شاری پاوە، سێ کەسیان سـەر بە حیزب بوون. ئەو سـێ کەسـە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدا

کە ئاڵۆزی لە شارەکەدا کەم بکرێتەوە، بەڵام ٨ کەسەکەی دیکە بە هاوکاریی مەکتەبی قورئان و زولفەقاری، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تۆوی دووبەرەکایەتییان لە نێو خەڵکدا دەچاند و ئاڵۆزییەکەیان زیاتر دەکرد و بە قسەی خۆیان دەیانهەویست دەسەڵاتەکەیان یەکلا بکەنەوە و تەحەمولی نەزەری موخالیفی خۆیان نەبوو.

هاوکات، هاتوچۆی شیوعییەکان بۆ پاوە و دۆستایەتییان لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوی حیزب لەو شارە و هاتنی «عەبدولوەهاب ئەترووشی» بۆ پاوە و ڕاوەدوونانی لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانییەوە کە سەرپەرشتیی هێزەکەی یەکیەتی لە ئەستۆی مەلا بەختیار بوو، ئاڵۆزییەکی سەیری پێک هێنابوو. ئەم کۆمەڵە ڕووداوە دەستیان دایە دەستی یەک و بیانوویان بۆ مەکتەب قورئانییەکان خۆش کرد تا ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٢ی هەتاوی تێکهەڵچوونی دوو کەس بە ناوەکانی محەممەدخان وەیسی (خەڵکی باینگان) و حەبیبوڵڵای مەلا شەریفی (خەڵکی شاری پاوە) کە عامیلی ڕێژیم بوو، کرایە بیانوو و هەڕەشەیان لە دووکاندارەکانی شار کرد تا دووکانەکانیان دابخەن و بڕۆنە فەرمانداری و سەبارەت بەم دۆخە مان بگرن. ئەوە بوو کە مانگرتن دەستی پێ کرد، هێشتا مانگرتووەکان هیچ داواکاری یا بڕیارێکیان دەرنەکردبوو کە هێزێکی کۆماندۆی دەورە دیتوو لە لوبنان، بە سەرۆکایەتیی «ئەبوو شەریف» بە هێلیکۆپتەر لە شاری پاوە دابەزین و ڕێگای هاتوچۆی خەڵکیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. پاشان مانگرتووان خوازیاری ئەوە بوون کە هێزی ناخۆجێی واتە هێزی ڕێژیم لەو شارەدا جێگیر بکرێت.

لە بەرانبەردا لە سەر ڕێگای پاوە کرماشان و لە گوندی «قۆری قەڵا» ڕۆژی ١٣٥٨/٥/٢٣ واتە ڕۆژێک دوای مانگرتنی شاری پاوە، مانگرتنێک لە بەرانبەر مانگرتنی شاری پاوەدا ڕێک خرا. داواکاریی ئەم مانگرتووانە ئەوە بوو کە ئەمنییەتی ناوچە لە لایەن خەڵکی

ناوچەکەوە، دابین بکرێ.

بەڕێوەبەریی ئەم مانگرتنە تا ڕادەیەک کەوتە ئەستۆی ڕێکخراوی حیزب لە پاوە. بەرپرسایەیتی بەڕێوەبردنی مانگرتنەکە کەوتبووە سەرشانی رەحیم بەغدادی کە خەڵکی شاری سنە بوو. لە ماوەی ٢ تا ٣ رۆژ مانگرتنی قوڕی قەڵادا، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەورامان و جوانڕۆوە دەستە دەستە خەڵک بۆ پشتیوانی لە داخوازیی مانگرتوانی قوڕی قەڵا دەهاتنە ئەو شوێنە و پشتیوانیی خۆیان رادەگەیاند. سەبارەت بە هەلومەرجی ناوچەکە چەند جارێک لە رێگای تەلەفوونەوە پێوەندی بە شەهید دوکتور قاسملۆووەوە دەکرێت. دوکتور قاسملوو نەزەری ئەوەیە کە رێژیم بەرنامەی ئەوەیە شەڕ بەسەر کورددا بسەپێنێ، بۆیە ئامۆژگاریی رێکخراوی حیزب دەکات تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێ، هەوڵ بدەن شەڕ روو نەدات. پاش دوو رۆژ وەفدێک لە بەرپرسانی ئوستان بە سەرۆکایەتیی ئوستاندار کە ئەوکات «سپهری» بوو، سەردانی مانگرتووانی قوڕی قەڵا دەکەن. رۆژی ٥٨/٨/٢٥ وەفدەکەی ئوستان کە پێک هاتبوون لە: سپێهری، حاجی ئاخوند فەرماندەی هەنگی ژاندارمریی کرماشان و زولفەقاری و کۆمەڵێکی دیکە، لە باتی ئەوەی بێنە ناو مانگرتووان، هەروەک چووبوونە ناو مانگرتووانی شاری پاوە، هاتنە پاسگای قوڕی قەڵا و داوایان کرد وەفدێک بە نوێنەرایەتی لە لایەن مانگرتووانی قوڕی قەڵاوە بڕۆنە پاسگا و داواکارییەکانیان رابگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستە رەحیم بەغدادی، سەید رەزا دروودگەر و چەند کەسێکی دیکە دیاری کران و چوونە پاسگا و کاتی گەڕانەوەیان بۆ لای مانگرتووان، رایانگەیاند، داواکارییەکانی مانگرتووانی قوڕی قەڵایان داوەتە وەفدەکەی ئوستان و ئەوانیش وتوویانە پاشان وەڵامتان دەدەینەوە. دواتر دەرکەوت کە وەفدی ئوستان زیاتر لەوە کە بۆ بیستنی داواکاریی مانگرتووانی قوڕی قەڵا

هاتبن، مەبەستیان هەڵسەنگاندنی ورەی مانگرتووان و لە ڕاستیدا تەواوکردنی پیلانەکەیان بووە.

شەوی ٢٦ی گەلاوێژ کە گەشتییەکانی مانگرتووانی قوڕی قەڵا دەچنە لای گوندی «دووریسان» بۆ سەردان لە نیگابانەکانیان، دەکەونە بۆسەی پاسداران و تەقەیان لێ دەکرێ و بەم چەشنە لە لایەن هەر دوو لاوە تەقە دەست پێ دەکا و بەڕەسمی ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨ شەڕ دەست پێ دەکات. لە یەکەم تەقەدا مستەفا حسینی (ئێناخی) کە سەرپەرەستی نیزامیی مانگرتووانی قۆڕی قەڵا بوو، شەهید دەبێ. ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەڕەکە گەرمتر ببێت. لە بیمارستانی شاردا ژمارەیەکی زۆر لە پاسداران سەنگەریان گرتبوو و پاش شەڕێکی توند و خوێناوی، بیمارستان لە کۆنترۆڵی پاسدارەکان دەرهات و ئەو ژمارە پاسدارە کە تێیدا بوون، کوژران. یەکێک لە کوژراوەکان غەنی باباخاس بوو کە خوێنی بوو بە خوێنی سیاوەش و ڕێژیم لە بیمارستانی پاوە دەیان داستانی درۆیینی لێ ساز کرد و بە مەبەستی مەزلووم نیشاندانی و هارووژاندنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران، ڕایگەیاند کە لەو شەڕەدا پاسدارەکانیان سەر بڕیون کە دیارە ئەمە فڕی بە سەر ڕاستییەوە نەبوو.

پاش گیرانی بیمارستانی پاوە، شەڕ کەوتە ناو شاری پاوە و بەشێکی زۆر لە شار کەوتە دەستی مانگرتوانی «قوڕی قەڵا»، بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەم هێزەی مانگرتوانی قوڕی قەڵا هێزێکی عەشایری بوو، بە مەیلی خۆیان دەجووڵانەوە و لە کۆنترۆڵدا نەبوون، جنێوی زۆر ناشیرینیان بە خەڵکی شاری پاوە دەدا و ئەمەش وای کرد زۆربەی ئەو خەڵکەش کە لە شاردا بێلایەن بوون، لەگەڵ مانگرتوانی پاوە یەکگرتووتر دیفاع لە شار بکەن. دوایین ناوەندی ڕێژیم کە مابووەوە، پاسگای ژاندارمری بوو کە لە ڕۆژئاوای

شـاری پاوە هەڵکەوتبوو. «چەمران» فەرماندەی بەناوبانگی ڕێژیم لەم پاسـگایەدا کەوتبووە گەمارۆی چەکدارانی سـەر بە مانگرتوانی قـوڕی قـەڵا. ئـەم چەکدارانە دەیانتوانـی ئەم دواییـن بنکەیەی ڕێژیم بگـرن، بەڵام چەمران فریوی دابـوون و پێی ڕاگەیاندبوون تا بەیانی مۆڵەتیان بدرێتێ تا بەیانی بەبێ شەڕ و کێشە پاسگا تەسلیم بکەن و چەکدارەکانی دەوری پاسـگاش بەم پێشـنیارە رازی ببوون. چەمران لەو شەوەدا لەگەڵ هەموو جێگایەک پێوەندیی گرتبوو و ئەوە بوو کە بەیانیـی ٢٨ی گەلاوێـژ خومەینی فەرمانـی جیهادی دژی گەلی کورد ڕاگەیانـد و فەرمانـی بـە هێـزی هەوایی و دەریایـی! و زەمینی دا کە بـە زووتریـن کات بەرەو پاوە وەڕێ بکەون و پردی هەوایی بۆ ئەم شـارە ببەسـتن، هەر لەو کاتەشـدا بە ئەرکی موسـوڵمانانی زانی کە بەشداری لەو جیهادەدا بکەن. بەدوای جیهادی خومەینیدا، تاڵەقانیش ڕایگەیاند ئامادەیە چەک لە شـان بکا و بۆ جیهاد ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لە کوردستان بێ.

چەمران و ژاندارمەکانی پاسـگای ژاندارمریی پاوە کە لە فەرمانی جیهـادی خومەینـی ئاگادار بوون، دەسـتیان دایە بەرەنـگاری و بەم چەشنە هێزی چەکداری مانگرتوانی قوڕی قەڵا بەهۆی بێئەزموونی و نەبوونی ڕێبەرێکی بەدەستوبرد تووشی شکان هات و پاشەکشەیان کـرد. دواتـر ڕێژیـم زۆر داسـتانی سـەیر و سـەمەرەی لـە ئیمدادی غەیبی و توانای چەمران لەو بەرەنگارییەدا سـاز کرد و خەڵکیان لە ئەسڵی مەسەلەکە چەواشە دەکرد.

پـاش بڕیـاری «جیهـاد»ی خومەینـی، هێرشـی سـوپای جەهـل و نەزانی، تەنیا بە هێرش بۆ سـەر شـاری پاوە ڕانەوەسـتا. ڕێژیم ئەم هێرشەی بەرەو شارەکانی دیکەی کوردستان، کامیاران، سنە، سەقز و .. درێژە دا و ڕادیۆ تارانیش داوای لە هێزەکانیان دەکرد سنوورەکان بگرن و نەهێڵن دژی شۆڕش لە سنوور دەرباز بن. ئەم پڕوپاگەندەیە

فەزایەکی پێک هێنابوو کە بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە شەڕ نەبوو، زۆر شوێندانەر بوو. رادیۆ تاران ناوی شوێنەکانی وا باس دەکرد هەروەک کۆنە ئەمنییەکیان کردبێ بە بێژەر کە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئەو ناوچانە شارەزا بێ. لەو لاشەوە خەڵکی ناحاڵی و مەزهەبی هەرکامەیان پەڕۆیەکی سپییان لە سەریان گرێ دابوو کە رەستە بەناوبانگەکەی خومەینیی لێ نووسرابوو: «شەڕ لە کوردستاندا باشترین عیبادەتە». دەستووری جیهاد لە دژی خەڵکی موسوڵمانی کوردستان لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی کوودەتای رێژیمی شا بەسەر حکوومەتی دوکتور موسەدیقدا بووو ئەمەش لە خۆیدا زۆر مانادار بوو. رۆژەکانی دوایی هێرش بەرەو کامیاران، سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان و مەهاباد تا گەیشتە سەردەشت درێژەی کێشا. ئەو شەڕە دەستپێکی شەڕێک بوو کە لە کوردستاندا بە «شەڕی سێ مانگە» ناوبانگی دەرکرد و بە شکستی رێژیم و پەیامی خومەینی لە ٢٦ی خەزەڵوەری ٥٨دا (هەر چەند بە رواڵەت و بە شێوەی کاتی) کۆتایی پێ هات.

تێبینی: لەم شەڕەدا هیلیکۆپتێکی شەڕکەری رێژیم کە مستەفا چەمران، فەرماندەی بەناوبانگ و وەزیری بەرگریی رێژیمی دەگواستەوە بۆ پاوە، کەوتە بەر ئاگری چەکی پێشمەرگە و لە کار کەوت، بەڵام چەمران توانیی خۆی دەرباز بکات. هەر لەو شەڕەدا هێلی کۆپترێکی شەڕکەری دیکەی رێژیمیش بە هۆی تەقەی پێشمەرگەوە کەوتە خوارەوە. هەروەها فڕۆکەیەکی F٤ کە لە پایەگای هەوایی «شاهرۆخی»ی هەمەدانەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی پاوە هاتبوو، کەوتە بەر ڕەهێڵەی چەکی پێشمەرگە و کۆنترۆڵی لە دەستی فڕۆکەوان دەرچوو. فڕۆکەوانی کابینی پشتەوەی ئەم فڕۆکەیە بە ناوی ستوان یەکەم «بەشیر مووسەوی» هەر لە نێو فڕۆکەکەدا بریندار دەبێ و پاش بڕینی چەند کیلوومیترێک رێگا، ئەم

فڕۆکەیە لە گوندی قشڵاخ (هەڵکەوتوو لە سەر ڕێگای پاوە ڕوانسەر) دەکەوێتە خوارەوە و هەر دوو فڕۆکەوانەکەش بە ناوەکانی «ستوان یەکەم بەشیر مووسەوی» و «سەرگورد موحەممەد نووژە» گیانیان لە دەست دەدەن. پاش ئەو ڕووداوە بە هۆی ئەوەی کە موحەممەدی نووژە و هاوکارەکەی یەکەم کوژراوەکانی هێزی هەوایی ئەرتەش لە پاش شۆڕشی ٥٧ بوون، ناوی پایەگای هەوایی شاهڕوخیی هەمەدان کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش کرابوو بە «پایەگای هەوایی حوڕ»، بە «پایەگای نووژە» گۆڕدرا.

خاوەنی وێنە، موحەممەدی نووژە، ئەو فڕۆکەوانەیە کە لە شەڕی پاوە فڕۆکەکەی بە ئاگری چەکی پێشمەرگە کەوتە خوارەوە و خۆی و هاوکارەکەشی گیانیان لە دەست دا.

■ ٢٣: ئیعدامەکان لە کوردستان

پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی کە ئاخوندەکان توانیان دەسەڵاتی خۆیان بە سەر هەموو دامودەزگاکانی دەسەڵات و سیستمی کۆمەڵگادا بسەپێنن، ئیعدامەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ تەوجیهی ئیدئۆلۆژیک بەڕێوە دەچن.

خومەینی بە دیاریکردنی ئاخوندێکی جینایەتکار بە ناوی «شێخ سادق خەڵخاڵی» بۆ پۆستی حاکمی شەرع دەسەڵاتی بێ سنووری بۆ کوشتوبڕی خەباتگێڕەکان بە ناوبراو بەخشی، بە جۆرێک کە ناوی خەڵخاڵی وەبیرهێنەری وشەی ئێعدام و دیمەنی گوللەبارانکردنەکان و لە سێدارەدانەکانی هەزاران مرۆڤی بێ تاوانە.

خەڵخاڵی لە فتواکانیدا پێوانەیەکی زۆر ئایینییانەی هەبوو و دەیگوت ئێمـە دەکوژیـن، ئەگەر بـێ گوناح بێ دەچێتە بەهەشـت و ئەگەریش تاوانبار بن بە سزای خۆیان دەگەن.

ئیعدامەکانـی کوردسـتان بێجگـە لـەوەی کە رق و قینـی پێوە دیار بوو، هەر لەو کاتەشـدا مەبەسـتی ترساندنی خەڵکی کوردستان بوو. وابوو کە بریاری کوشتنی چەند لاوی خەباتگێڕی لە کەمتر لە چەند چرکەدا دەردەچوو بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەک بکرێ. حوکمە ئیعدامـەکان لـە پـاوە دەسـتی پێ کـرد و لە ٢ رۆژدا دەیـان نەفەری دڵسـۆز و ئازادیخـوازی بـێ تـاوان لـە لایـەن خەڵخاڵییـەوە ئێعـدام کران.

حاجی شـێخ حسـەین کرمانی کە نوێنەری خومەینی لە کوردستان بوو، دەڵێ:

هەواڵیـان پـێ دام کە خەڵخاڵی بەرەو سـنە بەڕێوەیە، بە ئەحمەدی کـوڕی خومەینیـم گوت ئێرە (سـنە) ئارامە. هیچ کێشـەیەک لە ئارادا نیە، بۆ رەزای خودا مەهێڵن خەڵخاڵی بێتە ئێرە؟ لە بیرم نیە سبەینێ ئەو رۆژە بۆ چ کارێک چوومە فرۆکەخانەی سنە هێلیکۆپترێکم دیت کە خەڵخاڵی لێی هاتە خوارێ، بە من گەیشـت و پاشـان هەواڵ هات ژمارەیەکـی لـە ناوەڕاسـتی فرۆکەخانـە ئێعدام کـردوون کە یەکێک لەو ئێعدام کراوانە کەسـێکی نەخۆش بوو کە لە بیمارسـتان لە سەر برانـکارد بردبوویـان و ئیعدامیـان کردبـوو، وێنـەی ئـەم ئێعدامە بە کۆمەڵانە پاش ماوەیەک بڵاوکرایەوە.

«حوسـەین برووجـردی» یەکێـک لـە فەرماندەرانـی خومەینـی لە سەقز دەڵێ: «لە سەقز ١٣ کەسیان لە چەند خولەکێکدا ئێعدام کرد و حوکمەکەیان هەر لەوێ بەڕێوە بردن کە یەکیان منداڵێکی ١٢ ساڵان بـوو، هـەر نەیدەزانـی بۆ چی گیراوە. کەسـێکی دیکەیان بـەو تاوانە ئیعدام کرد کە گوایە باوکی «رباخوار» واتە سـووخۆرە. کاتێک کە

پێی دەڵێن تاوانی ئەوەیە کە باوکی «رباخوار»ە، ئەو لاوە لە وەڵامدا دەڵێ گوناحی من چیە کە باوکم سووخۆرە؟ خەڵخاڵی دەڵی تۆ لەو خوێنەی و ئەمە دەبێتە هۆی ئیعترازی «حوسەین برووجردی» و داوا لە «موحسین رەزایی» فەرماندەی سپای پاسداران دەکا پێش بەو وەزعە بگرن کە ناوبراو لە وەڵامدا دەڵی بۆ دامرکانەوەی نارەزایەتییەکان، ئەم توندوتیژییانە پێویستن.

پاش ئەم ئێعدامانە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئێعدام کەرەسەی تۆقاندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە و بە ناوی دژایەتی لەگەڵ ئیسلام جینایەتی زۆر ئەنجام دراوە، نموونەش لەو پێوەندییەدا کوشتوبڕەکەی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بوو کە لە دوو مانگدا نزیکەی حەوت هەزار کەس ئێعدام کراون.

لەوەش جینایەتکارانەتر فتواکەی خومەینیی خوێنمژ بوو کە داوای دەکرد پێش ئەوەی ئیعدامییەکان ئێعدام بکرێن، خوێنەکانیان لێ بگرن و بۆ چارەسەری ئەو بریندارانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا بریندار دەبن، بە کاری بەرن.

■ ٢٤: دەستپێکردنی شەڕی بەرگری لە کوردستان (١٣٥٨)

پاش دەستووری جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی، بەداخەوە ئەوەی کورد لێی دەترسا و هەوڵی دەدا روو نەدات، رووی دا و بە هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان، زۆر جینایەتی سامناک لە لایەن ئەو هێزانەوە خوڵقان کە بەشێک لەو جینایەتانە لە تویێی لاپەرەکانی ئەم کتێبەدا دەکەونە بەرچاو. رۆڵە خەباتگێڕەکانی کوردستانیش لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا کەوتنە دیفاعکردن و لەماوەی ئەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی رێژیم کوژران و بە دیل گیران. ژمارەیەکیش پێشمەرگە لە رێگای دیفاع لە ئازادی و کەرامەتی گەلەکەیاندا بە سەخاوەتەوە

گیانیان بەخشی، ئاماری ئەو شەڕە ـ هەر چەند ناتەواوە ـ لە نامیلکەی شـەڕ لـە کوردسـتاندا (جنگ در کردسـتان) کۆ کراوەتـەوە کە ئەم ئامارە لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٧٣ دەگرێتەوە. ئاماری پێش و پاش ئەو ڕێکەوتە لە بەردەستدا نەبوو، بۆیە ئەو ئامارەی تێدا نیە.

بێگومـان ژمـارەی کـوژراوی دوژمـن و هـەر وەهـا چالاکیـی بەڕێوەچـوو زۆر لـەوە زیاتـرن کە لێـرەدا هاتووە. ئـەم ئامارە تەنیا تایبەتە بەو شەڕانەی کە حیزبی دێموکرات بەڕێوەی بردوون و ئەو شـەڕانە ناگرێتەوە کە هێزە خەباتکارەکانی دیکەی وەک کۆمەڵە و .. بەڕێوەیان بردووە.

جەدوەلـی ژمـارە «یـەک» کـوژراو و دیلـی دوژمن و شـەهیدانی حیـزب لـە خـۆ دەگـری کە بـە بـەراورد لەگـەڵ یەکتـر دەردەکەوێ لـە بەرانبـەر هەر شـەهیدێکی حیزبـدا ١٠ کەس لـە هێزەکانی ڕێژیم کـوژراون و ئەمـە نیشـانەی ئازایەتـی و لێزانیـی هێـزی پێشـمەرگە بەرانبـەر بـە هێزەکانی ڕێژیمە و بە تایبەتیش ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە لە تەواوی ئەو شەڕانەی ڕیژیم لە دژی هێزی پێشمەرگە، هێزەکانـی ڕێژیـم بە چەکی قورس و موهیماتـی بێ ئەژمار و هێزی هەواییەوە پشتیوانی کراون.

هەروەها جەدوەلی ژمارە (٢) دەسکەوتی کەرەسەی نیزامیی هێزی پێشـمەرگە لە شـەڕەکانیاندا دژ بە ڕێژیم لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٧٣ لە خۆ دەگرێت.

ئەم ئامارە لە دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردسـتانەوە دەسـت پێ دەکات و عەمەلیاتەکانـی پێش ئەو ڕێکەوتە نەنووسـراون. هەروەها ئـەم ئامـارە تەنیا ئـەو کوژراوانـەی دوژمن دەگرێتەوە کـە تەرمیان کەوتۆتـە دەسـتی پێشـمەرگە. هەر بۆیـە ئاماری تـەواوی زیانەکانی دوژمن لەو شەڕەدا دەکرێ چەند قات لەوەش زیاتر بێت.

■ جەدوەلـی ژمـارە (۱): ئامـاری زیانـە مرۆییەكانـی دوو لایەن لە شەڕی كوردستاندا (۱۳۷۳-۱۳۵۹)

ساڵ	كوژراوی دوژمن	دیل	گەڕانەوە بۆ باوەشی گەل	دیلی ئازادكراو لە مەیدانی شەڕدا	شەهیدی پێشمەرگە	عەمەلیاتی نەزانراو
۱۳۵۹	۲۱۷۲	۲۵٦	۳۲	۱۲۰	۳۲٤	۹۷
۱۳٦۰	۱۷۷۱	۲۳۵	٥٤	۱۹	۱٤٤	۸۸
۱۳٦۱	٥۲٤٥	۲٦٤	۱۱۲	۲۲٤	٤۲۰	٤٤۲
۱۳٦۲	٤۲۰۰	۳۱۲	۳۱	۱٥۰	۳۸٤	۲٤٥
۱۳٦۳	٤٦۳۰	٤۳۱	۱۳۱	۳٦۳	٤۰٦	۳۲٦
۱۳٦٤	۲۱۱۹	۲۳٥	۲۹٤	۱۸۰	۲۷٤	۳٤۱ نەفەر
۱۳٦٥	۱۳۹٥	۲٤۸	۱۲۹	۹۰	۱٦۸	
۱۳٦٦	۱٥۲۱	۲۰۸	۸۸	۱۳۲	۹۷	
۱۳٦۷	٦۹۷	۱۰۱	۷٥	۱۱۸	۱۰۱	
۱۳٦۸	٤٤٤	۲٥۳		۲٥۳	٦٦	
۱۳٦۹	٤٥۹	۳۰٤	٥۰	۳۰٤	۷۰	
۱۳۷۰	۲۰۷	۱۰۸		۱۰۸	٤۸	
۱۳۷۱	۲۲۸	۱٥۲		۱٥۲	۳۱	
۱۳۷۲	۳٥۷	۲٥۹	٥٦	۲٥۹	۳۳	
۱۳۷۳	۱۹۹	٥٥	۱٦	٥٥	۳۸	

کۆی گشتی	٢٥٦٤٧	٣٤٢١	١٠٦٨	٢٥٢٧	٢٤٩٩	

■ جەدوەلی ژمارە (٢): دەسکەوتی کەرەسەی نیزامیی هێزی پێشمەرگە لە شەڕەکانیاندا دژ بە ڕێژیم لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٧٣

ساڵ	فیشەک	خەشاب	دووربینی چاو	گوللەی چەکی قورس	ماشێنی سووتێنراو	لەنێوبردنی چەکی قورس
١٣٥٩	٢٧٣٠٠	٦٤	١	-	١٥١	٣
١٣٦٠	٢٨٣٤٥	٢١٥	٢	١٥٢	-	-
١٣٦١	٨٢٨٤٣	١٠٦١	-	١١١	٢٩٠	٢٢
١٣٦٢	٢٦٩٥٠	٥٥١	٧	-	٧٧	١
١٣٦٣	١٢١١٩٦	١٧٧٢	٢٥	٣٥	٦٠١	٢٧
١٣٦٤	٩٦٢٥٠	١٥٦٥	٦	٥٤	٢٥٧	٦
١٣٦٥	١٣٠١٩٠	١٩٩١	١٦	-	٢١٤	٣٣
١٣٦٦	٥٥٩٥٠	١٤٣٩	٤	-	-	-
١٣٦٧	٢٥٤٩٠	١٠٢٨	٣	-	-	-
١٣٦٨	١٤٠٥٣٠	١١٨٣	٤	-	-	-
١٣٦٩	٣٠٨٨٤٠	١١٠٠	٢	-	-	-
١٣٧٠	١١٩٤٠	٥٢٠	٤	-	-	-
١٣٧١	٨٩٢٥٠	١٢١٩	٩	-	-	-
١٣٧٢	١٦٠٠٠	٢٩١٥	٤	-	-	-
١٣٧٣	٤٦٥٠	٨٧	٤	-	-	-

کۆی گشتی	١١٦٥٧٢٤	١٦٧١٠	٩٠	٣٥٢	١٥٩٠	٩٢

لە هەزاران عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەدا کە لە نێوان ساڵەکانی ٦٥ تا ٧٣ ئەنجام دراون، ژمارەی ئەو عەمەلیاتانە لە بەردەستدا نیە کە ئاماری کوژراوەکانی دوژمن تێیاندا روون نەبۆتەوە، بەڵام لە ساڵەکانی ٥٨ تا ٦٤ ژمارەی ئەو عەمەلیاتانەی کە ئاماری کوژراوانی دوژمن تێیاندا روون نەبۆتەوە ١٥١٩ عەمەلیات بووە. بەو پێیە دەبێ ژمارەی ئەو عەمەلیاتانە لە نێوان ساڵەکانی ٦٤ تا ٧٣یشدا کە ژمارەی تەلەفاتی دوژمن نەزانراوە، چەند قات لەوە زیاتر بێ.

لەو ساڵانەدا ٣٠ قەبزە قەناسەی دووربیندار، زیاتر لە ١٠٠ نارنجەکی دەستی، نزیک بە ٤٠ موسەلسەلی گەورە، دەیان ماشین و کەرەسەی دیکەی نیزامی وەک کۆڵەپشتی، کیسە خەو، قوتب نما و .. بە دەسکەوت گیراون کە لەم نووسراوەیەدا نەهاتوون.

■ ٢٥: بەشداریی خەباتگێرانی بەشەکانی دیکە لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا

شانازیی یەکەم بەشداریی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ کە بارزانییەکان لەم بەشدارییەدا پشکی شێریان وە بەر دەکەوێ و شەڕەکانی «قاراوا» و «مامەشا» شاهیدی ئازایەتیی ئەو هێزەی بارزانییەکانە و ئیستا ئیتر بەشێکە لە سەرفیرازییەکانی مێژوو کە هەموو کوردێک شانازیی پێوە دەکات.

خاڵی دیکە، بەشداریی چوار ئەفسەرە خەباتگێڕەکە بوو کە ئەوانیش پاش رووخانی کۆماری کوردستان بە گەڕانەوەیان بۆ عێراق بە داخەوە لە لایەن رێژیمی پاشایەتییەوە شەهید کران و یادیان لە دڵی هەموو کوردێکدا زیندووە. بەشداریی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی

شیووعی لە شەڕەکانی ساڵەکانی ٥٨ و ٥٩ی هەتاوی لە کوردستانی ئێراندا شانبەشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەت لە شەڕی ٢٦ڕۆژەی شاری سنەدا کە لەو شەڕەدا

شەڕی سنە ئەبو ئازا و تەرمی شەهید جەبار کۆکەیی

فەرماندەی ئازا و بەوەج مەلا محەممەد جوانڕۆیی (برایم) بریندار و چەند هاوڕێیەکی وەک جەبار کۆکۆیی و.. شەهید بوون.

بەشداریی پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە لە شەڕی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار کە لەم شەڕەدا کەسێکیان شەهید بوو.

سەرئەنجام بەشداریی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٢ لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار کە لە دەشتی «ساوان» لە شەڕێکی ئازایانەدا چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی شەهید بوون و ناوی «هێزی پشتیوان» لە سەر ئەو هێزە دانرا.

بەشداریی ئەم هێزانە ئەگەر شانازییەک بۆ هێزەکانیان بێت،

نیشانەیەک لە هەست و سۆز و چارەنووسی گەلێکی دابەشکراویشە کە بە بێ ئیرادە و ویستی خۆی دابەش کراوە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان لە درێژەی سەدان ساڵ داگیرکاری و کاولکاری لە کوردستاندا نەیانتوانیوە هەست و سۆز و عاتیفە بۆ نیشتمان لە دڵی رۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا لاواز بکەن و بە قەولی کوردی «برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لای خوا بێ».

■ ٢٦: قارنێ و قەڵاتان، کۆمەڵکوژیی گەلی کورد (١٣٥٨)

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی خەڵک بە هیوا بوون لە ژێر سێبەری رێژیمی تازەدا بە ئازادی و ژیانێکی باش بگەیەن، بەڵام مخابن ئەو هیوایە نەهاتە دی و پاش سەرکەوتنی شۆڕش ئاخوندە کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتیان بە تەواوی قەبزە کرد و بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان کەڵکیان لە مۆرەکانی رێژیمی پێشوو و توێژی دەمارگرژی ئایینی وەرگرت و دەیان و بگرە سەدان جنایەتیان لە کوردستان بەڕێوە برد.

لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە کاتێکدا کە جووتیارەکان لە کێڵگەکانیاندا سەرقاڵی کاری خۆیان و پەیداکردنی بژیوی ژیانیان بوون، کەوتنە بەر شاڵاوی هێرشی بێبەزەییانەی پاسداران و هێزەکانی دیکەی رێژیم کە رەحمیان بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەش نەدەکرد و خەڵکی بێ تاوان بە بێ هیچ پاساوێک تەنیا بە هۆی کوردبوونیانەوە دەدرانە بەر دەستڕێژی گوللەی پاسدارە جەنایەتکارەکان و رێبەرانی ئەو کوشتوبڕەش بەرپرسانی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بوون. لە درێژەی چەندین کوشتاری بەکۆمەڵدا لە شار و گوندەکانی کوردستان، ناوی ژمارەیەک لەو گوندانە لە کۆتایی ئەم باسەدا دێت. خومەینی کە خۆی هاندەری سەرەکیی ئەو کوشتوبڕانە بوو، لە بەر سکاڵای زۆر لە لای ناوبراو

سەبارەت بەو کۆمەڵکوژییانە کەسێکی بەناوی «بەهادوران» وەک نوێنەری خۆی ناردە کوردستان و بەهادوران لە کۆتایی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکانیدا راپۆرتێکی بۆ خومەینی بەرز کردەوە کە هەرچەند ئەو راپۆرتەش وەک زۆر راپۆرتی دیکە لە بیر کرا، بەڵام لە بەر ئەوەی ناوبراو نوێنەری خومەینی بوو، راپۆرتەکەی دەتوانێ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ سەلماندنی راستییەکان بە تایبەتی لە رووداوی «قارنێ»دا بێت.

لێرەشدا سەرنجی خوێنەران بۆ بەشێک لە راپۆرتی مەهدی بەهادۆران، نوێنەری خومەینی لە پارێزگاکانی سنە و ورمێ سەبارەت بە کارەساتی قارنێ رادەکێشین کە لە رێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ١٣٥٨ ناردوویەتی بۆ خومەینی و دوو رۆژ دواتر، واتە ٢٦ی خەرمانان لە رۆژنامەی کەیهان چاپ کراوە. لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە:

«١) بەپێی بەڵگە و باسەکان، لەو دوو پارێزگایەدا پیلانێکی رەمزاوی لە لایەن مۆرەکان و رێبەرانێکی باوەڕپێکراو و رواڵەتییەوە لە ئارادایە، چوونکە ئەو فیئۆداڵ و خاوەن مڵکانەی کە لە رێژیمی پێشوودا هۆکار و ئامرازی بەڕێوەبەریی شا لە ناوچەدا بوون، لە لایەن کەسانێکی وەک دوکتور چەمران، تیمسار زەهیرنژاد، فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمی، سەرهەنگ شەهبازیان و ئەو فەرماندەرانەی ئەرتەش و ژاندارمرییەوە تا بن گوێ خۆیان بە چەک و گوللە تەیار کردووە و ئامادەن و چەکدارن و لە بەرانبەردا خەڵکی چەوساوە و هەژاری ناوچە و کەسانێک کە ساڵانێکی زۆر لە دەستی فیئۆداڵەکان رەنجیان بینیوە، دەکەونە بەر تەوژم.

٢) بە ئاماژە بە هەڵخراندن و پەرەپێدان بە رۆحێکی دوژمنانە و رق لە نێوان تورک و کوردەکانی ناوچەدا لە لایەن فەرماندە و ئەرتەشییەکانی ئەو کاتەی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاواوە

بۆ هەمیشە ئەم دژایەتییانە بەردەوامە و ڕەنگە دەوڵەت لەگەڵ شەڕی نیزامیی دیموکراتەکان ڕووبەڕوو ببێتەوە. هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی بێ تاوان لە کۆماری ئیسلامی بێزار بن و ئێستاش لە هەمبەر خەڵکدا لەم بارەوە دیدێکی خراپمان هەیە کە خەڵک بەرەو لای دیموکراتەکان هان دەدرێن و ئەوان بە دۆست و پشتیوانی خۆیان دەزانن.

٣) بەپێی شریت و ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە بەردەستدان، کاربەدەستانی ژاندارمری و موجاهیدە ڕواڵەتییەکانی نەغەدە بە سەرپەرەستیی «ئاغای مەعبوودی» و «سەرگورد نەجەفی» لە ئاوایی قارنا سەر بە شاری نەغەدە لانیکەم ٤٥ کەسی بێ تاوانیان لە شوێنی ژیانی خۆیاندا کوشتووە و دواتر گواستوویاننەوە بۆ بیابان تاکوو نیشان بدەن کە ئەمانە لە شەڕدا کوژراون و گوندەکەشیانیان تاڵان کردووە و لە ئاگردا ئەسووتێت و «ئیستوار بیگلەری» لە کۆپلۆدا ٥ کەسی کوشتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ بایەخی یان خەیانەت و پیلانی ئەو فەرماندانەی کە لە ژاندارمریدان لە لایەکەوە و ورووژاندنی ئەو هەست و ئیحساسانەی کە دژ بە کورد دێنە کایەوە و هەستانی بیرێکی تۆڵەسەندنەوە دژ بە کوردە بێ تاوانەکان لە لایەکی ترەوەیە. بە داخەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانەی ئەم کردەوە دڕندانەیان بە ئەنجام گەیاندووە ناسراون، بەڵام بە هۆی لایەنگریی زەهیرنژاد لەو تاوانبارە دڕندانە ئەو هەلە نەڕەخساوە کە شوێنیان دەربکەوێت و دەستبەسەر بکرێن.

٤) نەبوونی توانایی و دەسەڵاتی پێویست لە لایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو مەلا ڕواڵەتیانە و ئەندامانی ساواک کە دژ بە کوردن و بوونەتە هۆی خوێنڕشتن لە سەرتاسەری کوردستان و ئازەربایجاندا، بۆ وێنە: پرۆسەی قارنێ کە بە حوکمی حاکمی شەرع، «ئاغای خەڵخاڵی» و ئاغای «ئومید نەجەف ئاوایی»

لەوێدا بەڕێوە چوو.

٥) لە تەنیشت ڕێگاچارەی نیزامیدا، ڕێگاچارەی فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیک و ئاوەدانی بۆ کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێویستە.

هەروەها مەهدی بەهادوران، نوێنەری خومەینی لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا پێشنیار دەکات کە: «ڕۆحانییە ڕواڵەتییەکان کە بوونەتە هۆی شەڕ و خوێنڕێژی لە ناوچەدا ڕامالّین و ئەو کەسانەی کە کارەساتی قارنێیان خولقاندووە، دەستگیر بکرێن و پێشگیری بکرێ لە ئاگردانی خەرمان و ماڵەکانی ئەوان و.. و دادگای باڵای شۆڕش چاوەدێری بکات. بۆ دەستگیریی تاوانباران، لابردنی ئەو فەرماندە و هێزانەی کە بە شێوەی ڕەسمی ئەندامی دایرەی ئیتلاعاتن و لە خزمەتی نەیارانی شۆڕشدان و ئەیانەوێ سوپای پاسداران لاواز بکەن و ناردنی دوو بازڕەس لە لایەن ئیمامەوە، دوو بازڕەسی دیکەش لە لایەن لیژنەی شۆڕش و کەسێک لە لایەن دادستانیی گشتیەوە پێویستە».

ئەم ئامارەی کە لە خوارەوە دێت، ناوی ژمارەیەک لەو گوندانەیە کە هێرشیان کراوەتە سەر و خەڵکیان لێ کوژراوە و ماڵ و مەزرایان ئاگری تێ بەردراوە:

قارنێ ٦٨ شەهید، قەڵاتان ١٢ شەهید، ئیندرقاش٣٠ شەهید، وسووکەند ٥٨ شەهید، سۆفیان ١٢ شەهید، سارۆقامیش ١٣ شەهید، بانیراوی نەغەدە ١٣ شەهید، قەرەگۆلی مەهاباد ١٨ شەهید، سەوزی ٤ شەهید، چەلی کۆیکان ٢٣ شەهید، گێچە و هەڵەقووش ١٤ شەهید، چەقەڵ مستەفا ١٩ شەهید، گوندە وێڵەی شنۆ ٦ شەهید و دەیان و سەدان گوندی دیکەش کە ئەم جنایەتانەیان تێدا بەڕێوە چوون. ئەمە تەنیا کۆمەڵێک لە نموونەکانن کە باسیان لێ کراوە، ئەگەر نا ناوچەی وا هەبووە وەکوو سەڵماس، باوەجانی و زەهاو کە بێجگە

لەوەی بە سەدان کەسیان کۆمەڵکوژ کراون، لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندراون و پەڕیوەی عێراق و وڵاتانی دیکە بوون.

■ ٢٧: داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و هەڵوێستی حیزب (١٣٥٨)

ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ کۆمەڵێک لە خوێندکارانی ناسراو بە «پەیڕەوی خەتی ئیمام» هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و داگیریان کرد و بە «لانەی جاسووسی» ناودێریان کرد. ڕێژیمی ئاخوندی لەو ڕۆژە بە دواوە بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ خەڵکی ئێران و دنیای دەرەوەی بە کێشەی بەبارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئەمریکاییەکانەوە سەرقاڵ کرد و گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکایان وەک کردەوەیەکی دژی ئیمپریالیستی لە قەڵەم دا. تەنانەت بیشەرمییان گەیاندە ڕادەیەک کە ئەو کارەیان بە شۆڕشێکی گەورەتر لە شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دانا. هێندێک حیزب و ڕێکخراوی هەڵپەرەست و خۆبەدەستەوەدەریش ئەو کارە غەیرە قانوونییەیان بە نیشانەی دژی ئیمپریالیست بوونی ڕێژیم زانی و زۆریان بە بەژن و باڵای هەڵگوت. بەداخەوە هێندێک ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەش تووشی هەڵە بوون و بێ ئەم لاوئەولا پشتیوانییان لەو بێقانوونییەی ڕێژیمی خومەینی کرد تاکوو لەو جەوە کە پێکی هێنابوو کەڵک وەرگرێت و بناغەی ڕێژیمەکەی پتەوتر بکا. قانوونی ئەساسیی کۆنەپەرستانەی زوو بە تەسویب گەیاند و پاوانخوازیی حیزبی جمهووریی ئیسلامی، حیزبی گۆپاڵ بەدەستانی بە سەر گەلانی ئێراندا زاڵ کرد.

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بوو کە بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی ئەمریکایی ناتوانێ نیشانەی دژی ئیمپریالیست بوونی ڕێژیم بێ و ئەوە تەنیا بۆ فریودانی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێرانە. حیزب پێی وابوو ئەو کارە بە پێچەوانەی

قانوون و ڕێوشوێنە نیونەتەوەییەکانە و تەنیا بەرهەمێک کە لێی وەر دەگیرێ، بێ ئیعتبار بوونی ئێران لای بیروڕای گشتیی دنیا دەبێ و مەحکوومی کرد.

تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکەی حیزبی نیشان دا. هەر چەند ڕێژیمی خومەینی لە پێشدا بۆ ئازادکردنی بارمتەکان چەندین مەرجی وەک گەڕاندنەوەی حەمەڕەزا شا و داراییەکەی دانابوو، بەڵام لە کۆتاییدا پاش ٤٤٤ ڕۆژ هەراوهۆریا و دوای ئەوەی زیانێکی زۆر بە ناوبانگ و ئیعتباری ئێران گەیشت، ڕێژیم لەگەڵ بەناو شەیتانی گەورە ڕێ کەوت و بە بێ ئەوەی هیچ کام لە مەرجەکانی جێبەجێ کرابن، بارمتەکانی ئازاد کرد.

هەر وەک دیتمان، بە بارمتەگرتنی کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمریکا وڵاتی تووشی گەمارۆی ئابووری هێنا و خەڵکی هەژار و نەداری ئێرانی لەگەڵ کەمبوون و تەنانەت نەبوونی زۆر شتومەکی هەرە پێویستی ژیان بەرەوڕوو کرد. ئەو بە بارمتەگرتنە بوو بە هۆی ئەوەی کە نزیکەی دوازدە میلیارد دۆلار زەخیرەی ئەرزیی ئێران دەستی بە سەردا بگیرێ کە ڕێژیمی خومەینی بە ئازادکردنی بارمتەکان تەنیا چوار یەکێکی ئەو پووڵەی بۆ ئازاد کرا.

■ ٢٨: بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ پێشنووسی یاسای بنەڕەتیی ئێران (١٣٥٨)

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی پێشنووسی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییەوە لە هاوینی ١٣٥٨دا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک، کەموکوڕییەکانی ئەم یاسایەی بە روونی باس کرد. هەڵبەت دەکرێ بڵێین بە هۆی کەشوهەوای پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزب و بوونی تاقمی لایەنگری بۆچوونەکانی توودە لە نێو حیزبدا و هەر

وەها بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە لەو سەردەمەدا هێشتا رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەبۆتە سیاسەتی رەسمیی حیزب، جۆرێک پارێزکاری و خۆبواردن لە رەتکردنەوەی تەواویەتی یاساکە بە بەیاننامەکەوە دیارە.

■ لە بڕگە جۆراوجۆرەکانی ئەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە:

«خوێندنەوەی بنچینە گشتییەکان و ناڕوونیی ئەم گەڵاڵەیە لە راستیدا نیشاندەری ئەوەیە کە پێشنووس بە پڕتاوێکی خێرا ئامادە کراوە. جگە لەوە نوێنەرانی راستەقینەی گەلانی ئێران لە ئامادەکاریدا رۆڵیان نەبووە. بەم هۆیەوە و بە هۆی نەناسینی وڵات لە لایەن کەسایەتییەکانی ئامادەکاری ئەم یاسایەوە، مافە بنەڕەتییەکان و ویستی گەلانی بندەستی ئێران بەو شێوەیە کە لە پێگەی شۆرشی ئێرانە، مسۆگەر نەکراوە و نەپارێزراوە.

.. لە ئەسڵی ١٣ لە فەسڵی دوهەمی یاسای بنەڕەتیدا، ئایین و مەزهەب لە ریزێکدا هەڵکەوتوون. مەزهەبی فەرمی مەزهەبی جەعفەرییە کە ئەمە خۆی چەشنێک دەسەڵاتخوازی و سەروەریخوازیی مەزهەبییە و ئەگەر ئایینی فەرمیی ئێران ئیسلام بێ، ناوبردنی مەزهەب خۆی چەشنێک دوبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان گەلانی ئێران دەبێ.

لە ئەسڵی ٢١دا، کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی، ناڕوونە و بەکورتی هاتۆتە بەر باس. باشتر بوو شێوەی کەڵک وەرگرتن لەوە دیاری بکرێ. بە تایبەت هێنانە بەرباسی ئەم مەسەلەیە لە ئەسڵی ناوبراودا پێویستە کە پەروەردەو فێرکردن تا قۆناخی تایبەت بە زمانی زگماکی بێ و جگە لەمە، زمانە زگماکییەکان لە ناوچەدا فەرمی بن و لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا زمانی فارسی بە کار بهێنرێ.

.. گرینگترین عەیبی گەڵاڵەی پێشنیاریی یاسای بنەڕەتی، نەبوونی خودموختاری بۆ گەلانی ئێرانە. لە هیچکام لە ئەسڵەکان و

دەستەواژەکانی ئەم یاسایەدا، چەمکی خودموختاری بەدیار ناکەوێ.
یەکێک لە داواکارییەکانی شۆڕشی ئێران، شانبەشانی دێموکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێراندا ئەمەیە کە مافە سروشتییەکان و مافی گەلانی ئێران بە شێوەی «خودموختاری» یان «فیدراتیو» ڕێزیان لێ بگیردرێ...گەلانی ئێران بە بەختکردنی خوێن و لەخۆبردوویی، ڕەساڵەتی ڕێژیمی پەهلەوییان تێکەوە پێچا. شۆڕشی ئێران دەبێ بۆ گەشەکردن و درێژەدان و پتەوکردنی پێگەی خۆی و پاراستنی دەسکەوتەکانی، ویست و ئیرادەی جەماوەری گەلانی ستەملێکراوی ئێران وەڵامی ئەرێنی بدەنەوە. باس نەکردنی خودموختاری و ڕەچاونەکردنی ئەم سەرەتاییترین مافانە لە دەقی پێشنیاریی یاسای بنەڕەتیدا، نە بە قازانجی شۆڕشە و نە بە مەسڵەحەتی ئەم گەلانەش دەبێ.

.. شۆڕشی ئێران ڕێگە نادات یاسای بنەڕەتی کە نرخی خوێنی هەزاران شەهید و لەخۆبردوویی تەواوی خەڵکی ئێرانە، ببێتە ئامرازی دەستی کەسانێکی پاوانخواز و ناپسپۆڕ و ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکان و مرۆڤایەتی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتیدا لە بەرچاو بگیرێ. یاسایی بنەڕەتی دەبێ ڕێز دابنێ بۆ ویستە نەتەوەییەکانی خەڵکی ئێران و ئەسڵەکانی خۆی پشت ئەستوور بە ویستی جەماوەری زەحمەتکێش دابڕێژێ.

.. ئەسڵە داڕێژراوەکانی یاسای بنەڕەتی دەبێ لە مەجلیسێک بە ناو مەجلیسی دامەزرێنەران بکەوێتە بەر باس و شرۆڤەوە. کەوابوو کە نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی گەلانی ئێران لە مەجلیسێکدا بەناوی مەجلیسی دامەزرێنەران لە دەوری یەک کۆ نەبنەوە، چاوەڕوانی یاسای بنەڕەتییەک بەراورد کراو لەگەڵ بارودۆخ و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و شۆڕشی ئێران بێسوود دەبێ.

.. حیزبی ئێمە خوازیاری پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەرانە. نە بەهانەی کەمیی کات و خێرایی لە پەسندکردنی یاسای بنەڕەتی و نە بانگەشەیەک کە ئەم ویستەی پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەران وەک پیلانێک لێک بدرێتەوە، ناتوانێ ئەم راستییە وا گۆڕدراو وێنا بکا کە دامەزرانی یاسای بنەڕەتی بێ پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەران، کردەوەیەکی نادێموکراتیکە و مێژوو بە خۆشی یادی ناکاتەوە».

هەر وەک گوتمان، وادیارە کۆمیتەی ناوەندی لەو کاتەدا نەیویستووە مەسەلەکە بە تەواوی بورووژێنێ و لە بنی کوولەکە بدات، ئەگەر نا یاسای بنەڕەتیی ئێران زۆر بەندی خراپی تێدایە کە نەک لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی سەردەم ناگونجێن، بەڵکوو مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ هەزارو چوارسەد ساڵ پێش و خراپترین بەند کە لەو یاسایەدا گونجاوە، سیستمی حکوومەتییە کە سیستمی ولایەتی فەقیهە و کەسێک بە نێوی وەلی فەقیە دەسەڵاتێکی بێسنووری هەتاهەتایی دراوەتێ و لە راستیدا ئەم بەندەیە کە دەبێتە نیوەڕۆکی حکومەتەکە و باقی دامەزراوەکان. سەرکۆمار و هێزی قەزایی و پارلەمان لەو سیستمەدا هیچ دەسەڵاتێکیان نیە و هەر پاش پەسەندکرانی ئەم یاسایە لە پێداچوونەوەیەکی دیکەدا زۆر خاڵی نەرێنییان تێدا گونجاند کە جێگای ئەم باسە نیە و زۆری لە سەر نووسراوە. مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێڕەی دوای نووسراوەکەی کۆمیتەی ناوەندی ئەوە بوو کە روون بکرێتەوە کە ئەو قانوون و یاسایە زۆر لەوە خراپترە کە لەو کاتەدا و بە پێی هەلومەرجی سەردەم لە سەری نووسراوە.

■ ٢٩: کۆنگرەی چوارەمی حیزب (١٣٥٨)

پێش کۆنگرەی چوارەم سێ تەیفی فکری بۆ بە دەستەوەگرتنی رێبەرایەتی لە کۆنگرەی چوارەم لە هەوڵدا بوون: لایەنگرانی حیزبی

تــودە بــە پشــتیوانیی حیزبە تــودە، تەیفی دێموکــرات و نەتەوەخواز، تەیفێکی عەشیرەیی.

کۆنگــرەی چــوارەم لــە ڕۆژانــی ١٣٥٨/١١/٣٠ تــا ١٣٥٨/١٢/٥ لــە سالۆنی سینەما ئومێدی مەهاباد بە بەشداریی ٣١٠ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکان لە سەرتاسەری کوردستان دەستی پێ کرد. لەم کۆنگرەیەدا دوو لایەنی فیکری کەوتنە بەربەرەکانێی لایەنی دێموکــرات و نەتەوەخــواز کــە دوکتــور قاســملوو ڕێبەریــی دەکرد، لایەنەکەی دیکە بە دنەدانی حیزبی توودە و بە ســەرۆکایەتیی غەنی بلووریان و محەممەد ئەمین سراجی.

لەم کۆنگرەیەدا چوار مەسەلەی گرینگ دەکەوتنە بەرباس، هەڵوێست بەرانبەر بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشــی ئێران، دەستنیشــانکردنی دۆستان و دوژمنان لە رادەی نێوخۆ و دەرەوە، دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژ، دیاریکردنی سنوورێک لە نێوان مرۆڤی دێموکرات و نادێموکرات.

ســەرەڕای هەوڵێکــی زۆری دوکتــور قاســملوو بــۆ نیشــاندانی کەموکوڕییەکانــی سۆســیالیزمی ســوننەتی، بــەڵام بەهــۆی ریشــە داکوتانــی ئــەم بیروبۆچوونە لــە نێو ژمارەیەکی زۆر لە بەشــدارانی کۆنگــرەدا کارێکی بۆ نەچووە پێشــەوە و ئاکامــی لێدوانەکان ئەوەی لــێ کەوتــەوە کــە ئامانجــی دوارۆژی حیــزب بــوو بە سۆســیالیزمی زانســتی. سەبارەت بە ڕێبەرایەتیی شۆڕش کۆنگرە پشتیوانیی خۆی لە ڕێبەرایەتیی شــۆڕش دووپات کردەوە و خومەینیی وەک ڕێبەری شۆڕشــی ئێران ناســی و لە هەمان کاتدا دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»ی پەسند کرد.

ســەبارەت بە دیاریکردنــی دوژمنانی دەرەوە و نێوخۆ و هەروەها ســنووری نێوان مرۆڤی دێموکرات و نادێموکرات، دوکتور قاســملوو توانیــی ســیمای دێموکــرات لەم کۆنگرەیەدا بچەســپێنێ و مەبەســت لــە چەســپاندنی ئــەم تاریفانــە لــە مرۆڤــی دێموکــرات لــە ڕاســتیدا

سنوردانانێک لە نێوان بیروباوەڕی توودەیی و مرۆڤی دێموکراتدا بوو و ئەم مەرزبەندییە دەورێکی باشی گێڕا لە کزکردنی بیروباوەڕی توودەئیستیدا کە ئەم هەوڵە واتە هەوڵدان بۆ ریشەکێش کردنی نفووزی بیروبۆچوونی توودەیی کە ریشەی لە حیزبدا داکوتابوو، تا کاتی شەهید بوونی درێژە دا. سیمای دێموکرات کە لەو کۆنگرەیەدا بە پەسند گەیشت، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

سیمای دێموکرات لە روانگەی شەهید دوکتور قاسملوو:

«دێموکرات، باوەڕی بە رەساڵەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە و ئەم حیزبە بە رێبەر و رێکخەری خەباتی خەڵکی کوردستان دەزانێ.

دێموکرات، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پەسەند کردووە و لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا پەیڕەوی لە سیاسەت و رێنوێنییەکانی ئەم حیزبە دەکا و بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە لە هیچ چەشنە فیداکارییەک خۆ نابوێرێ.

دێموکرات، شانازی بەوە دەکا کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد و هەزاران شەهیدی سەربەرزە کە لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا گیانیان بەخت کردووە.

دێموکرات، لە بەستراوەیی بێزارە و هەر بۆیە پێی خۆشە کە حیزبەکەی بە بێ هیچ بەستراوەییەک لە بڕیارداندا بە تەواوی ئازاد و سەربەخۆ بێ.

دێموکرات، پشتیوانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراوی سەرانسەری جیهانە.

دێموکرات، لایەنگری ئازادی و دێموکراسییە و باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە و لە ئاکار و کردەوەی خۆیدا بەرامبەر بە هەموو

هێزە سیاسـییەکان و بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک لەم ئەسڵە ئیلهام وەردەگرێ.

دێموکرات، بۆ هێنانە سـەرکاری رێژیمێکـی دێموکراتیک لە ئێراندا لە سەر بناغەی پلۆرالیسم خەبات دەکا.

دێموکرات، بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکا. دابینکردنی ئـەم ئامانجـە بـۆ گەلی کورد لـە دیاریکردنی چارەنووسـی خۆی بە شێوەی خودموختاریدا دەبینێ.

دێموکـرات، ناسیۆناڵیسـتی بەرچاوتەنـگ نییـە و بـۆ دۆسـتایەتیی نێوان گەلانی ئێران رێز دادەنێ و مافی هەموو گەلانی لە لا بەڕێزە.

دێموکـرات، پارێـزەری مافی زەحمەتکێشـانە و دژی هەر چەشـنە چەوسانەوەیەکی ئادەمیزاد بە دەستی ئادەمیزاد خەبات دەکا.

دێموکـرات، لایەنگـری بەرابەریـی تەواوی مافی ژنـان و پیاوان لە کۆمەڵ و لە نێو خێزاندایە.

دێموکرات، بەشـەردۆسـتە و دۆسـتایەتیی نێوان ئینسانەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز و مەزهەب، بایەخێکی زۆر دەدا و هەر چەشنە رەگەز پەرستی و فاشیزم و مەزنیخوازییەک مەحکووم دەکا.

لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیدا تەیفی فیکریی دوکتور قاسـملوو توانی بە وەلانانی کەسانی وەک محەممەد ئەمین سیراجی و کەریم حیسـامی و چەند کەسـێکی دیکە سـەرکەوتنی دوایی واتە زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی دەستەبەر بکا. بەڵام توودەییەکان پاش کۆتایـی هاتنـی کۆنگـرە بە دنەدانی حیزبەی تودە دەسـتیان لە پیلان و دژایەتـی بـە دژی رەوتـی دێموکـرات هەڵنەگـرت و دوای کۆنگرە لـە یەکـەم پلینۆمـی کومیتـەی ناوەندیـدا هەوڵیـان دا جێگایـەک بـۆ خۆیان بکەنەوە. سـەرەتا هەوڵیان دا غەنی بلووریان بکەنە سـکرتێر کـە ئەمەیـان بـۆ نەچووە پێش. ئەمجار کە سـکرتێر بـوو بە دوکتور قاسـملوو، پێشـنیاری سـەرۆکی حیزبیان کرد کە بە هۆی ئەوەی کە

لە پێڕەوی نێوخۆدا دەرەتانی وەها کارێک نەدرابوو، ئەوەش سەری نەگرت. حیزبی توودە بەهۆی ئەوەی کە بە تەواوی چووبووە ژێر باڵی خومەینی و بە بیانووی خەباتی دژی ئیمپریالیستی دەیهەویست خۆشخزمەتی بە رێژیمی ئیسلامی بکا، ئەمجار تاقمی توودەیی نێو حیزبی هان دا و گەڵاڵەیەکیان هێنا بە ناوی «خودگەردانی» کە دەستبەجێ دوکتور قاسملوو لە میتینگی گەورەی شاری مەهابادا ناوی «سەرگەردانی» لە سەر دانا و رایگەیاند خەڵکی کوردستان «خودموختاری» دەوێ نەک «سەرگەردانی».

لە ماوەی پێش کۆنگرەی چوارەم و تا دوای کۆنگرەی چوارمیش حیزبی دێموکرات زۆری هەولأ دا بەڵکوو مەسەلەی کوردستان لە رێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێ و چەند وەفدی ناردە تاران، بەڵام سوودی نەبوو و ئاخرەکەی خومەینی لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لە شاری پاوە بە بیانووی دەستکرد شەڕی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند و خومەینی دەستووری جیهادی دژی گەلی کورد ساز کرد.

■ ٣٠: هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە کوردستان (١٣٥٩)

ماوەیەک دوای تەواوبوونی کاروباری کۆنگرەی چوارەم، هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شوورا لە سەرەتا سەرتاسەری ئێراندا دەست پێ کرا. لەگەڵ ئەوەی حیزبی ئێمە لە لایەن دەوڵەتی خومەینییەوە بە هەڵوەشاوە!! راگەیەندرابوو و هەر چەند پێشمان وا نەبوو ئەو رێژیمە رێگا دەدا نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بچنە مەجلیس، دیسان لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بووین. هەر چەند لە زۆر شاری جنووبی کوردستاندا هەر لە سەرەتاوە رێژیمی خومەینی بە بیانووی ئەوەی کە ئەمنیەت نیە، ئامادە نەبوو هەڵبژاردن پێک بهێنێ،

بـەڵام بـە ئیقراری نوێنەرانی وەزارەتی کیشـوەر کـە بۆ چاوەدێریی هەڵبـژاردن هاتبوونـە کوردسـتان، هەڵبژاردنـی نۆینەرانـی مەجلیس لـە کوردسـتاندا نموونـەی هەڵبژاردنێکـی سـالم و دێموکراتیک بوو. لـەو هەڵبژاردنـەدا خەڵکی کوردسـتان بـۆ یەکەم جـار دەیانتوانی بە ئازادی دەنگ بدەن و نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. کاندیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی زۆری حەوزەکانی هەڵبژاردندا هەر لـە قۆناغـی یەکەمدا سـەرکەوتن و لـە حەوزەکانی دیکەشـدا هەموو کاندیداکانی حیزب چوونە دەوری دووهەم. لەو هەڵبژاردنەدا بەرنامەی کاری کاندیدەکان هەر هەمان بەرنامەی حیزب بوو. لەم هەڵبژاردنەدا ژمـارەی دەنگـی کاندیدە براوەکانی حیزب بەم چەشـنە بوو: «غەنی بلووریان» نوێنەری مەهاباد ٩٥/٢٪ی دەنگەکان، «مستەفا هیجری» نوێنـەری نەغەدە و شـنۆ ٢١٠٦١ دەنگ (٩٥/٩٪ی دەنگەکان)، «قادر عەبدی» نوێنەری پیرانشـار و سـەردەشـت ٢٨٢٨٥ دەنگ (٨٢/٦٪ی دەنگـەکان)، «ئەبووبەکـر هیدایەتی» نوێنەری بـۆکان ١١٦٢٣ دەنگ (٥٧/٢٪ی دەنگەکان)، «فارووق کەیخوسـرەوی» نوێنەری سـەقز و بانە ٢٠٧٠٢ دەنگ (٥٧/٧٪ی دەنگەکان).

دیارە ئەگەر ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە لە هێندێک شـوێندا پێگە و مەوقیعیەتـی شەخسـیی کاندیداتۆرەکانـی حیزبەکانـی دیکـە وەک دوکتـور جەعفـەر شـەفیعی لە بـۆکان و دوکتور شـاکری لە سـەقز لـە هیـی کاندیداکانـی حیزبی دێموکرات زۆر باشـتر بـوو، بەڵام بەو حاڵەشـەوە کاندیداکانی حیزب سـەرکەوتن، ئەوکات باشتر لە نفووز و خۆشەویستیی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا تێدەگەین.

هەڵبژاردنی مەجلیس دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی خەڵکی کوردسـتان جارێکـی دیکە پشـتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران دەرببـڕن. ئەگـەر لـە سـەر یـەک حیسـابی بکەیـن، سـەدی هەشـتای خەڵکـی کوردسـتان (لەو شـوێنانەی کە هەڵبـژاردن کرا و

ڕێگەی بەشداری بۆ نوێنەرانی حیزب ئاوەڵا بوو) دەنگی خۆیان بە کاندیدەکانی حیزبی دێموکرات دابوو.

بەڵام هەر وەک چاوەڕوان دەکرا، ڕێژیمی خومەینی هیچ ڕێزێکی بۆ رای خەڵکی کوردستان دانەنا و ڕێگای نەدا هیچ کام لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بچنە مەجلیس.

■ ٣١: هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر کوردستان (بەهاری ١٣٥٩)

لە ماوەی نیوان کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا وڵاتی ئێران و بەتایبەتی کوردستان هێندێک ڕووداوی گەورەی بە خۆیەوە دی. هێشتا دوو مانگ بە سەر کۆنگرەی چوارەمدا رانەبردبوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بۆ سەقامگیریی دەسەڵاتی خۆی و بۆ پشوو تازەکردنەوەی هێزەکانی بە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی شەڕی پەلاماردانی کوردستان راگرتبوو، سەر لە نوێ هێرشی کۆنەپەرەستانەی خۆی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەست پێ کردەوە. پەلاماری ئەمجارەی کۆنەپەرەستی بۆ سەر کوردستان لەگەڵ هێرشی دڕندانەی هاوینی ساڵی ١٣٥٨ جیاوازییەکی زۆری هەبوو. لە پێشدا گەمارۆیەکی توندی ئابووریی خستە سەر کوردستان و تەنانەت پێشی بە هاتنی دەرمانی نەخۆشان و شیر وشکی منداڵانیش گرت، بەو مەبەستە کە خەڵکی قارەمانی کوردستان بە چۆکدا بێنێ. پاشان کاتێک کە تێگەیشت ئەو کارە دژی گەلییە چووکەترین شوێندانەریی لە سەر ورەی بەرزی کۆمەڵانی تێکۆشەری گەلی کورد دانەناوە، گوللە تۆپ و خومپارە و راکێت و بۆمبی بە سەر ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتووی شار و گوندەکانی کوردستاندا باراند.

قوربانیی یەکەمی ئەم سیاسەتە، شاری سنەی خۆڕاگر و قارەمانپەروەر بوو کە لە شەڕێکی ٢٦ ڕۆژەدا دەیان حەماسەی

ئازایەتیی لە بەرانبەر ئاگربارانی لەشکری پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمدا تۆمار کرد. بەدوای سنەدا شـاری نەبەزی سەقز و شاری قارەمانی بانـە کەوتنـە بـەر هێرش، ئەو دوو شـارە سەرسـەخت و لە شـکان نەهاتووەش هەر زیاتر لە مانگێک لە ژێر ڕەهێڵەی شێستیر و بارانی تۆپ و خومپارە و ڕاکێتی کۆنەپەرەستیدا ژن و پیاو و پیر و لاویان بوو بە قوربانیی سیاسەتی فاشیستیی ڕێژیمی خومەینی.

هاوکات لەگەڵ کوتانی شارەکانی کوردستان، هێرشی کۆنەپەرەستی بۆ سـەر ناوچـە لادێیەکانیش دەسـتی پـێ کردبوو. لە شـیمالەوە تا جنووب لە هەموو جێگایەک ئاگری شەڕێکی ناڕەوا کڵپەی هەڵدەستا و شـار و گونـد و شـاخ و دەشـتی پێکـەوە دەسـووتاند. لـە کۆتایی هاوینی ١٣٥٩دا ڕێژیمی خومەینی هێرشـی دڕندانەی خۆی بۆ سـەر شاری مەهاباد دەست پێ کرد. فەرماندەی پادگان بە پانەوە دەیگوت: «دەسـتوورمان پـێ دراوە کـە مەهابـاد خاپـوور بکەیـن و پیـواز و پەتاتەی لێ بچێنین».

لـە ناوچـە لادێکانیشـدا هێزەکانـی کۆنەپەرسـتی دەڕندەیـی و خوێنخۆریـی خۆیـان گەیاندە ئەوپـەڕی. لە هەر جێگایـەک بەرامبەر بـە هێـزی لەشـکان نەهاتـووی پێشـمەرگە و خۆیان پـێ ڕانەگیرا و پاشەکشـەیان دەکـرد. پەلاماریـان بردە سـەر دێنشـینە بێدیفاعەکان و قەلاچۆیـان تـێ خسـتن. «قەڵاتـان و ئیندرقـاش و وەسـووکەند و حانەگی و سۆفیان و کولیج و سەرۆکانی و دارەلەک و هەڵەقۆش و گێچێ» و دەیان گوندی دیکەی کوردستان شاهیدی وەحشیگەری و خوێنڕێژیی بە ناو پاسدارانی ئیسلام! بوون. بە کورتی هیچ شارێکی کوردسـتان نەمـا کە وە بـەر پەرلامـاری کۆنەپەرەسـتی نەکەوێ و کەمتـر دێیـەک لەو نیشـتمانە پـان و بەرینەدا ما کە دەسـتی چەپەڵی دوژمنانی ئازادی جینایەتێکی تێدا نەخولقاندبێ.

بـەڵام خەڵکـی قارەمـان و ئازادیخـوازی کوردسـتان بەرانبەر بەو

هەموو مرۆڤکوژی و دڕندەییەی دوژمنانی مرۆڤایەتی وەک کێوێکی پۆڵایین راوەستان و هیچ کاتێک تەسلیمی زبروزەنگی کۆنەپەرەستان نەبوون.

خەڵکی شارەکان تەرمی نزیکترین خۆشەویستانی خۆیان لە حەوشەی ماڵەکانیاندا دەناشت، بەڵام حازر نەبوون سەر بۆ دوژمن نەوی بکەن، فەرماندەی پادگانی مەهاباد گوتبووی شەش مانگە من لێرەم، یەک نەفەر مەهابادی رووی نەکردووەتە پادگان. خەڵکی گوندە کاولکراوەکانی کوردستانیش چەک لە سەر شان، لە ریزی پێشمەرگەدا دیفاعیان لە ئازادیی گەلەکەیان دەکرد و دەیانگوت ئێستا کە دێکانمان سووتاون، چیمان ماوە لە دەستی بدەین؟ قەلاچۆی چەند گوندی کوردستان نەک هەر دێنشینە بەشەرەفەکانی چاوترسێن نەکرد، بەڵکوو زیاتر هانی دان کە چەک هەڵبگرن و دیفاع لە خۆیان بکەن تا بە دەردی «ئێندرقاش و وەسووکەند» و گوندە قەلاچۆکراوەکانی دیکە نەچن. بەو جۆرە گەلی کورد بە دنیای نیشان دا کە لە پێناوی ئازادیدا لە هیچ جۆرە فیداکارییەک درێغ ناکا و هەر بۆیەش شایانی ژیانێکی ئازاد و سەربەستە.

■ ٣٢: شەڕی ٢٦ رۆژەی سنە (١٣٥٩)

خومەینی ساڵی ١٣٥٩ی وەکوو «ساڵی ئەمنیەت» ڕاگەیاندبوو و بۆ ئەم مەبەستە دەستی سپا و ئەرتەشیان ئاوەڵا کردبوو بۆ دابینکردنی ئەمنیەت بە هەر قیمەتێک و مەبەست ئەوە بوو کە دەتوانن دەست بۆ هەموو کارێک بەرن.

بەنی سەدر لە رێوڕەسمی ١٢ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا پێداگریی کردبوو کە مەسەلەی یەکەمی وڵات بە تێگەیشتن لە پەیامی خومەینی ئەمنیەتە و رایگەیاندبوو کە لەم ساتەوە ئەرتەش بۆی نیە پۆتینەکانی لە پێ دەر بێنێ تا ئەو کاتە ئەم

ناوچەیـە لەم یاخییانە پاک دەکاتەوە. ڕۆژی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ بنـی سـەدر ڕایگەیانـد ئەگەر ئـەوان دەڵێن هەر چیمـان دەوێ دەبێ پێمـان بدەن دەنا شـەر دەس پێ دەکەین، مـن بە میللەت ڕادەگەیەنم کە هیچ کاتێک جیابوونەوەی تەنانەت بسـتێک لە خاکی وڵات قبووڵ ناکەم.

ئـەم هێرشـە توندانەی بەنی سـەدر لە کاتێکدا بـوو کە هیچ کام لە هێزەکانی کوردستانی ئێران خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران نەبوون و زورتر پێوەندیی بە کێشە و دووبەرەکایەتییەکەوە هەبوو لە نێوان خەتی ئیمام و بەناو لیبراڵەکاندا هەبوو. ناوبراو وەک سـەرکۆمار لە نێوخۆی ڕێژیمدا لەگەڵ شوورای ئینقلاب کە بە دەستی ئاخوندکانەوە بـوو، لـە کێبڕکێدا بـوو و بەم لێدوانە توندانە دەیهەویسـت پێگەیەکی قایمتر بۆ خۆی دابین بکا. کوردستان لە ماوەی ئەو چەند دەیەدا بە داخەوە خاڵێکی کێبڕکێ مۆرە ورد و درشتەکانی ڕێژیم بوو. کامەیان هەڕەشـەیان بـۆ سـەر کوردسـتان توندتـر و جنایەت و سـەرکوتی زیاتریان بە ڕێوە بردبێت، باڵادەسـتتر دەبوون و ئەمە دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەو ڕوانینە کە سیسـتمی کۆماری ئیسـلامی بەگشـتی لە سـەر کوردستان هەیەتی.

پێویسـتە دووپاتـی بکەینـەوە کـە جموجۆڵـی شـەڕخوازانە و ئاژاوەگێڕانەی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم هەر لە زستانی ١٣٥٨ی هەتاویدا دەستی پێ کردبوو، هێشتا ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە چۆڵ نەکرابوو کە لە شیمال و جنووبی کوردستان خەبەری پەلاماری دوژمـن بـڵاو بـووەوە. لـە ناوچـەی کامیـاران لـە جنـووب، وێـڕای گەمارۆی ئابووری، پەلاماری نیزامیش درێژەی هەبوو. لە شیمالیش لـە دەوروبەری ورمێ کۆنەپەرەسـتان دەیانەویسـت شۆڕشـگێڕانی کورد چەک بکەن. بەڵام هێرشـی بەربڵاو و بێبەزەییانەی جەللادانی ڕێژیمی خومەینی لە بەهاری ١٣٥٩دا دەستی پێ کرد.

یەکەم قوربانیی ئەو پەلامارە وەحشیانەیە شاری قارەمانپەروەری سنە بوو. سنەی خوێناوی نزیکەی چل رۆژ لە ژێر ئاگربارانی تانک و تۆپ و خومپارە و هێلیکۆپتێر و فانتۆمدا بوو، بە هەزاران شەهید و بریندار ی دا، بە سەدان خانووی بە سەر دانیشتوانی بێ دیفاعیاندا رووخاند، دەیان و بگرە سەدان میلیۆن تمەن زیان و زەرەری ماڵیی وێکەوت. بە کورتی هەرچی شوێنەواری ئاوەدانیی ئادەمیزادی سەدەی بیستەمە، لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و هیتر، هەمووی بە دەستی کوندەبووی نەگبەتی لە نێو چوو.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کاتێک هێزەکانی رێژیم بە مەبەستی هەڵگیرساندنی شەڕ دەیانەویست بە شاری سنەدا تێپەڕن و بەرەو سەقز برۆن، حیزبی دێموکرات زۆری هەوڵ دا رێگایان بدرێ برۆن بۆ ئەوەی شەڕەکە بچێتە دەرەوەی شار و خەڵکی بێ دیفاع نەکوژرێ و شارەکەش وێران نەبێ. بەڵام بەداخەوە هێندێک دەستە و تاقمی بێ ئەزموون شەڕەکەیان لە نێو شاردا هەڵگیرساند، دروشمی «سنە دەکەینە ئیستالینگراد»یان هەڵگرت و کاتێکیش دوژمن بە هەموو هێزی سەرکوتی خۆیەوە دەستی بە کوتانی شار کرد، پێشمەرگەکانی حیزب جگە لەوەی کە دیفاع لە خەڵک بکەن، رێگایەکیان بۆ نەمایەوە. بەڵام ئەندامانی ئەو گرووپانە کە لایەنگری شەڕی نێو شار بوون، شاریان بە جێ هێشت.

شەڕی سنە روژی ٢ی بانەمەڕ دەستی پێ کرد و شوێنە جۆراوجۆرەکانی سنە کەوتنە بەر رەهێڵەی ئاگری تۆپخانەی پادگان. بە وتەی سەرهەنگ سەدری فەرماندەی پادگانی لەشکری ٢٨ی سنە، ئەوان تەنیا لەو پادگانەوە لە هەر کاتژمێرێکدا ٤٠٠ گوللە تۆپیان بە شاری سنەوە ناوە و ئەمە بێجگە لە بۆمب هەڵڕشتن و تیربارانی فرۆکە و هێلیکۆپتر بوو کە بەردەوام بە سەر شاردا دەسووڕانەوە و شاریان بۆردمان دەکرد.

گوردانی ٢ی سپای تاران بە فەرمانی ئەبووشەریف بە هوی هێلیکۆپترەوە گوازرایەوە بۆ پادگانی سنە و ڕێژیم بەردەوام هێزی زیاتر و زیاتری دەنارده مەیدانی شەڕەوە و سپای ئیسفەهان بە سەرکردایەتیی سەییادی شیرازی و ڕەحیم سەفەویش بۆ شەڕی سنە بەڕێ کران و لە سپای کرماشانیش بو ئەو شەڕە کەڵک وەرگیرا.

محەممەد برووجردی کە دەکرێتە فەرماندەی لەشکرەکانی کرماشان و پارێزگای کوردستان دەڵێ: کاتێک پادگانی لەشکری ٢٨ی کوردستانم وەرگرت، ٣٠ قەبزە چەکی ١٠٦ میلیم و ٢٠ قەبزە خومپارەی ١٢٠ میلیمم بە موهیماتێکی تەواوەوە وەرگرت کە ئەو چەکوچۆڵە بۆ ساڵیانی ساڵ شەڕ لە کوردستاندا بەس بوو.

لە ڕۆژی یەکەمی شەڕدا پێوەندیی نێوان پادگان و فڕۆکەخانە و باشگای ئەفسەران کە شوێنی جێگیربوونی لە پادگانی سنەدا بوو، پچڕا. بەو هۆیەوە لە هەموو ئەو ئەفسەر و دەرەجەدار و سەربازە کوردانە دردۆنگ دەبن و بە عامیلی بە وتەی خوێان دژەشۆڕشیان ناو دەبەن، بۆیە یان دەریان دەکەن یا دەستبەسەر.

لەسێ ڕۆژی سەرەتای شەڕەکەدا بەپێی ئاماری خودی ڕێژیم ٢٦ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران. یەکەمین کوژراویان سەرهەنگ نوسرەت زادە، فەرماندەی تیپی یەکی لەشکری کوردستان بوو کە پاش کوژرانی پلەکەیان بردەسەرەوە. پاش ئەم شەڕە بوو کە قەرارگای «حەمزەی سەیدولشوهەدا»یان لەهەموو کوردستان دامەرزاند.

لە درێژەی ئەم شەڕەدا هێزەکانی ڕێژیم لە گەمارۆی هێزی پێشمەرگەدا دەبن کە بە هێلیکۆپتر تەداروکاتیان بۆ دەچوو و لە ئاکامی ئاگری چەکەکانی هێزی پێشمەرگەدا هێلیکۆپتر دەکەونە خوارەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەو شەڕە، لەبەشێک لەشارەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە سنەخۆپێشاندان کرا و لەهەموو شارەکاندا یارمەتی و خواردن و دەرمان بو سنەدەنێردرا.
بەداخەوە لەو شەڕەدا زیاتر لە بیست پێشمەرگەی حیزب شەهید و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. لە کۆتاییدا خەڵکی شاری سنە راستی و دروستیی سیاسەتی حیزبی دێموکراتیان بۆ دەرکەوت و تێگەیشتن کە لە بەر پاراستنی گیان و ماڵی ئەوان بوو کە حیزب خۆی لە شەڕی نێو شار دەبوارد.

■ ٣٣: جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لە حیزبی دێموکرات (١٣٥٩)

لە سەروبەندی سەرکەوتنی شۆرشی ٥٧دا ڕێبەریی حیزب بە سەر سێ بیروبۆچووندا دابەش کرابوون: بیروبۆچوونی عەشیرەتی، بیروبۆچوونی توودەیی، بیروبۆچوونی دێموکرات و نەتەوەخواز. نوێنەری بیروبۆچوونی توودەیی لە ڕێبەریدا غەنی بلووریان و محەممەد ئەمینی سەراجی بوون، نوێنەری بیری نەتەوەخوازیی دێموکراتیک دوکتور قاسملوو بوو و چەند کەسێکیش نوێنەری بیری عەشیرەتی بوون.
پاش سەپاندنی شەڕ بە سەر کورد و حیزبی دێموکراتدا لە لایەن ڕێژیمەوە، باندی توودەیی نێو حیزب لە سەر ڕێنوێنیی حیزبی تودە دەستیان دایە پۆلێنکردنێکی سەیر و هەر کەس و لایەنێک ئامادەی نۆکەری بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی نەبووبایە، بە دژەشۆڕش و خزمەتگوزاری ئەمپریالیزم ناودێریان دەکرد. ئەم گرووپە کێشەی کوردی گرێ دابوو بە خاشەبڕکردنی ئاسەواری دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەمپریالیزم و سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی میللی دێموکراتیک کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا خودموختاریی

فەرهەنگی و ئیداری لە چوارچێوەی تەواویەتی ئەرزیی ئێراندا مسۆگەر بکرێ.

بەڵام دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی مەسەلەی پشتیوانیکردن لە شۆڕش و بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەستبوو بە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی گەلاڵەی پێشنیارکراوی خودموختاری و راگەیاندن و جێبەجێکردنی لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە.

یەکێک لەخاڵەپەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم درێژەدان بەوتوویژ لەگەڵ کوماری ئیسلامی بوو. هەر چەند کە پەسەندکرانی ئەم بڕیارەش نەیتوانی پێش بە شەرخوازیی کۆماری ئیسلامی بگرێ و دوای چەند مانگ بەناو وتوویژ، رژیم بەدنیەتیی خۆی نیشان دا و هەر لەڕۆژەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی چوارەمدا بوو کەهێرشی خوی لەپاوە و کامیارانەوە بۆ ناوچەئازادکراوەکان دەست پێ کرد و پاش تەواوبونی کۆنگرەی چوارەمیش حیزب زۆری هەوڵ دا تا وتووێژەکان بەردەوام بن، بەڵکوو مەسەلەی کورد لەڕێی وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. تەنانەت پاش گەلاڵە٢٦ مادەییەکەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کەبەئاکام نەگەیشت، حیزبی دێموکرات لەهەوڵێکی دیکەدا بۆ بەئاکام گەیاندنی وتوویژ گەلالەیەکی ٦ مادەیی پێشکەش بەدەوڵەت کرد کەئەمەشیان بێ وەڵام مایەوە.

ئەم کێشەیە هەروا درێژەی کێشا و دەیان تۆمەتیان بۆ دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات وەکوو عامیلی ناتۆ، عامیلی بەعس و.. ساز کرد و لە پشتی هەموو ئەم تەبلیغەوە دەستی حیزبە دۆڕاوەکەی توودە دیار بوو، تا لە ئاکامدا لە رۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی ٧ کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە ناوەکانی غەنی بلوریان، رەحیم سەیفی قازی، فەوزیە قازی، فارووق کەیخوسرەوی، ئەحمەد عەزیزی، نەوید موعینی و مامۆستا هێمن، لە بەیاننامەیەکدا جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند و خۆیان بە «حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران ـ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» لە قەڵەم دا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشیان کە ١٨ ئەندامی کومیتەی ناوەندی و زیاتر لە ٩٥٪ی ئەندام و کادر و پێشمەرگەکانیان لەگەڵ بوو، بە «باندی قاسملوو» لە قەڵەم دابوو.

لە بەیاننامەکەدا ڕایانگەیاندبوو کە بە پەیڕەوی لە ڕێبازی دیاریکراوی کۆنگرەی چوارەم دەچنەوە ناو ڕیژیم و بە وتەی خۆیان «باندی قاسملوو»یان وە دەر ناوە، لەو ڕاگەیەندراوەدا زۆر تومەت وەپاڵ ڕێبەرایەتیی حیزب بە تایبەت شەخسی دوکتور قاسملوو درابوون، ئەوان لە ڕاگەیاندراوەکەیاندا حیزبی دێموکراتیان بە لادان لە ڕێبازی کونگرەی چوارەم تۆمەتبار دەکرد و خۆیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە قەڵەم دەدا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەرنامەی حیزب لە کۆنگرەیەکدا پەسەند کرابوو کە ئەوان شکستیان هێنابوو، لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتبوو کە: «کومیتەی ناوەندی لەو ماوەیەدا بە کوشتنی ئەو برا پاسدارانە زۆر جینایەتی کردوون کە ئەوانیش لە بەر ئەوەی ئیفشاگەرییان لەو بارەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و توودەهای حیزبی نەکردووە، خۆیان بە تاوانبار دەزانن».

لەو بەیاننامەدا هەروەها هاتبوو کە ئەم باندە سەر بە سۆسیال دێموکراسیی ئورووپای غەربییە و لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دنیای ئەمڕۆ دژایەتی دەکا و مێشکی ریفۆرمیشی هەیە و ناسیۆنالیستی کوێر و بەرچاوتەنگە، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دوکتور قاسملوو هەوڵی گونجاندنی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»ی لە بەرنامەی حیزبدا دەدا.

ئەمە کاکڵی بۆچوونی گرووپی حەوت کەسی بوو کە تەنانەت واوێکیش لەگەڵ بۆچوونی حیزبی توده فەرقی نەبوو و لە ڕاستیدا هەر هەمان بۆچوونی حیزبی توده بوو کە پێیان دیکتە کرابوو و ئەوانیش «تووتی وار» دەیانگوتەوە. بەم چەشنە گرووپی حەوت

کەسی بە ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەی لایەنگری خۆیانەوە چوونەوە و لە نێو ڕێژیمدا جاسووسییان لە سەر ئەندامانی حیزب دەکرد و شەڕیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەست پێکرد. ماوەیەک پاش جیابوونەوەیان بە دنەدانی ئەوان و حیزبی توودە گرووپێکی ٣ کەسیی دیکە لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە ناوەکانی «سەنار مامەدی، جهانگیر ئیسماعیل زادە و ڕەحمان کەریمی» لە حیزب جیا بوونەوە و بە هاوکاریی ئەو ٣ کەسەی دیکە بە تایبەتی جهانگیر و سەننار کە هێزی عەشیرەیی خۆیان لەگەڵیان بوو، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بە شەڕ هاتن و چەند ناوچەیەکیان بە هاوکاریی پاسدارەکان لە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرهێنا و لە گیرانەوەی هەر کام لە ناوچەکاندا ئەحمەد عەزیزی، کە ئەو کات لە نێو تاقمی حەوت کەسیدا بەرپرسایەتیی تەشکیلاتیی لە سەر شان بوو، بۆ خەڵک لە دژی حیزب و بە پشتیوانیی پاسدارەکان و خومەینی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەبلیغی دەکرد. ڕەحمان کەریمی پاش ماوەیەک کە لە لایەن ڕێژیمەوە مەئمووریەتی کوشتنی سەنناری پێ دەدرێ و سەننار بەم پیلانە دەزانێ و دەستپێشخەری دەکا و ڕەحمان کەریمی دەکوژرێ.

لە کاتی جیابوونەوەی گرووپی حەوت کەسیدا دوکتور قاسملوو لە مەهاباد میتینگێکی بۆ خەڵک پێک هێنا و پێی ڕاگەیاندن کە گرووپی حەوت کەسی داوای چەکدانان و تەسلیم بوونەوەمان بە ڕێژیم دەکەن، ئێوە چ دەڵێن کە لەو میتینگەدا خەڵک ئەو گرووپەیان بە خائێن ناسی و داوایان لە حیزب کرد کە درێژە بە خەبات تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل بدات، خەباتێک کە تا ئێستاش بەردەوامە.

تاقمی حەوت کەسی دواتر بە سەر سێ بەشدا دابەش بوون:

بەشی یەکەمیان وەک فارووق کەیخوسرەوی و .. بوون بە بەشێک لە ڕێژیم.

بەشـی دووهەم پێش لە کۆنگرەی حەوتەم داوایان کرد بگەڕێنەوە نێو حیزب. کومیتەی ناوەندی پێی ڕایگەیاندن کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نێو حیزب، بەڵام پێش لەوەی کە بگەڕێنەوە پێویستە هەم پەیڕەوی نێوخۆی حیزب بەو شێوەیە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا پەسەند کراوە قبـووڵ بکـەن، هەم هەڵوێسـتی خۆیان لەمـەڕ چالاکیـی ڕابردوویان بەرانبەر بە سیاسەتی ئەو کاتی تاقمی حەوت کەسی کە دوژمنایەتیی لەگەڵ بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردسـتان هەبوو، روون بکەنەوە و ئەم بۆچوونەی خۆیان دەبێ بە شێوەی نووسراوە بـدەن بـە حیزب. ئەو جارە حیزب ماوەیەکیان بۆ دیاری دەکا، ئەگەر لـەو ماوەیـەدا نیازپاکـی و دڵسـۆزیی خۆیـان بە کردەوە نیشـان دا، ئـەو کات تـاک تاک بە ئەندامی حیزب وەردەگیرێنەوە کە بە پێی ئەم مەرجە چەند کەسێکیان گەڕانەوە بۆ نێو حیزب.

بەشـی سـێهەم پـاش چەنـد سـاڵ لـە ڕاگەیەندراوێکـی ڕەسـمیدا خۆیان بە هەڵوەشـاوە ڕاگەیاند، پاش ئەوەی ژمارەیەکیان (سـراجی، بلووریـان) چوونـەوە باوەشـی حیزبـی دایکیـان (تـوودە) و غەنـی بلووریان دەستبەجێ بوو بەئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی توودە، سەرەنجام ناوێک لەو تاقمە نەما و ئێستاش خەڵکی کوردستان وەک بەشێک لە مێژوو سەیری دەکەن.

لە پاش جیابوونەوەی ئەم گرووپە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیاندا ٦ کەسـی دیکـە کـران بـە ئەندامـی کومیتـەی ناوەنـدی (کارێـک کە ڕەوتی ڕەسـتگار ـ حەسـەنزادەش پاش دابڕانیان لە حیزب کردیان). محەممـەد ئەمیـن سـیراجی لـە یەکەم کۆبوونـەوەدا کرا بـە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەسـتبەجێ بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسـی. ئـەم کەسـانەش بوون بـە ئەندامی کومیتەی ناوەنـدی: قادر خالیدی، ناسـر خۆشکەلام، حوسێن بەخشی، کە لە هەموو کۆبوونەوەکانیاندا ٣ کادری کوردی حیزبی توودە بەشـدارییان دەکرد. هەر لەو کاتەدا

محەممەد ئەمین سیراجی، غەنی بلووریان و ڕەحیم سەیف قازی، لە تاران لە تەنیشت حیزبی توودە قۆناغی پێگەیشتن و تێگەیشتنیان تێدەپەڕاند و بەم چەشنە گرووپی حەوت کەسی بە تەواوی کەوتە بەر دەستی حیزبی دایک و هەر چەشنە سەربەخۆییەکی بڕیاردانیان لێ زەوت کرا. لە ڕاستیشدا پاش ئەم قۆناغە سیاسەتی حیزبی توودە لە ڕێگای پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەوە لە کوردستاندا بە ڕێوە دەچوو. ڕۆژنامەکەشیان هەر بە ناوی «کوردستان» دەر دەکرد.

لە بەهاری ١٣٦١دا ژمارەیەک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە پاش ئەو هەموو خزمەتە تەنانەت لە ئیختیاردانانی لیستەی ئەندامانیان و خۆشخزمەتییەکی لە ڕادەبەدەر لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە گیران و لە ڕۆژی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١ی هەتاویدا کیانووری، سکرتێری گشتیی حیزبی توودە و چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی دیکەیان کەوتنە بەر هێرش و گیران و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی تودە دەستیان بە ئیعترافاتی سەیر و سەمەرە لەسەر رادیۆ و تەلەڤیزیۆن کرد و خۆیان بە عامیلی بێگانە، خائین و .. لە قەڵەم دا و خومەینی و ڕێژیمەکەیان بە نموونەی ڕێژیمی باش هێنایە بەر باس و داوای لێبووردنیان لێی کرد.

لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ١٣٦٢دا ڕاوەدوونان و گرتنی توودەییەکان دەستی پێکرد و لە ڕۆژی ١١ی بانەمەڕی ١٣٦٢دا «کیانووری» سکرتێری گشتیی حیزبی توودەیان هێنایە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنی ئێران و ناوبراو دانی بە خەیانەتەکانی حیزبی توودە و پێوەندیی بەستراوەیی بە حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەت و سیخوڕیکردن بۆ ئەو وڵاتە و هەروەها چەوتیی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی حیزبەکەیاندا نا.

لەم پێوەندییەدا بوو کە تاقمی حەوت کەسیش وە خۆیان کەوتن و بەرەو «خواکوڕک» هەڵاتن و ماوەی ٣ ساڵ لە لای حیزبی شیووعی

مانـەوە کـە لـەو ماوەیەدا ٣ کەسـیان بـە ناوەکانی غەنـی بلووریان، محەممەد ئەمین سراجی و نوید موعینی بە هیوای قسەکردن لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیـزب لە دەرەوە بوون و لە ئاکامدا بە پێی نامەیەک و بـە بـێ ئەوەی پرس بەو کەسـانەیان بکەن کە لـە «خواکورک» لای حیزبی شیوعی بوون، بڕیاری تێکەڵبوون بە حیزبی توودەیان قبووڵ کـرد، غەنـی بلووریـان بوو بـە ئەندامـی دەفتەری سیاسـیی حیزبی توودە و محەممەد ئەمین سیراجی بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەپێی ڕاگەیەندراوێک خۆیان هەڵوەشـاندەوە کە پاش چەند سـاڵ لەگـەڵ حیزبـی تودە بـوون و جارێکی دیکە بەپێـی بەیاننامەیەک کە لـە ڕێکەوتـی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩ دەرچـوو، ئاماژەیان بە هەڵەی خۆیان لە ڕابردوودا کرد و جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی توودەی ئێـران ڕاگەیانـد، حیزبـی توودەیـەک کـە بـۆ خـۆی مەوزووعیەتـی نەمابوو، باسێکی نەدەکرا. لە بەشێک لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە:

«پێویسـت بـە گوتنـە، کاتـێ کـە ڕێبـەران و کادر و ئەندامانـی حیزبـی تـوودە و گرووپـی حـەوت کەسـی کەوتنـە بـەر پەلامـاری ڕێژیم، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیاندنێکی بەرپرسـانەدا ڕایگەیاند باوەش بۆ پەنادانی ئەو کەسانە کە لە دەستی ڕێژیم هەڵبێن، ئاوەڵایە، بێ ئەوەی قەسـدی کەمترین تۆڵەکردنەوەی لە کەس هەبێ کـە لـەم پێوەندییەدا چەند کەسـێکیش پەنایان بۆ حیـزب هێنایەوە و پەنا دران».

یەکێکـی دیکە لە کەسـانی سـەر بە ئەو تاقمـە «ڕەحمان کەریمی» بـوو کە بـە پێی بڕیاری کومیتەی ناوەندی، بە تاوانی «پیلانگێڕی لە دژی حیـزب»، خیانـەت بـە ئامانجەکانـی گەلی کورد و جاسووسـی بۆ دەسـەڵاتی حاکم (وەک دەرخسـتنی نهێنییەکانی حیزب)، پێوەندی لەگەڵ سـپای پاسـداران و ئەرتەش بەبێ ئیزنی حیزب، تەواوکردنی عەمەلیاتـی نیزامـی لـە پیرانشـار بـە قازانجـی دوژمن (بـە گوێرەی

نووسراوی خۆی)، پیلانگێڕان لە ناو حیزبدا بۆ لەناوبردنی یەکگرتوویی ریزەکانی حیزب، بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە و بەستنی تۆمەتی ناڕەوا بە ڕێبەرایەتی حیزب، هاوکاری لەگەڵ «سەنار مامەدی» کە بە خائین بە حیزب و جووڵانەوەی گەلی کورد دەناسرا لە حیزب دەرکرا و بەو تاوانانە بۆ موحاکمە رەوانەی دادگای شۆڕش کرا.

شایانی باسە رەحمان کەریمی پاش دەرکەوتنی پیلانێکی بۆ بەدەستەوەدانی سەنار مامەدی، لە لایەن ناوبراوەوە دەستبەسەر و ئیعدام کرا.

■ ٣٤: دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران (١٣٥٩)

لە جەرەیانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی خەباتی گەلی کورد و گەیاندنی دەنگی خەبات و هەروەها لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بوونی دەزگایەکی رادیۆیی زەرووورەتێکی زۆری پەیدا کردبوو. بۆیە لە هەوڵێکی چڕوپڕدا سەرەنجام دەزگایەکی رادیۆیی دامەزرا و بە ناوی «دەنگی کوردستانی ئێران»ەوە لە رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩، رادیۆ دەنگی کوردستان بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەستی بە کار کرد.

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە ماوەی تێکۆشانیدا بە هۆی شەڕ لە کوردستاندا زۆر جار ئاڵ و گۆڕ بە شوێنی بنکەکەی کراوە، بەڵام ساتێک لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی نەوەستاوە. رادیۆیەکی راستگۆ و حەقبێژ و جێگای متمانەی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بووە. لە پاش کۆنگرەی ١٣ رادیۆ کوردستان کەوتە سەر کاناڵی دیجیتاڵ و لە ساڵی ١٣٨٥یشەوە بەرنامەی رادیۆ لە کاناڵی ماهوارەیی «تیشک»ەوە بڵاو دەکرایەوە.

لە جەریانی جیابوونەوەی گرووپێک لە کادر و پێشمەرگەکانی

حیزب لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٩/١٥ی هەتاویدا زۆربەی پێرسۆنێلی رادیۆ سەر بە جەریانی دابڕاو بوون و وایان دانابوو کە رادیۆ دەنگی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتەکانیدا بە تەعتیلی بکێشن، بەڵام بە هەوڵێ هیمەتی ٢ تا ٣ کادر و پێشمەرگە، هەر لەو ڕۆژەی کە جیابوونەوەکە ڕووی دا، بەرنامەی رادیۆ وەک هەمیشە دەستی بە وەشاندنی بەرنامەکانی ئاسایی خۆی کرد و ڕۆژی دواتریش رادیۆ بە شێوەی راستەخۆ بەرنامەکانی خۆی بڵاو کردەوە و پیلانی تاقمی ڕۆیشتووش نەیتوانی چرکەساتێکیش کۆسپ لە سەر پەخشی بەرنامەکانی رادیۆ دابنێت.

■ کرانەوەی نیو ساعەت بەرنامەی ئازەربایجانی لە رادیۆ دەنگی کوردستاندا (١٣٥٩)

لە ڕێکەوتی ٥٩/١٠/١٥دا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە رادیۆ دەنگی کوردستاندا بەشی ئازەریی کردەوە و لەم پێوەندییەدا پەیامێکی بۆ گەلی تێکۆشەری ئازەری نارد کە لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو:

«دوژمنانی ئازادی و ئینسانیەت لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە ئەو پێوەندییە پیرۆزەی نێوان گەلی کورد و ئازەربایجان تێک بدەن و ڕۆڵەکانی ئەو دوو نەتەوەیە لە بەرامبەر یەکتردا رابگرن. بەڵام بەختەوەرانە وشیاریی تێکۆشەرانی ئەو دوو نەتەوە بەشخوراوە هەموو کاتێک نەقشەی دوژمنانی ئازادیی کردووەتە بڵقی سەر ئاو و پێوەندیی کوردەکان و ئازەربایجانییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پیرۆزتر و پێویستتر خۆی نواندووە.»

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتووە:

«هیوای ئێمەی ئەوەیە کە بەرنامەی بەشی ئازەریی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ببێتە ئەڵقەیەکی نوێ و پتەو و قایم لە زەنجیرەی پێوەندیی کۆن و لەمێژینەی گەلانی کورد و ئازەربایجانی. ئاواتەخوازین کە هەڵسووڕێنەرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

بتوانن سەرنج و ڕەزایەتی ئێوە بۆ لای بەرنامەکانی ڕابکێشن. داواشمان لە تێکۆشەرانی گەلی ئازەربایجان ئەوەیە، پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ڕادیۆکەیان پتەو بکەن و لە باشتر بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیدا یارمەتی بدەن.»

بەم چەشنە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی گرینگیی هاوکاریی دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی و هاوخەباتی و هاوپەیمانیی ئەم دوو نەتەوەیە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجاندا وە بیر دێنێتەوە و وێڕای شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ئێران، داوا دەکا بۆ بە چۆکدا هێنانی کۆنەپەرەستی هاوکار و هاوپەیمان بن. ڕەستەکانی کۆتایی ئەم بەیاننامەیە بەم شێوەیە کۆتایی پی دێت

«.. لە هەلومەرجێکی وادا دەست لە سەر دەست دانان و بێدەنگ دانیشتن ڕەوا نیە. دەبێ تێبکۆشین بە خەباتی یەکگرتوو پێش بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بگرین.

پێویستە شانازییەکانی ڕابردوومان زیندوو بکەینەوە و ڕێگای شەهیدە قارەمانەکان درێژە بدەین. دەبێ پێوەندیی کورد و ئازەربایجانی سەرلەنوێ پتەوتر لە هەمیشە دامەزرێنینەوە.

نابێ ڕێگا بدەین تاقمێکی نەزان و داخ لەدڵ وڵاتی ئێمە لەوە زیاتر بەرەو نەمان بەرن. با هەمو پێکەوە بۆ جێگیر کردنی ئازادی و دێموکراسی و دابینکردنی مافی ئینسانی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران تێبکۆشین».

■ ٣٥: سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق (١٣٥٩)

سیاسەتی نەزانانەی ڕێژیمی خومەینی و هەراوهۆریای بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش! لە ئاکامدا شەڕێکی ماڵوێرانکەری بە سەر خەڵکی

ئیراندا سەپاند. بە هۆی دەستدرێژیی دەوڵەتی عیراق بۆ سەر ئێران لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩دا کە بەرهەمی راستەوخۆی سیاسەتی مەزنیخوازیی رێژیمی خومەینی بوو، هەزاران کیلوومیتر لە خاکی ئێران، ئەویش لە ناوچەیەک کە بە شارەگی ژیانی ئابووریی ئێران دەژمێردرێ، کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەرتەشێکی بێگانەوە. چەندین شار و سەدان و بگرە هەزاران دێ لە خووزستان و جنوبی کوردستان خاپوور بوون کە لەگەڵ بی جێگا و رێگایی و نەبوونی پێداویستی و سیاسەتی چەوتی کاربەدەستە کۆنەپەرەستەکانەوە گیانی خۆیانیان لە دەست دا، یان بریندار و نوقسان بوون و سەدان میلیارد دۆلار زیانی ماڵی وە بەر ئابووریی شپرزە و بێ بەرنامەی وڵات کەوت.

کومیتەی ناوەندیی حیزب چەند رۆژ دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئیران و عێراق لە پەیامێکی رەسمیدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عیراق بۆ سەر ئێرانی مەحکووم کرد و رایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە رەسمی بناسێ، حیزبی ئێمە ئامادەیە بە تەواوی هێزی خۆی بۆ رزگاربوونەوەی ئەو ناوچانە لە پەلاماری عێراق وە کار بخا. کومیتەی ناوەندی هەر لەو کاتەشدا ئاشکرای کرد کە پەلاماری عێراق بۆ سەر ئێران، بەرهەمی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە باسی ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان کردووە و خەڵکی وڵاتانی دراوسێیان لە دژی دەوڵەتەکانیان هان داوە. دیارە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە بێ وەڵام مایەوە و تەنانەت ئەنجامی پێچەوانەشی هەبوو. چوونکە دوابەدوای ئەو پەیامە هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ سەر کوردستان توندوتیژتر بوو.

■ ٣٦: بۆردمانی زیندانی «دۆڵەتوو» (١٣٦٠)

کاتژمێر ١٠/٥ی سەرلە بەیانی رۆژی شەممە، رێکەوتی ٢٢ی

بانەمەڕی ١٣٦٠، ٢ فڕۆکە و چوار هیلی کۆپتێری عێراقی هێرشیان کردە سەر زیندانی «دۆڵەتوو»ی حیزبی دێموکرات و زیندان و زیندانییەکانیان بە توندی بۆردمان کرد. لەو بومبارانەدا لە بومبی ناپاڵم کەڵک وەرگیرا و لە ئاکامدا ٤٢ کەس کوژران و نزیکەی ٥٠ کەس بریندار بوون. ٦ کەس لە پێشمەرگەکانی حیزب شەهید و ژمارەیەکیش بریندار بوون. لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ئەمە کورتکراوی بەیانییەکەیە:

«.. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانی خوێناوی و ڕاپەڕیو، ئەم کردەوە جینایەتکارانە و دژی ئیسانییەی ڕێژیمی عێراق بەتوندی مەحکووم دەکا. ئەم کردەوە، دژی تەواوی قانوونە نێونەتەوەییەکان و پێچەوانەی سادەترین مافی مرۆڤە و عامیلەکان، جەنایەتکارانێکن کە لە ڕیزی جەللادەکانی مێژوو، وەک نازییەکانی هیتلەردان.

ئێمە بە ناوی حیزبی دێموکرات و هەموو خەڵکی کوردستان، لە هەموو گەلانی خەباتگێڕ و زۆرلێکراوی جیهان، لە تەواوی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ و لە هەموو حیزب و شەخسیەتە ئازادیخوازەکان داوا دەکەین کە دەنگی بێزاریی خۆیان بە دژی ئەم جەنایەتە گەورەیەی ڕێژیمی عێراق بەرز بکەنەوە و بەرامبەر بە بیروڕای گشتیی جیهان، عامیلەکانی ئەم جینایەتە بە توندی مەحکووم بکەن.

ئێمە بە عامیلەکانی ئەم جینایەتە هۆشداری دەدەین و دڵنیاین کە ئەم کردەوە دڕندانەیەی جەللادانی گەل، بێوەڵام نامێنێتەوە و ئەو جەللادانە بە سزای کردەوەی جینایەتکارانەی خۆیان دەگەن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەم

پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانێ کە سەبارەت بە فریوکاریی بێشەرمانەی بەڕێوەبەرانی جمهوریی ئیسلامی و بە تایبەتی دەوڵەتی کۆنەپەرەست و دژی گەلیی رەجایی کە دەیەوێ لەو رووداوە دڵتەزێنە بە دژی حیزبی ئێمە و بزووتنەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان کەڵک وەرگرێ، رق و بێزاریی خۆی و هەموو خەڵکی کوردستان دەردەبڕێ.

دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامی لە هیچ جینایەتێک بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی ئێران خۆی ناپارێزێ، دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامی کە بە عامیلەکانی کوشتاری دڵتەزێنی «سینەما رێکس»ی ئابادان، پلە و مەقامی گرینگی ئەسپاردووە، .. لە بەیاننامەی رۆژی سێشەممە ٢٢ی بانەمەڕدا، حیزبی پێشڕەو و خۆشەویستی گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەسئوولی کارەساتی دڵتەزێنی زیندانی دۆڵەتوو لە قەڵەم دەدا. دەوڵەتی جمهوریی ئیسلامی کە جەللادەکانی خەڵکی بێ تاوانی قارنێ و قەڵاتان و ئێندرقاش و دێهاتەکانی دیکەی کوردستانی لە باوەش گرتووە و دەستخۆشانەیان دەداتێ، ئێستا خۆی بە مرۆڤدۆست دەناسێنێ و بەردی دڵسۆزی بۆ گەلی کورد لە سینگ دەدا.

ئەوپەڕی بێشەرمییە کە پشتیوانانی پیاوکوژ و گۆپاڵبەدەست و چەقۆکێشەکان، کە لە دەوڵەتی رەجاییدا کۆ بوونەتەوە، دەیانەوێ بەم جۆرە لە خوێنی زیندانییەکان، بۆ قایمکردنی پایەی لەرزۆکی دەوڵەتی خۆیان، بەهرەی تەبلیغاتی وەرگرن.

لە بۆردمانی زیندانی دۆڵەتوودا، ژمارەیەک لە باشترین پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمە شەهید بوون. فریوکاران و

هەڵخەڵەتێنەرانی دەوڵەتی رەجایی، بێشەرمییان بەو جێگایە گەیاندووە کە ئیدیعا دەکەن حیزبی ئێمە لە کوشتاری زیندانییەکان و پێشمەرگەکاندا دەستی هەبووە.

نا، ئاغایانی ئەندامی کابینەی دەوڵەتی کۆنەپەرست! ئەمە پێشمەرگەکانی ئێمە نین کە زیندانییەکان و بەدیلگیراوەکانی شەڕ دەکوژن، ئەمە پاسدارە بەکرێگیراوەکانی ئێوەن کە خەڵکی بێتاوان و پێشمەرگە بریندارەکان دەگرن و لە مەیدانی شەڕدا گوللەبارانیان دەکەن.

حیزبی ئێمە و پێشمەرگەکانی کوردستان بۆ ئینسان، کەرامەت و شەرەف، بۆ مافی ئینسان رێز دادەنێن و لە ماوەی دوو ساڵ شەڕدا، ئەمەیان سەلماندووە. ئەمە راستییەکە کە لە نیشتمانی خۆشەویستمان و دەرەوەی ئێراندا، هەموو کەسێک دەیزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیازی بەوە نیە کە لە جەللادپەروەرێک وەک ئێوە، گەواهینامەی ئینساندۆستی وەرگرێ.

دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێوە، هەر ئێستا خەریکی سازش لەگەڵ دەوڵەتی عێراقە. ئێوە کە ئیدیعاتان دەکرد هەتا رووخانی رێژیمی عێراق، بە شەڕ درێژە دەدەن، راست وەک مەسەلەی بارمتەکان، بۆ جارێکی دیکە خۆتان ئامادە کردووە، تا بەرامبەر بە بێگانەکان سەری تەسلیم دانەوێنن. بەڵام ناوێرن ئەم راستییە بە خەڵکی ئێران بڵێن!

بەڵام خەڵکی کوردستان، بە رێبەرایەتیی حیزبی خۆشەویستیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەتا گەیشتن بە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، خەباتی خۆیان درێژە دەدەن. دڵنیاین کە خەڵکی

کوردستان بە وەها پلەیەک لە یەکیەتیو خەبات گەیشتوون کە بەرامبەر بە ئێوە و بەرامبەر بە فشاری دەوڵەتی عێراق تەسلیم نابن. دڵنیاین کە سازشی ئێوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، خەباتی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای دێموکراسی و خودموختاریدا توندتر دەکا.

ئێمە دەزانین کە یەکێک لە هۆیە بنەڕەتییەکانی سازشی ئێوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ئەوەیە کە پاش ئەم سازشە کە بێشک لەگەڵ دانی ئیمتیازێکی گرینگ بە ڕێژیمی عێراق تێکەڵە، دەتانەوێ هەموو هێزی جمهوری ئیسلامی کۆ بکەنەوە و هێرشێکی چەکدارانە و پان و بەرین بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەست پێبکەن.

لەم پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە، بە گەلانی ئێران و هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بەڵێنی دەدا کە بە ئیمان بە حەقانیەتی جووڵانەوە و داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پشت ئەستوور بە هێزی دوایی نەهاتووی کۆمەڵانی میلیۆنیی گەلی کورد، خەباتی بێوچانی خۆی هەر وا درێژە پێدەدا و دەوڵەتی ڕەجایی، نە بە سازشکردن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و نە بە هاوکاریی ئەو دەوڵەتە، ناتوانێ بەربەرەکانێی بزووتنەوەی مەزنی خەڵکی کوردستان بکا.»

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

١٣٦٠/٢/٢٣

■ ڕاپۆرتی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمان لە سەر زیندانی دۆڵەتوو

لە سەر بانگهێشتی دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەوزەکانی ئاڵمان بریتی لە «یوورگن ریتس و ئێدریش تیلنگر» لە ٢٨/ ٧/ ١٩٨٥ سەفەری کوردستان دەکەن

و لە نزیکەوە چاویان بە کوردستان دەکەوێ و راپورتێک لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێران بڵاو دەکەنەوە. یەک لەو بەشانەی کە چاویان پێ کەوتووە و لە سەری نووسیوویانە، زیندانی دۆڵەتووە، ئەو زیندانەی کە رێژیم تەبلیغاتێکی زۆری لە سەر کرد و فیلمێکی چەواشەکارانەی لە سەری بڵاو کردەوە کە گوایە حیزبی دێموکرات لەگەڵ زیندانییەکاندا هەڵسوکەوتی باش نەبووە.

بۆچوونی ئەو شاندە لەو ڕووەوە گرینگە کە درۆکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا زیاتر دەر دەکەون. لێرەدا سەرنجی خوێنەران بۆ دەقی ئەو راپۆرتە رادەکێشین:

«ڕۆیشتن بۆ زیندان وەک زۆربەی مەقەڕەکانی حدکا تەنیا بە سواری هیستر و پیادە دەبێ، زاهیری وەک زیندان ناچی. چەند ماڵی بێ حەوشە کە لە داوێنی کیوێکدا دروست کراوە و لە تەماشای یەکەمدا تەنانەت هیچ نیگابانێکیش نابینرێ، پاشان چەند پێشمەرگەیەک دەبینین کە لە سێبەری یەکێک لە خانووەکاندا دانیشتوون، گرووپێک لە زیندانییەکان لە حاڵی گەرانەوە لە کاری کشتوکاڵن، ئەویش بە بێ نیگابان، ئەوان دەتوانن ئەگەر خۆیان بیانەوێ، لە نزیکی دیوەکانیاندا سەوزی بچێنن و زۆربەیان کەڵکی لێ وەربگرن. خۆراکی زیندانییەکان هەر ئەو خۆراکەیە کە پێشمەرگەکان دەیخۆن، خانووەکانیان هەر ئەو ماڵە گڵێنە سادانەن کە لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێن. هیچکەس لەو رەفتارەی کە لەم زیندانەدا لەگەڵی دەکرێ شکایەتی نییە. ژمارەیەکیان دەڵێن وەزعی خواردنێک کە لێرە دەیخۆن باشتر لەوەیە کە لە ئەرتەشی ئێران بوو. زۆربەیان خۆشحاڵن لەوەی کە شەڕ بۆ ئەمانە کۆتایی هاتووە، ژمارەیەکیان دەکەونە پێداهەڵگوتن و تاریفی حیزبی دێموکرات. بەڵام ژمارەیەکی دیکەیان بەبێ ترس

بە پڕوپاگەندەی خۆیان لە دژی حدکا درێژە دەدەن و بە راشکاوی رادەگەیەنن پاش ئازادبوونیان دەگەڕێنەوە بۆ نێو ئەرتەش و سپای پاسداران.

لە نێو زیندانییەکاندا دوو لاوی دوازدە ساڵان کەوتنە بەرچاومان کە بە وتەی خۆیان کاتێک دەستگیر کراون ویستوویانە لە سەر مەئمووریەتی رێژیم لە یەکێک لە گوندەکاندا خۆراکی پێشمەرگەکان مەسموم بکەن. ئەوان ماوەیەکی کورت لێرە دەمێننەوە و بنەماڵەکانیان ئاگادار کراونەتەوە کە بێن مناڵەکانیان ببەنەوە.

■ ٣٧: کارو کردەوەکانی حیزب لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان

لە درێژەی شەڕی کوردستاندا کە ناوچەیەکی زۆر ئازاد کرا و لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو، حیزب بۆ ئیدارەی کار و باری خەڵک کۆمەڵێک دامەزراوی بۆ خزمەتکردن بە خەڵک، پێک هێنان و کۆمیسیۆنێکی بۆ ئیدارەی ئەو کارە خزمەتگوزارییانە بە نێوی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی پێک هێنا کە ئەو کۆمیسیۆنە لە چەند بەشی قەزایی، پەروەردە و فێرکردن، شووراکان، شەهیدان، زەویو زار، رێگاوبان و .. پێک هاتبوو.

حیزب بۆ ئیدارەی ئەم کارانە کارێکی زۆر بەرچاوی کرد، گەڵاڵەی سزادانی گشتیی پەسەند کرد کە بەشی قەزایی ناوەندی و بەشەکانی دیکە لە چوارچێوەی ئەو گەڵاڵەیەدا قەزاوەتی ناوچە رزگارکراوەکانیان بەڕێوە دەبرد.

بۆ پەروەردە و فێرکردن، وێڕای بارهێنانی مامۆستا و دامەزراندنی مەدرەسەکان، کتێبی بۆ دەرس گوتنەوە بە مندالانی قوتابخانەکانی

شـۆڕش ئامـادە کـرد. لـە بەشـێکی دیکـەی دەرسـەکاندا لـە کتێبـی مەدرەسەکانی ئێران کەڵک وەردەگیرا.

گەڵاڵەی دابەشـکردنی زەویوزاری پەسـەند کرد کە لەو گەڵاڵەیەدا بەشـێک لـە زەویـی ئاغـاکان دەدرا بـە رەعیەتەکان، بـەلام گەڵاڵەکە بەشـێوەیەک ئامادە کرابوو کـە ئاغای نەدەکردە رەعیەت و رەعیەت بـکا بـە ئاغا، بەڵکـوو تەوازونێکی پێـک دەهێنا کە جێگای پەسـەندی هـەردوو لا بـوو. هەرچەنـد ئاغـاکان پێیـان غـەدر بـوو کە بسـتێک زەوییان لێ ببڕدرێ.

بۆ زۆر جێگا، رێگاوبانی دروست کرد و ئەو رێگایانەش کە خراپ دەبـوون بـەو کەرەسـتە کەمەی لـە دەسـتی حیزبدا بـوو، تەعمیری دەکردنەوە.

بـۆ ئیدارەی گونـدەکان، شـوورای پێـک هێنـان و پێکهێنانـی ئـەم شـوورایانە بـە هەڵبـژاردن و بڕیاردانیـان سـەبارەت بـە کاروباری ناوچەیی خۆیان، جێگای رێز بوون.

بەداخـەوە ئـەو بەڵگانـە لە دەسـتدا نەمـاون، بـەڵام ئەوەندەی بۆم مومکیـن بـووە و پەیـدام کـردووە بـە دوای ئـەم روونکردنەوەیەدا، دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر:

■ دابەشکردنی زەوی‌وزار (١٣٦٠)

گەڵاڵـەی دابەشـکردنی زەوی‌وزار پـاش لێکۆڵینەوەیەکـی ورد لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەندی، رێکەوتی ١٠ تا ١٣ی پووشـپەڕی ١٣٦٠دا پەسـەند کرا کە بەو پێیە بەشـێکی زەوی لە دەسـت خاوەن زەویدا دەمایەوە و نیسـبەت بە هەر ناوچەیەک دیاری دەکرا. پاشان کۆبوونەوە گەڵاڵەی پێشـنیارکراوی زەوی‌وزاری خسـتە بەردەستی دەفتەری سیاسی تا بە راوێژکردن لەگەڵ جووتیاران و کۆمیتەکانی حیزبـی، دەفتـەری سیاسـی گەڵاڵەکە بـە یەکجاری پەسـەند بکات و پیادە بکرێ.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا گەلاڵەی سەرەتایی بۆ پێکهێنانی شووراکانی شار و گوندی خستە بەرچاو و بڕیاری دا سمینارێکی تایبەتی بۆ باس لە سەر ئەو گەلاڵەیە لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە پێک بێت.

■ ئاگادارییی حیزب لەمەڕ پاراستنی دارستانەکان (١٣٦٠)

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٦٠دا سەبارەت بە پاراستنی دارستانەکان ئاگادارییەکی دەرکرد کە بە شێوەی خوارەوەیە:

هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

جووڵانەوەی رەواو هەقخوازانەی گەلی ئێمە لە کوردستانی ئێران، خۆ لە دوو ساڵ نیزیک دەکاتەوە. خەڵکی قارەمان و کۆڵنەدەری ئێمە، ئەگەر لەو پلە ئاستەم و مێژووییەدا، هەست بە مەسئولیەت دەکا و بە هەر شێوە و بە هەموو تواناوە، لە گیان و ماڵ و لە بوونی خۆی پاڵەوانانە دیفاع دەکا، بەداخەوە لە سەر هێندێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە ناوچەکانی لێڕەوار، بەو چەشنەی کە پێویست و لازمە هەست بە مەسئوولیەت ناکا.

جەنگەڵ سروەت و سامانی هەموو دانیشتوانی کوردستانە، سەرەڕای ئامۆژگارییەکانی پەیتاپەیتای حیزبی دێموکرات لەو بارەوە، ئێستاش زۆر بە بێڕەوییە لە لایەن خەڵکی ناوچەکانی لێڕەوارەوە، دەردێ و دەکرێ بە زەوی، یان بۆ سووتاندنی گەڵی ئاژەڵ و رەژی بێڕەحمانە دەبڕدرێ. ئەگەر جەنگەڵبڕین بەو شێوەیە درێژەی هەبێ، زۆر پێ ناچێ کە لە لێڕەوار، شوێنەوار نامێنێ و دانیشتوانی وڵاتەکەمان لەو سامانە خودادادە بێسوود و بەهرە دەمێننەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێویستی دەزانێ، جارێکی دیکەش سەرنجی هەموو دانیشتوانی کوردستان، بە تایبەتی خەڵکی ناوچەکانی لێڕەوار، بۆ پارێزگاری لە جەنگەڵ رابکێشێ.

بۆ ئەو مەبەستە و بەو هۆیەوە رادەگەیەنین:

- دەرهێنانی جەنگەل بە هەر شێوەیەک و لە ژێر هەر ناو و عینوانێکدا قەدەغەیە.

- بڕینی داری جەنگەڵ بۆ خانوو و کەڵکی شەخسی قەدەغەیە. مەگەر بە ئیجازەی شوورای دێیەکان، ئەویش دەبێ بە گوێرەی ئەندازەو ئیحتیاج بێ، نەک زیاتر.

- بڕینی جەنگەڵ بۆ رەژی، هەروەها بە مەبەستی گەڵا بۆ ئاژەڵا، بە تەواوی و بە یەکجاری قەدەغەیە.

بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە ئاژەڵدارەکان بۆ تفاق لە فکری گیادا بن.

- هەر چەشنە لادان و جووڵانەوەیەک بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی سزادانی توندوتیژ و زیندان و بژاردنی زەرەر و زیانی کەوتووی هەیە.

■ گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنان لە سەرانسەری کوردستان

بە شوێن پەسەندکردنی گەڵاڵەی شۆڕشگێڕانەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە کۆبوونەوەی دوایی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و بێسەوادیو پەرەپێدانی عیلمو زانست لە بەشە رزگارکراوەکانی کوردستاندا، کۆڕی ئیجرایی فێرکردن و بارهێنان وەک بەڵگەیەکی دیکە لە کردەوەکانی دڵسۆزانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەک بە دوای یەک لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا پێک هاتن.

بــە دوای پێکهاتنی ئەو گۆڕانە، لاوانی خوێندەواری کوردســتانیش بــە هەســت پێکــردن بــە پێداویســتیی پیادەکردنی ئــەو گەلاڵەیە، هەر وەک پەروانــە لــە دەوری شــەم کــۆ بوونــەوە هەتا ئەوانیــش بتوانن هەنگوێنی «ســەواد» لە دەمی رۆڵە بەشــخوراوەکانی شــار و گوندی ئەم ولاتە ســووتاوە بەڵام شۆڕشــگێڕە بنێن و زامی بەژارگەســتەی جێدەمــی بــە نــاو لایەنگرانــی «موســتەزعەفان» بە بەرهەمــی گیانی خۆیان دەرمان بکەن.

بەرەوپیرچوونــی پــڕ بــە هەســتی ئــەو گەلاڵەیــە لــە لایــەن لاوانی خوێنــدەوار و شۆڕشــگێڕی کوردســتانەوە، نموونەیەکــی دیکــە لــە بەرەوپیرچوونــی خەڵکــی تێکۆشــەر و بەشــەرەفی کوردســتانە بــۆ بانگەوازەکانــی حیــزب و وێنەیەکە لەو لەماڵ و لە گیان بوردوویيە کە لــە پێنــاوی بە ئاکام گەیاندنی جووڵانەوەی نیشــتمانی ـ دێموکراتیکی گەلەکەمانــدا نیشــان دراوە. لاوانــی ئێمــە بــە بەشــداری لــە دەورەی «بارهێنانــی مامۆســتایان» هەڵوێســتی قایمــی خۆیــان لــە بــاری ئامادەبــوون بــۆ خزمــەت بــە رۆڵــە بەشــخوراوەکانی شــار و گوندە رزگارکراوەکانی کوردستان دەربڕی.

ئــەو ســەرکەوتنە بەرچــاوە، وەک خوێنێکــی تــازە وا بــوو کــە لــە دەمارەکانی لەشــی جووڵانەوەی پێشــکەوتووی خەڵکی کوردســتاندا وە گەڕ کەوتبێ.

بــە شــوێن داخوازیــی حیزب لــە لاوانی خوێندەوار و بەهەســت بۆ کاری پیرۆزی «مامۆســتایەتی» هەتا ١٥ی مانگی خەرمانان ژمارەی ئــەو کەســانەی کەلاســەکانی ١٥ رۆژەی بارهێنانــی مامۆســتایانیان بە ســەرکەوتوویی بردۆتە ســەر و ئامادەی چوونە کەلاســی دەرس بوون بەم چەشنەیە:

بانــە ١٦ کــەس ـ بۆکان ٥٠ کەس ـ مەهاباد ٧٢ کەس ـ سەردەشــت ٩٠ کەس ـ پیرانشار ٦٤ کەس ـ شنۆ ٩٠ کەس ـ نەغەدە ٢٥ کەس.

■ پەسەند کردنی یاسای سزادانی گشتی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە (١٣٦٠)

یاسای سزادانی گشتی لە ڕەشەمەی ١٣٦٠ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەسەند کراوە. سەرەتا باسێک لە ساختاری کۆمیسیۆنی قەزایی دەکات کە لە پێنج کەس ماف پەروەر پێک دێ و لقەکانی لە شارەکاندا لە ژێر چاوەدێریی ئەم کۆمیسیۆنەدا بە ڕێوە دەچن.

ئەو بەشە لە یاسای سزادانی گشتی کە لە ڕەشەمەی ١٣٦٠ پەسەند کراوە ٨٩ بەند لە خۆ دەگرێ. لە ڕەشەمەی ١٣٦١یشدا ٢٩ بەندی پێ زیاد کراوە، واتە لە سەر یەک دەبێتە ١١٨ بەند. ئەمە وێڕای ئەوەیە کە چەندین تێبینی لە خۆ دەگرێ.

■ ٣٨: پاساوێکی ناڕەوا بۆ شەڕێکی زیانهێنەر (١٣٦٠)

یەکێک لەو شەڕانەی کە شوێندانەریی زۆری لەسەر لە دەستدانی بەشێکی زۆری ناوچە ئازادکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، شەڕی نێوان قیادە موەقەت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ئەم شەڕە بەو هۆیەوە هەڵایسا کە گۆیا ئەندامێکی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی سەید ڕەسوولی دیهقان دەستی لە دەرهێنانی تەرمی ڕێبەری ناوداری کورد، مەلا مستەفا بارزانیدا هەبووە. ئەم تاوان وەپاڵدانە لە کاتێکدا بوو کە مەلا مستەفا بارزانی لە نێو کوردەکانی ئێراندا بە هۆی بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا خاوەن پێگەیەکی پتەو بوو. بێجگە لەمەش لە کاتی هێنانەوەی تەرمی بارزانیدا بۆ شاری شنۆ، شووورای ئەو شارە کە نزیک بە تەواویان ئەندامی حیزبی دیمۆکرات بوون، سێ ڕۆژ ماتەمینیی

گشتییان بەو بۆنەیەوە راگەیاند و بەشدارییەکی چالاکانەیان لە ناشتنی تەرمی بارزانیدا کرد. بە وتەی ئەو کەسانەی کە سەید رەسوول باش دەناسن، ناوبراو رێزێکی تایبەتی بۆ مەلا مستەفا هەبووە. کاتێک ئەم هەواڵە بە رێبەریی حیزب دەگات ئەو کردەوەیە بە کردەوەیەکی دژی مرۆڤانە ناو دەبات و مەحکووم و شەرمەزاری دەکات. هەر لەو کاتەدا کومیتەی ناوەندی بڕیار دەدات لەوکارەساتە بکۆڵنەوە و تێ بکۆشێ تاوانبارەکان بدۆزرێنەوە و بە توندی سزا بدرێن. لەو بارەوە رێنوێنیی پێویست بە کومیتەی شارستانی شنۆ دەدرێ. حیزب داوا لە پارتی دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە وەفدی هاوبەش پێک بێنن کە لە لایەن پارتییەوە وەڵامی ئەرێنی وەرناگرێتەوە.

ئەم رووداوە دەبێتە هۆی سازبوونی شەڕێک کە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا لە نێوان قیادە موەقەت و حیزبی دێموکراتدا روو دەدات کە زیانەکەی بۆ هەر دوو لایەنی شەڕ و لە قازانجی کۆماری ئیسلامیدا بوو. بەم هۆیەوە بەشێکی بەرچاو لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی رۆژهەڵات کە بە دەستی هێزی پێشمەرگەوە دەبێت، دەکەوێتە دەستی کۆماری ئیسلامی. ئەم شەڕە چەند ساڵێک بەردەوام بوو تا لە کاتی رزگاربوونی کوردستانی باشووردا دوای راپەڕین لە ساڵی ١٩٩١ بەڕێز مەسعوود بارزانی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات لە «بۆڵێ»ی بناری قەندیل دەکات بە بی ئەوەی باسێک لەو شەڕە بکریت و بەم چەشنە پەیوەندییەکە ئاسایی دەبێتەوە و بە خۆشییەوە ئێستا پەیوەندییەکانمان بەرەو باشتربوون چووە.

پاش هەمووی ئەو رووداوانە دەرکەوت کە کردەوەی نەشیاوی دەرهێنانی تەرمی بارزانی لە لایەن حکوومەتی بەعس و بە هۆی «کاکل ئاغا» ئۆستانداری ئەوکاتی سلێمانییەوە ئەنجام دراوە و ئەم راستییە لە رۆژنامەکانی دەورانی بەعسدا پشتڕاست کرایەوە.

بۆ مێژووش بووە باسی رووداوێک بکەم کە بۆ خۆم لەو رووداوەدا

بەشدار بووم. ئە ویش ئەوەیە کە لەو ساڵانەدا کە زەمینەی ئەو شەڕە خۆش دەکرا هێزێکی قیادە موەقەت بە بەرپرسیارێتیی «نالە هەورامی» لـە «کێمنـە» و «بێدرواز»ی ناوچەی هەورامان نیشـتەجێ کرابوون و لـەو ماوەیـەدا بوو کـە ئەم هێزە کەوتە بەر پەلاماری هێزی هاوبەشـی سپای رزگاری و جاشەکانی حکوومەتی بەعس و لە گەمارۆی تەواوی ئـەو دوو هێـزەدا بـوون کـە ئێمـە کادر و پێشـمەرگەکانی کومیتـەی هەورامـان بـە هانایانـەوە چووین و لەو گەمارۆیـە دەربازمان کردن و لـەو دوو گونـدە کە لە پشـتی بیـارە هەڵکەوتوون تا ناوچەی سەلاسـی باوەجانی ئیسـکۆرتمان کردن و بەم چەشـنە دەرباز بوون و گەیشـتنە هەڤاڵەکانیان لەو ناوچەیەدا.

■ ٣٩: کۆنگرەی پێنجەم و دوو بڕیاری گرینگ (١٣٦٠)

کۆنگرەی پێنجەم لە رێکەوتی ١٥ تا ١٨ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ لە گوندی «شێوەجۆ» لە ناوچەی «گەورکایەتیی سەردەشت» پێک هات. گرینگترین بڕیاری ئەم کۆنگرەیە پەسـەندکردنی دروشـمی رووخاندنی رێژیـم بـوو کـە دیارە لە پەسـەندکردنی ئـەم درووشـمەدا دوو هۆکار دەوری سـەرەکییان هەبـوو: هـۆکاری یەکـەم نائۆمێد بوونـی حیـزب بەهۆی وەڵام نەدانەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە لایەن رێژیمەوە و رۆیشتنی دەسەڵاتی حاکم لە وڵاتدا بەرەو پاوانخوازیی زیاتر بوو.

هۆکاری دووهەم دەرکردنی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و راگەیاندنی خەباتیان بە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی تا رووخاندنی بوو کە لەو کاتەدا موجاهیدین رێکخراوێکی بەنفووز لە سەرتاسەری ئێراندا بوو و خاوەن هێزێکی خەباتگێڕ و بەربڵاو لە سەرانسەری ئێراندا بوو.

بڕیاری چوون بۆ نێو شوورای بەرگریی نیشتمانیش لەم کۆنگرەیەدا پەسەند کرا کە لە سەر داوای مەسعوود رەجەوی لە دوکتور قاسملوو بوو کە لە نامەکەیدا داوای کردبوو حیزبی دێمۆکرات پەیوەسـت بێ بە

شوورای نیشتمانیی بەرگرییەوە.

■ ٤٠: ٥٩ عەمەلیات بۆ تۆڵەی ئیعدامی٥٩ لاوی مەهاباد (١٣٦٢)

هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێ کرا، کۆماری ئیسلامی بۆ تۆقاندن و تەسلیم بوونی خەڵک بەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرەستە دەستی لە هیچ جینایەتێک لە کوردستان نەپاراست و هەر ماوەیەک کۆمەڵێک لە بنەماڵە و دایک و بابەکانی بە ئیعدامی خۆشەویستەکانیان ئازیەتبار دەکرد و یەک لەو جینایەتانە کە لە زەینی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئیعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو کە ئەو لاوانە لە باری فیکرییەوە لە تەیفی جۆراوجۆر بوون، لە کەسی بێ لایەن تا ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تێدا بوون. بەبێ گومان زۆربەی هەرە زۆریان یان ئەندام یان لایەنگری حیزبی دێموکرات بوون و تەنیا تاوانیان بیروباوەڕیان و کورد بوونیان بوو. ئەوان هیچ کردەوەیەکیان ئەنجام نەدابوو کە تەنانەت لە چوارچێوەی یاسای کۆنەپەرەستانەی ڕێژیمیش سزای زندانیشیان بە سەردا بسەپێ.

ئەنجامی ئەم جینایەتە سامناکە دڵی خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی بریندار کرد و لە تۆڵەی ئەو شەهیدانەدا چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە چوون کە لووتکەی ئەو چالاکییانە ئەو بەڵێنییە ئازایانە بوو کە پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون، ڕۆڵە بەوەجەکانی گەلەکەمان دایان تاکوو بە تۆڵەی ئەو جینایەتە سامناکە، ٥٩ عەمەلیات لە دژی هێزەکانی ڕێژیم لەو ساڵەدا بەڕێوە بەرن. لە سەرەتاکاندا زۆر دژوار دەهاتە بەرچاو کە ئەو هێزە بتوانێ ئەو ٥٩ عەمەلیاتە بەڕێوە ببات، بەڵام زۆری نەخایاند کە پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون، شاپوورەکان، سالارەکان، محەممەد کەریمەکان، مینبەرییەکان و.. سەلماندیان زۆر لەوە زیاتریان لە توانادایە و هێزەکانی ڕێژیمیان زەلیل

و داماو کرد و سەلماندیان هێزەکانی ریژیم چەندە بێ ورە و داماون و بێجگە لەو عەمەلیاتانە کە بەڕێوەیان برد و ئامارەکەی لە چەند دێڕی دواتردا دەکەوێتە بەرچاو، لەو ساڵەدا چەند عەمەلیاتی زیاتریان بەڕێوە برد کە یەکێک لەو چالاکییانە عەمەلیاتێک بوو بۆ تۆڵەی شەهیدکرانی شەهید «سەروان ئیقباڵ کەریم نژاد» کە لەو چالاکییەدا ١٣ کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران.

ئاماری کوژراوانی هێزەکانی رێژیم:	٧٤٠ کەس
بریندارى دوژمن:	٥٧٠ کەس
بەدیلگیراوی رێژیم:	١٣٢ کەس
ماشینی سووتاو:	٦٨ دەستگا
دەسکەوتی چەکی قورس و نیوە قورس:	١١ دەستگا
تفەنگی جوراوجۆر:	٤٩٩ قەبزە
فیشەکی جۆراوجۆر:	٦٣٣٤٠ فیشەک

پێویست بە گوتنە لە سەرجەمی ئەو عەمەلیاتانەدا ١٧ پێشمەرگە

*ئەم ئامارە لە لایەن بەڕێز «عەلی ئەشرەف مەجیدیان» ئامادە

کـراوە کـە ئـەو کات یەکێک لە ٣ فەرماندە لکی هێزی بێسـتوون بوو کە بۆ خۆی لە بەشێک لە عەمەلیاتەکاندا بەشدار بووە.

■ ٤١: راگەیەنـدراوی دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێموکراتـی کوردستانی ئێران

لـە سـەر کردەوەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی دژ بە حیزبـی توودەی ئێران (١٣٦٢)

هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

گەلانی بەشەرەفی ئێران!

هـەروەک ئـاگادارن رێژیمی کۆنەپەرسـتی خومەینی لـە ماوەیەک لەمەو پێشـەوە هێرشـێکی بەربـلاوی دژی کادری رێبەری و ئەندام و لایەنگرانـی حیزبـی تـوودەی ئێران لە سەرانسـەری وڵات دەسـت پێکردووە. بە دوای ئەو پەلامارە کە چەند مانگە درێژەی هەیە، زۆر لە ئەندامان و زۆربەی کادری رێبەری ئەو حیزبە گیراون و زیندانی کـراون. لـە حەوتـووی رابـردوودا چەنـد کـەس لـە رێبـەران لەوانە سکرتێری یەکەمی ئەو حیزبە، زەعفێکی بێوێنەیان لە خۆیان نیشان دا. ئەوان لە وتووێژی تەلەفزیۆنیدا ئیعترافاتی زۆر سەرسووڕهێنەریان کـرد و ئـەو تاوانەیان تەئید کـرد کە لە لایەن رێژیمـی خومەینییەوە حیزبی توودەی پێ تاوانبار کرابوو.

لـە رۆژی ١٤ی بانەمـەڕی ١٣٦٢دا، دادسـتانی کۆماری ئیسـلامی، حیزبـی توودەی ئێرانی بە هەڵوەشـاوە راگەیانـد و داوای لە هەموو ئەندامانی ئەو حیزبە کرد کە خۆیان بە سـوپای پاسـداران بناسـێنن و هەڕەشـەی کـرد کە ئەگەر خۆیان نەناسـێنن، بـە ناوی»محارب« دەناسرێن و تەسلیمی دادگاکانی شۆڕش دەکرێن.

هاوکات لەگەڵ ئەو ئیقداماتە، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی داوای لـە ١٨ نەفـەر لـە ئەندامانـی سـەفارەتی یەکیەتیی سـۆڤێتی لە

تاران کرد کە خاکی ئێران بەجێ بێڵن.

ئەگەرچی لە چەند مانگ لەمەو بەرەوە چاوەڕوانی هێرشێکی ئەوتۆ بۆ سەر حیزبی توودەی ئێران دەکرا و ڕێبەریی حیزبی ئێمە زۆر جار رایگەیاندبوو کە ویلایەتی فەقیهی خومەینی نەک تەنیا هەر جۆرە دژایەتییەکی سیاسی بە توندی سەرکوت دەکا، بەڵکوو بیرۆڕای جیاوازی ئەو گرووپە نۆکەرسیفەتانەش کە لە ڕێژیم و تەنانەت جینایەتەکانی ئەو پشتیوانی دەکەن بەڵام لە هێندێک مەسەلەدا لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم بیروڕایان جیاوازە، تەحەممول ناکەن. لەگەڵ ئەوەش بە غەیرەقانوونی ناسینی حیزبی توودەی ئێران و تەعقیب و گرتنی ئەندامانی ئەو ئاخر لاپەڕەی ڕێڕەوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە بەرەو ئیستیبدادی بێئەملاوئەولای چەرخەکانی نێوەڕاست.

.. خومەینی بۆ خۆی هاتە مەیدان و لە پەیامی خۆیدا ڕێبەرانی حیزبی توودەی بە جینایەتکارانێک ناو هێنا کە «.. وەک ماری پڕخەتو خاڵ لە لەنێوبردنی ئیسلامدا بە شێوەیەکی مونافیقانە تێکۆشاون.» ئێستا ئیدی بە تەواوی روونە کە تاقیبی ئەندامانی حیزبی توودە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە، هەروەک هەنگاوەکانی سەرکوتکەرانەی دیکەی ڕێژیم کە لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا هەڵگیراون، کاری «حجتیە» یان بەشێک لە دەسەڵاتی حاکم نیە، بەڵکوو کاری شەخسی خومەینییە و بە دەستووری ئەو ئەنجام دراون.

گومان لەوەدا نیە کە کارنامەی تێکۆشانی ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران لە ساڵەکانی پاش شۆڕشدا رەشە و سیاسەتێک کە لەو ماوەیەدا پەیڕەوییان لێ دەکرد، لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە مەحکوومە. پشتیوانیی بێئەملاوئەولا لە تەواوی کردەوەکانی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیی ڕێژیمی خومەینی، دەنگدان بە نیزامی چەرخەکانی نیوەڕاستی

ویلایەتـی فەقیهی، پەسـند کردنی جینایەتەکانـی ڕێژیم دژی تەواوی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی، هەوڵدان بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان هێزە شۆڕشـگێڕەکاندا، هەوڵدان بۆ لێک بڵاوکردنی ڕێکخراوە دیموکراتیکەکان و لادانی بیروڕای لاوانی وڵات، بەشێک لە کارنامەی ڕەشـی تێکۆشـانی ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێرانە. هاندانی ڕێژیمی خوێنمـژی خومەینـی بـۆ درێژەپێدانی شـەڕ لـە کوردسـتاندا هەوڵی سـەرنەکەوتوو بۆ پێکهێنانی دوودەستەیی «انشـعاب» لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەپاڵدانی تۆمەتی ناڕەوا بە ڕێبەرانی حیزبی ئێمە، جاسووسـی کردنی ئەندامان و هەوادارانی حیزبی توودە دژی تێکۆشـەرانی حیزب و پێشـمەرگە قارەمانەکان لە نێو شارەکانیشدا، بەشـێک لـە کارنامـەی ڕەشـی ڕێبەرانی حیزبـی توودە بە حیسـاب دێ.

لـە هەمووی سـەیرتر ئەوە بـوو کە تەواوی ئـەو کردەوانە لە ژێر سەرپۆشـی خەبـات دژی ئیمپریالیزمـی ئەمریـکادا دەکـرا. ڕێژیمـی خومەیەنـی بـە نـاوی ڕێژیمێکـی دژە ئیمپریالیسـتی بـە کۆمەڵانـی خەڵـک دەناسـێنرا، هـەر ئـەو ڕێژیمـەی کـە شـێلگیرانە هێـزە دژە ئیمپریالیستییەکانی بە تەواوی هێزەوە سەرکوت دەکرد، بەسترانەوەی ئابووریـی وڵاتـی ئێمەی بە وڵاتەکانی ئیمپریالیسـتییەوە پەرە پێدەدا و بـەم جـۆرە ڕێـگا بۆ هاتنە سـەر کاری ڕێژیمێکی بەتەواوی سـەر بـە ئیمپریالیزمـی خـۆش دەکـرد. هەر ئـەو ڕێژیمەیە کە هەر ئێسـتا دیسـانیش ڕەنگـە بـە نـاوی خەباتـی دژی ئیمپریالیزمـی ئەمریکا بە تاوانی جاسووسـی دانەپاڵ دیپلۆماتەکانی شـوورەوی و وەدەرنانی ئـەوان لە ئێران دەبێتـە ئاڵاهەڵگری خەبات دژی کۆمۆنیزمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

ڕێبەرانـی حیزبـی تـوودە بـەو هەمـوو تاقیکردنـەوە و رابردووی سیاسـییەوە ئەو ڕاسـتییە سادەیان دەرک نەکرد کە هەر حیزبێک کە

بە نرخی ڕۆژ نان دەخوا، ئوسوول فیدای تاکتیک دەکا، ئۆپۆرتۆنیسم و هەلپەرەستی دەکاتە بناغەی سیاسەتی خۆی و ماکیاولیزم تا رادەی سیاسەتی رەسمیی خۆی بەرز دەکاتەوە، داهاتوویەکی بێجگە لە تێکشکان و لە دەست دانی نفووز و ئیمتیازی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا نابێ. ڕێبەرانی حیزبی توودە بۆ خۆیان هەر لەو داوە کەوتوون کە بۆ خەڵکی دیکەیان دانابوو و ئێستا بەرامبەر بە مێژوو، گەلانی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی خۆیان مەحکووم و سەرشۆڕن. ئیعترافاتی هێندێک لە ڕێبەران و ئەو زەعفەی کە لە خۆیان نیشانیان دا، ئەوانی لە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە تەواوی بێئابڕوو کرد و ئیمان و باوەڕی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی بە تەواوی لەوان سەلب کرد.

گوتنی ئەو راستییە زەروورەتی هەیە کە ڕێبەرانی حیزبی توودە نەک تەنیا نیسبەت بە خەڵکی ئێران، بەڵکوو نیسبەت بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی خۆشیان خەیانەتیان کرد و لەم بارەوە مەسئوولییەتێکی گەورەیان بەرامبەر بەوان لەسەر شانە، چوونکە ئەندامانی حیزبیان بەرەو لاڕێ کێشا و پاشان بە دەستی بەستراو تەسلیمی ڕێژیمی خومەینیان کردن.

بە بێشک کردەوەکانی ڕێژیمی خومەینی دژی حیزبی توودەی ئێران شوێنەوارێکی بەربڵاوی لە نێوخۆ و دەرەوەدا دەبێ. ئەوەی هەر ئێستا ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم ئیقداماتە لە چوارچێوەی وڵاتدا نوختەی کۆتایی رەوەندی دواکەوتووانەی ڕێژیمێکە کە نەک تەنیا بچووکترین موخالەفەت، بگرە هیچ چەشنە بیرکردنەوەیەکی جیاوازیش قبووڵ ناکا. ئیستا ئیستیبدادی بێ ئەملاوئەولای چەرخەکانی نێوەڕاست بە تەواوی کاملاً بووە و گەشەکردنی نیزامی ویلایەتی فەقیهی لە نوختەی لووتکەی خۆی نیزیک بووەتەوە.

لە سەتحی دەرەوەدا، ئاڵوگۆڕی قووڵتر چاوەڕوان دەکرێ، قەیرانی

ئابووری و درێژەپێدانی شەڕ، ڕێژیمی خستوەتە تەنگانەوە و لە هەر بارێکـەوە نیازی بە یارمەتیی ماڵـی و نیزامی دەرەوە هەیە. ئاخوندە دەسـەڵاتدارەکان بەرامبـەر بـە هەڵوێسـتی خۆیـان دژی یەکیەتـی سۆڤیێتی، چاوەڕوانی خەڵات لە ئیمپریالیزمی ئەمریکان.

لـە راسـتیدا ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە بـۆ خۆی لە دنەدانی ڕێژیمی خومەینیـدا بـۆ ئیقداماتـی دژی شـوورەوی بێتەئسـیر نەبـووە، زۆر لەمێژە چاوەڕوانی هەلێکی ئەوتۆ دەکا و بە بێشـک باشـترین کەڵکی لـێ وەردەگـرێ. بـەم جـۆرە بەسـترانەوەی کۆمـاری ئیسـلامی بـە ئیمپریالیزمـی ئەمریـکاوە زیـاد دەکا و بیهـەوێ و نەیهەوێ ڕێژیمی خومەینی بۆ زیندووکردنەوەی دووبارەی ئیمپریالیزم لە وڵاتی ئێمەدا و لە کۆتاییدا هێنانە سـەرکاری ڕێژیمێک کار دەکا کە دروسـتکراوی واشینگتۆن بێ.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کردەوەکانی ئەم دواییەی ڕێژیمـی خومەینـی دژی حیزبی توودەی ئێران و یەکیەتیی سـۆڤیێتی سەرسـووڕهێنەر نیـە. حیزبـی توودە پـاش چەند سـاڵ پەیڕەوی لە سیاسەتی هەلپەرستانە نەیدەتوانی داهاتوویەکی هەبێ، بێجگە لەوەی بـە چـاوی خۆمـان دیتمـان. بـە پێچەوانـە، ئیقداماتی ڕێژیـم لە دژی حیزبی توودە، هەروەک حیزبی ئێمە زۆر جار پێشبینیی کردبوو، لە چوارچێوەی سیاسەتی چەرخەکانی نێوەڕاستی ویلایەتی فەقیهیدا بە تەواوی دەگونجێ.

■ ٤٢: سەبارەت بە شوورای نیشتمانیی بەرگری

لـە ٣٠ی جۆزەردانـی ١٣٦٠ بەنـی سـەدر و رەجـەوی لـە تـاران بـە فڕۆکەیـەک هەڵاتـن و لـە پاریس نیشـتنەوە و پـاش ماوەیـەک ڕێککەوتنێکیان بڵاو کردەوە کە لەو چوارچێوەیەدا هەوڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیمـی خومەینـی بـدەن و داوایـان لـە حیزبـی دێموکـرات کرد کە

بۆ رووخانی رێژیم بچێتە نێو بەرەیەکەوە کە پێکی دێنن. حیزبی دێموکراتیش لەگەڵ ئەوەی کە تێبینیی زۆری لە سەر بەرنامەی راگەیەندراو و تەنانەت پێکهێنەرانی ئەو بەرەیە هەبوو کە یەک لەوان بەنی سەدر بوو کە لە سەردەمی سەرکۆماریدا بڕیاری هێرش بۆ سەر کوردستان و سەرکوتی خەڵکی کوردی دابوو، بەو حاڵەش لە ساڵی ١٣٦٠دا حیزب چووە نێو شوورای نیشتمانیی بەرگری (شورای ملی مقاومت). لە ماوەی ئەندامەتیی حیزب لەو شوورایەدا بە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر و مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ ئەندامانی دیکەی شوورا بە تایبەتی موجاهیدینی خەڵک، چەند سەنەدێکی زۆر گرینگ بە تەسویب گەیشتن کە گرینگترینیان لە روانگەی مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە، گەڵاڵەی خودموختاریی کوردستان بوو. لە دێڕەکانی داهاتوودا بە وردی دەپەرژێینە سەر نێوەڕۆکی ئەو سەنەدانە و بە تایبەتی گەڵاڵەی خودموختاریی کوردستان.

پەسەندکردنی سێ سەنەدی گرینگ لە لایەن شوورای نیشتمانیی بەرگرییەوە

«شووڕای نیشتمانیی بەرگری» لە مانگەکانی رێبەندان و رەشەمەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا یەکەمین دەورەی کۆبوونەوەکانی خۆی بە بەشداریی شەخسیەتەکان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی ئەندامی شووڕا و بە سەرۆکایەتیی مەسعوود رەجەوی، بەرپرسی شووڕای نیشتمانیی بەرگری پێک هێنا.

ئەندامانی شووڕا پاش باس و وتووێژی پێویست سێ سەنەدی گرینگیان پەسەند و ئیمزا کرد.

- سەنەدی ژمارە (١) مادده ئیلحاقی و ئیسلامییەکانی فەسڵی یەکەمی بەرنامەی دەوڵەتی کاتیی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامیی ئێران لە بارەی ئەرکەکانی سەردەمی گوازتنەوە.

- سەنەدی ژمارە(٢) پێڕەوی نێوخۆیی شووڕای نیشتمانیی بەرگری

بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامیی ئێران.
ـ سەنەدی ژمارە(٣) ئەرکە فەورییەکانی دەوڵەتی کاتی.
لێرەدادەقی سەنەدی ژمارە ٣ بۆ ئاگاداریی هاونیشتمانە خۆشەویستەکان بڵاو دەکەینەوە.
سەنەدی ژمارە ٣: ئەرکە فەورییەکانی دەوڵەتی کاتی
شووڕای نیشتمانیی بەرگری لە سەر بناغەی بەرنامەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری و دەوڵەتی کاتیی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامیی ئێران ئەم ئەرکانەی خوارەوە بە ئەرکی فەوریی دەوڵەتی کاتی دەناسێ.. :
١. پشتیوانی لە بنەماڵەی شەهیدان و ئازادیی تەواوی زیندانییانی سیاسی، سڕینەوەی هەموو شوێنەوارەکانی پاشکۆی زوڵم و زۆری ڕێژیمی سەرەڕۆی خومەینی دژی ئەوان و دابینکردنی خزمەت و پێداویستییە فەورییەکانیان.
٢. کۆتایی هێنانی دەستبەجێ بە شەڕی ئێران و عێراق و بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی عادڵانە لە سەر بناخەی تەواوەتیی خاک و وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی ئێران، هەنگاونان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی ئاوارەکانی شەڕ.
٣. کۆتایی هێنان بە شەڕی دژی گەلی لە دژی خەڵکی کوردستان، بە ڕاگەیاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی تەواوەتیی خاکی ئێراندا. تێکۆشان بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ئەم شەڕە.
٤. چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو نەهادە کۆنەپەرستەکان و دەزگاکانی سەرکوتکردن، جاسووسی، پشکنینی بیروباوەڕ و سانسۆری ڕێژیمی خومەینی وەک بەناو دادگا و دادسەراکانی شۆڕشی ئیسلامی، دادگاکانی شەرع، دایرەکانی سیاسی ـ ئیدئۆلۆژیک، کۆمیتەکان، پاسداران، ئەنجوومەنە بە ناو ئیسلامییەکان، بەسیجی دژی خەڵکی، شووڕای شۆڕشی فەرهەنگی، جیهادی زانستگەیی،

کاروباری پەروەردەیی و نیهادە سەرکوتکەرەکانی دژی جووتیاری و دژی کرێکاری.

٥. ڕاگەیشتن بە تاوانەکانی بەرپرسانی ڕێژیمی خومەینی و دەستووردەران و بەجێهێنەرانی ئەشکەنجە و کوشتار و دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی خەڵک لە دادگاکانی ئاشکرادا بە ئامادەیی هەیئەتی مونسیفە و قبوولکردنی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی. دابینکردنی ئەسڵی ئازادیی دیفاع و مافی تێکۆشانی کانوونەکانی وەکیلان. بەرپرسانی تاوانەکانی ڕێژیمی شا وە بەر ئەم پێڕاگەیشتنە دەکەون.

٦. پێکهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ هەڵوەشاندنی هەرچی خێراتری سیستمی کۆپۆنی بە لە بەرچاو گرتنی پێداویستییەکانی چینە بێبەشەکان.

٧. هەق ئەستاندنەوەی تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ڕێژیمی خومەینیدا بە ناحەق دەرکراون، پاکسازی کراون و ناڕەحەتییان بۆ پێک هێنراوە، بە تایبەتی کارمەندان، دەبیران، مامۆستایان، کرێکاران و هەروەها خانەنشینکراوەکان. داوای کار کردن لە هەموو عونسورە پاکەکان و پسپۆڕە نیشتمانپەروەرەکان لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات.

٨. هەڵوەشاندنەوە و لەنێوبردنی هەموو زوڵم و زۆر و ناچارکردن و جیاوازیدانانێکی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی لە بارەی ژنانی وڵاتەوە، وەک هەڵوەشاندنەوەی بێ بەشی لە مافی هەڵبژاردنی کار و جلوبەرگ لە سەر بناخەی وەک یەک بوونی تەواوی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ژن و پیاو.

٩. کردنەوەی فەوریی هەموو ناوەندە زانستی و فێرکارییەکانی وڵات. دابینکردنی سەربەخۆیی زانستگەکان و فێرگە بەرزەکان و بەڕیوەبردنیان لە ژێر چاوەدێری شووڕاکانی زانستگەییدا.

١٠. بەڕەسمی ناسینی مافەکانی فەردی و کۆمەڵایەتیی خەڵک

کـە لـە ڕاگەیەنـدراوی جیهانیـی مافـی مرۆڤـدا هاتـوون و هەروەها هەمـوو ئازادییـە گشـتییەکان وەک ئازادیی کۆبوونـەوەکان، عەقیدە دەربڕین، چاپەمەنی، حیزبەکان، سـەندیکاکان، شووڕاکان، ئایینەکان و مەزهەبەکان و ئازادیی هەڵبژاردنی کار و پێشگیری لە هەر چەشنە دەسـتدرێژییەک بۆ سـەر مافەکانی فەردی و کۆمەڵایەتی و ئازادییە گشتییەکان. کردنی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن بە جێگایەک بۆ بڵاوکردنەوەی بێسانسۆری دەنگوباس و ئاگاداری و باسی ئازاد بەرەو ڕێککەوتنی سـالمی بیر و باوەڕ و عەقیدەکان و بە گشـتی کردنی دێموکراسی و ئازادیی بەیان و برەوپێدانی فەرهەنگ و هونەر.

■ گەڵاڵـەی شـوورای نیشـتمانیی بەرگـری بـۆ خودموختاریـی کوردستان

لـە بـەر ئـەوەی خەڵکـی ئێـران بـە شـۆڕشـی خۆیـان «ئـازادی و سـەربەخۆیی»یان وەکوو دوو ئەسڵی گشتی و لێکدانەبڕاو هێناوەتە گۆڕێ، شوورای نیشتمانیی بەرگری رووخاندنی ڕێژیمی خومەینی و دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی لە سەر بناغەی ئیرادە و حاکمیەتی خەڵک لە بەر خۆی ڕۆناوە.

لەبەر ئەوەی پێویسـتیی دامەزراندنی حکوومەتێک لە سەر بناغەی ئیرادە و حاکمییەتی خەڵک لە ئێران، دابین کردن و دەستەبەر کردنی هەرچـی زیاتـری ئامراز، ئیمکانـات و ڕێگای دەخاڵەت و بەشـداریی تـەواوی خەڵـک لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی ئەم بڕیارانەدایە، لە بەر ئـەوەی دەخاڵـەت و بەشـداریی خەڵک لـە بڕیـاردان و بەڕێوەبردنی بڕیـارە سیاسـی، ئابـووری، فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتییەکاندا مەرجی پێویست بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی لە وڵاتێکدایە.

شـوورای نیشـتمانیی بەرگـری بـە مەبەسـتی دابینکـردن و بەهێزکردنی هەرچی زیاتری حاکمییەتی خەڵک و تەواویەتی ئەرزی و یەکپارچەیـی و یەکیەتیـی نیشـتمانیی وڵات و بە لـە بەرچاوگرتنی

خەباتی عادڵانەی خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردنی دیموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستاندا و بە مەبەستی لابردنی ستەمی دوژمنانە لە سەر نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد، ئەم گەڵاڵەیەی ئێستا بۆ دابینکردنی خودموختاریی کوردستان رادەگەیەنێ. ئەم گەڵاڵەیە لە چوارچێوەی بەرنامەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری و حکوومەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامیی ئێران و ئەرکە فەورییەکانی حکوومەتی کاتیدا شایانی جێبەجێ بوونە و راست بە گوێرەی ماددەی ٣ی ئەرکە فەورییەکانی حکوومەتی کاتی « کۆتاییهێنان بە شەڕی دژی گەلی دژ بە خەڵکی کوردستان» لەگەڵ راگەیاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی تەواویەتی ئەرزی رێک خراوە و پەسەند کراوە و رێنوێنی کردەوەی داهاتووی حکوومەتی کاتی لەمەڕ خودموختاریی کوردستان دەبێ، چۆنایەتی و شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن حکوومەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامیی ئێرانەوە دیاری دەکرێ. ئەرکی سەرشانی حکوومەتی کاتییە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە هەوڵی پێویست بدات.

١. ناوچەی خودموختار، هەموو کوردستانی ئێران دەگرێتەوە، سنوور و سەراوردی جوغرافیایی ئەو ناوچەیە لە رێگای پرسیار لە بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچەی کوردنشینی وڵاتەوە دیاری دەکرێ.

٢. ئۆرگانی یاسادانان لە کاروباری نیوخۆیی ناوچەی خودموختاردا، ئەنجومەنی باڵای کوردستانە کە نوێنەرەکانی لە رێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە بە دەنگی گشتی، راستەوخۆ، وەک یەک و نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

٣. بەڕێوەبردنی گشت کاروباری ناوچەی خودموختاری کوردستان جگە لەم کاروبارانەی کە لە خوارەوە وەک دەسەڵاتی حکوومەتی

ناوەندی ناسراون، لە سەلاحیەتی ئۆرگانی خودموختاریدایە.
دیاریکردنی بەرزترین ئۆرگان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کاروبارانە و چاوەدێری بەسەر کار و تێکۆشانیاندا لە ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای کوردستانە.
٤. پاراستنی هێمنی نێوخۆیی ناوچەی خودموختار لە ئەستۆی ئۆرگانی خودموختارییە کە هێزی گونجاو بۆ ئەم کارە بە لەبەرچاوگرتنی مادەی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە رێک دەخات.
٥. کاروباری پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە و پێوەندیی دەرەوە، ئەمنیەتی سەرانسەریی کۆمار و بەرگریی نیشتمانی وەک (پاریزگاریی سنوورەکان، پاراستنی تەواویەتی ئەرزی و یەکیەتیی کۆمار) لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدایە. ئەرتەش لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیشدا وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران مافی دەستێوەردان لە کاروباری ئاسایشی نێوخۆییدا نیە.
٦. کارووباری پێوەندیدار بە بازرگانیی نیوخۆیی و گومرکات، دیاریکردنی سیستمی دراو و دارایی وڵات، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر بە بانکی ناوەندی، دانانی بوودجەی گشتی و بەرنامە ئابوورییەکان کە گرینگیی سەرانسەرییان هەیە، یان پیویستیان بە سەرمایە وەکارخستنی قورس هەیە لە سەلاحیەتی حکوومەتی ناوەندیدان. بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دیکەی ئابووریی ناوچەی خودموختار لە سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختاریدایە.
کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکان و سامانە گشتیەکانی ولات کە گرینگیی سەرانسەرییان هەیە، لە سەلاحیەتی حکوومەتی ناوەندیدایە کە بە قازانجی گشتیی خەڵکی ئیران کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا ئۆرگانەکانی خودموختاری بۆ کەڵک وەرگرتن لەم کانگا و سامانانە یارمەتیی حکوومەتی ناوەندی دەدەن.

٧. زمانی کوردی، زمانی خوێندن و نامەنووسینی نێوخۆیی لە ناوچەی خودمختاردایە و لە گشت پلەکانی خوێندندا، مافی فێربوونی زمانی کوردی بۆ دانیشتوانی ناوچە بە ڕەسمییەت دەناسرێ. زمانی فارسی، لە ناوچەی خودموختاریشدا وەکوو شوێنەکانی دیکەی ئێران زمانی ڕەسمییە و لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ زمانی کوردی دەخوێنرێت. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ ناوەند و شوێنەکانی دیکەی ئێران و هەروەها بۆ ئیدارەکانی سەر بە حکوومەتی ناوەندی لە ناوچەی خودموختاردا بە زمانی فارسی دەبێ. گشت دانیشتوانی غەیرە کورد لە کوردستانی خودموختاردا بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆیان ئازادن و مافی خوێندنیان بە زمانی خۆیان هەیە.

٨. گشت ئەو ماف و ئازادییانەی لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، وەکوو ئازادیی بیروڕا و دەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی. ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەکێتییەکان و شوورا کرێکاری و جووتیاری و سینفییەکان، ئەنجومەنە دێموکراتیکەکان، ئازادیی هەڵبژاردن و کار و پیشە و جێگای ژیان و ئازادیی مەزهەب لە کوردستانی خودموختاردا وەکوو هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستەبەر دەکرێن. گشت دانیشتوانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە وەکوو دانیشتوانی ناوچەکانی دیکە بەبێ هیچ جۆرە جیاوازی دانانێکی جنسی، ئیتنیکی، ڕەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی وەک یەک کەڵک وەردەگرن.

٩. سیستمی دادوەریی کۆمار یەکە و لە ناوچەی خودموختاردا، دادگاکان بە گوێرەی یاساکانی کۆمار و هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستانەوە پەسەند کراون بە سکاڵای «خەڵک» ڕادەگەن.

هێزە ئەمنییەکانی کوردستانی خودموختار، وەکو هێزە ئەمنییەکانی ناوچەی دیکەی وڵات لە بەر دەستی دادگوستەریدان و دەبێ حوکم و فەرمان و بڕیارەکانی دادگاکان و کاربەدەستانی قەزایی جێبەجی بکەن.

١٠. ئەرکی سەرشانی ئۆرگانەکانی خودموختارییە کە لە دەستێوەردان لە کاروبارێکدا کە خراوەتە بەر دەسەڵاتی تایبەتی حکوومەتی ناوەندی، خۆ بپارێزن و یارمەتیی حکوومەتی ناوەندی بدەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆی لە ناوچەدا. هەر بەم شێوەیە حکوومەتی ناوەندی و ئۆرگانە بەڕێوەبەرییەکانی ئەو نابێ دەست لە کاروبارێک وەردەن کە خراوەتە بەر دەسەڵاتی تایبەتی ئۆرگانەکانی خودموختاری و دەبێ یارمەتیی ئۆرگانەکانی خودموختاری بدەن بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی.

١١. حکوومەتی ناوەندی لە بەجێ هێنانی ئەرکی خۆیدا لەمەڕ دابینکردنی خێرای پیشکەوتن و پەرەسەندنی گشت ناوچە دواکەوتووەکانی وڵات لە سەر شانیەتی کە لە داهاتی گشتیی وڵات بەشێکی زۆرتر بۆ نەهیشتنی دواکەوتویی ناوچەی خودموختاری کوردستانیش تەرخان بکا.

١٢. خەڵکی ناوچەی خودموختاری کوردستان وەکوو هاونیشتمانانی دیکەیان لە سەرانسەری ئێراندا لە ڕێگای یاسایییەوە بەبێ هیچ جۆرە فەرق و جیاوازییەک لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار دەبن.

ئەم گەڵالەیە لە سەرەتایەک و ١٢ مادەدا لە ڕێکەوتی ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٦٢ی هەتاوی بە تێکڕای دەنگ لە شوورای نیشتمانیی بەرگریدا پەسەند کرا.

بەرپرسی شوورای نیشتمانیی بەرگری

مەسعوود رەجەوی

کێشە و ململانێ لە نێو شوورای نیشتمانیی بەرگریدا

کێشمەکێش لە نێو شووڕای نیشتمانیی بەرگریدا و پێداگریی حزب لە سەر مافەکانی گەلی کورد و پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی خۆی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی شوورا بە تایبەتی «موجاهیدینی خەڵک» لە ماوەی ئەندامەتیی حیزب لەو شوورایەدا بەردەوام بوو. دەتوانین بڵێین کە حیزب لە رۆژی چوونییەوە بۆ نێو شوورا تا رۆژی هاتنەدەر یان دەرکرانی، سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شوورا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی لە کێشەدا بوو کە بەشێک لەو باسانە لێرەدا دەخەینە بەر چاوی خوێنەران:

ساڵی ١٣٦٢، جموجۆڵێک بۆ زیندووکردنەوەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، بەلام لە سەر بنچینەیەکی تازە و بە چەشنی سەربەخۆ لە حیزبی توودە، وە بەرچاو کەوت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تێگەیشتنی لە نەقشی بەرچاوی گەلی ئازەربایجان لە بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێراندا و هەروەها بە ئاگاداری لەو واقعیەتە کە بوونی رێکخراوێکی سەربەخۆی ئازەربایجانی کە لە نێو خەڵکی ئازەربایجاندا هەڵقولابێ، یارمەتی بە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی بکا و کارساز بێ، هەربۆیە لە پێشوازیی ئەم هەوڵەدا لە رۆژنامەی «کوردستان»ی ژمارە ٩٢دا وێڕای کورتەیەک لە سەر گرینگیی هاوخەباتیی گەلی کورد و ئازەربایجان وەبیرهێنانەوەی هاوپەیمانی و دۆستایەتیی لەمێژینەی دوو گەلی کورد و ئازەری، بەشێکی کورت لە بەرنامەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی لەو ژمارەیە لە رۆژنامەی کوردستان بڵاو کردەوە.

بڵاوکردنەوەی بەرنامە و پێڕەوی فیرقەی دێموکرات لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بووە هۆی دژکردەوەی زۆر لە رێکخراوە ئێرانییەکان و دروستبوونی رێکخراوێکی لەم چەشنەیان بە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی و تەواوەتیی خاکی ئێران دانا کە یەکێک لەو رێکخراوانە سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بوو کە زۆر قەڵس بوو و لەو

پەڕی قەڵسیدا وێڕای هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەی کوردستان، لە ڕۆژنامەی «موجاهید» وتارێکی بڵاو کردەوە کە وێڕای هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەی «کوردستان» نووسرابوو لە بەر ئەوەی کە «مووسا خیابانی»و چەند ڕێبەرێکی دیکەی موجاهیدین ئازەربایجانین، کەوابوو پێویست ناکا لە ئازەربایجان ڕێکخراوی دیکە و بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیی پێک بێت. ئەمە نیشانەی نەبوونی بڕوا بە مافی نەتەوایەتی لە ئێراندا بوو و ئەگەریش موجاهیدین گەلاڵەی شوورای نیشتمانیی بەرگری بۆ خودموختاریی کوردستانی پەسەند کردبوو، دەرکەوت لە ڕووی بڕواوە نەبووە.

پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆبوونەوەی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ی خۆیدا، نامەیەکی بە پەسەند گەیاند کە ڕووی لە بەرپرسان و ئەندامەکانی «شوورای ملی مقاومت» بوو و لە مانگی ڕەزبەری هەر ئەو ساڵەدا بۆ شوورای نارد. لەم نامەیەدا گەلاڵەیەکی بۆ دیموکراتیزەکردنی شوورا و دانی شوناسی سەربەخۆی جیا لە موجاهیدین و دیاریکردنی ئیستراتیژیی شوورا و بوونی «ماهنامە»یەک و رادیۆیەک کە بە ناوی شووراوە کار بکا، بۆ شوورا نارد.

ڕەجەوی بەرپرسی یەکەمی موجاهیدین هەر لە یەکەم کۆبوونەوەدا بەبێ ئەوەی کە باسێک سەبارەت بە پێشنیارەکانی حیزبەکەمان بێتە ئاراوە، ڕاشکاوانە گوتی کە: «قبوولکردنی ئەو جۆرە پێشنیارانە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی شوورا، موجاهیدین بە هیچ شێوەیەک ئامادەیی وەرگرتنی وەها پێشنیارگەلێکی نیە».

ئامانج لە وەها پێشنیارگەلێک دانی شوناسی سەربەخۆ بە شوورا جیا لە شوناسی موجاهیدین بوو، دێموکراتیزەکردنی شوورا بە تایبەت دیاریکردنی شێوەی خەبات لە شوورادا بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی بوو.

لە دانیشتن و کۆبوونەوەی دواتردا بینرا کە بەرپرسانی شوورا پێشنیارەکانی حیزبیان لە دەستووری کاری کۆبوونەوەکە لابرد و بە جێگەی ئەو، مژاری چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزبیان دەگەڵ نوێنەرەکانی ڕێژیمی خومەینی خستە نێو دەستووری کاری کۆبوونەوەکە. بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە بیانوو داتاشینەکانی ڕێکخراوی موجاهیدین لە ڕێکەوتی ٣٠ی مانگی ... ساڵی ١٣٦٣ لە لایەن سکرتاریای کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندراوێک دەرکرا کە تێیدا هاتبوو: «لە هەلومەرجی ئێستادا هەر جۆرە وتووێژێکی سیاسی دەگەڵ ڕێژیمی خومەینی کارێکی بێسەمەرە». هەر چەند بە ڕواڵەت موجاهیدین پێشوازیی لە ڕاگەیەندراوەکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کرد، چونکە ئامانجی ئەوان لە ئەساسدا ڕوونکردنەوەی مەسەلەی وتووێژ نەبوو، بەڵکوو دەیانەویست ئەو مەسەلەیە بە مەبەستی بێکەڵک کردنی پێشنیارەکانی حیزب وەک دەستەچیلە دابنێن. ئەوان بە پێچەوانەی ڕاستییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە حیزبی دێموکرات بە ئیمزای نوێنەرەکانی لە هەمبەر شوورادا «متعهد»ە کە لە مافی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چاوپۆشیی کردووە. بەڵام لە هیچ یەک لە بەڵگەنامەکانی شووڕای نیشتمانیی بەرگریدا کە نوێنەرانی حیزب ئیمزایان کردبێت، بچووکترین بابەتێک لە مەڕ نەبوونی حەق و سەڵاحییەتی وتووێژ بۆ حیزب، وە بەرچاو ناکەوێ.

بەڵام حیزب بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیە کە چاوپۆشی لە سەربەخۆیی و سەڵاحییەتی بڕیاردان سەبارەت بە چارەنووسی جووڵانەوەی کورد بکات و بە دەستی کەسانێکی دیکەی بسپێرێ.

دیسان موجاهیدین لە ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤دا بڕیارنامەیەکی بە بێ بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چەند ئەندامێکی دیکەی شوورا، بەسەر باقی

ئەندامانی شوورادا سەپاند و ئەوەیان وەک بڕیارنامەی شوورای نیشتمانیی بەرگری» بڵاوکردەوە. حیزبی دێموکرات کونتاکتی غەیرە ئوسوولی و نادێموکراتیکی بەرپرسی شوورا و موجاهیدینی خستە بەر رەخنە و بەناو بڕیارنامەی باقی ئەندامانی شووراشی رەد کردەوە و خوازیاری پێکهێنانی ئەسڵی شوورا بە بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام بەرپرسی شوورا حازر بە وەها دانوستان و کۆبوونەوەیەک نەبوو. بەرپرسانی رێکخراوی موجاهیدین نیشانیان دا کە نەک تەنیا بۆنیان لە دێموکراسی نەکردووە، بەڵکوو بچووکترین رێزو حورمەتیش بۆ ئاییننامە و ئەساسنامەکانی کە بۆ خۆیان ئیمزایان کردووە دانانێن. هەر بۆیە رۆژی ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات راگەیەندراوێکی دەر کرد و بە رەسمی لە ئەندامەتیی شوورای نیشتمانیی بەرگری هاتەدەرێ.

موجاهیدین پێشنیاری دووبارە پێداچوونەوە بە بەرنامە و ئەساسنامەی شوورای بە جیددی رەد کردەوە و بە هیچ جۆرێک گوێیان بە گەلاڵە و پێشنیارەکانی ئێمە (حیزب) لەمەڕ دێموکراتیزەکردنی پێوەندییەکانی ناوخۆی شوورا نە دەدا. هەر بۆیە حیزب بۆی دەرکەوت کە موجاهیدین دژی بەرین بوونەوەو پەلوپۆ هاویشتنی شوورایە و تەنیا لە کاتێکدا «موافقەت» دەکەن کە ئەندامە نوێیەکانی شوورا لە سیاسەتەکانی موجاهیدین پەیڕەوی بکەن.

لە کاتێکدا کە هێنانەگۆڕ و ناساندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ژێرستەم و زوڵملێکراوی ئێران بە تایبەتی «خودموختاری» لە لایەن شووراوە دەهاتە بەرباس، ئەوان زۆر جاران لەنێو شوورادا شێلگیرانە رایانگەیاند کە: «ئەگەر رۆژێک شوورای نیشتمانیی بەرگری لەگەڵ مافی خودموختاریی گەلی کورد و گەلانی دیکەی زوڵملێکراوی ئێران وەک: ئازەربایجان، بەلووچستان و... رازی بێ،

موجاهیدین شوورا بەجێ دێڵن».

بۆ ماوەی چوار ساڵان حیزب لەگەڵ شوورا هەوڵی دا کە لە سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکی دیاریکراو لە لایەن موجاهیدینەوە بە سەر شووورادا پێشگیری بکا. کاتێک کە لە لایەن زۆربەی ئەندامانی شووراوە پێشنیار کرا کە بە مەبەستی پەرەپێدانی شوناسی سەربەخۆ، شوورا دەبێ ئۆرگانی چاپەمەنی بڵاو بکاتەوە، موجاهیدین دیسان ئەو پێشنیارەشیان بە دواوە خست.

نوێنەری موجاهیدین لە پاییزی ساڵی ١٣٦٣دا پێشنیاری کرد کە شوورای نیشتمانیی بەرگری بە ناوی خۆیەوە ئیمتیازی ئیزگەیەکی رادیۆیی لە یەکێک لە وڵاتەکانی جیران وە دەست بێنێ، بەڵام ئەبێ تەواووەخت لە ئیختیار و پاوانی رێکخراوی موجاهیدیندا بێت. لە شووورادا لە نوێنەری موجاهیدین پرسیار کرا، ئەگەر رادیۆیەکی وا رۆژێ دوو کاتژمێر بەرنامەی بڵاو کردەوە و نیوەی ئەو کاتە بدرێ بە موجاهیدین، ئایا ئێوە قبووڵی دەکەن؟ وەڵامەکەی «نا» بوو! دیسان هەر لەو بارەوە پرسیار کرا، ئەگەر وای دابنێین کە رادیۆی شوورا لە شەو و رۆژدا ١٢ کاتژمێر کاتی بۆ بڵاوکردنەوە لە ئیختیاردا بێ، ١١ کاتژمێر بۆ موجاهیدین و کاتژمێرێک بە شوورا بدرێ، ئایا ئەوان پێشنیارێکی ئەوتۆ قبووڵ دەکەن؟ نوێنەری موجاهیدین لە وەڵامدا دەڵێ: «نەخێر».

تەواوی کاتەکەیان دەوێ یانی هەر دوازدە کاتژمێرەکەمان دەوێ. حیزبی دێموکرات سەرەڕای هەڵسوکەوتە نادێموکراتیکەکانی موجاهیدین سەرەتا رایگەیاند کە نایهەوێ لە شوورا بێتە دەرێ. هەوڵی دا کە شوورا دژی بڕیاری موجاهیدین راوەستێ، بەڵام موجاهیدین بڕیاری خۆی دابوو و نەیدەویست هاوپەیمانی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەن.

بەشێک لە نامەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

■ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگری (١٣٦٣)

کومیتـەی ناوەنـدی لـە کۆبوونەوەی خۆیدا لـە رۆژەکانی ١٥ هەتا ٢٤ی مانگـی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٦٣ دوای لێکدانـەوەی بارودۆخـی سیاسیی وڵات و پێداچوونەوەیەکی ورد و دەقیق بە سەر چالاکییەکانی شـوورا لە رابردوودا، بە سـەرنجدان بە رۆڵ و نەخشێک کە شوورا لـە هەلومەرجـی هەسـتیاری وڵاتەکەماندا دەبێ وە ئەسـتۆی بگرێ، بڕیاری دا کە نەزەر و بۆچوونەکانی خۆی لە دووتوێی نامەیەکدا بە بەرپرس و ئەندامانی شوورا بگەیەنێ.

نامـەی کومیتـەی ناوەندیـی حیـزب بـۆ بەرپرسـی موجاهیدیـن و ئەندامانـی شـوورا هەڵگـری ئەو بۆچـوون و پێشـنیارانەی خوارەوە بوو:

١. چاو بە بەرنامە و ئەساسنامەی شوورادا بخشێنرێتەوە و مۆری «بەنـی سـەدر»و شـێوە و رێچکـەی بیـری بەنی سـەدری تێدا پاک بکرێتەوە.

٢. پێوەندییەکانـی ناوخـۆی شـوورا زیاتـر لە جـاران دێموکراتیزە بکرێ و تەواوی ئوسـوول و قاعیدە و چوارچێوە نادێموکراتیکەکان لە نێو بچن.

٣. لەگەڵ تەواوی ئەو رێکخراو و کەسایەتییانەی کە بوونی ئاغای بەنـی سـەدریان وەک کۆسـپێکی هاوکاریـی خۆیـان لەگەڵ شـوورا دەزانی، جودا لەوەی کە لە بانگەشـەی خۆیاندا راسـتو دروسـت بن یان نا، پێوەندی بگیرێ و بۆ راکێشانیان دەرگای وتووێژ و دانوستان ئاوەڵا بێ (جودا لە سەڵتەنەتخوازەکان و لایەنگرانی رێژیم).

٤. دانپێدانـان و ناسـاندنی مافە نەتەوایەتییەکانـی گەلانی ئێران (چ لـە شـکڵی خودموختـاری چ لە شـێوەی فیدراڵیـدا) جودا لـەوەی کە ئـەم گەلانـە خەباتی بـۆ دەکەن یان نا، کە ئەوە ئیعتیباری شـوورای میللیی مقاوەمەت دەباتە سەرەوە. ئەو هەنگاوە لە لایەک دەبێتە هۆی پتەوبوونـی بنەمـای یەکپارچەیـی وڵات و پاراسـتنی خاکی ئێران. لە لایەکی دیکەشەوە وەدیهێنانی ئامانجی گرینگی دێموکراتیکی شوورا پێشـگیری لە کۆبوونەوەی دەسـەڵات لە دەستی دەوڵەتی ناوەندیداو سپاردنی بە خەڵکە و یارمەتیدەرێک دەبێ بۆ بەشە دواکەوتووەکانی وڵات.

٥. سـەبارەت بە جێگە و پێگە و نەخشـی شـوورا تاکوو ئێسـتاش لەنێوان ئەندامەکانی شـوورادا ناکۆکیی بیروبۆچوون هەیە. هەندێک رۆڵـی شـوورا بـە پارلەمـان دەزانـن و هێندێکی دیکەش بە شـێوەی بـەرەی دادەنێـن. هەنووکـە کاتـی ئـەوە هاتـووە کە پێگە و نەخشـو هەڵوێستی شوورا دیاری بکرێ.

٦. بـە پێچەوانـەی ویسـتی زۆربـەی ئەندامەکانـی شـوورا، رەنگە هەموویانیـش، ئێسـتاش شـوێنەواری داسـەپاندنی ئیدئۆلۆژیـی دیاریکراو لە ناو شـوورادا هەسـتی پێ دەکرێ. بە رۆیشـتنی ئاغای بەنی سـەدر زەمینەی باش دەرەخسـێ بۆ ئەوەی کە ئەو شـێوە لە خەبات و بەربەرەکانێ لە راستای بەرژەوەندیی گشتیی ئەو هێزانەدا کە لە دەوری شوورای نیشتمانیی بەرگری کۆ بوونەتەوە بۆ خەبات دژی هێڵەکانی کۆنەپەرسـتی و رێژیمی سەدە نێوەڕاستیی خومەینی کەڵکی لێ وەربگیرێت.

٧. شـوورا دەبێ نوێنەری گشـت رێکخراو و کەسـایەتییەکانی تێدا ئەنـدام بێ. تەنانـەت ئەولاتر لـە نوێنەرانی حیـزب و رێکخراوەکان، دەبـێ نوێنـەری چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگاشـی تێدا بێ کـە لە نێو شـوورادا نوێنەریـان نیـە، نەک نوێنەری دوو ـ سـێ رێکخـراو. هەر

بۆیە شوورا دەبێ پێگە و شوناسی تایبەتی بۆ هەر رێکخراوێکی سەربەخۆ هەبێ.

٨. بۆ ئەوەی کە شوورا خاوەنی شوناسێکی تایبەت بە خۆی بێ، پێشنیار دەکەین لە داهاتوویەکی نزیکدا هەم ئۆرگانی شوورا چاپو بڵاو بکرێتەوە، هەمیش رادیۆی شوورا کاری خۆی دەست پێ بکا.

٩. بۆ ئەوەی شوورا بە شوناسی تایبەتی خۆی بگات تەواوی رێکخراو و کەسایەتییەکان لە چالاکییەکانی شوورادا بە شێوەی جیدی بەشداری بکەن و، وەک پێشوو تەنیا کارەکانی شوورا نەدرێنە رێکخراوی موجاهیدین. حیزبی ئێمە ئامادەیە ئیمکاناتی خۆی هەم لە بواری ماددی، هەم لە بواری پێرسۆنێلی لە ئیختیاری شوورای نیشتمانیی بەرگری دابنێ.

١٠. شوورا بۆ چالاکییەکانی خۆی لە نێوخۆی وڵات دا دەبێ بە کردەوە بەرنامەکانی رێک بخا. لەوەیڕا کە «رەسالەت»ی شوورا رووخاندنی رێژیمی خومەینی و هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتیکە، شوورا دەبێ رێگەی گەیشتن بەو ئامانج و ستراتیژییەی دیاری بکا.

مانەوە لە چوارچێوەی دروشمەکانی وەک: «مەرگو نەمان بۆ خومەینی» یان خەباتی چەکدارانە، شکڵ و شێوە و «میحوەری» خەبات کە بە حەق لە لایەن رێکخراوەکانی ئەندام لە شووراوە دەدرا، بە تەنیا بەس نیە.

١١. پێشنیار دەکەین کە شوورا کۆبوونەوەکانی داهاتووی لە چوارچێوە و راستای کێشە باسکراوەکانی سەرەوەدا بگرێ. بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کارو ئەرکەکانی شووراو وەدیهێنانی ئارمانو ئامانجەکانی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا. نوێنەری حیزبی ئێمە پێشنیارگەلی دیاریکراوی هەیە کە پێشکەشی شوورایان دەکا.

■ شیکردنەوەیەک لەمەڕ پێشنیارەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ بەرپرس و ئەندامانی شووراى نیشتمانیی بەرگری

پێشنیاری یەکەم سەبارەت بە پێداچوونەوە بە بەرنامە و ئەساسنامەی شوورایە. هەمووومان باشمان لە بیرە کە ئاغای بەنی سەدر پێداگر بوو کە شوورا بڕیارەکانی ناوبراو بکاتە بەرنامەی کاری خۆی. حیزبیش هەر ئەوکات بە فەرمی رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک ناچێتە ژێر باری بڕیارەکانی بەنی سەدرەوە. ئەو بەرنامەیەی کە لە لایەن موجاهیدینەوە ئامادە کراون، دەکرێ بە بەرنامەی شوورا پێشنیار بکرێ و حیزب بەپێی قانوون و ئوسوول قبووڵی بکا، بەلام حازر نابێ لە هەمبەر نووسراوە و ماددەکانی ئەو بەرنامەدا وەلامدەر بێ. حیزب لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەرنامەی شوورا دەبێ رەنگدانەوەی بیروڕای هاوبەشی هەموو ئەندامەکانی شوورا بێ. بەلام بەرنامەی ئێستا تەنیا رەنگدانەوەی بیروڕای موجاهیدینە و ئەندامەکانی دیکەی شوورا نە لە ئامادەکردن و نووسینی بەشدار بوون و نە دوای ئامادەکردنی لە لایەن موجاهیدینەوە بیروڕای خۆیان لە نێو بەرنامەکەدا گونجاندووە.

پاش پەسندکرانی ئەرکە پێسپێراوەکان، دەوڵەتی کاتی بە کردەوە بەرنامەی پێشووی هەڵوەشاندەوە. بەلام رێکخراوی موجاهیدین لە راستای ئەم بەرنامەیەدا وەکوو بەرنامەی شوورا هەر وا پێی دادەگرت. بەرنامە لەگەڵ ئەرکەکانی بەردەوامی دەوڵەتی کاتی لە دوولاوە لە دژایەتیدان:

ـ شووراو دەوڵەتی کاتی بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانیان تەنیا شەش مانگ کاتیان هەیە، لە کاتێکدا پیادەکردنی مادەکانیی کە لە بەرنامەکەی پێشوودا هاتووە ساڵانێکی دوور و درێژی پێویستە.

جەوهـەر و ناوەڕۆکـی ئەرکـە پایەدارەکانی دەوڵەتـی کاتی لەگەڵ جەوهەر و ناوەڕۆکی بەرنامەی پێشوو جیاوازیی هەیە. لە حاڵێکدا کە بەرنامەکە بە تەواوی مۆرکی مەزهەبیی پێوەیە، ئەرکە پایەدارەکانی دەوڵەتـی کاتـی بەرنامەیەکی لائیک و غەیرە مەزهەبییە و هیچ جۆرە ئیدئۆلۆژییەکی دیاریکراو بە سەریدا زاڵ نیە. ئەو فاکتەرانە بەتایبەت لەمـەڕ ماددەکانـی ٨و ١٠ی ئەرکە پێسـپێردراوەکانی دەوڵەتی کاتی روون و ئاشکرایە.

لـە چەندیـن بابەتدا (لاپەڕەکانـی ١٣،١٦،١٨،٢٠،٣١،٣٩) بـە واتا، بە بـاوەڕی موسـڵمانە راسـتەقینەکان، بە بـاوەڕی ئێمە موسـڵمانەکان. دووپاتبوونـەوەی ئـەم واتایـە رەنگـی ئیدئۆلۆژییەکـی دیاریکراو بە بەرنامەی شـوورا دەدا، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو رامانە دێنێتە پێش کە ئەندامەکانی دیکەی شوورا شوناسی شوورایی ئەو بەرنامەیەیان جـودا نەکردۆتـەوە، کـە وایە چـۆن نوێنەرانـی رێکخراوەکانی وەک: «شوورای یەکگرتووی چەپ». دەکرێ وەک موسڵمانانی راستەقینە سەیریان بکرێ؟

ئـەو کاتـە واژە و زاراوەی موسـڵمانانی راسـتەقینەش بـۆ خـۆی جێگـەی بـاس و تێڕامانە. بۆ نموونە رێژیمی خومەینی خۆی بە نماد و کانگای ئیسـلامی راستەقینە دادەنێ و بەناوی ئیسلامی راستەقینە ئەو هەموو جینایەتە ئەنجام دەدات. رێکخراوی موجاهیدینیش خۆی بە نوێنەری موسوڵمانانی راستەقینە و شۆڕشگێڕ دەزانێ و ئیسلامی خومەینی و ویلایەتی فەقیە رەد دەکاتەوە.

خەڵکـی سـوونني مەزهەبـی کوردسـتان نـە ویلایەتـی فەقیهـی بە ئیسـلامیی راسـتەقینە دەزانن، نە ئیسـلامی رێکخـراوی موجاهیدین. هەڵبـەت هـەر رێکخـراو و سـازمانێک مافـی هەیـە کـە پەیڕەوی لە ئیدئۆلۆژییەکـی دیاریکـراو بکا، بـەڵام ئەو ئیدئۆلۆژییە نابی بەسـەر ئەندامەکانـی دیکـەی شـوورادا بسـەپێت، بەرنامـەی شـوورا ئـەو

ئەسڵەی لە بەرچاو نەگرتوە. لە یەکێک لە لاپەڕەکانی بەرنامەکەدا هاتوە کە دەبێ زۆر بە جیددی ئاماژەی پێ بدرێ کە بە باوەڕی ئێمە موسڵمانان مەسەلە و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، لە نێوان تەواوی چین و توێژەکانی نەتەوەکاندا، بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشین لە حەقانییەتی ئیسلامی راستەقینەی «ناب محمدی» نیە.

بە واتەیەکی دیکە ئێمە قەلبەن و عەقڵەن لە سەر ئەم باوەڕەین کە شکۆفایی ئیسلام لە دەخالەت نەدانی هەر جۆرە هەڵاواردن ئیمتیاز و کاروبارێکی ئیجباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. لە لاپەڕەی ٣٩ی بەرنامەکەدا ئاوا نووسراوە کە: «بە باوەڕی ئێمە موسڵمانان، خومەینی مەزنترین زەرەر و زیانی لە فەرهەنگی راستەقینەی «ئیسلامی نابی محەممەدی» و شیعەی عەلەوی داوە کە دەبێ وردەوردە راستییەکانی ئیسلامی ئینقلابی زۆر بە زوویی کە شوێنەواری کاولکاری و خەیانەتی خومەینی لە نێو موسڵمانانی جیهانی پێوە دیارە، لابچێ. پێداگریی ئەوندە لە سەر ئوسووڵ و بنەماکانی ئیسلام، لەگەڵ ئەو هەموو رێز و حورمەتەی کە بۆ ئیسلاممان هەیە، وەکوو ئایینی زۆرینەی خەڵکی ئێران، ئایا بە غەیری داسەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکی دیاریکراو هیچ مانایەکی دیکە دەگەیەنێ؟

بە باوەڕی ئێمە، بەو ئەزموونە تاڵەی کە خەڵکی ئێران لە کۆماری ئیسلامییان هەیە، شوورا دەبێ ئاشکرا و بە بێپەردە خوازیاری جودایی دین لە دەوڵەت بێ. هەر ئاڵترناتیڤێک کە رەنگی مەزهەبیی پێوە بێ «موشکل»ە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران تەئییدی بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر وەها ئاڵترناتیڤێک لە وڵاتەکەماندا قودرەت و هێز لەدەست خۆیدا قەبزە بکا، کێشەیەکی یەکجار زۆر دەخوڵقێنێ.

سەبارەت بە ئەرتەش، لە بەرنامەی شوورادا گوتراوە کە: «شوورا خوازیاری نۆژەنکردنەوەی رێکخراوی خەڵکی (ئەرتەش)ە. (لاپەڕەی

٢٣) ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران و هەموو هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێستاین. هەبوونی پێرسۆنێلی پێشکەوتوو و نیشتمانپەروەر لە ریزەکانی ئەرتەشی ڕێژیمدا جەوهەر و ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی ئەو ئەرتەشە ناگۆڕێ، چونکە هەر ئەو ئەرتەشەیە کە چەندین ساڵە دژی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بێبەزەییانە شەڕ دەکات.

لە لاپەڕەی ٣٢دا قسە لە مافی نەتەوەکان کراوە. نە مەفهوومی ئەوەی کە گوتراوە و نە زاراوەگەلێکی کە بە کار هێنراوە (بۆ نموونە: ئێتنیکە خۆجێییەکان ناتوانێ پەسندی حیزبی ئێمە و شایەدیش زۆربەی ئەندامەکانی شوورا بێ. شوورا دەبێ بوێرانە و دلێرانە لەمەڕ دابینکردنی مافی هەموو گەلانی ئێران پێشقەدەم بێ و مافی خودموختاری جیاواز لەوەی کە خەباتی ئەم گەلانە لە کام قۆناغدایە، بۆ هەموویان بە ڕەوا بزانێ.

هەموو ئەو ئەرکە پێسپێراوانەی دەوڵەتی کاتی کە سەبارەت بە ژنان هاتووە، دەبێ جێگەی قبووڵ و تەئییدی هەموو ئەندامانی شوورا بێ، نەک بەپێی «موازین»ی ئیسلام کە لە بەرنامەکەدا پشتی پێبەستراوە و بتهەوێ و نەتهەوێ مافەکانی ژنان لە نێو کۆمەڵگا و نێو بنەماڵەدا سنووردار دەکا.

لەو بەرنامەکەدا زۆرجاران چەمکی «میللەتی ئێران» بەکار هێنراوە (لاپەڕەکانی ١٣، ١٠٣، ٣٢) کە جێگەی پەسندی حیزبی ئێمە نیە. بە جێگەی ئەو «چەمکانە» خەڵکی ئێران یان گەلانی ئێران دەبێ بگوترێ. دیسان لە نێو بەرنامەکەدا پشت بە قسەکانی «تاڵەقانی» بەستراوە (لاپەڕەکانی ١٤و ٢٩). بە سەرنجدان بە نەخشێک کە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە هەڵایسانی شەڕی کوردستاندا گێڕای و بە ئاشکرا لە کاناڵی ڕاگەیەنە گشتییەکاندا تەوهین و سووکایەتیی بە

حیزب و پێشمەرگەکانی کوردستان کرد، حیزبی ئێمە بە هیچ جۆرێک پشت ئەستووربوون بە قسەکانی ناوبراو لە بەرنامەی شووراادا تەئیید ناکا. هەروەها پێشنیار دەکرێ کە گەڵاڵەی خودموختاریی پارێزراو لە شووراادا چاوی پێدا بخشێندرێتەوە و ئەوە کە تەنیا بە پێداگریی بەنی سەدر لە گەڵاڵەی ئەو دواییەی شووراادا گونجێندراوە، لا ببرێت.

■ وەڵامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

بە بۆچوونەکانی ئەندامانی شووڕای نیشتمانیی بەرگری لە کۆبوونەوەی ١٧ی بەفرانباری ١٣٦٣دا

هێندێک لە قسە و باسەکانی ئەندامەکانی شوورا لەو پێوەندییەدا کە لە بڵاوکراوەی کوردستان، ژمارە ٩٩دا نووسراوە، ئەوەی کە سکرتێری گشتیی ئێمە دوکتور قاسملوو لە نێو شووراادا شیی کردۆتەوە مەحکوومیان کردووە کە جێگەی داخ و کەسەرێکی زۆرە. ئێمەش بە نۆرەی خۆمان ئەو قسانەی ئەندامانی شوورا بە نامەسئوولانە لە قەڵەم دەدەین و زۆر بە توندی مەحکوومی دەکەین و بە تەوهین و سووکایەتی بە هێزی ئەسڵیی ڕێبەرایەتی و بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستانی دەزانین و بەبێ ئەمەگی و چاونووقاندن لە فیداکارییەکانی گەلی کورد و خوێنی پیرۆزی شەهیدانی کوردستانی دێنینە ئەژمار.

لە «کوردستان»دا هاتووە کە تەنیا چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم ئەنجام دراوە و هیچ کێشە و مەسەلەیەکی جیددیی دیکەی لە پشتەوە نەبووە و وتوویژیش ئەنجام نەدراوە. سەرەڕای ئەوەی کە لە بەندی ٥ی پێشنیارەکانی ئاغای «ڕەجەوی»دا هاتووە کە مەبەست لە وتوویژ و دانوستان ڕاگوێزتنی نهێنی و زانیارییەکان نیە! لە کۆتاییدا دەمانهەوێ جارێکی دیکە ڕوانگەی حیزبەکەمان لە پێوەندی بە ئەگەری مەسەلەی وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم وە بیر بخەینەوە:

١. حیزبی دێموکرات بەرپرسایەتیی ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی لە سەر شانە و حەقی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وەکوو شێوە و قۆناغێک لە خەباتی هەڵبژاردووە و لە داهاتووشدا ئەو مافە بە ڕەوا دەزانێ.

٢. حیزب بە بێ ئاگاداریی شوورا و بە بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ شوورا هیچ جۆرە وتوویژێکی سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم ئەنجام نادا.

٣. لە بەندی سێهەمی پێشنیارەکانی ئاغای ڕەجەویدا بەم شێوەیە هاتووە کە: لە ئایەندەدا هەر ئەندامێکی شوورا ئەگەر بیهەوێ وەها وتوویژێک ئەنجام بدا، جودابوونەوەی خۆی لە پێشدا قبووڵ بکات.

٤. بە خوێندنەوەی سێ کۆبوونەوەی ئەو دواییەی شوورا هەست دەکرێ کە گەلاڵەی مەسەلەی وتوویژ و گەورەکردنەوەی بە ئەنقەست و بە مەبەستی بێدەنگکردنی باس سەبارەت بە پێشنیارە بنەڕەتییەکانی ئێمە بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب بووە کە لە کۆبوونەوەکانی شوورادا چەندین جار لە لایەن نوێنەرانی موجاهیدینەوە ئاماژە بەو بابەتە کراوە کە حیزبی دێموکرات لە ئەندامەتی لە نێو شوورادا کەڵکی وەرگرتووە، بە بێ ئەوەی کارێکی بۆ شوورا ئەنجام دابێ. تەنانەت ٩٠٪ی لە شوورا کەڵکی وەرگرتووە و ١٠٪ی بۆ شوورا مایە داناوە.

هەروەها گوتراوە کە حیزبی دێموکرات خودموختاریی لە شوورا وەرگرتووە، بەلام کارێکی ئەنجام نەداوە. بەڵام دەبێ ئەو ئیدیعایە بکەن کە شوورا هیچ کارێکی بۆ حیزب نەکردووە. ئەگەر مەبەست ئەو کارە بێ کە شوورا بۆ حیزبی دێموکراتی کردووە، دەنگدانەوەی خەباتی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵاتە، ئەو دەنگدانەوە بۆ هەموو ئەندامەکانی شوورا بووە، ئەوەی کە شوورا بۆ دەنگدانەوەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا کردوویە،

بە هیچ شێوەیەک وڵامدەری توندی و بەرینیی خەباتی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی کورد نەبووە. بە پێچەوانە لە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی شوورادا خەباتی خەڵکی کورد و نەخشی حیزبەکەمان بچووکتر لە پشکی واقیعیی خۆی نیشان دراوە، لە حاڵێکدا کە رۆڵی موجاهیدینی زیاتر لە بەش و حەقی خۆی بەرجەستە کردۆتەوە! لە نێوخۆی وڵات کە گۆڕەپانی ئەسڵیی خەباتە، بچووکترین هاوکارییەک لە لایەن شووراوە بە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات نەکراوە.

ئەگەر مەسەلەی بەهرەبەرداریش لە ئارادا بێ، بەهۆی ئەوەی کە ئەو دووانە (شوورا و موجاهیدین) هاوناون، زۆرترین بەهرە رێکخراوی موجاهیدین بردوویە.

ئامانجی سەرەکیی شوورا رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییە و لە رێگەی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەوە هیچ کام لە ئەندامانی شوورا بە هاوسەنگیی هێزەکەیان بەرادەی حیزبی دێموکرات بەشدار و چالاک نەبوون و فیداکارییان نەکردووە. ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییەکانی شوورا لە دەرەوەدا، دەبێ بڵێین کە نوێنەرەکانی حیزبی ئێمە هەمیشە لە کۆبوونەوەکانی شوورادا چالاکانە بەشدارییان کردوە. بەڵام ئیمکاناتی ماددی و پێرسیۆنێلیی حیزب لە دەرەوەی وڵات کەمە، سەرەڕای ئەوەش حیزبی دێموکرات بە دەیان جار رایگەیاندووە کە ئامادەیە بە نیسبەتی پشکی خۆی لە دابینکردنی ئیمکاناتدا بەشداری بکا. بەو مەرجە کە پێشنیارەکانی ئێمە لەمەڕ دێموکراتیزەکردن زۆرتر و زیاتر لە جاران لە لایەن شووراوە سەرنجی پێ بدرێ، بە تایبەتی شوورا شۆناسی سەربەخۆی خۆی وەدەست بێنێتەوە.

سەبارەت بە پەسندکردنی گەڵاڵەی خودموختاری، دەبێ بڵێین کە ئەو هەنگاوە پێش هەموو شتێک بە قازانجی شوورا تەواو بووە. چونکە ئەو کردەوەیە بۆتە هۆی پشتیوانی کردنی خەڵکی کوردستان

لـە شـوورا. شـوورا بەو هەنـگاوە ئەرکێکـی مێژوویی ئەنجـام داوە و بـۆی نیـە منـەت بە سـەر خەڵکدا بکا. تـازە ئەگەر بێـت و خەڵکی کورد خودموختاری وە دەست بێنن، ئاکامی راستەوخۆی موبارزەی خەڵکی کوردسـتانە، شـوورا بە پەسندکردنی گەڵاڵەی خودموختاری لـە سـەر کاغـەز خـۆ بـە کـردەوە خودموختاریی بـە کەس نـەداوە. هەنووکـە شـوورا بە تایبەت رێکخـراوی موجاهیدین حـازر بە دانی مافی خودموختاری بۆ ئازەربایجان و بەلووچستان و گەلانی دیکەی ئێران نین. شایەد ئەگەر خەڵکی کوردستانیش بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران سـاڵانێکی دوور و درێـژ خەبـات و فیداکارییـان نەکردبایـە و بـە دەیان هەزار شـەهیدیان لـەو رێگایەدا نەدابایـە، بـە دڵنیاییـەوە شـوورا دەگـەڵ گەڵاڵـەی خودموختاری بۆ کوردستان موافقەتی نەدەکرد.

لە کۆتاییدا سپاسی قسەکانی رەجەوی سەبارەت بە نەخشی حیزبی دێموکرات و بانگهێشـتنی ناوبراو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسـی بۆ بەشـداریکردن لـە کۆبوونـەوەی شـوورادا دەکەیـن و بـە ئاگاداریی ئەندامەکانـی شـوورا دەگەیەنین بـەو بەرپرسـایەتییەی کە دەفتەری سیاسـیی حیزب لە سـەر شـانیەتی، زیاتر لە یەک یان دوو کەس لە ئەندامەکانی ناتوانن کوردسـتان بەجێ بهێڵن. لەو راستایەدا پێشنیار دەکەیـن کە بەرپرسـی شـوورا لە راسـتای وەفدێک لـە ئەندامەکانی شـوورا سـەردانی کوردستان بکەن، هەتاکوو هەم لە نزیکەوە لەگەڵ بارودۆخـی ناوچەکـە ئاشـنا بـن و هەمیـش بـە بەشـداریی تەواوی ئەندامەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب مەسەلەکان بێنە ئاراوە.

■ راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هاتنەدەری حیزب لە شوورای نیشتمانیی بەرگری (١٣٦٤/٢/١٠)

کاتێک کە لە سـاڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا بەرنامەی شـوورا بە ئیمزای

ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، سەرکۆمار و مەسعوود رەجەوی، بەرپرسی یەکەمی موجاهیدین گەیشت، حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کەموکورییەکانی پێکهاتەی شوورا، هەم لە ئاستی نەزمی بەرنامەکە ئاگادار بوو. هەر بۆیە بە هەستکردن بە پێویستیی دامەزرانی رێکخراوێکی سیاسیی پێکهاتوو لە رێکخراو و کەسایەتییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن، بەو هیوایە کە بتوانێ شوورای لە ناوەوە کامڵتر و پڕ ناوەرۆکتر بکا، بە قبووڵکردنی ئوسوول و بنەما گشتییەکانی بەرنامە چووە ناو شووراوە. لە ماوەی چوار ساڵ ئەندامەتیی حیزب لە نێو شوورادا، پێوەندیی حیزب دەگەڵ شوورا و موجاهیدین، هەوراز و نشێوێکی زۆری بڕی. لەو ماوەیەیدا زۆربەی هەرەزۆری کاتەکانی خۆی بۆ دێموکراتیزەکردنی شوورا و دانی شۆناسی سەربەخۆ بەو رێکخراوەیە، رێکوپێک کردن و پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی ئەو شوورایە تەرخان کردبوو. هەتاکوو ببێتە هۆی پەلوپۆ هاویشتنی شوورا و...

پەسندکردنی بەڵگە سێگانەیەکانی شوورای نیشتمانیی بەرگری لە مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٦٠و بەدوای ئەویشدا، پەسند کردنی گەڵاڵەی «خودموختاریی کوردستان»، لە هاوفیکری و هاوکاریی بەردەوامی حیزب لەگەڵ رێکخراو و کەسایەتییەکانی ئەندامی شوورا دێنە ئەژمار. لەوەیڕا کە هەندێک لە ئەندامەکانی شوورا نەیاندەویست هەڵوێستی مەزنیخوازانەی زاڵ بە سەریاندا قبووڵ بکەن، هیوابڕاوانە لە دێموکراتیزەبوونی شوورا لە ئەندامەتی ئێستێعفایان دا. دوایین رێکخراویان شووورای یەکگرتووی چەپو ئاغای ناسری پاکدامەن بوون.

بە کورتی بیروبۆچوونی موجاهیدین بریتی بوو لە: «هەر چەندە بەرپرسایەتی و رێبەریی بزووتنەوەی کوردستان لە ئەستۆی حیزبی دێموکراتە، بەڵام سەڵاحییەتی بڕیاردان لەمەڕ چارەنووسی

بزووتنەوەکە لەوان سەلب بکرێ».

حیزبی دێموکرات ناتوانێ نە لە سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی چاوپۆشی بکا و نە سەلاحییەتی خەباتیش کە چەندین دەیەیە خەڵکی کوردستان خستوویانەتە سەر شانی، بیداتە دەستی کەسانێکی دیکە. هەتا ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤ کە لەگەڵ بەناو بڕیارنامەی شوورا رووبەروو بۆوە.

سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە راگەیەندراوی ٢٨ی خاکەلێوەدا رەسمییەت و مەوزووعییەتی بڕیارنامەی ناوبراوی چ لە بواری ناوەڕۆک و چ بەهۆی ئەساسنامە و ئاییننامەوە بردە ژێر پرسیار و خوازیاری پێکهاتنی کۆبوونەوەی شوورا بە بەشداریی هەر هەموو ئەندامەکانی بوو. بەڵام پاش تێپەڕینی دوو حەوتوو ئێستاش هیچ وەڵامێک بەو داخوازییە نەدراوەتەوە؟ ..

حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی مەیلی دەروونیی خۆی بە ئەندامەتی لە نێو شوورادا کۆتایی دێنێ. بەرپرسایەتیی هەوڵنەدانی شوورا راستەوخۆ دەخاتە سەر شانی موجاهیدین و بە پێچەوانەی بیروڕای موجاهیدین، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە پاش چوونەدەری حیزبی دێموکرات لە شوورا وەک یەکێک لە پایە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی، نەک تەنیا شوورا هێز ناگرێ، بەڵکوو ئیدی شوورایەک بە مانا واقیعییەکەی نامێنێ. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە عەینی ئامادەیی حیزبدا بۆ هاوکاریی دێموکراتیک و ئوسوولیی تەواوی حیزبەکان، رێکخراوەکان و کەسایەتییە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران کە پێویستی بە خەباتێکی شێلگیرانە و بە کردەوەیە بۆ رووخاندنی رێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتیک قۆڵیان هەڵماڵیوە، رادەگەیەنێ.

بەهیوای ئەو رۆژە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شاهیدی وەدیهێنانی رێکخراوێکی بەرینی سیاسی لە هێزە دێموکرات و سەربەخۆ و

کۆماریخوازەکانی ئێران بین.

■ ٤٣: مانگی دیفاع لە ئازادی و مانگی هێرش بۆ سەر دوژمن (١٣٦١)

ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی لە نیوەی دووهەمی مانگی جۆزەردانی ١٣٦١دا هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان دەست پێ کرد کە قورسایی ئەو هێرشە و مەبەستی سەرەکیی ڕێژیم گرتنەوەی جادەی پیرانشار ـ سەردەشت بوو کە لە هەر دوو پادگانی سەردەشت و پیرانشار هێزێکی زوریان لە سەرتاسەری ئێرانەوە مۆڵ دابوو، و هێرشەکەی دەست پێ کرد. لەو پێوەندییەدا دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب پەیامیکی ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان کرد و داوای لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب کرد کە بە هەموو هێزێکەوە بەشداری لە بەربەرەکانێ دژ بە ڕێژیمدا بکەن و هەر کەس بە هەر شێوەیەک دەتوانێ یارمەتی بەو دیفاعە ڕەوایە بکا، ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی تا ٢٠ی ڕەزبەری هەمان ساڵ وەک «مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجوودیەتی گەلی کورد» ڕاگەیەنرا و دروشمی «هەموو شتێک بۆ جبهە،هەموو ئیمکاناتێک بۆ سەنگەر» بوو بە دروشمی سەرتاسەری کوردستان.

لە درێژەی بەیاننامەدا داوا لە کۆمەڵە و سازمانی موجاهیدین و هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لە بەرەنگاری و شەڕی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بوون، کرابوو کە ئەوانیش بەشداریی ئەو بەرگرییە بکەن و بە وەشاندنی زەبر لە بنکەکانی ڕێژیم لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا، یارمەتیی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە بدەن.

لە ماوەی ئەم مانگەدا هێزەکانی ڕێژیم لە دوو میحوەری پیرانشار ـ سەردەشت هێرشی خویان بۆ گرتنی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار

کە ٧٠ کیلوومیترە، دەست پێ کرد و لە بەرەنگارییەکی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و هێزی بەرگریدا چەندین جار توشی شکان بوون، دەوری ژنانی خەباتگێڕ لە گەیاندنی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی بەرەکانی شەڕدا جێگای ڕێزی تایبەت بوو. هەروەها کە داوا کرابوو، هەموو چین و توێژەکان لە لاوان و مامۆستا ئایینییەکان و مامۆستایانی شۆڕش و ژنان و جووتیاران هەر کام بە شێوەیەک بەشدار بوون.

لە مانگی ڕەزبەردا بۆ جارێکی دیکە دوکتور قاسملوو پەیامیکی دیکەی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد و لە ڕۆژی ١٢ی مانگی ڕەزبەر تا ٢٠ی مانگی خەزەڵوەر بە «مانگی هێرش بۆ سەر دوژمن» ناودێر کرا و رایگەیاند ئەگەر چی لە مانگی دیفاعدا توانراوە زور زەربەی کاریگەر لە دوژمن بوەشێنرێ و پێش بە هێرشەکانی گیراوە، بەڵام دەبێ لەم مانگەدا هێرش بکرێتە سەر هێزەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی پیلانەکانی پووچەڵ بکرێتەوە و دروشم هەر ئەو دروشمە بوو کە لە مانگی پێشدا بەرز کرابوو و داوا لە ڕێکخراوەکانی حیزبی کرابوو ئەولەویەتی کارەکەیان بکەن بە هاوکاری لە بەرەکانی شەڕدا.

ئاکامی شەڕی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار بەم چەشنە بوو:

٦١٩٧ پاسدار و بەسیجی و ئەرتەشی کوژران، ٨٢٧٢ نەفەر بریندار بوون، ٢٦٧ چەکداری ڕێژیم بە دیل گیران، ٤٨٠ دەزگا ئۆتۆموبیلی دوژمن لە نێو چوون، ٤٨ دەزگا ئۆتۆمبیل بە ساغی کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە، ١٧ هێلیکوپتێر تەقەیان لێ کرا کە زوربەیان کەوتنە خوارەوە، ٣٩ پێگەی نیزامیی ڕێژیم گیران، ١١٣٠٠٠ دانە فیشەک و ٦١٨ قەبزە تفەنگ و ٩ دەزگا بێسیم و ١٤ قەبزە چەکی قورس و ١٠٠ ئارپی.جی و زۆر کەلوپەلی دیکەی دوژمن کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگە. لە بەرانبەردا ٢٦٨ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون کە لە بەرانبەر هەر شەهیدێکدا ٢٣ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم

کوژرابوون.

لەم ماوەیەدا ژمارەیەک لە گوندەکان کەوتنە بەر بومباران و تۆپبارانی ڕێژیم و دانیشتوانی ئاوارە بوون و زەرەر و زیانی ماڵیی زور لە گوندنشینەکان کەوت.

لەم شەڕەدا ستادێکی فەرماندەهی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شەڕە پێک هاتبوو و لە ئاکامی ئەو دوو مانگەدا ئەگەر چی ڕێژیم بە ڕواڵەت دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکەدا هەبوو، بەڵام دەسەڵاتی بە سەر بستێک لە جادەکەدا نەبوو و هێزەکەی بێجگە لە جادەی سەرەکی، تەنانەت دەسەڵاتیان بە سەر گوندێکی زور نزیکی جادەکەشدا نەبووە.

لە درێژەی ئەم شەڕانەدا بوو کە هێزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداریی لەم شەڕانەدا کرد. ئەم هێزە بە ناوی «هێزی پشتیوان» ناودێر کرا و بەشداریکردنیان لەو شەڕەدا بوو بە هۆی ناڕەزایەتیی موجاهدینی خەڵق و ڕخنەیان ئەوە بوو کە بۆ چی هێزەکانی یەکێتی بەشداریی شەڕیان لە دژی ئێران و شانبەشانی پێشمەرگەکانی حیزب کردووە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە موجاهیدین بە ئەرکی هەموو ڕێکخراوە ئازدیخوازەکانی دەزانی کە دیفاع لە خەڵکی فەلەستین بکەن، بەڵام ئەو مافەی بۆ ڕێکخراوێکی کوردی بە ڕەوا نەدەبینی کە لە هێزێکی کوردیی پارچەیەکی دیکەی کوردستان تەنانەت بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی ـ کە خۆی بە دوژمنی سەرەکیی دەزانی ـ کەڵک وەربگرێت.

■ ٤٤: کۆنگرەی ٦، پەسەندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک (١٣٦٢)

هێنان و پەسەندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەو کاتەدا کە فەزای چەپ باڵی بە سەر کوردستاندا کێشابوو، کاری هەموو کەسێک نەبوو و تەنیا لە ئینسانیکی ئازای وەک دوکتور قاسملوو

دەوەشایەوە و بە ئیرادەی دوکتور قاسملوو ئەو ڕێبازە پەسەند کرا. زۆر کەس لەوانەی کە لە کۆنگرەی ٦ هێنانی سۆسیالیزمی دێموکراتیکیان بە خەیانەت بە ڕێبازی حیزب دەزانی، پاشان کە تێ گەیشتن دانیان بە نەزانیی خۆیاندا نا. بەڵام پێویستیی هێنانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک چ بوو؟ بە بڕوای من لە دوو ڕوانگەوە پێویست بوو:

یەکەم، سنووردانان لەگەڵ ڕێبازی توودەئیستی بوو کە لە نێو حیزبدا هێشتا نفووزێکی بەرچاوی هەبوو و کەسانێک بە ئەدەبیاتی توودەیی گۆش کرابوون.

دووهەم، دەرخستنی ئەو ڕاستییە بوو کە لە سۆسیالیزمی مەوجووددا دێموکراسی نیە و سۆسیالیزم ئەگەر دێموکراسیی لەگەڵ نەبێ ناتوانێ ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی لە بەرەوپێشبردنی کومەڵگادا بگێڕێ.

زۆر سەیر بوو لە نێو حیزبی دێموکراتدا کەم نەبوون ئەوانەی کە خولیا و بیروباوەڕی توودەییان هەبوو و دیفاعیان لە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا ئەکرد، مێژوو دەری خست کە سۆسیالیزم بە بێ دێموکراسی ئەو کەم و کۆڕییەی هەبوو کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو دەیگوت و سەربەرزیی هەر بۆ ئەو شەهیدە نەمرە کە سوننەت شکێن و تابۆشکێن و بوت شکێن بوو.

پاش پەسەند کردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو ئامانجی دوارۆژی حیزب، کۆمەڵێک کەس کەوتنە دژایەتیکردنی سیاسەتی حیزب و کار گەیشتە جێگایەک کە پاش پێداگربوونیان لە سەر ئەو کارە، چەند کەسێک لەوانە لە حیزب دەرکران. لە ڕاگەیەندراوێکی کومیتەی ناوەندیدا کە پاش ئەو مەسەلەیە دەرکرابوو، هاتووە کە:

«لە ماوەی نێوان کۆنگرەی شەشەم و ئەم پلینومەدا، هێندێک کەس لە حیزب دەرکران کە پیویستە کومیتەی ناوەندی لە

چۆنیەتیی ئەم کارە ئاگادار بکرێ، ئەو کەسانە بو ئەوە دەر نەکراون کە گۆیا لە کۆنگرەدا بیروڕایەکی دیکەیان بێجگە لە ڕێبازی پەسەندکراوی حیزب هەبووە، واتە دەنگدان بۆ ڕێبازێک یا دژایەتیکردن لەگەڵ ئەم ڕێبازە لە کۆنگرەدا بە هیچ جورێک میعیارێک بۆ دەرکردن یا هێشتنەوە لە حیزبدا نیە. ئەو دەرکراوانە کەسانێک بوون کە پاش کۆنگرەی شەشەم دەستیان کرد بە تێکۆشان دژی حیزب. لە زور جێگا کۆبوونەوەیان دژ بە ڕێبازی حیزب گرت. لە چەندین کومیتە شارستان و هێزەوە جار جار راپۆرتیان بۆ دەفتەری سیاسی نارد کە ئەو کەسانە لە هەر جێگایەکی بۆیان هەڵکەوێ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەکان وە ڕێ دەخەن، دژی سیاسەتی حیزب قسەیان لە گەڵ دەکەن و دژی ڕێبەرایەتیی حیزب هانیان دەدەن.

ڕێگای دروست ئەوە بوو کە ڕێبەرایەتیی حیزب بانگیان بکا و پێیان بڵێت: «ئێوە هەتا کونگرە نەگیرابوو، هەتا لە کۆنگرەدا بڕیار نەدرابوو، هەتا دروستکردنی کۆمەڵی دێموکراتیکی سۆسیالیستی نەببوو بە مادەیەک لە بەرنامەی حیزبەکەمان، حەقتان هەبوو نەزەری خوتان بدەن و تەنانەت لە سەریشی ڕابوەستن، بەڵام ڕێبازی سۆسیالیزمی دێموکراتی ئێستا بەشێک لە بەرنامەکەمانە، ئێوەش بەرپرسن کە دیفاع لە بەرنامەی حیزب بکەن، بۆیە دەبێ لەمەو بەدوا بە پێی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی لە بنەماکانی حیزب دیفاع بکەن».

هێندێک لەوانە لەگەڵ ئەوەی بە راستی تێکۆشانی دژی حیزبیان کردبوو قەولیان دا کە لەمەو بەدوا لە ڕێباز و بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب دیفاع بکەن، ئەوانە هەر ئێستاش ئەندامی حیزبن، بەڵام ئەوانی دیکە کە ئامادە نەبوون تەعەهود بدەن (کە خوێ نیشانەیەکی دیکە

بوو بو ئەوەی کە دەیانەوێ لە سەر ئەو ڕێبازەی خۆیان بڕۆن کە لادانە لە ڕێبازی حیزب)، لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە لە حیزب دەرکران.

پاش ئەوەی کە لە حیزب دەرکران، بە تەواوی دەرکەوت کە بۆچوونی ڕێبەری دروست بووە، چونکە پاش دەرکردن ئەو کەسانە بە تەواوی نەخشەی خویان ئاشکرا کرد و ڕایانگەیاند کە گۆیا لە بەینی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتدا بۆشاییەک هەیە و سازمانی دیکە دەبێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و گۆیا ئەوان دەیانەوێ سازمانێکی ئەوتۆ دروست بکەن. ئەوانە دەیانەویست بو ئەم مەبەستە لە ئیمکاناتی سازمانە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان کەڵک وەرگرن. کاتێک کە یەکێک لە ئەو سازمانانە نەزەری ئێمەیان پرسی وەلامیانمان وا دایەوە کە ئەگەر بە نێوی حیزبی دێموکراتەوە نەبێ و دژی حیزبی دێموکرات نەجوولێنەوە و هەوڵ نەدەن ڕاستەوخۆ ریزەکانی حیزبی دێموکرات تێک بدەن، حیزبی ئێمە بە هێچ شێوەیەک دژایەتییان لەگەڵ ناکات، چوونکە گوتبوویان دەیانهەوێ حیزبێکی کۆمۆنیست دابمەرزێنن بە راشکاوی پێمان گوتن با بێن لە ساڵونی کۆنگرەی ئێمەدا کە ئێستاش لە جێگەی خویەتی، کۆ ببنەوە و حیزبی کۆمۆنیستی خویان دابمەرزێنن، لەگەڵ هەر تاقمێکی دیکەش لە کوردستان دژی ڕێژیم هاوکاری بکەن ئازادن، بچنە نێو هەر گرووپێکیشەوە دیسان هەر ئازادن و ڕێگەیان لێ ناگیرێ.

مەبەست ئەوەیە کە بۆ هەموو کەس روون بێ تێکوشانی سیاسی لە کوردستاندا ئازادە و ئازادیی تێکوشان و دێموکراسی لە کوردستاندا دەبێ بپارێزێ و پارێزەری ئەو دێموکراسییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

لە سەر ئەو دەرکراوانە روونکردنەوەیەک پیویستە، ئەوانەی کە دەرکراون سێ بەشن. دوو کەس لەوانە لە نێو حیزبدا جاسووسییان

بو جێگای دیکە کرد و ئاشکرایە کە حیزب ناتوانێ جاسووس وەر بگرێ، چەندین کەسی دیکە بۆ ئەوە دەرکراون کە هەروەک گوتمان حازر نەبوون تەعەهود بدەن کە بە دژی حیزب تێ نەکوشن و لە نێو حیزب و دەرەوەی حیزبدا بە دژی حیزب ئاژاوە نەنێنەوە، یەک دوو کەسی دیکەش بە بێ ئەوەی مەسەلەیەکی سیاسیی تایبەتیان بۆ گرینگ بێ، لە بەر خۆبەزلزانی لە هەموو جێگایەک بە دژی ڕێبەرایەتی قسەیان دەکرد و پێشمەرگەکانیان بۆ مەبەستی شەخسی لە دژی حیزب هان دەدا. ڕێبەرایەتیی حیزب زوری هەوڵ دا بەڵام بێ فایدە بوو، بە راستی ئێمە ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستا دا چونیەتیی تەشکیلاتی حیزبەکەمان باش نەکەین یان ریزەکانی حیزبەکەمان یەکپارچە و پتەوتر نەکەین و یەکێتیی فیکری و سیاسی لە حیزبدا نەپارێزین، لە گەڵ ئەو هەموو فشارەی کە لە سەر حیزبەکەمانە و ئەو هەموو خەباتە توندوتیژەی کە لە پێشمانە، توانای کردەوەی شۆڕشگێرانە لە دەست ئەدەین.

دژی ڕێبەرایەتیی حیزب قسە کردن لە هەلومەرجی ئێستادا قسەکردن دژی حیزبە. هەموو دوژمنەکانی ئێمەش لەو چەند ساڵە کاریان هەر ئەوە بوو، مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێ چۆنیەتیی کاری تەشکیلاتی و کاری حیزبیمان و کاری پێشمەرگەکانمان لە دوارۆژدا باشتر بکەین، دەبێ حیزب لەو دوو سێ جورە کەسانە پاک بکەینەوە. ئەوانەی کە خویان لە حیزب پێ گەورەترە، ئەوانەی دزن و فەسادی ئەخلاقییان هەیە. ئەوانەی لادەرن و سیاسەتی حیزب بەڕێوە نابەن. ئەگەر لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبدا جیاوازیی بیروبۆچوون هەبێ قەیدی نیە. ئەو جیاوازییە هەیە و دەشبێ. بەڵام نابێ کەس لە بەرنامەی حیزب دەرچێ، هەر بۆیە ئەو چەند کەسە دەرکران و ئاگاداریشین قەوارەی حیزب ئەو کارەی زور بە چاکی وەرگرتووە».

■ ٤٥: دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە (١٣٦٣)

پلینۆمی دووهەمی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم رۆژانی ١٥ تا ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٣ پێک هات و لەو کۆبوونەوەیەدا رۆژی ٢٦ سەرماوەز وەکوو رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا.

دیاریکردنی ئەم رۆژە رێزدانان بو خەباتی بێ وچانی پێشمەرگە بوو کە لە پێناوی ئازادی و بەختەوەریی گەلدا گیانی دەبەخشی، ناوێک کە ناسراوی هەموو دنیای ئازاد و چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی و کونەپەرەستانە.

بۆ دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە ئەگەر عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگە لە دژی سوپای داگیرکەر وەکوو پێوانە لە بەرچاو گیرابا، هەموو رۆژێک دەبوو بە رۆژی پێشمەرگە و کومیتەی ناوەندی بۆ ئەو مەبەستە پێویست بوو رۆژێک دیاری بکات کە هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری مێژووییەوە خاوەنی گرینگی و قورساییەکی زۆر بێت و لە باری نیزامیشەوە سەرکەوتنێکی گەورەی تێدا تومار کرابێ. بەو تێبینییەوە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەکوو رۆژی پێشمەرگە دیاری کرا کە لەو رۆژەدا لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی شارەبانیی مەهاباد وەکوو دوایین بنکەی رێژیمی پاشایەتی چەک کرا و دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەستی خەڵک. هەر لەو رۆژەشدا بە رەسمی سوپای میللی بۆ پاراستنی ئەمنیەت و پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی ئەو کات دامەزرا.

هەر لە ئەم شارە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بو چەکداری شۆڕشگێڕ و مافخوازی کورد دیاری کراوە. ئێستا خوشەویستیی پێشمەرگە سنووری بەزاندووە

و پێشمەرگە بۆتە هێمای بەرگری لە گەل و ئازادی و هەموو دنیا بە چاوی ڕێزەوە خەباتی پێشمەرگە دەنرخێنن، بۆیە دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بو یادکردنەوە لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکان بڕیارێکی بەجێ و گونجاو بوو.

■ ٤٦: پێوەندیی حیزب و کۆمەڵە

بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (١٣٦١)

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، حیزبی دێموکرات زۆری هەوڵ دا کە لەگەڵ کۆمەڵە هاوکاری و هاوئاهەنگی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان پێک بێنێ. ئەم بەیاننامەیە کە لە خوارەوەدا هاتووە، نموونەیەک لەو هەوڵانەی حیزب لەو پێوەندییەدایە:

بەم جۆرە بە ئاگاداریی خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ئێران و هەموو گەلانی ئێرانی دەگەیەنین کە لە ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦١ لە نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا کۆبوونەوەیەک پێک هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە گیانی هاوخەباتی لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەیەدا بەسترا، هەر دوو لا بە درێژی لە سەر هەلومەرجی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان گفتۆگۆیان کرد. لەو گفتۆگۆیەدا هەردوولا ڕایانگەیاند کە لە سەر خەباتی شێلگیر لە دژی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی و لە پێناوی دابینکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا و خودموختاری بۆ کوردستان بەردەوامن.

ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی تا ئێستا بێجگە لە بێکاری و گرانی و بێمافی و بێجگە لە خەفەقان و کوشتار و ئیعدامی هەزاران ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی ئێران هیچ بەرهەمی بۆ گەلانی ئێران نەبووە و وڵاتی لە

قەیرانێکی ئابووری و سیاسیی چارەنەکراودا نوقم کردووە. هەروەها ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە لە پاش سێ ساڵ پەلاماری دڕندانە بۆ سەر کوردستان، لەم دواییەدا دەستی داوەتە هێرشێکی تازە بۆ سەر گەلی کورد. ڕێژیم کە لەم سێ ساڵەدا بێجگە لە سەرشۆڕی و ریسوایی هیچ بەرهەمێکی لە هێرش بۆ سەر کوردستان وەرنەگرتووە، دەیهەوێ جارێکی دیکە ئیرادەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان تاقی بکاتەوە و بێهودە تێدەکۆشێ تا خەباتی گەلی کورد سەرکوت بکا. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە جارێکی دیکەش داوا لە هەموو خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکەن کە وەک هەمیشە بە ورەیەکی بەرز و بەو پەڕی فیداکارییەوە بە هەموو چەشنێک ئیعتراز و خەباتی خۆیان لە دژی ئەو ڕێژیمە پەرە پێ بدەن و بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان بەرامبەر بەو هێرشە رابوەستن و بەو چەشنە پیلانی ڕێژیم بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان پووچەڵ بکەنەوە. ڕێبەریی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات، دڵنیان کە گەلی کورد بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆی دەتوانێ کە ئەمجارەش دەرسێکی باش بە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی بدا.

هەر وەها لەو کۆبوونەوەیەدا هەر دوو لا بڕیاریان دا لە پێناوی ڕێککەوتن لە سەر هاوکاری زیاتر و پتەوتر لە باری سیاسی، نیزامیو کۆمەلایەتییەوە لە نێو خۆیاندا بەو وتووێژانە درێژە بدەن. هەر وەها هەر دوو لا پێیان وایە گەیشتن بەو ڕێککەوتنە دەتوانێ دەورێکی کاریگەری هەبێ لە تێکشکاندنی پەلاماری هێزەکانی ڕێژیمی جینایەتکاری جمهوری ئیسلامی و وەدیهێنانی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

■ شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە

حیزبی دێموکرات بەردەوام هەوڵی داوە لەگەڵ کۆمەڵە پێکەوە کوردستان بەڕێوە ببەن و بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک پێشنیاری پێ کردووە کە پێکەوە هاوکاری بکەن. بەڵام کۆمەڵە ئامادە نەبوو واقعییەتی کوردستان قبووڵ بکا. کاتێک حیزب دەیگوت بۆ ئیدارەکردنی کوردستان، هەڵبژاردنی ساڵی ٥٩ بکەینە پێوانە، یان ژمارەی شەهیدان یان ژمارەی پێشمەرگە، لە وەڵامدا دەیگوت هەڵبژاردن معیار نیە، ئەوکات لەگەڵ ئێستا فەرقی کردووە و بۆ ژمارەی شەهیدیش دەیگوت: شەهیدەکانی ئێوە شەڕیان نەزانیوە بۆیە زۆر شەهید بوون و لە سەر ژمارەی پێشمەرگە دەیگوت: پێشمەرگەی ئێمە بە کەیفییەتن و بە کورتی هیچ پێوانەیەکی قبووڵ نەبوو. حیزب دەیگوت لەو شوێنانەی کە کۆمەڵە ژمارەیان زۆرترە، بەرپرس کۆمەڵە و جێگرەکەی لە حیزب بێ و لەو شوێنانەی کە حیزب باڵادەستە، بەرپرس حیزبی و جێگر کۆمەڵە بێ و بە پێی هەرکام لەو معیارانەی سەرەوە کە پێی باشە عەمەل بکرێ، بەڵام قەبووڵی نەدەکرد و رۆژبە رۆژ زەمینەی شەڕی لە نێوان ئەفرادی خۆیدا بە دژی حیزب پێک هێنابوو.

کۆمەڵە لە کاتی پێکهاتنیەوە، لە مێژووی خۆیدا گۆشەیەکی بە دژی حیزی دێموکرات کردبووەوە و بەردەوام بە دژی حیزبی دێموکرات تەبلیغی دەکرد و هەر لە رۆژی یەکەمی تێکۆشانیانەوە نەفەراتی خۆیانیان بە گیانی دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بار دەهێنا. بۆ وێنە، لە ناملیکەیەکی نێوخۆیی کە لە رێکەوتی ٣٠ی خەرمانانی ١٣٦١ لە لایەن رێبەرایەتیی کۆمەڵەوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵە چاپ و بڵاو کرایەوە، رەسمەن حیزبی دێموکراتیان بە دوژمنی کۆمەڵە لە قەڵەم

دابـوو و لـە نامیلکەیەکـدا کە بە قەڵەمی یەکێک لـە ڕێبەرانی کۆمەڵە، کە یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسـییان بوو، نووسرابوو «ئەوە کـە حیزبـی دێموکـرات بـە سـەر کوردسـتاندا زاڵ بێ یـان کۆماری ئیسـلامی، لـە ماهیەتـی ئەمر فـەرق نـاکا» و لەم ڕووەوە نووسـەر بـەو ئەنجامـە گەیشـتبوو کە شـەڕ کـردن دژ بە حیزبـی دێموکرات، بە بەراورد لەگەڵ شـەڕ کردن دژ بە کۆماری ئیسـلامی ئەولەویەتی هەیـە و بە راشـکاوی دەڵـێ: «دەبێ بە تـەواوی هێزمانەوە زەربەی هەرچـی توندتـر لـە حیزبـی دێموکرات بدەیـن و لەم حاڵەتـەدا نابێ بـە لـە دەسـت دانی یەک یا چەنـد ناوچەیەک لـە بەرانبەری کۆماری ئیسلامیدا ترسمان هەبێ».

لە ژمارەی ١٥ی بڵاڤۆکی «کۆمۆنیسـت»دا بە قەڵەمی سـکرتێری حیزبی کۆمۆنیست، «عبدالله مهتدی»، پاش جنێو و بوختانێکی زۆر دەستی داوەتە تیئۆری بافی و هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات و پاش باسـکردن لە نفووز و قودرەتی پرۆلتاریا (کە زاهیرەن دەبێ مەبەسـتیان خۆیـان بـێ) کە بـێ چوونو چرا خوازیـاری موجازاتی حیزبی دێموکراتە، دەنووسێ: «لە کوردستاندا لەگەڵ سێگۆشەیەکی سیاسـی ـ چینایەتی بەرەوڕووین، سێگۆشـەیەک کە دوو گووشـەی بورژوازی و گۆشەیەکی پرۆلتاریا پێکی دێنێ». لە ڕوانگەی عەبدوڵڵا موهتەدییـەوە دوو گووشـەی بورژوازییەکـە کۆمـاری ئیسـلامی و حیزبی دێموکراتە و گۆشەی پرۆلتاریا بریتییە لە کۆمەڵە!

پاش ئەمە عەبدوڵڵا موهتەدی وا لە کۆمەڵە دەکا کە بۆ بەدەستهێنانی ڕێبەریـی کۆمەڵـە تێبکۆشـن و لێـی زیـاد دەکا و دەڵێ: لێـرە ئێوە لە بەرانبـەر بورژوازیـی خۆماڵـی (خـودی)، یانـی حیزبـی دێموکـرات بـەرەوڕوو دەبـن. ناوبـراو لەدرێـژەی وتەکانیـدا دەڵـێ: «حیزبـی دێموکرات تورموزی ڕێگای پەرەپێدان و قووڵکردنەوەی جووڵانەوە بە ئەژمار دێ» و لێی زیاد دەکا کە حیزبی دێموکرات خاڵی لاوازی

جووڵانەوەیە و بە دەستوپێی جووڵانەوەدا قورسایی دەکا.

لە نێو بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەدا کە پاش شەڕی هەورامان کەوتبوونە دەستی پێشمەرگەکانی حیزب، لە دەرسەکانی یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەدا بەم چەشنە هاتووە: «حیزی دێموکرات حیزبێکی بورژوایی و دژی شۆڕشە و دژی شۆڕشیش بوون، بە کردەوە لە بەرانبەر شۆڕشدا ڕاوەستانە.»

بارهێنانی نەفەراتی کۆمەڵە بەم گیانە چەندین شەڕی ناوچەیی لێ کەوتەوەو کۆمەڵە لە هەر جێگایەک خۆی بەهێز دیتبا، هێرشی دەکردە سەر حیزبی دێموکرات و بە وتەی ڕێبەرانیان، زەربەیان لە بورژوازی دەوەشاند. لە باقی شوێنەکان کە لاواز بوون، دەیانگوت ئەوان کاریان بەو شەڕانەوە نیە. بۆیە بۆ پێشگیری لە شەڕی زیاتری کۆمەڵە بە دژی حیزبی دێموکرات، ڕێبەرایەتیی حیزب بڕیاری دا کە ئەگەر جارێکی دیکە کۆمەڵە لە هەر ناوچەیەک هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانی حیزب، لە هەموو شوێنێک وڵامی دەدرێتەوە و ئەم بڕیارە زۆرتر مەبەستی پێشگیرانەی هەبوو کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٩٩دا ئەم بڕیارە ڕاگەیەندراوە.

دوایین تێکهەڵچوون لە نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات، تێکهەڵچوونی ٢٥ی خەزەڵوەر، لە شاری نەوسوود بوو کە شەڕەکە بەم شێوەیە ساز بوو کە لە نەوسوود پاش دەرگیرییەکی لەفزی لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و حیزبدا، کۆمەڵە تەقە لە یەکێک لە فەرماندە بەوەجەکانی هێزی شاهۆ بە ناوی «وەلی عەیوەزی» دەکەن کە سەرلکی ئەو لکە لە پێشمەرگەکان دەبێ کە لە شاری نەوسوود نیشتەجێن و «وەلی» شەهید دەبێ. پاش شەهیدبوونی «وەلی» شەڕ لە نێوان کۆمەڵە و حیزبدا دەست پێ دەکات و لە ماوەیەکی کورتدا مەقەڕەکانی کۆمەڵە لە هەورامان کۆ دەکرێنەوە و چەند کەس لە کۆمەڵە دەکوژرێن.

پاش ئەم رووداوە، رێبەرایەتیی حیزب دەستبەجێ بە کۆمەڵە رادەگەیەنێ کە ئامادەیە لە مەسەلەکە بکۆڵدرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە وەفدی هاوبەش پێک بێنن کە کۆمەڵەش قبووڵ دەکا و وەفدێکی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵە و حیزب بۆ لێکۆڵینەوە لە شەڕەکە پێک دێ. لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە «مستەفا شەڵماشی»، ئەندامی دەفتەری سیاسی و «مامۆستا گۆران (حسن ایوب زادە)»، بەرپرسی قەزایی حیزب و لە لایەن کۆمەڵەش «عمر ایلخانی زادە»، ئەندامی دەفتەری سیاسی و «چاوە شیخ الاسلام» و هەروەها نوێنەرێکی یەکیەتیی نیشتمانی وەکوو ئەندامی ئەو وەفدە دەستنیشان کران.

وەفدەکە بە زووترین کات بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆی پێکهاتنی دەرگیرییەکە، بەرەو هەورامان دەکەوێتە رێ. بەڵام لەم لاوە رادیۆ کۆمەڵە بە شانتاژکردن و هەڕەشە و گوڕەشە جەوەکە رۆژبەڕۆژ ئاڵۆزتر دەکات و رێبەرایەتیی کۆمەڵە لە رێگای رادیۆکەیانەوە رادەگەیەنن کە کۆمەڵە لە حیزبی دێموکرات تۆڵە دەکاتەوە و لەم پێوەندییەدا نیگەرانی پەرەگرتنی شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکرات نیە.

وەفدی پێکهاتوو هێشتا ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی نەدابوو بە رێبەرایەتیی حیزبەکان کە حیزبی دێموکرات بۆ نیشاندانی حوسنی نیەت بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە قەبووڵی کرد کە مەقەڕەکانی کۆمەڵە بگەڕێنەوە بۆ نەوسوود و شوێن و جێگایان پێ بدرێتەوە. رێبەرایەتیی کۆمەڵەش لەم حوسنی نیەتەی حیزب کەڵکی خراپی وەرگرت و بە پێی گەڵاڵەیەکی لە پێش دارێژراو دیسان بە سوئی ئیستیفادەکردن لە (نێوی شەو)ی هاوبەش کە لەسەر رێنوێنیی رێبەرایەتیی حیزب بە کۆمەڵە درابوو، شەوی ٦ی رێبەندانی ١٣٦٣ی هەتاوی، هێرشێکی زۆر ناجەوامێرانەیان کردە سەر مەقەڕەکانی حیزب و ١٨ کەسیان شەهید کرد و ژمارەیەکی زۆرتریشیان بریندار کرد. خەڵکی ناوچە و هێزی بەرگری لەگەڵ هێزی شاهۆ پاش وێکەوتنی

ئەم زەربەیە لەو هێرشە ناجەوامێرانەیە، هێرشیان کردە سەر هێزی هێرشکەری کۆمەڵە و ١٤ کەسیان کوشتن کە جەنازەکەیان بە جێ ما و کۆمەڵەشیان راو نا و لە ناوچە پاکیان کردنەوە. ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە ئەم هێرشەی بۆ سەر حیزب بە زەبری پرۆلتاریا لە پەیکەری بورژوازی باس دەکرد و شانازیی پێوە دەکرد.

شەڕی حیزب و کۆمەڵە چەند ساڵ درێژەی کێشا و لەو شەڕانەدا سەد مەخابن سەدان نەفەر لە هەر دوو لا شەهید بوون و ژمارەیەکی زۆرتر وازیان لە شۆڕش هێنا. دیارە پاش ئەم شەڕە کە کۆمەڵە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی، داوای وتووێژی بێقەیدوشەرتی دەکرد. حیزبی دێموکراتیش دەیگوت وتووێژ دەبێ تەزمینێکی هەبێ، دەبێ زەمینەیەک ساز بکرێ کە جارێکی دیکە شەڕ سەر هەڵ نەداتەوە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆمەڵە بۆچوونی خۆی کە دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتە، بگۆڕێ تا جارێکی دیکە زەمینەی شەڕێکی نوێتر ساز نەبێتەوە. بەڵام کۆمەڵە ئەمەی قبووڵ نەبوو و ئەو شەڕانە ئەوەندەیان درێژە کێشا کە کۆمەڵە لە «سێگووشەی شلێر» کۆ کرانەوە و ئێتر نەیاندەتوانی لەو سێگووشەیەدا دەرکەون و دەرکەوت ئەوەی کە ئەوان حیسابیان بۆ کردبوو کە بە دوو زەربە حیزبی دێموکرات لە مەیدان دەر بکەن و خۆیان بە سەر جووڵانەوەدا زاڵ بن، دروست لە ئاو دەر نەهات. لەم نێوانەدا کاسەیەکی داختر لە ئاشیش پەیدا ببوو کە لەو شەڕەدا خۆیان بە بێلایەن دەزانی، بەڵام مەوازعی کۆمەڵەیان گرتبوو و ناوی خۆیان نابوو ٦ جەرەیانی سیاسی و ئەوانیش داوایان دەکرد ئاگربەستی بێقەیدوشەرت رابگەیەنرێ. ئەو شەش جەریانە بریتی بوون لە «شێخ عێزەدین حسەینی»، چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران، شۆڕشی رزگاریدەری گەلانی ئێران(ئارخا) و...

پێویست بە گوتنە، لە پاش دەرچوونی بڕیارنامەی ٥٩٨ و

راوەستانی شەڕی ئێران و عێراق، حیزب لە بەیاننامەیەکدا داوای لە حیزبە سیاسییەکان کرد کە بۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی هاوکاری بکەن و یەک بگرن و لەوە بەدوا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە هێزی پێشمەرگەی خۆی راگەیاند کە هێرش نەکرێتە سەر کۆمەڵە و تەنیا لە بەرانبەر هێرشی کۆمەڵەدا دیفاع لە خۆ بکرێ تا سەرەنجام لە رێکەوتی ١٧ی بانەمەڕی ساڵی ٦٩دا حیزب یەکلایەنە شەڕی لەگەڵ کۆمەڵە راگرت و بەدوای ئەوەدا کۆمەڵەش شەڕی راگرت و کۆتایی بە شەڕ هات.

■ راگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە

لە درێژەی دیدار و دانیشتنە هاوبەشەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ باس و لێکدانەوە و تاوتوێکردنی پرسە گرینگەکانی ناوچە و پێوەندیدار بە مەسەلەی ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، هەروەها لە درێژەی باسەکان بۆ گەڵاڵە کردنی رێککەوتنامەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاری و هاودەنگی نێوانیان کە ماوەیەک بوو لە لایەن هەیئەتی راسپێردراوی هەر دوو لاوە کاری بۆ دەکرا، رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢١ی ئووتی ٢٠١٢ی زایینی، هەیئەتێکی رێبەریی هەر دوو لا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکرات بە سەرپەرەستیی بەڕێزان عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە و مستەفای هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی ٥ سەعاتی دا وێڕای باس لە پرسە گرینگەکان، بارودۆخی ئێران و ناوچە و کوردستان، باسەکانی پێشوویان لە سەر گەڵاڵەی رێککەوتننامە بۆ هاوکاریی نێوانیان درێژە دا و بەم شێوەیە ئەو رەوتەیان بە ئاکامی کۆتایی گەیاند و

ڕێککەوتننامەکە لە لایەن بەڕێز کاک مستەفای هیجری و بەڕێز کاک عەبدوللای موهتەدییەوە واژۆ کرا.

هەروەها هەر دوو لا هیوایان خواست کە نێوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە زەمینەخۆشکەر بێ بۆ هاوکاریی بەرینتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٣٩١/٥/٣١ی هەتاوی

٢٠١٢/٨/٢١ی زایینی

دەقی ڕێککەوتننامەی نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیەیە:

ڕێککەوتننامەی هاوبەش

ئەم ڕێکەوتننامە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئیمزا دەکرێ و لەوە بەدواوە لە هەر جێگایەکی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات دێ، مەبەست لەو دوو ڕێکخراوەیە.

پێشەکی:

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ساڵانێکی زۆرە کە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی خۆی تێپەڕ کردووە. بەرەنگاریی نەتەوەیی و قوربانیدان و شەهیدبوونی هەزاران ڕۆڵەی فیداکار لە پێناو سەلماندنی شوناس و مافە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کە لە سەرووی هەموویانەوە دەستەبەر کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

بۆ خەباتی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستا و لەم بارودۆخەدا، هەم

ئاڵوگـۆڕە جیاوازەکانـی جیهان و هەم ئاڵوگۆڕەکانـی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، هەروەها هاوسـەنگیی هێزەکان و هاوکێشـە نوێیەکانـی ئـەم پانتاییـە، زیاتـر لە هەمیشـە بواری بـۆ هێنانە ئارای ویستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و پێداگریی زیاتر لەسەر مافەکانی لە ئاستی جیهانیدا ڕەخساندووە.

باهـۆزی گۆڕانخـوازی و دێموکراسـیخوازیی جەمـاوەری لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بەهێزتر لە هـەر کاتێک، کۆڵەکەی دیکتاتۆرییەکانی بەرەو ڕووخان پاڵناوە. درەنگ یان زوو دیکتاتۆریی کۆمـاری ئیسـلامی، بـە بەردەوامبوونـی خەباتـی کۆمەڵانـی خەڵـک و ئیـرادەی قایمـی تێکۆشـەرانی ڕێـگای ئـازادی، لە وڵاتـی ئێرانیش ئاسـۆیەکی جگە لە پەرەسـەندنی قەیرانی فرە ڕەهەندی ئابووری و سیاسی و ڕۆیشتنی بەرەو ڕووخانی یەکجارەکی بۆ بەدی ناکرێت.

ئۆپۆزیسـیۆنی ئێـران و گـرووپ و لایەنـە نەیارەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی لە دەرەوەی وڵات، لە دوو سـێ سـاڵی ڕابردوودا، بەدوای سـەرهەڵدان و شکستی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران، دەورێکی نوێ لـە دیالـۆگ و دانیشـتنی هاوبەش و چالاکییان دەسـت پـێ کردووە. لـەم نێـوەدا سـەرەڕای جیاوازیـی ڕوانگـە و بیـروڕا، هەندێـک لێـک تێگەیشـتنی زیاتـر و نزیکبوونـەوە تێیانـدا لـە چاو ڕابـردوو هاتۆتە ئـاراوە و بیرۆکـەی یەکگرتـن و چەشـنێک هەوڵـدان بـۆ پێکهێنانـی بەرەی دێمۆکراسیخوازی بە دروشمی گۆڕانی ڕژێم زیاتر لە پێشوو لایەنگری پەیدا کردووە.

حیزبـی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران، وەک دوو هێـزی بـە ئەزموون کـە لـەم مـاوەدا لەسـەر کۆمەڵێک پرسـی گرینگ هـاوکاری و کاری هاوبەشیان بە ئەنجام گەیاندووە، لە درێژەی ڕەوتی ڕوو لەگەشەی ئەم لێکنزیکبوون و هاوکارییانەدا هەر دوو لا لە سەر ئەو بڕوایەن کە

لە هەلومەرجێکی وەهادا، ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک خاڵی بنەرەتیی هاوبەش لە دووتوێی ئەم گەڵاڵەیەدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم پلاتفۆڕمە هاوبەشە وەک سەرەکیترین ئەجێندای سیاسی لە هەمبەر ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە لە ڕاستیدا گوزارش لە چەشنێک هاوپەیمانی لە نێوان ئەم دوو هێزەدا دەکات.

ئەم ڕێککەوتننامە هاوبەشە کە لە لایەن ڕێبەریی هەر دوو حیزبەوە پەسەند کراوە، بناغەیەک بۆ کاری هاوبەشی هەر دوو لایەن لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و هتد.. دادەڕێژێ. لە هەمان کاتدا بنەمایەکە بۆ تێکۆشانی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و بەدیهێنانی هاوکاریی زیاتر لە نێوان باقیی هێزەکانی کوردستانی ئێران.

■ الف) بنەما گشتییەکان:

١. هەر دوو لایەن لە سەر ئەو باوەڕەن بە بێ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دیهاتنی دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد دەستەبەر نابێ. هەروەها لەو بڕوایەدان کە نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران پێویستە سیستمێکی سیکۆلاری دیموکراتیکی فیدراڵ بێت، بۆیە پێویستە هەر دوو لایەن لە کۆڕو کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دەرەوە لە سەر ئەم خاڵانە پێداگر بن.

٢. کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات بڕوای تەواویان بە هەڵبژاردنی ئازادانەی سیاسی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەیە و لە وەها هەڵبژاردنێکدا بێشک سندووقەکانی دەنگدان بە سەرەکیترین سەرچاوەی مەشروعییەتی هەموو هێزێکی سیاسی لە کوردستان و بە بنەمایەکی سەرەکیی دێمۆکراتیزە کردنی کۆمەڵگای ئازاد و سەربەستی دەزانن.

٣. هەر دوو لا بڕوای تەواویان بە جیایی دین لە دەوڵەت هەیە

و لەو بڕوایەدان کە حوکمڕانیی دواڕۆژی کوردستان و یاسای بنەڕەتیی وڵات لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی دێموکراسی و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دابنرێت. هەروەها ئازادیی ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەکان لە کوردستان بە مافێکی ڕەوا و حاشاهەڵنەگری هەموو دانیشتوانی کوردستان دەزانن.

٤. هەر دوو لا پێداگری لە سەر یەکسانیی تەواوی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، بنەماڵەیی و هتد لە کۆمەڵگادا دەکەن و خۆیان بە پارێزەری یاسای پێشکەوتنخوازانە و مودێڕن و ئینسانی لەو بوارەدا دەزانن و بۆ چەسپاندنی تێدەکۆشن.

٥. کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات خۆیان بە پارێزەری ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی نووسین، ئازادیی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ، ئازادیی دروستکردنی رێکخراوی سیاسی، ئازادیی دامەزراندنی رێکخراوەگەلی مەدەنی و سینفی وەکوو رێکخراوەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، لاوان، موعەلیمان و هتد دەزانن و پشتگیریی تەواوی یاسایی لە کۆمەڵگادا لێ دەکەن.

٦. هەر دوو لا پشتگیری و پابەندبوونی خۆیان بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگەی کوردستان و گونجاندنی ئەو بابەتانە لە یاسای بنەڕەتیدا رادەگەیەنن.

٧. هەر دوو لا پابەندبوونی خۆیان بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە سیاسییەکانی نێوانیان لە رێگەی دیالۆگ و بە شێوەی سیاسی و هێمنانە و دوور لە هەر چەشنە توندوتیژییەک دەردەبڕن. هەر وەها ئەم شێوازەش لە نێوان سەرجەمی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە پێویست دەزانن و بۆ چەسپاندنی ئەو پرەنسیپە لە پانتایی هەموو کوردستان تێدەکۆشن.

٨. حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە فیدرالیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی وەک دروشمی سەرەکی و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان هەڵبژاردووە و خۆیان بە ئالاهەڵگری ئەم دروشمە دەزانن و کاری هاوبەش بۆ چەسپاندنی دەکەن.

٩. ئەم ڕێککەوتنە پرەنسیپی سەربەخۆیی سیاسی، ڕێکخراوەیی، دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنی هیچکام لەم دوو لایەنە خەوشدار ناکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات کە هاودەنگی و هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکان کە لەم پلاتفۆرمەدا هاتووە دەستەبەر بکات.

■ ب) ئەرکەکانی پێش ئاڵوگۆڕی سیاسی و ڕووخانی ڕێژیم

١. ناساندنی کێشەکان و خواستەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەستەبەرکردنی پشتیوانیی سیاسی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، بۆ وێنە ڕێکخستنی چالاکیی دیپلۆماتیکی هاوبەش لە ئاستی جیهانی و سەردانی ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەم مەبەستە.

٢. بەشداریکردن یان نەکردنی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەماهەنگی و ڕاوێژی پێشوو و پێداگری لە سەر ماف و داوکارییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە ڕێگەی هەڵوێستی هاوبەش لە کۆنفرانس و سمینارە جیاوازەکان و هەماهەنگی لەم بوارەدا. پێداگری کردنی هەر دوو لایەن لە سەر دروشمی فیدرالیزم وەک ڕێگەچارەی پرسی نەتەوەکانی ئێران لە نێو گوتارە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و کەسایەتییە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی. بەهێز کردنی هەڵوێستی هاوبەش و گوتاری پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و پاراستنی ئەم ڕێکخراوە و ناساندنی بە ڕای گشتیی جیهان. هەوڵدان بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی هاوبەش

لە ئاست ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی کە دەربڕی پرەنسیپە ئەساسییەکانی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان و .. بێ.

٣. هەر دوو لا پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەن و هاوکات لە سەر ئەو بڕوایەن کە هەر چەشنە دەستێوەردانی پارچەیەک لە پارچەکانی دیکە سیاسەتێکی نەگونجاو و زیانبارە. هەر لەم ئاراستەیەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و دەستەبەرکردنی جێگە وپێگەیەکی شیاوتر بۆ کوردی ڕۆژهەڵات و ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی هاوبەش، بە پێی پێویست دانیشتنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبەن.

٤. کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکڕیزی هەوڵ دەدەن.

٥. هەر دوو لا کۆکن لە سەر ئەوەی هاوکاریی دوو قۆڵیی نێوانیان پەرە پێ بدەن و پتەوتری بکەن. لەم پێناوەدا هاوکاری لە نێوان ئۆرگانەکانی پێوەندیداری هەر دوو لا لە بواری ڕاگەیاندن، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەش لە سەر ڕووداوە سیاسییە گرینگەکان و کاری هاوبەش بۆ لەقاودانی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یان هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و سیاسی، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەنگاوی بە کردەوە هەڵدەگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری عبدالله موهتەدی
گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، ئووتی ٢٠١٢ی زایینی

■ ٤٧: وەرگیرانی حیزب بە ئەندامی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست

لە درێژەی هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو بۆ ناساندنی بزووتنەوەی کورد بە بیروڕای جیهانی، یەکێک لەو تریبۆنانە کە پێویست بوو حیزب خۆی لێک نزیک بکاتەوە و تێیدا ببێ بە ئەندام، ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بوو کە زیاتر لە ١٥٠ ئەندامی لە ڕێکخراوە دێموکرات و سۆسیالیستەکان لە سەرتاسەری دونیادا هەیە کە بەشێکی بەرچاو لەو ڕێکخراوانە بە تایبەتی لە ئورووپادا دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و ڕۆڵێکی گرینگ لە دیاریکردنی سیاسەتی جیهانیدا دەگێڕن.

د. قاسملوو بە هەستکردن بەم گرینگییە بوو کە لە ڕێگای دۆستە ئورووپاییەکانەوە لە ساڵی ١٩٨٦ بەرانبەر بە ١٣٦٥ی هەتاوی بۆ یەکەمجار لە کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییەدا بەشداریی کرد و لەو کاتەوە تا کاتی شەهیدبوونی هەموو ساڵێک لە کۆبوونەوەکانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بانگهێشت دەکرا و بەشداریی تێیدا دەکرد و لەم پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیش هەر بە هەوڵی د. قاسملوو لە کۆبوونەوەکانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بەشدار دەبوو و لە ئاکامی ئەم هەوڵ و تێکۆشانەی د. قاسملوودا بوو کە لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٧٥ی هەتاوی لە بیستەمین کونگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا، حیزب بە ڕەسمی بە ئەندامی چاوەدێر لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست هەڵبژێرا و لە گرووپی کاری کوردان لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بوو بە ئەندام.

کونگرەی یازدەهەمی حیزب بە ئەندام بوونی حیزبی لەم ڕێکخراوە جیهانییەدا بە دەسکەوتێکی گەورە لە قەڵەم دا و سوپاسی هەموو ئەو

ڕێکخراوانـەی کرد کە بۆ بـە ئەندام بوونی حیزب لەم ڕێکخراوەیەدا دەنگیان پێ داوە.

لە ماوەی بەشـداربوونی حیزبدا، هەمیشـە لەم ڕێکخراوەیە وەکوو تریبۆنێـک بۆ گەیاندنی دەنگی حەقخوازانەی خەباتی نەتەوەی کورد بـە گوێـی دنیا کەڵک وەرگیراوە و لە پێوەندی لەگەڵ پشـتیوانیکردن لـە ویسـت و داخوازییەکانـی گەلـی کـورددا شـوێندانەریی زۆری هەبووە و لەم پێوەندییەدا ئینترناسـیۆناڵ سۆسیالیسـت لە پێوەندی لەگـەڵ پشـتیوانیکردن لە خەباتـی نەتەوەی کورددا چەنـد بڕیارێکی دەرکردوون، بۆ وێنە:

لە ڕۆژەکانی ٢و ٣ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٩٤دا کۆبوونەوەی شووڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە شاری «بووداپست» پێتەختی «مەجارسـتان» پێـک هـات کـە هەیئەتێکـی حیزبـی دێموکراتیش بە سەرپەرەستیی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەو کۆبوونەوەیەدا بەشـداریی کـرد. لـەو کۆبوونەوەیـەدا شـووڕای ئینترناسـیۆناڵ سۆسیالیسـت بڕیارنامەیەکـی لەسـەر وەزعـی کوردسـتانی ئێـران پەسند کرد کە پوختەکەی بەم چەشنەی خوارەوەیە:

«.. ئینترناسـیۆناڵ سۆسیالیست جارێکی دیکە بێزاری و ئیعترازی خـۆی سـەبارەت بـە سـەرکوتکردنی بەردەوامـی خەڵکـی کـورد لە کوردسـتانی ئێران و سـەرکوتکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی».

کوژرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات «دوکتور قاسملوو» ١٩٨٩ و «دوکتور شـەرەفکەندی» لە ساڵی ١٩٩٢، دروست ماوەیەکی کورت دوای بەشـداربوونیان لـە کونگرەی ئینترناسـیۆناڵ سۆسیالیسـتدا نیشـانەی ئـەو ڕاسـتییەیە کە مەسـەلەی کوردەکانی ئێران لە لایەن ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ.

ئێمـە پاکتاوی ئێتنیکـی، تۆپباران و ئیقداماتـی دوژمنکارانەی دیکە

کە لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٩٣ بەم لاوە بە درێژایی ناوچە سنوورییەکانی عێراق و ئێران بەڕێوە دەچێ و خەڵکی کوردی ناوچەکەی مەجبوور کردووە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەرەو کوردستانی عێراق بڕۆن و لەوێش سەرەڕای پێکهاتنی هەرێمی ئەمنی هەوایی لە لایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە، دەکەونە بەر هێرشی هێزە نیزامییەکان و فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئێران، مەحکوم دەکەین.

ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بە مەسەلەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی خەڵک یانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە بەڕێوە دەچێ، ئیعتراز دەکات. (ماهنامەی راه ازادی، ژماره ٣٨)

■ مەسەلەی کورد لە «ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست»دا

لە رۆژەکانی ٦و ٧ی دیسامبردا (١٥و ١٦ی سەرماوەز)، شوورای « ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست» کۆبوونەوەیەکی لە شاری پاریس پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا پتر لە ٧٠ دەستەی نوێنەرایەتی لە هەموو ناوچەکانی جیهان بەشدارییان هەبوو. هاوڕێ «دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتیش کە بە رەسمی وەک میوان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهێشت کرابوو، بەشداریی تێدا کرد.

لە کۆبوونەوەی شوورای ئینترناسیۆناڵ لە پاریسدا، پاش ئەوەی هێندێک بڕیار لەسەر پێوەندیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا و هەروەها وەزعی ئەمریکای لاتین، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقای باشوور درا، لە سەر پێشنیارێک باس کرا کە لەبارەی وەزعی نەتەوەی کورد پاش وەستانی تەقە لە نێوان ئێران و عێراقدا خرابووە بەر نەزەری شوورا و سەرەنجام پێشنیارەکە یەکدەنگ پەسند کرا. دوکتور قاسملوو لە جەرەیانی ئەم باسەدا لەسەر هەلومەرجی گەلی کورد

وتارێکی پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشدارانی کۆبوونەوەکەوە زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

هاوڕێی تێکۆشەر، کاک دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا گوتی: «گەلی کورد لە مافەکانی دێموکراتیک، نەتەوەیی و ئینسانیی خۆی بێبەشە، یەکێک لە زۆرلێکراوترین گەلانی جیهانە». لە دواییدا ئیشارەی بە قسەکانی سەرۆک کۆماری فەڕانسە «میتران» لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر گەلی کورد کرد و پاش سوپاس گوتی: «گەلی کورد پێویستی بە هاودەردی و پشتیوانیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و وهەموو هێز و شەخسییەتە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی جیهان هەیە».

«ویلی برانت» سەدری ئەعزەمی پێشووی ئەڵمان و سەرۆکی ئەو کاتی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست زۆر بە گەرمی تەئییدی قسەکانی دوکتور قاسملووی کرد و گوتی: «هەلومەرجی خەباتی گەلی کورد سەختە و ڕێگا دوورە. بەڵام ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە داهاتوودا بە دیفاع لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد ئامادەی هەموو چەشنە هاودەردی و هاوکارییەکە».

ئەمە یەکەم جار بوو ڕێکخراوێکی بەرینی نێونەتەوەیی کە زیاتر لە ١٠٠ حیزبی سۆسیالیست و دێموکرات لە سەرانسەری جیهان تێیدا ئەندامن و هەر ئێستا چەندین حیزبی سۆسیالیستی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە لە وڵاتی خۆیاندا حکوومەتیان بە دەستەوەیە، پشتیوانیی خۆی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە ڕاشکاوی دەردەبڕێ.

دەقی پێشنیاری پەسندکراو لە لایەن شووڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە بەم جۆرەیە:

ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست ڕەزایەتی خۆی لە بەرەوپێشچوونێک کە لە ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەیدا بووە دەردەبڕێ. تەقە وەستان لە نێوان

ئێران و عێراق، لەم بوارەدا جێگای هیوادارییە. ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە سەر ئەم باوەڕەیە کە تەواوی گەلانی ناوچە دەبێ لە دەسکەوتەکانی ئاشتی بەهرەمەند بن. سولْح نابێ بە زەرەری گەلان و یەکێک لەوان گەلی ٢٥ میلیۆنیی کورد تەواو بێ. بە لە بەرچاو گرتنی وەزعێک کە پاش وەستانی تەقە لە نێوان ئێران و عێراقدا پێک هاتووە، ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست خوازیاری ئەوەیە کە:

١. مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بە ڕێوە بچێ.

٢. مافی نەتەوەیی و کەسایەتیی میلیی گەلی کورد لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی بە ڕەسمییەت بناسرێ و لە بەرچاو بگیرێ.

٣. مەسەلەی کورد ڕێگەچارەی نیزامیی نیە. ئەم مەسەلەیە دەبێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و سیاسییەوە چارەسەر بکرێ. بۆیە بەجێیە کە حکوومەتەکان و جووڵانەوەی نەتەوەی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێو خۆیان و حەللی مەسەلەی کورد ڕێگای وتووێژ بگرنە بەر.

٤. دابینکردنی دێموکراسی و ئازادیی تێکۆشانی حیزبە سیاسییەکان لەو وڵاتانە کە کوردیان تێدا دەژی دەتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتی بە چارەسەرکردنی گەلێک گیروگرفت و یەک لەوان مەسەلەی کورد بدا.

پێویستە بگوترێ کە هەر لەم بارەوە رادیۆی بی.بی.سی (BBC) لە لەندەن وتووێژێکی لەگەڵ هاوڕێ دوکتور قاسملوو کرد کە شەوی ١٧ی مانگ بڵاو بووەوە.

■ ٤٨: بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری تیرۆریست بوونی ڕێژیمی خومەینی (١٣٦٦)

ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦، بۆ لەنێوبردنی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مەلاحەسەن شێوەسەڵی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەی هێزی گیاڕەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەزگای جاسووسی و تیرۆری ڕێژیمی ئاخوندی لە شاری سەردەشت بەهۆی چەند بەکرێگیراوی خۆفرۆشی خۆوڵاتییەوە بۆمبێکی بە هێزی لە شکڵی کتێبێکدا بۆ ناوبراو نارد کە بە داخەوە ئەو بۆمبە لە دەستیدا تەقیەوە و بوو بە هۆی ئەوەی کە هەر دوو چاو و هەر دوو دەستی خۆی لە دەست بدا. چوار کەس کە گومانی بەشداربوون لە هێنانی ئەو بۆمبەیان لێ دەکرا لە لایەن پێشمەرگە ئازا و بەدەستوبردەکانی هێزی گیاڕەنگەوە گیران و درانە دەستی عەداڵەت کە پاش لێکۆڵینەوە لە کەلێن و قوژبنی کارەساتەکە دوو کەسیان شتێکیان نەکەوتە پێ و ئازادکران. بەڵام دوو کەسەکی دیکە تاوانەکەیان لە سەر سابیت کرا و لە نەتیجەدا بە حوکمی دادگای شۆڕش ئێعدام کران.

جێگای خۆشحاڵییە کە حەسەن شێوەسەڵی گیانی لەو پیلانە تیرۆریستییە دەربرد و ئێستاش لە مەیدانی سیاسی و فیکریدا یەکێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و جێگای ڕێز و شانازیی هەموو دڵسۆزانی کورد و ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندایە.

کردەوەی تاوانبارانەی ڕێژیمی خومەینی و پیلانگێڕانی بۆ تیرۆری

کاک حەسـەن شێوەسـەڵی و تێکۆشـەرانی دیکەی حیزبەکەمان هەر لەو کاتەدا کە نیشانەی تیرۆریست بوون و تیرۆریست پەروەربوونی رێژیمی خومەینی و دەسـتوپێوەندییەکانیەتی، بەڵگەیەکی ئاشکراشـە بـۆ دامـاوی و لێقەومـاویـی ئـەو رێژیمە دژیگەلییە و نیشـان دەدا کە سـەرباری وەکارخسـتنی هەمـوو ئیمکاناتـی ماڵـی و نیزامیـی خۆی نەیتوانیـوە و ناتوانـێ لـە بەربەرەکانێـی بـەرەوڕوودا خەباتکارانـی رێـگای رزگاریـی کوردسـتان بـە چۆکدا بێنـێ و بۆیـە ئامادەیە پەنا بۆ هەموو رەفتارێکی ناجوامێرانە و هەموو ئاکارێکی دژی ئینسـانی بەرێ.

بەڵام ئەگەر رێژیمی تاریکی و نەزانی پێی وایە بە پیلانی تیرۆریستی دژی کاک حەسـەن شێوەسەڵی و هاوسەنگەرەکانی دیکەی دەتوانێ بە ئاواتە چەپەڵەکانی بگا، دەبێ بڵێین خراپ تێ گەیشتووە. گرینگی و بایەخی رۆڵە هەڵکەوتووەکانی وەک کاک حەسـەن شێوەسـەڵی هەر لـەوەدا نیە کـە بۆ خۆیان وەک پێشـمەرگەیەکی کارامە مەیدانیان بە دوژمنانی ئازادی و ئینسـانیەت بەرتەسـک کردۆتەوە، بەڵکوو زیاتر لەوەدایە کە رێچکەی خەباتێکی شارەزایانەیان بۆ هاوڕێیانی خۆیان کێشـاوە و لە بەر دەسـتی خۆیاندا بە دەیان و سـەدان پێشـمەرگەی کارامە و کارزانیان پێگەیاندوە. گەلان هیچ کاتێک ئەستیور و وەجاغ کوێـر نابـن و رێـگای تێکۆشـەرانی رێـگای رزگاری هەرگیـز کوێـر نابێتـەوە و چەکـی قارەمانانـی وەک حەسـەن شێوەسـەڵی ناکەوێتە زەوی. گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆری وەک کاک حەسـەن شێوەسـەڵییان لە باوەش خۆیاندا پـەروەردە کردووە و زۆری دیکـەش پـەروەردە دەکـەن. ئەوەندە کە بـۆ کۆتاییهێنان بە حکوومەتـی زۆر و زۆرداری بـەس بـن و بتوانـن ئاواتی لەمێژینەی گەلەکەمان وە دی بێنن.

■ ٤٩: کۆنگرەی هەشتەم (١٣٦٦)

کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکرات ڕۆژی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری سلێمانی بە بەشداریی ١٠١ ئەندام دەستی بە کارەکانی کرد. دەستووری کاری کۆنگرە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە چوو تا نۆرە گەیشتە هەڵبژاردن و دوکتور قاسملوو پێشنیاری هەڵبژاردن بە شێوەی لیستەی فیکسی هێنایە ئاراوە. لێرەدا بوو کە کۆنگرە بە سەر دوو لایەنی «موافق» و «موخالیف»دا دابەش بوو. پاش ئەوەی کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک ئەو مێکانیزمی هەڵبژاردنە بە پەسەندی کۆنگرە گەیشت، بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب کەوتنە دژایەتیکردنی بڕیاری کۆنگرە و بە نادێموکراتیکیان لە قەڵەم دا. ئەم گرووپە هەر ئەو کەسانە بوون کە دواتر لە یەکەم ڕۆژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک جیابوونەوەی خۆیان لە حیزب ڕاگەیاند و لە نێو خەڵکی کوردستاندا بە «لادەر» ناسران. کۆنگرە هەروەها لە ڕەوتی کاری خۆیدا بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە سەرنجی خوێنەران بۆ دەقی ئەو بڕیارنامەیە رادەکێشین:

■ الف: سەبارەت بە باسە نێونەتەوەییەکان

١. درێژەی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێرانو عێراق لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، مەحکووم دەکەین. حیزبی دێموکرات خوازیاری ئەوەیە کە بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بەڕێوە بچێ و ئاشتیو دۆستایەتیی نێوان گەلانی هەر دوو وڵاتی دراوسێ سەرلەنوێ سەقامگیر بێ.

٢. مافی گەلی فەلەستین لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆ لە خاکی خۆیدا، مافێکی دادپەروەرانە و دێموکراتیکە. لەم پێوەندییەدا بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی فەلەستین لە ناوچە داگیرکراوەکان بە گشتی جێگای هاودەردی

و پشتیوانییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بە نوێنەری ڕاستەقینەی داخوازە ڕەواکانی گەلی فەلەستین دەزانێ.

٣. خەڵکی ئەفغانستان مافی ئەوەیان هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان ئازادانە بڕیار بدەن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە هەم ئەرتەشی سۆڤییەت ئەفغانستان بەجێ بهێڵێ و هاوکات دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا و هەروەها دەوڵەتە دواکەوتووەکانی ناوچە لە یارمەتی و پشتیوانیکردنی تاقمە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی حکوومەت دەست هەڵبگرن.

٤. ڕەوتی چارەسەریی ئاشتیخوازانەی کێشەکانی ئەمریکای لاتین لە هەر ڕوویەکەوە جێگەی پەسندە و سیاسەتی دەستێوەردانی دەوڵەتی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆی نیکاراگۆئە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە مەحکوومە.

٥. کۆکردنەوەی هەر جۆرە چەکێکی ناوکی و شیمیایی و لەنێوبردنی یەکجارییان، پێویستییەکی مێژووییە. لەم پێوەندییەشدا ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لەسەر یەک جێگەی پەسندە.

٦. ڕەوتی دێموکراتیزەبوونی دەسەڵاتی سیاسی کە لە هێندێک لە وڵاتانی جیهانی سێهەم وە بەرچاو دەکەوێ، وەک دیاردەیەکی گرینگی ساڵانی ڕابردووی سەدەی بیستەم جێگەی پەسند و پشتیوانییە.

٧. بێگومان ڕەوتی دێموکراتیزەکردنی یەکیەتیی سۆڤێت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی کاریگەریی باش هەم لە سەر گەشەکردن و پەرەگرتنی سوسیالیزم و هەم لەسەر ڕەوتی گشتیی سیاسەتی نێونەتەوەیی دادەنێ. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات کە لە کۆنگرەی شەشەمی خۆیدا پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە ناتوانرێ سۆسیالیزم لە دێموکراسی جیا بکرێتەوە و دەتوانرێ دێموکراسی بە سۆسیالیزم تەواو بکرێ، جارێکی دیکە «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»

وەک سەنتێزی دێموکراسی و سۆسیالیزم بە تەواوی پەسند دەکا.

■ ب: سەبارەت بە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب:

٨. بە لە بەرچاو گرتنی سیاسەتی حیزب سەبارەت بە پێویستیی پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردان و لەگەڵ پاراستنی هەڵوێستی بنەڕەتی و روانگەی رەخنەگرانە، بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و رێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهان بە گشتی و وڵاتانی سۆسیالیستی بە تایبەتی، هەوڵی بەردەوام بدرێ.

٩. لە پێوەندی لەگەڵ رێکخراوە کوردستانییەکان، سیاسەتی پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد و یارمەتیدانی هێزە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکانی کورد جێگەی پەسندە. کۆنگرە رێبەرایەتیی حیزب رادەسپێرێ کە بە لە بەرچاوگرتنی ئەسڵی دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی ئەوان، لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆرتر بدا.

■ ج: سەبارەت بە رێژیم و شێوەی خەبات کردن لەگەڵی:

١٠. لە چوارچێوەی رێژیمی خومەینیدا، هیچ کام لە داخوازە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان، واتە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وێناچێ دابین بکرێن. هەر بۆیە دروشمی حیزب کە بریتییە لە: «رووخانی ئەم رێژیمە و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک لە جێگەی» هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

١١. خەباتی چەکداری شێوەی سەرەکیی خەبات بۆ رووخانی رێژیمە. بەڵام لە بەرچاوگرتنی شێوەکانی دیکەی خەبات تێکەڵکردنیان لەگەڵ شێوەی خەباتی چەکداری هەلومەرجی رووخانی رێژیم ئامادەتر دەکا.

■ د: سەبارەت بە پێکهێنانی بەرە:

١٢. پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک ئەرکێکی پێویستی مێژووییە. لەم رووەوە پێ لە سەر هەوڵەکانی حیزب کە تا ئێستا دراون

دادەگرینــەوە و دریــژەی ئــەم هەوڵانــە لە داهاتووشــدا بە پێویســت زانراوە.

■ ٥٠: کارەسـاتی کیمیابارانـی هەڵەبجـە و دەربازبوونی هێزەکانی حیزب (١٣٦٦)

لە ســەرەتای ســاڵی ١٣٦٦ی هەتاوی و کۆتایی مانگی رەشــەمەی ئەو ساڵەدا کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردســتانی دوای گرتنــی زەنجیــرە کۆبوونەوەیــەک لــە کرماشــان، بڕیــاری هێــرش بۆ ســەر ناوچــەی هەڵەبجە و دەڤەری شــارەزوور دا و بــۆ تاوتوێکردنــی لایەنــی کردەکیــی ئــەو گەڵاڵەیــە، بەرەبــەرە فەرماندەکانی ســپای پاســداران کەوتنە جووڵە و ســەردانی بنکەکانی یەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان لە ئاوایییەکانی «گریانە» و «هاوارە کۆن».

لــە لایەکــی دیکــەوە، ئەندامــان و لایەنگرانــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لــە شــارە ســنوورییەکانی کوردســتان و هەڵەبجــە و دەڤــەری شــارەزوور ئەو نهێنییەیــان درکانــد و دوای پێوەندیگرتنی هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستانی هەورامان لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی لەو ناوچەیە، هەواڵی ئەو هێرشەیان پشتڕاست کردەوە.

دوای ئــەم دانیشــتنە بەرپرســانی کۆمیتــەی هەورامانــی حیــزب، دەفتــەری سیاســیی حیزبیان لەم گەڵاڵــە عەمەلیاتییە ئاگادار کردەوە و کۆمەڵێــک ڕێنوێنییــان لــە ڕێبەرایەتیــی حیــزب وەرگــرت. هەر لەو ماوەیــەدا ڕێژیمــی ئێــران لە ســنووری ئاوایییەکانی ناوچــەی باینگان و جوانــڕۆ، بۆ ئەوەی کە زانیارییەکانی بە ئەرتەشــی ڕێژیمی عێراق نەگاتەوە شــەوانە بە نهێنی هێزی هێنابووە شــوێنە مەبەســتەکانی و کەرەستەی ســەربازیشی بۆ ئەو عەمەلیاتە هێنابوو و داپۆشیبوو بۆ کاتی پێویست. هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکانی فەرماندەرانی سپای

پاسدارانی ئێران، لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانیش لەگەڵ ئەندامان و دۆستانی خۆیان و چەکدارە کوردەکان کە لەگەڵ ڕێژیمی عێراق بوون، بە نهێنی پێوەندییان گرتبوو و داوای هاوکارییان لێ کردبوون. شتێکی دیکەش کە جێی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە چەند کەسێک لە بەرپرسانی نیزامی و ئەمنیەتیی عێراقیش لە هەڵەبجە پێوەندییان بە لایەنە ئیسلامییەکانی نەیاری ڕێژیمی عێراق و نیشتەجێ لە ئێران کە بەشدار لە گەڵاڵەی ئەو شەڕەدا بوون، بە تایبەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (قەرارگای ٩ی بەدر) گرتبوو و ئەوانیش ئاگاداری ئەو هێرشە بوون و خۆیانیان لێی تێ نەگەیاندبوو و ئامادەکارییان بۆ پێشگرتن بەو هێرشە نەکردبوو.

ئەوە بوو کە شەوی ٢٣-٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەم شوێنانەوە هێرشێکی لە ناکاو و بەربڵاو کرایە سەر هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور و شەڕێک ڕووی دا و تاوانێک خولقا کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی هەژاند و زیاتر لە ٥ هەزار کەس لە خەڵکی هەڵەبجە و شارەزووری کردە قوربانیی سیاسەتەکانی دووژمنانی کورد. لەم عەمەلیاتەدا لەم شەڕگانەوە هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر یەکەکانی ئەرتەشی عێراق دەستی پێ کرد.

یەکەم: هێزەکانی ڕێژیم لە چۆمی سیروان پەڕینەوە و لە ئاواییەکانی «سازان»، «ریشاو» و «بۆیین» بەرەو بەرزاییەکانی «ملەهومڵە» و «بەفری میری» و «شنرویێ» سەرکەوتن.

دووهەم: لە ڕێگەی ئاوایی «دڕۆڵە»وە لە چۆمی سیروان پەڕینەوە لە ئاواییەکانی «نەیجەڵە» و «چنار» و «مۆردێن» بەرەو بەرزاییەکانی «مەگرۆ» و «باڵامبۆ» سەرکەوتن.

سیهەم: لە ئاواییەکانی ناوچەی «تاوگۆزی» و «ئیمامی» بەرەو «قەڵای شەمێران» و بەرزاییەکانی زاڵ بە سەر ناوچەی «دەربەندیخان»دا وەڕێ کەوتن.

چوارەم: لە دڕۆڵەوە، هێزێکی قەرارگای بەدر و سپای پاسداران بەرەو «ئیمامی زامن» و ئاواییەکانی ناوچەی «نەورۆلی» وەڕێ کەوتن.
پێنجەم: لە بەرەی مەریوانیشەوە لە بەرزاییەکانی شارۆچکەی «بیارە» و «ئەحمەدئاوا» و چیای «سورێن» وەڕێ کەوتن و «پردی زەڵم» کە گەرووی ناوچەی شارەزوور بوو، گیرا.
■ شەڕگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەڕگەی بەرگری و بەرخۆدان.
بێجگە لەو شوێنانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، شەڕگەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە لە «ئاواییەکانی شێخان» و بەرزاییەکانی «شاخی گاکوژە» و «پەروینی» دەستی پێ کرد. لەم بەرەیەدا بە پێچەوانەی شەڕگەکانی دیکە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زوو لە هێزەکانی دوژمن هاتنە دەست و چەند هێرشی یەک لە دوای یەکیان تێک شکاند و پاشەکشەیان پێ کرد و کەلاکی زیاتر لە چوار سەد کەس لەو هێزانە لە بەرەکانی شەڕدا کەوت و چەکوچۆڵێکی زۆریشیان لێ بە جێ ما، بەڵام لە شەڕگەکانی دیکەدا هێزەکانی ڕێژیم پێشڕەوییان کرد، بە تایبەتی دوای گیرانی پردی زەڵم و پچڕانی پێوەندیی هێزەکانی عێراق و نەگەیشتنی هێزی یارمەتیدەر، هێزەکانی عێراق بەرگرییەکی ئەوتۆیان پێ نەکرا و لەکارخستنی تۆپخانەی ئەرتەشی عێراق لە ئاوایی «دەڵەمەڕ»یش بە تەواوی ئەو بەرگرییەی لاواز کرد و ورەی یەکینە شەڕکەرەکانی عێراقی دابەزاند و ناوچەکە بە تەواوەتی کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی بەرەی کوردستانی و سپای پاسدارانی ئێران. لەو بارودۆخەدا بوو کە ڕێژیمی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران هیوابڕاو بوو و دەستی دایە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و لەو دەڤەرە ڕۆمەڵخەزایەکی پێک هێنا.

دوای ئەوەی کە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش پشتی بەرەی شەریان لێ گیرا و رەوشی شەڕ لە بەرەکانی دیکە بە زەرەری هێزی پێشمەرگەی حیزب گۆڕا، بەرەو ئاوایی «سەرکەن» و بەرزاییەکانی «دەرەشێش» پاشەکشەیان کرد و سەر لە نوێ خۆیانیان بە ئامانجی دەربازبوون لەو شەڕە و بەرگریکردن لە ئەگەری هەر هێرشێکی هێزەکانی ئێراندا رێک خستەوە. لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێک لە بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان رۆڵێکی زۆر نەتەوەیی و نیشتمانییان گێڕا و چاوساغ و یارمەتیدەرێکی باش بوون.

دوای دەربازبوونی هێزەکانی حیزب کۆمەڵێک بنەماڵە، کادر و پێشمەرگە کەم ئەندامەکانی حیزب لەو ناوچەیە گەڕانەوە بۆ ناوچەی هەورامان و جوانڕۆ، چەند بنەماڵەیەکی ناسراویشیان کە پێوەندیی رێکخراوەیی و سیاسییان بە حیزبەوە هەبوو، گیران و رەوانەی زیندانەکانی کرماشان و ورمێ کران و کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی پیاوکوژانی رێژیم. بەڵام رێژیم بە ئەو ئازار و ئەشکەنجەدانەش نەیتوانی بە مەبەستەکانی بگات و کەمترین شوێندانەریی نەرێنیی لە سەر ئیرادەی سیاسی و وەفادارییان بە حیزبی دێموکرات دانەنا. بۆیە دوای ماوەیەک زیندانیکردنیان سەربەرزانە گەڕانەوە نێو بنەماڵە شۆڕشگێڕەکانیان. ئەو پۆلە پێشمەرگە کەم ئەندامەش کە خرانە بەندیخانەی کرماشان، دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر چەند کەسیان ئیعدام کران و گیانی شیرینیان لە رێگەی ئامانجەکانی گەلەکەیاندا بەخت کرد. ئەوانەی دیکەش حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بۆ بڕایەوە، جگە لەو ئازار و مەینەتە کە تووشی ئەندامان و بنەماڵەکان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لەو شەڕەدا کۆمەڵەش زۆر زیانبار بوو و زیاتر لە ٧٠ کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە هۆی ناشارەزایی بە بارودۆخی ناوچەکە

و هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی مەترسیدار بۆ دەربازبوون لە ناوچەی «نەورۆڵی» و لای «پیرمحەممەد» کەوتنە شەڕ و بە داخەوە شەهید کران. لەو شەڕە نابەرانبەرەدا کە لە شەڕگەی «نەوسوود» لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی ڕێژیم رووی دا، فەرماندە لکی بەوەجی هێزی شاهۆ، کاک «عێزەت ئەحمەدی» ناسراو بە عێزەتە کوێر شەهید بوو. لە کاتی دەربازبوونی هێزی پێشمەرگەش لە شارەزوور چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون.

■ ئامانجەکانی شەڕی هەڵەبجە

یەکەم: ئامانجی ڕێژیم بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور بەو لێکدانەوە هەڵەیانەی ئەوە بوو کە ناوچەیەک لە باکووری عێراق بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتی عێراق لە باشووری کوردستان رزگار بکات و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە نێوخۆی عێراقدا چالاکییەکانیان پەرە پێ بدەن. ئەوەش لە دانیشتنەکانی بەرپرسانی بەرەی کوردستانی و ڕێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەی هاوبەشیان لە کرماشان بڕیاری لە سەر درابوو.

دووهەم: لە بارودۆخێکدا کە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە بەرەکانی شەڕی باشوور و نێوەڕاستدا لە بەرانبەر هێرشە پەیتاپەیتاکانی ئەرتەشی عێراق تووشی تێکشکان و داماوی بوون، ڕێژیم لە هەوڵی کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بە مەبەستی پاشەکشەپێکردنی بەشێک لە هێزەکانی عێراق و سەرقاڵکردنیان بە شەڕی کوردستان و سووککردنی ئەو گوشارە بوو کە لە بەرەکانی باشوور و ناوەڕاستدا لە سەر هێزەکانی بوو.

سێهەم: هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ پچڕاندنی ڕێگای سەرەکیی سلێمانی ـ بەغدا و پێشڕەویی هێزەکانی بۆ گرتنی شاخی قەرەداغ و گرتن و زیان پێگەیاندنی چاڵە نەوتییەکانی کەرکووک بوو.

هێرشــی هێزەکانــی ڕێژیــم لە شــەڕی هەڵەبجەدا بـۆ گرتنی بەنداوی دەربەندیخــان و پەڕینــەوەی هێزەکانیــان لــە چۆمی ســیروان بەرەو ئاوایییەکانی «ئەحمەد برنەو» .. کە دواتر لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە تەفروتوونا کران، هەر بۆ ئەم ئامانجە بوو.

چــوارەم: خاڵێکی گرینــگ و نهێنــی و ڕانەگەیەنــدراوی گەڵاڵــەی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە، پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بوو. لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە تا ئەو کاتە ناوچــەی هەورامان، جوانڕۆ، نەوســوود و ئاوایییەکانــی «دەرەتفێ» و «هــاوار» و «هاوارەکۆن» ببــوون بە ناوچەیەکی ئازاد و حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران بـۆ ڕاپەڕاندنــی کاروباری ئاوایییەکانی ئەو ناوچە ئازادە سیســتمێکی خۆبەڕێوەبەریــی پێـک هێنابـوو، قوتابخانــەی بــە زمانــی کــوردی بـۆ قوتابییەکانــی ئــەو ناوچەیــە دامەزرانـد و پۆلێک مامۆســتای بۆ بەڕێوەبردنــی ئــەو ئەرکــە نەتەوەییــە پــەروەردە کــرد، دەرمانگــە و خزمەتگوزاریــی لەشســاغیی بـۆ دابین کــردن و بازاڕێکی هەناردە و هاوردەی لەگەڵ بازارەکانی هەڵەبجە و.. ڕێک خســتبوو و بەرنامەی وەرگرتنــی گۆمرکــی دانابــوو و ئەمنیەتــی ناوچەکــە لــە لایەن هێزی پێشــمەرگەوە دابیــن کرابوو، گرینگییەکی زۆر بە پاراســتنی ژینگەی ناوچەکە و شوێنی نیشتەجێبوونی بنکە و بارەگەکانی حیزب درابوو، سەرەڕای ئەو هەنگاوە خزمەتگوزارییانە، ئەو ناوچە ببوو بە ناوەندی پێوەندیگرتنــی حیــزب لــە بــاری ڕێکخراوەییــەوە لەگــەڵ شــارەکانی پارێزگاکانی، ســنە، کرماشــان، ئیلام و سەرتاسەری ئێران. بەگشتی ئەو ناوچەیە لەو کاتەدا تەنیا ناوچە لە سەرتاسەری کوردستان بوو کە بە دەستی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەوە بوو، هەر بۆیە ببوو بە جێی ســەرنجی ڕاگەیەنە گشتییەکان و بەردەوام هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووســانی بیانــی و ئۆپۆزیســیۆنی ئێرانــی ســەردانی ئەو

ناوچانەیـان دەکرد و باسـی تایبەتمەندییـە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات و شـێوەی ئەو بەڕێوەبەرییە پێشکەوتووەیان دەکرد. ئەم تەبلیغاتـە کـە لـە راگەیەنەکاندا بـڵاو دەکرایەوە، سـەرەڕای چالاکیە نیزامییەکانـی هێـزی پێشـمەرگە دژی هێزەکانـی رێژیم، بـە تەواوی سـەرانی رێژیمیـان تەنگەتـاو کردبـوو و توانیـان لـەم دەرفەتـە کـە هێزەکانی بەرەی کوردستانیشیان لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر هەڵەبجە لەگـەڵ کەوتبـوو بۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیان لەو دەڤـەرەدا کەڵک وەرگـرن و ئـەو هیرشـە بکەن و ناوچەکە بگـرن، حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانیـش بـە ناچاری لـەو قۆناغەدا بەرەو شـوێنەکانی دیکە بنکە و بارەگاکانی بگوازێتەوە و ببێتە لایەنێکی زەرەرمەند لەو شەڕەدا.

خاڵێکی جێی سەرنج لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا ئەوە بوو کە رێبەرانی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی لـە ماوەی شـەڕەکەدا لەگـەڵ فەرماندەی هێزی پێشـمەرگەی حیزب و بەرپرسـانی پلەبـەرزی حیـزب لەو شـەڕەدا لە پێوەندیـدا بوون و زۆر بـە پەرۆشـی چارەنووسـی ئـەو هێزە بوون، هـەر ئەوەش بوو کـە سـەرلەبەیانیی رۆژی ١٣٦٧/١/١ی هەتـاوی کاتێک کە ئەو هێزە لـە شـەڕی هەڵەبجـە و لەو گەمـارۆ نیزامییـە دەرباز بـوو، رێبەری مەزن دوکتور قاسـملوو بە پیری هێزەکەوە هات و لە کەمپی کوردە ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باریکە، کۆبوونەوەیەکی گەورە و مێژوویـی بـۆ هێزەکـە گـرت و پیرۆزبایـی ئەو سـەرکەوتنەی کە هـاوکات بـوو لەگـەڵ جێژنـی نەورۆز لـە خەڵکەکە کردو خۆشـحاڵ بوونـی خـۆی و رێبەرایەتیـی حیزبی بـۆ ئەو سـەرکەوتنە دەربڕی. هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا هـاودەردی و بـەداخ بوونـی خـۆی لـە کیمیابارانـی هەڵەبجـە و شـەهید بوونـی زیاتـر لە ٥هـەزار کەس لە رۆڵە نیشـتمانپەروەرەکانی کورد کـە بێبەزەییانە لە لایەن دوژمنانی

کوردەوە شەهید کرابوون دەربڕی، هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کرد کە لەو شەڕەدا کەوتنە کەمینی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و گیانیان بەخت کرد و بە بۆنەی ئەم ڕووداوە زیانبارەشەوە سەرەخۆشی و هاودەردیی لە کۆمەڵە کرد.

هەر لەو ڕۆژەدا شتێکی زۆر ناخۆش کە ڕووی دا، ڕاگەیاندنی بەیاننامەی جیابوونەوەی ئەو کادر و پێشمەرگانە بوو کە دژی ئاکامی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب بوون. دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی جیابوونەوەکەیان دوکتور قاسملوو وتی ئەو جۆرە کارانە ناتوانێ هەنگاوی تێکۆشەرانی دێموکرات لە خەباتدا شڵ بکا و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هەر وەک لە تاقیکارییەکاندا سەربەرز و سەرکەوتوو بوون، لەم بوارەشدا دەیسەلمێنن کە ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی ڕێبازی دێموکراتن.

لە دەربازبوونی ئەو هێزەی حیزبدا محەممەد حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، حامید حاجی غالی فەرماندەی عەمەلیاتی هەڵەبجە و تێکۆشەری دێرینی کورد، مەلا فایق و عومەری برای هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییان نواند و تا دوایین ساتەکان هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

هەر وەها شەهیدی نەمر شەوکەتی حاجی موشیر لە کۆبوونەوەیەکدا لە «چاوگی باواکۆچەک» کە ڕووی کردە فەرماندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وتی: «چیمان پێ دەکرێ با بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیکەین و شەرمەندەی مێژوو و حیزبی دێموکرات و کوردی ڕۆژهەڵات نەبین، تەنانەت ئەگەر هەڵەبجەش بە نرخی دەربازبوونی حیزبی دێموکرات لە دەست بدەین، بۆ ئێمە سەرکەوتنە».

لـە چوار چێوەی پلانـی دەربازبوونی ئەو هێزەدا ناکرێ ئاماژە بە ڕۆڵـی کادری بەوەجـی یەکێتیی نیشـتمانی کاک محەممەد محەممەد ئەمین ناسـراو بە «حەمە سیاسـی» نەکەین کە یەکێک لەو کەسـانە بوو کە تەواوی کاتی بۆ هاوکاریی حیزب تەرخان کرد.

قوربانیدانێکـی دیکـەی حیزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان لە کاتی بەڕێوەبردنـی ئـەو ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییەدا ئـەوە بوو کە بـە هـۆی پێداگریی تێکۆشـەری دێرینـی گەلی کـورد حەمەی حاجی مەحمـوود، لـە کاتـی گەڕانەوەیان لە بەڕێکـردن و حەوانەوەی کادر و پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێموکراتـدا لە داوێنی چیای سـوورێن لە دەڤەری شارەزوور، دوو پێشمەرگەی قارەمان و بە هەڵمەتی حیزبی سۆسیالیسـت بـە ناوەکانی حاجی عەبدوڵڵا سـیامێوە، ئامر هەرێمی (٢١)ی حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان و عوسـمان قاینەیجـە پێشمەرگەی قارەمانی ئەو حیزبە شەهید بوون کە لە ڕێگای هاوکاری و هاوخەباتـی لەگـەڵ تێکۆشـەرانی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران و ئامانجەکانـی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا گیانی شیرینیان بەخت کرد.

خاڵـی دیکە، دەستبەسـەرکردنی سیاسـەتمەداری گـەورەی کورد، دوکتـور مەحمـوود عوسـمان بـە هـۆی هاوکارییەکانـی حیزبـی سوسیالیست لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ڕۆژ لە لایـەن دەزگای ئیتلاعاتـی ئێرانەوە بوو کە پێیان ڕاگەیاندبوو حیزبی ئێـوە لـە هەڵەبجە یارمەتیی حیزبی دێموکراتی داوە، ئەویش بە هۆی سروشـتی نەتەوەیـی و نیشـتمانپەروەری و پێوەندیـی لەمێژینـەی لەگـەڵ دوکتـور عەبدولڕەحمان قاسـملوو و حیزبـی دێموکرات، پێی وتبوون من ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نیم و ئەگەر شتی واش بووبێ، ئەرکێکـی نەتەوەییـان ئەنجـام داوە. هـەر لەو پێوەندییـەدا کاتێک کە دوکتور مەحموود چاوی بە بەڕێز حەمەی حاجی مەحموود دەکەوێ،

پرسـیاری لێ دەکا، ئەویش هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە و دوکتور مەحموودیش دەستخۆشییان لێ دەکات.

پێوەندیـی سیاسـیی هێزەکانـی بـەرەی کوردسـتانی و حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران، ئەو ئەزموونە بەنرخەی لەو شـەڕەدا بە دیاری هێنا، بە دوژمنان و نەیارانی بزووتنەوەی کوردی نیشـان دا کـە ئـەوە هـەر ئێوە نیـن دژی ئێمە یەک دەگـرن، ئەگەر کوردیش یەکگرتـوو بـێ، کە زەروورەتـی مێژووییش ئەوەمان لـێ دەخوازێ، دەتوانـێ پیلانـی نەیارانی پووچەڵ بکات و ئێـرادەی نەتەوەیی خۆی بنوێنـێ، ئـەم هاوکارییـە و دەیـان هاوکاریـی دیکـە ئـەم راسـتییەی سەلماندووە.

* ئـەم وتارە نووسـینی بەڕێـز محەممەد نەزیف قـادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە و لە ژمارە ٦٤٩ی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانـی کومیتـەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە.

■ ٥١: جیابووەنەوەی دوای کونگرەی هەشتەمی حیزب (١٣٦٧)

راگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

لەمەڕ جیابوونەوەی کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب

ڕۆژی ١ی خاکەلێـوەی ١٣٦٧ چەنـد کەس لـە ئەندامانی حیزب کە پـاش کۆنگـرەی هەشـتەم هیچ چەشـنە مەسـئوولیەتێکیان لە حیزبدا نەمـاوە، بەیانیەیەکیـان دژی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران بڵاوکردۆتـەوە و نیشـانیان داوە کـە ناتوانن لە ریـزی حیزبی ئێمەدا بمێننەوە.

بەم بۆنەوە رادەگەیەندرێ کە ئەم چەند کەسەی خوارەوە بەهۆی لەژێـر پێنانـی پێـڕەوی حیـزب لەو تاریخـەڕا هیـچ پێوەندییەکیان بە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانەوە نەمـاوە و ئەندامی حیزب

نین:

١. حەسەن رەستگار
٢. حوسێن مەدەنی
٣. فەتاح کاویان
٤. نەبی قادری
٥. جەلیل گادانی
٦. سدیق بابایی
٧. عوسمان رەحیمی
٨. ئەبووبەکر راد
٩. عەلی کاشفپوور
١٠. عیسمەت عەبدی
١١. شاپوور فیروزی
١٢. ئیرەج قادری
١٣. کەمالأ کەریمی
١٤. رەحیم محەممەدزادە
١٥. شاپوور شوجاعی فەرد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی
١٣٦٧/١/٧

■هێندێک روونکردنەوە سەبارەت بە ئاکامەکانی کۆنگرەی هەشتەم (١٣٦٧)

١. لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی هەشتەم، نوێنەرانی کۆنگرە بەشێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێردرابوون و بە هەق نوێنەری هەموو ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بوون. هیچ کەسیش لە کۆنگرە ئیعتیرازی بە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەران نەکردو مەشرووعیەتی کۆنگرەی نەخستە ژێر پرسیار. کەوابوو کۆنگرە

هەم سەلاحییەت و هەم مەشرووعییەتی بڕیاردانی لەسەر هەموو گیروگرفتە سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامییەکان و هەروەها لە سەر گۆڕین یا نەگۆڕینی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ هەبوو.

٢. کۆنگرە پاش باسێکی پڕنێوەڕۆک، بە تێکڕای دەنگ راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی پەسند کرد و بڕیاری پێویست لە سەر گۆڕینی هێندێک لە بەندەکانی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی دا و بەم جۆرە یەکیەتیی سیاسیی حیزبەکەمان بە تەواوی دەرکەوت.

٣. لە کۆنگرە پێشنیار کرا کە بۆ هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی، لیستی سابیت هەبێ. لە سەر ئەم پێشنیارە نوێنەرانی کۆنگرە بە دوورو درێژی وەک موافیق و موخالیف قسەیان کرد و کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ لیستی سابیتی پەسند کرد. چونکە کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبەکەمانە، بەم شێوەیە پێشکەشکردنی لیستی سابیت مەشرووعییەتی تەواوی پەیدا کرد.

٤. شەش کەس لە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی کە ناویان لە لیستی ٢٥ کەسیدا هاتبوو، داوایان کرد ناویان لە لیستەکەدا بێتە دەرێ. ئیستدلالیان ئەوە بوو کە چوونکە دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت دەنگیان داوە، نابێ ناویان لە لیستەکەدا بێ.

٥. لە ئاکامدا بە زۆربەی دەنگ ١٩ کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ٧ کەس بە جێگر هەڵبژێردران.

٦. با بزانین هۆی ئەوە کە هێندێک لەو کەسانە دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی فیکس بوون، چ بوو؟

ئیستدلالی ئەم کەسانە کە گوایە ئەم شێوە هەڵبژاردنە دژی دێموکراسی و دژی پێڕەوی نێوخۆی حیزبە، راست نەبوو. چوونکە لە لایەکەوە لە پێڕەوی نێوخۆدا شێوەی هەڵبژاردن دیاری نەکراوە و لە لای دیکەوە کۆنگرەش وەک بەرزترین ئۆرگان مافی ئەوەی هەبوو کە پێڕەوی نێوخۆش بگۆڕێ.

ئەوە کۆنگرە بوو کە بڕیاری دەدا ئایا هەڵبژاردن بە لیستی فیکس بێ یان بە شێوەی تاکەکەس، ئەمە نیشان دەدا هیچ شتێکی دژە دێموکراتیک رووی نەداوە و کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ بە شێوەیەکی دێموکراتیک شێوازی هەڵبژاردنی بە لیستی فیکس پەسند کرد.

راستی ئەوەیە زۆربەی ئەوانە دژی لیستەی فیکس وەستان، پێیان وابوو لە لیستەی پێشنیارکراودا ناویان نیە کە بە پێشکەشکردنی لیستەکە چەوتبوونی ئەو بۆچوونە بە تەواوی دەرکەوت.

٧. لیستەکە چۆن ئامادە کرا؟

لە پێشدا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لەگەڵ نوێنەرانی هەموو کۆنفرانسەکان کە نوێنەریان بۆ کۆنگرە ناردبوو، پێکەوە دانیشتن و ناوی هاوڕێیانیان بۆ ئەندامەتی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی و هەروەها بۆ موشاویر پێشنیار کرد. پاشان راگەیەندرا ئەگەر کەسێک بەشێوەی تاکەکەسی خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا دەکا، با ناوی خۆی بدا بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، پاش ئەوە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە راوێژکردن لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری لیستەکەی تەکمیل کرد و لیستێکی ٢٥ کەسیی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئامادە کرد.

پێش تەکمیلکردنی لیستەکە، سکرتێر و چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب لەگەڵ زیاتر لە ١٠ کەس لە ئەندامانی پێشووی کومیتەی ناوەندی قسەیان کرد بۆ ئەوەی کە ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندیی تازە قبووڵ بکەن. بە داخەوە هێندێک لەوانە جەوێکی زۆر نالەباریان ساز کرد و بە سازکردنی تەحریم (ئابستراکسیۆن) ئامادە نەبوون لەگەڵ کومیتەی ناوەندی هاوکاری بکەن. تەنانەت هێندێکیان پاش قبووڵکردن لە سەر فشاری هاوڕێکانیان پەشیمان بوونەوە!

٨. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە دروستی زانی کە ناوی ٦ کەس لەوانە لە لیستەکەدا بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی

ناوەنـدی پێشـنیار بکرێـن، بـەڵام ئـەم شـەش کەسـەش رایانگەیاند کـە ئامـادەی هـاوکاری لـە لیسـتەکەدا نیـن و زۆربەیـان سوپاسـی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیشیان کرد.

٩. کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ لیسـتەکەی پەسـند کرد و یەکێک لە هاوڕێیانیش کە بە جیا خۆی کاندیدا کردبوو، وەک جێگر هەڵبژێردرا کە ئەمە خۆی نیشانەیەکی دیکە لە دێموکراتیک بوونی هەڵبژاردنەکە بوو.

١٠. ئەوانەی دژی شـێوەی هەڵبژاردن بە لیسـتی فیکس بوون، لە ڕاستیدا هیچ ئیستدلالیان نەبوو و نیشانیان نەدا کە بۆچی ئەم شێوەیە باش نیە. تەنیا ئەوەیان دەگوت کە پێشـتر لە حیزبی ئێمەدا شـێوەی هەڵبژاردنی تاکەکەسـی باو بووە و ئەم شـێوەیە تازەیە، بەڵام دەبێ بگوترێ حیزبی ئێمە لە هێنانی زۆر شێوەی نوێی تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیدا دەستپێشخەر بووە و هەموو جارێکیش پاش ماوەیەک بۆ ئەو کەسانە کە پێشتر قانیع نەببوون، دەرکەوتووە کە ئەوە شێوە تازەیانە چەندە بە قازانجی حیزب بوون. نموونەی ئەم شێوە تازەیانە هێنانـی سۆسـیالیزمی دێموکراتیـک لـە کۆنگرەی شەشـەمدا بوو کە زۆربـەی ئـەم کەسـانە لە دژی لیسـتەی سـابیت بوون، ئـەو کاتیش لـە دژی هێنانی سوسـیالیزمی دێموکراتیـک وەک ئامانجی دواڕۆژی حیزب بوون و ئێستا دەردەکەوێ هێنانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەو هەلومەرجەدا چەندە پێشکەوتوانە و سەردەمی بووە کە ئەودەم لێی تێنەدەگەیشتن.

١١. هێنانـی لیسـتەی سـابیت لـە هەلومەرجێکدا بـوو کـە ناکۆکی لـە کومیتـەی ناوەندیـدا لـە سـەر بێکاری و کـەمکاری و بێتەفاوتی و نـان بـە قـەرزدان و بێ دیسـیپلینی لە لایەک، پڕکاری و دڵسـۆزی و ئوسـوولێبوون و پاراسـتنی دیسـیپلین لـە لایەکی دیکـەوە بوو لە وەزعـی ناسـکی ئەوەدەمـەدا حیزبێکـی شۆڕشـگێڕ وەک حیزبـی

دێموکراتی کوردستانی ئێران نەیدەتوانی کە دێموکراسیی دیسیپلینی، نەرمیو ئوسوولیبوون پێکەوە بەڕێوە نەچن. راستییەکەی ئەوەیە لەو کاتەدا بەهۆی قوتبێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە پێک هاتبوو و ئەندامانی بێکارە و بێتەفاوت و فورسەت تەڵەبی لە بن باڵی خۆیدا کۆ دەکردەوە و بووە هۆی بێدیسیپلینی و دڵساردیی زۆر لە هاوڕێیان و هاوکاری زۆر سەخت و دژوار بوو. هێنانی لیستی سابیت لەو هەلومەرجەدا ئەو زەمینەیەی پێک دەهێنا کە لە کۆنگرەدا کەسانێک بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێن کە تا ڕادەیەک هەماهەنگیو هاوکارییان هەبێو ئامادە بن بەرپرسایەتییەکان بە ئەستۆ بگرن. دیارە مەبەست لە هەماهەنگی ئەوە نەبوو کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لەسەر هەموو گیروگرفتێک یەک نەزەر و یەکدەنگ بن. پێچەوانەوە لە کومیتەی ناوەندیدا نەزەری جیاواز و ناکۆکیی بۆچوون شتێکی رەوایە. مەبەست ئەوە بوو ناکرێ هێندێ کەس دڵسۆز بن، دیسیپلینیان هەبێ، رۆژ تا ئێوارە کار بکەن، هێندێ کەسیش بێتەفاوت، بێ دیسیپلین بن و بێکار دابنیشن. تەنانەت لەوەش زیاتر ببن بە هۆی بڵاوبوونەوەی بێتەفاوەتی و بێدیسیپلینی و بێکاری لە هەموو بەدەنەی حیزبدا.

١٢. لە کۆنگرەی حەوتەمدا هەرچەند ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەڵێنیان دابوو لە هەر شوێنێک کاریان بۆ دیاری بکەن، بەڕێوەی بەرن. لە یەکەم کۆبوونەوەی پاش کۆنگرەی حەوتەمدا بە بەڵێنییەکەی خۆی پابەند نەبوون. لە ئاکامدا لە ٢٥ ئەندامی کومیتەی ناوەندی ١٩ کەسیان لە دەوروبەری دەفتەری سیاسی مانەوە. چوار ئەندام و جێگری کومیتەی ناوەندی تەنیا لە فێرگە نیشتەجێ ببوون کە زۆربەیان کاریان زۆر کەم بوو. (لەو کاتەدا حیزب ١٥ کومیتە شارستانی هەبوو کە پێویست بەرپرسەکانیان ئەندامی رێبەرایەتی بن، هەربۆیە لە کۆنگرە دنگیان پێ درابوو) بوونی لیستی سابیت

لەو کاتەدا ئەم گیروگرفتەشـی چارەسـەر کردو ئەوانەی کە دەهاتنە ناو لیسـتەکەوە، لە پێشـدا دەیانزانی بۆ چ کارێک هەڵبژێردراون و لە ئاکامدا هەرکەس خەریکی کاری دیاریکراوی خۆی دەبوو.

١٣ـ ئەو چەند کەسـە بەڵێنیان دا ئەگەرچی نایەنە ناو لیسـتەکەوە، بـەڵام ئامـادەن کار بکەن. بەڵام پاشـان بە قسـەکانی خۆیان وەفادار نەمانـەوە و دەسـتیان دایە تەبلیغـات دژی ئاکامەکانی کۆنگرە و ئەو کاتیـش سیاسـەتی ئێمە واتـە رێبەرایەتیی هەڵبژێـردراوی کۆنگرەی هەشتەم بۆ جووڵانەوە لەگەڵ ئەو کەسانە لانی زۆری نەرمی بێلادان لە ئوسوول بوو کە ئەو سیاسەتەشمان بەڕێوە برد.

■ ٥٢: بڕیارەکانـی پلینۆمـی حیـزب پاش قبووڵکردنـی بڕیارنامەی ٥٩٨ لە لایەن خومەینییەوە (١٣٦٧)

پـاش قبووڵـی بڕیارنامـەی ٥٩٨ و خواردنـەوەی جامـی ژەهـر لە لایەن خومەینییەوە، ئەو مەترسییە هەستی پێ دەکرا کە جووڵانەوەی کورد لە هەموو بەشەکانیدا بکەوێتە تەنگەژە و تەنانەت لەنێوچوون. لـەم هەلومەرجـەدا بوو کـە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکـرات، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی خۆی لە رەشەمەی ساڵی ١٣٦٧، پێک هێنا و لەو پلینۆمـەدا وێڕای لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسـیی ئەو دەم و باس لـە ئەگـەرەکان و ئەرکەکانی دوارۆژ و پەسـەندی بڕیاری درێژەدان بە خەبات لە هەر هەلومەرجێکدا، قەرار درا ئەو باسـە بکێشـێتە نێو بەدەنـەی حیـزب و پاش وەرگرتنی رای بەدەنـە، لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا کە زۆر زوو دەبی پێک بێت، بڕیاری نەهایی لە سەر شێوەی خەباتی داهاتوو لەو هەلومەرجە دژوارەدا بدرێ.

پـاش گەڕانەوە باس کردنـی هەلومەرجەکە کە زۆر زوو کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆبوونەوەی دووهەم کۆبووەوە و پاش باس و نەزەراتی بەدەنە کە لەگەڵ ئەوەی گەلاڵەی حیزب بۆ دوارۆژ لەو کۆبوونەوەدا

باس نەکرابوو بەڵام بە خۆشیەوە چەشنە هاوفکرییەک لە نێو بەدەنە و ڕێبەرایەتیدا هەبوو کە بەدەنەش بە بێ ئەوەی گەڵاڵەی ڕێبەرایەتی ببینێ، هەمان نەزەری ڕێبەرایەتیی هەبوو. بە کورتی ئەوەی لە سەری ساغ بووینەوە ئەوە بوو:

١. لە هەر هەلومەرجێکدا دەبێ خەبات درێژەی هەبێ.

٢. هێزی حیزب بە سێبەش دابەش بکرێت. الف: هێزی ئەکتیڤ لە سنوورەکانی وڵاتدا بمێننەوە و درێژە بە خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیم بدات. ب: هێزی ژن و مناڵدار و پەککەوتوو لە ئۆردوگایەکدا بمێننەوە و خۆیان پێبگەیەنن بۆ هەلومەرجێکی لە داهاتوودا ئەگەر بێتە پێشێ. ج: ئەندامانی کارای دەفتەری سیاسی بڕۆنە ئورووپا و دەست بدەنە خەباتی دیپلۆماسی و خولقاندنی هەلومەرجی لەبار بۆ پشتگیری لە خەباتی نێوخۆ.

٣. لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی بەشەکانی دیکە قسە بکرێت لە کاتی یەکگرتنی دوژمنان بە دژی بزووتنەوەی کورد و هێزە کوردستانییەکانیش پێکەوە هاوکاری بکەن.

ئەمە دەقی ئەو بڕیارە بوو کە قەرار بوو بڵاو نەکرێتەوە، بەڵام بە گشتی پاش تەواوبوونی پلینۆم هەندێک خەتی گشتیی لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لە ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٦٧دا ڕاگەیەندران.

لە پێوەندی لەگەڵ قبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨دا دوکتور قاسملوو دوو نامەی بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ ئێدوارد شواردنادزە ناردووە کە ئەویش لە درێژەی ئەو هەلومەرجەدایە و هەستکردن بەو مەترسییەی پێوە دیارە کە هەڵوێستی حیزبیشی تێدا روون کراوەتەوە.

■ نامە بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٣٦٧) ١٩٨٨/٨/٣

نیویورک ـ وڵاتە یەکگرتووەکان

بەڕێز ئاغای پرێز دۆکۆئیلار سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

ئاغای سکرتێر!

نۆ ساڵ پێش ئێستا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێران داسەپاند کە ئێستاش درێژەی هەیە. ئەم شەڕە کە لە مانگی مارسی ١٩٧٩ بە شێوەی تێکهەڵچوونی ناوچەیی دەستی پێکرابوو لە مانگی ئووتی هەمان ساڵ هەموو کوردستانی ئێرانی کە زیاتر لە ٧ میلیۆن کەسی حەشیمەتە گرتەوە.

لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان بوونەتە قوربانی و سەدان هەزار کەسیش ئاوارە بوون. هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە تازەترین چەک زۆر گوندیان وێران کردووە و بە ماڵ و حاڵی شارنشینەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان زیانێکی زۆریان گەیاندووە. دەوڵەتی مەرکەزی بە مەبەستی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان ٢٠٠ هەزار چەکداری ناردۆتە کوردستان و سێهەزار پایگای نیزامیی لە گوندەکان و شاخ و چیاکانی کوردستان داناوە. هەر ئێستا کوردستانی ئێران بە تەواوی میلیتاریزەیە و بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە.

داخوازی خەڵکی کوردستان زۆر سادەیە، ئەوان خوازیاری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندان و ئەوە مافێکە کە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەسمییەتی دەناسێ.

کاتێک لە ڕۆژی ١٨ی ژووئیەدا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی قبووڵ کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستان پێشوازیی لەم کارە کرد. چونکە حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئەم شەڕەی بە شەڕێکی بێمانا و بێسوود و بە زیان و زەرەری گەلانی ئێران و عێراق دەزانی

و لایەنگری کۆتایی پێهاتن و دابینکردنی سوڵح و ئاشتی لەنێوان هەر دوو وڵاتی دراوسێ بوو. بەڵام بە تەواوبوونی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقدا شەڕ لە وڵاتی ئێمە بە یەکجاری کۆتایی پێ نایە. خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی وەدیهێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان هەر وا درێژەی هەیە. ئێمە لەو کاتەدا کە وەک حیزبێکی بەرپرس پشتیوانیی خۆمان لە کۆتایی پێهاتنی کێشەی نێوان ئێران و عێراق رادەگەیەنین و بە راشکاویش دەڵێین کە شەڕ لە وڵاتی ئێمەدا کۆتایی پێنەهاتووە و ئاشتی تەنیا کاتێک هەموو ئێران و سنوورەکانی ئێران و عێراق دەگرێتەوە کە داخوازە رەواکانی خەڵکی کوردستان وە دی بێنن.

ئاغای سکرتێر!

حیزبی ئێمە کە ٤٣ ساڵ رابردووی تێکۆشانی سیاسیی هەیە، هەمیشە دژی رەشەکوژی، بارمتەگرتن، فرۆکە رفاندن و بە گشتی هەموو ئەو کارانە بووە کە ژیانی ئەفرادی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە.

حیزبی ئێمە هەمیشە دژی شەڕ و لایەنگری ئاشتی بووە. ئێستا کە دەتانهەوێ ئاشتی و هێمنایەتی باڵ بە سەر سنوورەکانی ئێران و عێراقدا بکێشێ، ئەوە ئامانجی ئێمەشە. بەڵام ئەگەر تەنانەت دوو دەوڵەتی ئێران و عێراقیش لە سەری رێک بکەون هەتا کاتێک شەڕ لە کوردستانی ئێران کۆتایی پێنەیە، ئەمە مسۆگەر نابێ. هەر ئێستا بە کیلۆمیتران لە سنووری هاوبەشی ئێران و عێراق لە خاکی ئێران لە ژێر چاوەدێریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدایە. چەند هەزار پێشمەرگە هەمیشە دەتوانن هەڕەشە لە ئاشتیی ئەم ناوچەیە بکەن.

ئێوە کە بە ناوی سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی دیفاع لە مافی مرۆڤ و هەر وەها دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانتان لە سەر شانە، بێگومان دەزانن کە شەڕی ئێران

و عێراق نابێ لە سەر حیسابی گەلی کورد تەواو بێ. ئێمە رادەگەیەنین کە خەڵکی کوردستان بڕیاریان وایە بە هەموو ئیمکاناتیانەوە لە داخوازە رەواکانیان و مەوجوودییەت و مانی خۆیان دیفاع بکەن. بۆ دابینکردنی ئاشتیی بەردەوام و سەقامگیرکردنی هێمنایەتی لە ناوچەدا دەبێ سەرنج بدرێتە مەرجەکانی دابینکردنی ئاشتی لە کوردستانیش. هەر بۆیە لە جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨دا دەبێ ئەم مەسەلەش لە دەستووری وتووێژەکاندا بگونجێ.

ئاغای سکرتێر!

مەسەلەی کورد لە ئێراندا مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. لە کوردستاندا سەرەتاییترین مافی ئینسانی و میللیی گەلێک پێشێل دەکرێ و ئێوە وەزیفەتانە بە مەبەستی دیفاع لە مافی مرۆڤ و مافی مەوجوودییەتی یەکێک لە رەسەنترین و کۆنترین گەلانی ئەم ناوچەیە هەنگاوی پێویست هەڵێننەوە.

ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکانی ئێوەین و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاریی تەواو لەم پێناوەدا رادەگەیەنین.

بەڵام جارێکی دیکە بە راشکاویی تەواو رادەگەیەنین کە ئەگەر پێشنیاری ئێمە لە بەرچاو نەگیرێ، حەول و تەقەلای ئاشتیخوازانەی ئێوە سەرکەوتنی تەواو وە دەست ناهێنێ و بەرپرسایەتیی ئەم سەرنەکەوتنەش لە ئەستۆی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ.

بە رێز و حورمەتەوە

عەبدولڕەحمان قاسملوو

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

■ شەڕێکی حەماسیی هێزی پێشمەرگە پاش کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق زۆر کەس پێی وابوو

چالاکییەکانی هێزی پێشـمەرگە دژ بە هێزەکانی ڕێژیم ڕوو لە کزی و لاوازی دەنێت و شۆڕشـی کوردسـتانی ئێران بـە ڕێبەرایەتیـی حیزبـی دێموکـرات کۆتایـی پـێ دێت. بەڵام پـاش تەنیا چەنـد مانگ، لە شـەڕێکی حەماسـیدا لە مەڵبەندی شـومالی کوردستان و لە لایەن هێزی ئاگرییەوە ئەو ئەفسانەیە پووچەڵ کرایەوە.

لـە ڕۆژەکانـی ١٧ و ١٨ی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٦٧ چەنـد مانگێـک پـاش خواردنـەوەی جامی ژەهـر و قبووڵکردنـی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن خومەینییەوە، لە شـەڕێکی حەماسیی ٢ ڕۆژەی پێشـمەرگەکانی هێزی «ئاگری»دا لـە ناوچـەی ورمێ لەگەڵ هێزێکی چەندهەزار کەسـیی ڕێژیم، بە بێ ئـەوەی کـە تەنانەت یـەک پێشـمەرگەش شـەهید و برینداریش بێت، زیاتر لە ١٢٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە ڕێگای جادەی مەرگەوەر بـۆ شـنۆ لە شـوێنێک بـە ناوی «یەک مـاڵ» لە نێـوان «ژاراوی» و «سـوورکان» کوژران کە نزیکەی ٣٧ کەسـیان لە چەکدارانی سـەر بـە گرووهانـی جێگیـر لە پاسـگای گوندی قاسـملوو بـوون. مانگێک پاش ئەم چالاکییانە کە ئەو هێزەی پێشمەرگە گەڕایەوە بۆ بنکەکانی حیـزب لە کوردسـتانی باشـوور، نووسـەری ئەم دێڕانـە کە ئەودەم بەرپرسی مەڵبەندی شومال بووم، وەکوو نەریتی هەمیشـەیی چوومە خزمـەت شـەهیدی هەرگیز نەمر دوکتور قاسـملوو. لـەو بە خزمەت گەیشـتنەدا بوو کە ڕێزێکی زۆری لێ گرتم و دەسخۆشـیی لە کادر و پێشـمەرگەکانی هێـزی ئاگـری کـرد و فەرمووی ئێوە ئەفسـانەی ئاشـبەتاڵتان پووچـەڵ کـردەوە و ئـەم دوو ڕۆژە چالاکییەتـان بـە ڕادەی ٢ سـاڵ خەباتی هەموو حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران هەڵدەسەنگێنم.

پاش ئەم چالاکییانە بوو کە ڕەیشەهری، وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات لەگـەڵ فەرمانـدەی سـپای پاسـداران هاتنە شـاری ورمـێ و وێڕای

سەرکۆنەکردنی بەرپرسانی پێوەندیدار بەو شەڕەوە لە بەرپرسانی ئیتلاعاتی و سەربازییەوە بگرە تا بەرپرسانی سیاسی ژمارەیەکیان گۆڕین و بەم شێوەیە دانیان بە شکستی خۆیان و بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتدا نا.

وێنەی خوارەوە دیمەنێک لە شایی و هەڵپەرکێی پێشمەرگەکانی

■ ٥٣: ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی پێکهاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی (١٣٦٧)

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ کە لە ڕۆژەکانی ٩-١٤ی ڕەشەمەی ١٣٦٧دا پلینۆم (کۆبوونەوەی

بەریـن)ی کۆمیتـەی ناوەنـدی پێک هات و بە سـەرکەوتنەوە کۆتایی بـە کاروبـاری خۆی هێنا. لە سـەرەتای کۆبوونەوەکەدا پلینۆم گوێی بۆ راپۆرتی دەفتەری سیاسی راگرت کە لەودا هەلومەرجی سیاسیی ئێسـتای کوردسـتان و ئێران خرابووە بەر لێکۆڵینەوە. پاش باسێکی ورد و بەردرێـژ لـە سـەر ئـەو راپۆرتـە پلینـۆم راپۆرتـی دەفتـەری سیاسـیی پەسـند کـرد و بڕیـاری دا لـە سـاڵی ١٣٦٨دا حیزبـی ئێمە ئەرکەکانی خۆی لە خاڵە ئەساسییەکاندا بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە بەرێ:

١. تێکۆشانی تەشکیلاتی

بایەخدان بە کاروباری تەشـکیلاتی لە ریزی پێشـەوەی ئەرکەکانی تێکۆشـەرانی حیزبدایـە و هـەر بۆیـە پێویسـتە بە لە بەرچـاو گرتنی ئەزموونەکانی ساڵانی رابردوو هەولأ بدرێ کەمو کووڕییەکانی کاری تەشـکیلاتی تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێ لە نێو ببرێنو تەشـکیلاتێک پێک بهێنرێ کە بتوانێ هەرچی زیاتر وەڵامدەری هەلومەرجی ئێستای خەباتـی حیزبـی دێموکرات و گەلی کورد لە کوردسـتانی ئێراندا بێ. لـەم بارەوە رێنوێنیـی تایبەتی ئامادە کرا کە ئۆرگانە بەرپرسـەکانی حیزبی لە جەریانی کاری خۆیاندا بەڕێوەی بەرن.

٢. خەباتی چەکدارانە

درێـژە کێشـانی تێکۆشـانی چەکدارانـەی حیزبەکەمـان دوای تەقەوەسـتانی نێـوان ئێـران و عێـراق نیشـانی دا کە بـە پێچەوانەی پڕۆپاگەنـدەی دوژمنـان، جووڵانـەوەی گەلـی کـورد فاکتەرێکـی سـەربەخۆیە و لـە هەمـوو هەلومەرجێکدا توانای بـەردەوام بوون و خەبات لەگەڵ دوژمنی هەیە. بۆیە بڕیار درا تێکۆشـانی چەکدارانەی هێزی پێشـمەرگە لێبڕاوانە درێژەی هەبێ و بۆ ئەم شـێوە خەباتەش لە لایەن پلینۆمەوە هێندێک رێنوێنی درا.

٣. تێکۆشانی نێونەتەوەیی

لە ساڵی ١٣٦٧دا دەرەتانێکی باش بۆ ناساندنی داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بە بیروڕای گشتیی جیهانی پێک هات و دەفتەری سیاسی لەو بوارەدا چالاکییەکی باشی نواند و دەسکەوتی بەنرخی هەبوون. پلینۆم وێڕای دەربڕینی ڕەزامەندی لە تێکۆشانی ساڵی ڕابردووی دەفتەری سیاسی داوای کرد کە ئەم چالاکییە لە ساڵی تازەشدا بەردەوام بێ و دەفتەری سیاسی ئیمکاناتێکی زیاتر بۆ ئەو کارە تەرخان بکا.

٤. پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و شەخسیەتەکان

پتەوکردنی پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە ئێرانییانە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و خودموختاری هەیە، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی حیزبە. بۆیە پلینۆم وێڕای پەسندکردنی سیاسەتەکانی ڕابردووی حیزب داوای کرد کە دەفتەری سیاسی بۆ پەرەپێدان و پتەوترکردنی ئەو پێوەندییە هەوڵێکی زیاتر بدا و وەک هەمیشەش پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب و قازانجەکانی گەلی کورد بە مێعیاری سەرەکی لە هەموو پێوەندییەکانیدا دابنێ.

٥. مەسائیلی ماڵی

گیروگرفتەکانی بەشی ماڵی و مەسەلەی بوودجەبەندی یەکێکی دیکە لە باسەکانی پلینۆم بوون. کۆمیتەی ناوەندی بە گشتی بوودجەبەندیی بە گشتی بە کارێکی دروست و بە کەڵک دانا و ئامۆژگاریی دا کە ئەم شێوە کارە لە داهاتووشدا ساڵ بە ساڵ باشتر و ڕێکوپێکتر بەڕێوە بچێ. لەم بەشەدا بە پێویست زانرا بە پێی ئیمکاناتی حیزب، دابینکردنی پێویستییەکانی هێزی پێشمەرگە سەرنجێکی تایبەتیی بدرێتێ. پلینۆم لەو بارەیەوە ڕێنوێنییەکانی خۆی دا بە دەفتەری سیاسی.

پاش تەواوبوونی کاروباری پلینۆم بەشداران گەڕانەوە شوێنی کار

و تێکۆشانی خۆیان. دەفتەری سیاسی هیواداره هەم بەڕێوەبەرایەتیی حیزب و هەم کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکان بە پشتیوانیی بێدرێغی خەڵکی کوردستان لە بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی پلینۆم و هەموو ئەرکەکانی قۆناخی ئێستای خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی دروشمی ئێستای «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا سەرکەوتوو بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٨ی رەشەمەی ١٣٦٧

■ ٥٤: چۆن بوو دوکتور قاسملوو رووی لە وتوویژ کرد و تیرۆر کرا؟ (١٣٦٨)

یەکەم هۆکاری وتوویژ ئەو سیاسەتە بوو کە حیزبی دێموکرات لە درێژەی تێکۆشانیدا بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد رەچاوی کردووە و ئەویش چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە رێگای دانوستانەوە بوو. ئەم دانوستانە کە دوکتور قاسملووی تێدا تیرور کرا، چەندەمین هەوڵی حیزب بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە رێگای ئاشتییانەوە بوو کە بەداخەوە دەسەڵاتی حاکم ئەقڵیەتی دانوستانی نەبوو.

دووەمین هۆکاری، ئەو بارودۆخە بوو کە کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لەگەڵی بەرەوڕوو بوو و مەترسیی ساتوسەودای رێژیمەکان بەتایبەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی بەعسی عێراق پاش خواردنەوەی جامی ژەهر لە لایەن خومەینییەوە و قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ هاتبووە ئاراوە و لەم هەلومەرجەدا دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکی کومیتەی ناوەندیدا وێڕای لیکدانەوەی بارودۆخەکە پێی وابوو ئێستا کە رێژیم

لەگـەڵ دوژمنێکـی وەک بەعـس ئامادە بووە کێشـەکانی بـە دیالۆگ چارەسەر بکا، هیچ دوور نیە کە بیری لە سەر کوردەکانیش بگۆڕی. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دۆخە هەستیارەدا بوو کە لە کۆبوونەوەی کومیتـەی ناوەندیـدا رایگەیاند زۆرمان هـەوڵ دا بەڵکوو حکوومەتی عێراق لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تەوافوق بگەن، بەڵام سـەرکەوتوو نەبوویـن. ئێسـتا ئەگەر بێـت ئەم دوو دەوڵەتە سـوڵح بکەن، دیارە زۆر دژوارە، وەزعی ئێمەی کورد لە هەموو بەشەکانیدا زۆر خـراب دەبـێ، بۆیە ئێمـە ئەگەر تەنانەت بە مافێکی زۆر کەمیش بـێ، دەبـێ لەگـەڵ رێژیمی ئێـران رێک بکەوین بۆ ئـەوەی کورد لەو مەترسـییە رزگاری بێـت. ئەو دوو هۆکارە بـوون کە مەیلی دوکتور قاسـملوویان بـەرەو لای وتوویـژ لەگەڵ رێژیمی ئێران راکێشـا. لەو لاشەوە ئێران کە لە توانای یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لایەن دوکتور قاسملوو و هەروەها رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورددا ئاگادار بوو، بە ڕێبەرێکی مەترسـیداری دەزانی کە هەرکات دەتوانـێ بـۆ رێژیمـی کۆماری ئیسـلامی خەتەرسـاز بێ. هـەر بۆیە چەندین جار پلانی تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوویان دانابوو. تا ئەو کاتەی کە لە کوردستان بوو، بە هۆی وریایی خەڵک و پێشمەرگەکانی پارێـزەری، رێژیـم نەیتوانـی بـە ئامانجەکـەی بگات، بـەڵام ئۆتریش یەکێـک لە وڵاتانی دیموکراتیکی ئۆرووپا بوو کە پێشـتریش چەندین کەسـایەتیی ئۆپۆزیسـیونی ئێرانـی و کوردیان تێـدا تیرۆر کرابوو و هەر بە سـات و سـەودا بازرگانییەکانی نێوان وڵاتانی رۆژئاوایی و ئێران چاوپۆشییان لێ کرابوو. هەر ئەو راستییە رێژیمی بەرەو ئەوە هـان دا کـە پلانی ئـەم تیرۆرە لە وییـەن پایتەختـی ئۆتریش بەڕێوە بـەرێ. بـەو جیاوازییەوە کە تیرۆری ئەمجارە لە سـەر مێزی بە ناو دانوسـتان بـۆ گەیشـتن بە ئاشـتبوونەوە بەڕێوە چوو کـە نموونەی ئەوپەڕی جینایەتکاریی ئەم رێژیمەیە.

پاش ئەم باس و لێکدانەوەیە بوو کە کومیتەی ناوندی، بڕیاری وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی پەسەند کرد و مەشرووعیەت درا بە دەفتەری سیاسی کە لە ئەگەری بوونی زەمینەی وتووێژ و دانوستاندا بۆ ئاشتی دەستی ئاوەڵا بێ. ئەوە بوو کە بۆ جاری یەکەم دانوستان لەگەڵ ڕێژیم ساڵی ١٩٨٨ دەبێ و بەو ئاکامە دەگەن کە جارێکی دیکە لە ژووئیەی ١٩٨٩دا سەر لە نوێ بگەڕێنەوە بۆ وییەن.

ڕۆژی ١١ی ژووئییە دوکتور قاسملوو هێلێنای خێزانی ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم هاتۆتە وییەن.

ڕۆژی ١٣ی ژووئییە تیرۆریستەکان کە هەمان وەفدی دانوستانکاری ڕێژیمن، پیلانەکەیان کە تیرۆری دوکتور قاسملوو بوو لە سەر مێزی وتووێژ بەڕێوە دەبەن و »دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ« تیرۆر دەکرێن و بە هەر شێوەیەک بووە سەحراڕوودی، ئەندامی وەفدی ڕێژیم بە بریندار لەو ساختمانە کە تیرۆرەکەی تێدا ئەنجام دراوە بە جێ دێڵن و لە ماوەیەکی کورتدا پۆلیسی ئوتریش دەگاتە شوێنی کارەساتەکە و لەگەڵ ئەوەی بە روونی عامیلەکانی تیرۆر دەناسن، بەڵام بەداخەوە تیرۆریستەکان ئیسکۆرت دەکەن و بەرەو تاران ڕەوانە دەکرێن.

وەزیری دەرەوەی ئوتریش دەورێکی زۆری گێڕاوە لە بەدوادا نەچوون و بەلاڕێدا بردنی مەسەلەی تیرۆرەکە و سەرەتا میدیاکانی ئورووپایی وەک bbc و رادیۆ فەرانسە و زۆر ڕاگەیاندنی دیکە هەوڵیان دا مەسەلەی تیرۆرەکە بە لاڕێدا بەرن و خستیانە ئەستۆی گرووپێکی توندڕەوی دیکەی کورد و وەکوو کێشەی نێوخۆییان تەبلیغ پێوە کرد کە ئەمەشیان تاوانێکی دیکە بوو کە دێموکراسیی بەرژەوەندیخوازی ڕۆژئاوا دەیەویست قوربانیەکانی جارێکی دیکە قوربانی بکاتەوە، بەڵام سەردەمدارانی تیرۆر و عامیلانی تیرۆر بە ڕادەیەک روون و ئاشکرا بوون بێجگە لە ریسوایی بۆ ئەو ڕاگەیانانە

و بەرپرسانی ئوتریشی هیچی دیکە نەمایەوە.

تەنیا کەس کە دەتوانی لە ڕێگای یاساوە بەدواداچوونی کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو بکات، هێلێنا قاسملوو بوو کە ئەویش لە بیرەوەرییەکانیدا هەر لە کاتی خۆی بەم چەشنە باسی دەکا:

« پۆلیسی ئوتریش زۆر بە خێرایی راستیی ڕووداوەکەی کەشف کردبوو، پیاوکوژەکان لە ڕاستیدا هەمان بەناو دیپلۆماتە ئێرانییەکان بوون کە لە دانوستانەکاندا بەشدار بوون. کاتێک کە ڕاگەیەنە نێونەتەوەیەکان و بەتایبەتی ڕاگەیاندنی ئوتریش، هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە و هەموو لایەک لێی ئاگادار کرایەوە، حکوومەتی ئوتریش تووشی سەرئێشەیەکی گەورە بوو، تاوانباران بە پاسپۆرتی دیپلوماتیک سەفەریان کردبوو و دەوڵەتی ئوتریش بە بیانووی پێوەندیی ئابووری بەرفراوان لەگەڵ ئێران هەبوو، چاوپۆشیی لەو تاوانە گەورەیە کرد».

هێلێنا قاسملوو (نەسرین خانم) وە دوای پەروەندەکە کەوت، وەکیلێکی لاو بە ناوی « مانفرید وایدینگر» وەکالەتی دەکرد و نەسرین خانم سکاڵای لە سەر بەرپرسانی پێوەندیداری ئوتریشی بەم کەیسەوە هێنایە ئاراوە و خوازیاری دادگایی کردن و سزادانی تاوانبارەکان بوو و خوازیاری ئەوەش بوون کە دەزگای دادی ئوتریش ڕاشکاوانە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران ئاشکرا بکات. لێکۆلینەوەکان بەهۆی کارشکێنی و ئاستەنگەکان لە لایەن بەرزترین بەرپرسانی ئوتریشیەوە بە هیچ جێگایەک نەگەیشت و چەندین ساڵی خایاند.

هێلێنا قاسملوو دەڵێ بڕیارم دا سکاڵاکەی بەرمە ئاستێکی بەرزتر و لە دیوانی باڵای ئەو وڵاتە سکاڵا لە سەر حکوومەتی ئوتریش تۆمار بکات، بەڵام لە کۆتاییدا دیوانی باڵای ئوتریش نەک هەر سکاڵای لە سەر حکوومەت ڕەد کردەوە، بەڵکوو بڕیاری ٨٠

هەزار شیلینگ غەرامە بە سەر هێلێنا قاسملوودا دەسەپێنێ کە لە دژکردەوەیەکدا هێلێنا قاسملوو بەو دیوانە رادەگەیەنێ ئەگەر ناچار بکرێ ئەو پووڵە بدات، ئامادەیە وەک قەرزدارێکی کەمدەست کە توانای دانەوەی قەرزەکەی خۆی نییە بچێتە زیندان بەڵام ئامادە نیە بە دەزگایەکی داد پارە بدات کە لایەنگری لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەکا، بۆیە بەدوای ئەم تەهدیدە ئیتر نەسرین خانم لەم پێوەندییەدا لێپرسینەوەی لێ ناکرێ.

لەو ماوەیەدا نەسرین خانم دەیان کنفرانسی رۆژنامەوانیی سەبارەت بەو تیرۆر بەڕێوە برد و میدیاکانی ئوتریش دەورێکی زۆر گرینگیان لە زانیاری سەبارەت بەو تیرۆرە بە بیروڕای گشتیی ئوتریش دا.

لە نووسینی نەسرین قاسملوودا « عەبدولڕحمان مرۆڤێک بوو نەک فریشتەیەک یان بوونەوەرێکی ئاسمانی و سەروو مرۆیی، ئەوەی لە ژیانی ئەودا گرینگە، هەر ئەوەیە کە مرۆڤ وەکوو رێنوێن و رێگەچارە بۆ بەرەکانی پاش خۆی بە جێی دەهێڵێت. گومان لەوەدا نیە کە عەبدولڕەحمان لە زەین و تێگەیشتنی هاونیشتمانیەکانی خۆیدا ئالوگۆڕی دروست کرد و روانگەیانی بە نیسبەت دنیا گۆڕی و هەستی خەباتکاری و ئۆگریی ژیانی ئازادی لەواندا بەهێز کرد و زیندووتری کردەوە و ئەوە دەسکەوتێکە کە لەو بە جێ ماوە».

هەروەها لە درێژەی بۆچوونەکەیدا دەنووسێ:

«عەبدولڕەحمان هەوڵی دا چارەیەک بدۆزیتەوە کە ببێتە هۆی هێورترکردنەوەی ئەو دۆخە نالەبارەی کە خەڵکی کوردی تێدا دەژیا و رەنگە هەر ئەم هەوڵ و تێکۆشانەش بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو، بووبێتە هۆی ئەوەی کە چاوپۆشی لە هیندێک شت بکات و ئەو خاڵە لە بیر بکات کە تیرۆریستەکانی سەر بە ئاخوندەکان، سەرەتا دەست دەکەن

بە چەواشەکاری و دواتر هەوڵی لە ناوبردنی ئەدەن».
عەبدولڕەحمان کە بە پێی سروشتی خۆی لە سیاسەتدا، مرۆڤێکی بیـر تیژ و دووربین بوو، پێـی وابوو دەتوانێ بیرکردنەوەی مەلاکان بگۆڕێـت و هـەر ئـەم بیرکردنـەوەش بە نرخی لەدەسـت دانی گیانی تـەواو بوو. بە کوشـتنی عەبدولڕەحمان ڕێژیمـی مەلاکان نەیانتوانی نەتەوەیـەک لـە داواکردنی مافەکانی پاشـگەز بکاتەوە، ئەوان توانیان مرۆڤێـک لـە ناوبـەرن، بەڵام هزر و ئـازادی و دیرۆکـی ئەو وەکوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوەتەوە.
هێلێنـا قاسـملوو دەڵـێ: قاسـملوو لـە دەفتـەری یادداشـتەکانیدا ڕەسـتەیەکی بەناوبانگـی « ئانـدرێ مالـرۆ»ی نووسـیبوو کە: «من شەڕم کرد، بەبێ ئەوەی حەزم لە شەڕ بێت».
نەسـرین خێزانـی دوکتـور قاسـملوو بەهـۆی خۆشەویسـتیی بـۆ دوکتور قاسـملوو لە خەباتی نهێنیی حیزبدا زۆر زەحمەتی کێشـاوە و لەگـەڵ زۆر دژواری و گیروگرفـت بـەرەوڕوو بووەتـەوە و منداڵەکانـی دوکتـور قاسـملووش هەروا تووشـی زۆر کەم و کوڕی و گیروگرفت بوون، واتە دوکتور قاسـملوو نەک تەنیا خۆی بەڵکوو ژیانی هاوسەرەکەی و منداڵەکانیشی لە پێناوی ئەم خەباتەدا داناوە، بۆ ئەوەی کە خوێنەر رادەی ئەم کێشـە و گرفتانەی کە بۆی هاتۆتە پێش شارەزا بێت، سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی کتێبی «ئورووپاییەک لـە وڵاتـی کوردانـدا» کە بـە فارسـی و کوردیش وەرگێـڕان کراوە، رادەکێشم.

■ دەنگدانەوەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو

شـەهیدبوونی دوکتور قاسـملوو لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە جیاجیاکاندا دەنگدانەوەیەکـی زۆر بەرینـی هەبـوو. لە ئورووپا زۆر کەسـایەتیی ناودار کە دوکتور قاسـملوویان دەناسـی، زۆریان قسە لە سەر کرد. تەنیا ئەوە بەسە کە بلێین دوکتور بێرنارد کۆشنێر کە دواتر بوو بە

وەزیری دەرەوەی فەرانسە، لە بەشێک لە پەیامەکەیدا لە گۆڕستانی پێرلاشێز دەڵێ: «دوکتور قاسملوو! کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە، پێش لە هەموو شتێک لە بزەی سەر لێوت بیر دەکەمەوە، تۆ دەتتوانی بە هەموو کەسێک و هەموو شتێک پێ بکەنی. لە فەرهەنگی گەورەی تۆ بیر دەکەمەوە، لە روانینەکانی تۆ کە وەک مێژوونووسێک و مرۆڤێکی ئاگا هەموو شتێکت لە بەرچاو بوو و لەوە کەڵکت وەردەگرت تا لێکدانەوەی جوان پێشکەش بکەی. تۆ لە جیهانی سێهەمدا کەسێک بووی کە لە هەموو کەس زیاتر رێزم هەبوو بۆت. لەو کاتەدا کە پارتیزان و ئازادیخواز و وەفادار بە ستراتیژییەک بووی، لە کاتێکدا کە هێڵێکی سیاسیی لێبڕاوانەت بەڕێوە دەبرد، هیچ کات ئەسڵی مەسەلەکە کە دێموکراسی بوو، لە بەرچاوت ون نەبوو».

مادام میتران، هاوسەری فرانسوا میتران، سەرکۆماری ئەو کاتەی فەرانسە دەڵێ: « کەسایەتیی وەک فەرانسوا میتران و دوکتور قاسملوو لە نێو نەتەوەکاندا بە دەگمەن هەڵدەکەون و ئەوان جێگای لێ فێربوون بۆ کۆمەڵگای خۆیان بوون».

کریس کۆچێرا دەڵێ: « دوکتور قاسملوو مامۆستایەک بوو، منی لەگەڵ کێشەی کورد ئاشنا کرد و لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس مامۆستای شارستانیەتی کورد بوو».

جاناتان رندل، هەواڵنێری ئەمریکایی دەڵێ: «لە نێو رێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکاندا کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بێ وێنە بوو».

مێریلا گالیتی، رۆژنامەوان و کوردناسی ئیتالیایی دەڵێ: «خۆرەتاو و مانگ کوژران، بەڵام تا هەتاهەتایە بە تاریکیی ئاسمانی دڵەکانمان رووناکی دەبەخشن».

مارک کراوس، رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی لیبراسیۆن لە دانیشتنێکدا لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەڵێ: تۆ دەساڵ پێش کە یەکترمان ناسی، قەرار بوو کتێبێک بنووسی، منیش پرسیارم

کرد: «کتێبێک سەبارەت بە تۆ؟ ئەگەر سەبارەت بە تۆ بێ زۆر باشە». وەڵامی دایەوە:» نا سەرنجی هیچ کەس راناکێشێت، بەڵام ئەگەر سەبارەت بە مێژووی کورد بێت، دەتوانم لەو بارەوە بابەتی سەرنجراکێش بخەمە بەر دەستت» بیر لەو کتێبە بکەرەوە.

ئەم رۆژنامەنووسە دەنووسێ: «قاسملوو یەکێک لە بلیمەتترینی ئەو مرۆڤانە بوو کە لە ماوەی کاری رۆژنامەنووسیی خۆمدا ناسیبێتم و خۆم بە ئەمەکداری دەزانم، من لەگەڵ عەبدولڕەحمان و لە سایەی ئەودا کوردەکانم ناسی، لەگەڵ توانا بێ هاوتاکانی ئەم گەلە لە بواری خۆڕاگری و عیشقەکەیان بۆ ئازادی و ژیان ئاشنا بووم و لەوەش زیاتر، رێبەرێکی سیاسیم ناسی کە نموونەی لە سەر ئەم گۆی زەوییە کەمە.

■ لە نێو کوڕ و کۆمەلە ئێرانییەکاندا:

عاتیفە گورگین دەڵێ: «دوکتور قاسملوو نەمردووە، هەر هەنگاوێکی لە حەرەکەتی هەڵۆیەکی پێشمەرگەدا، کە وەدیهێنەری ویستەکانی گەلی کوردە، زیندووە».

لە نێو خەڵکی کوردستاندا دەنگدانەوەی شەهیدبونی دوکتور قاسملوو زۆر بەرینتر بوو. زۆر کەس رەشی پۆشی و زۆر کەس شەوان و رۆژان بۆ شەهید گریا. هەستی ژنێکی کورد کە بە فیلمیش تۆمار کراوە، وەک نموونە دێنمەوە، ژنە کوردێکی نەخوێندەوار کە رەنگە زۆر لە سیاسەت شارەزا نەبێ:

« ئێوارە وەختانێ کوڕەکەم هاتەوە بۆ ماڵ، بە دەمدا کەوت و دەگری. لێم پرسی بۆ دەگریت، چی قەوماوە؟ وتی جا چ ماوە بقەومێ؟! وتم بۆ؟ چی بووە؟ کوڕەکەم وتی: باوکی کوردیان شەهید کرد. وتم کێ؟ وتی دوکتور قاسملوو. دەڵێ لەم کاتەدا لە هۆش چووم، کە هاتمەوە هۆش دەزانم شین و شەپۆڕێکە هەر مەپرسە. ئەو شەو تا بەیانی هیچ کاممان لەم

ماڵەدا نەخەوتین، هەر گریاین. چەند رۆژی دیکەی بە سەردا تێپەڕی و ئێمە هەروا ناڕەحەت و چاو بە گریان بووین کە چەند پێشمەرگەیەک هاتنە لامان و لێمان پرسین پاش دوکتور قاسملوو ئێوە چ دەکەن؟ کورد چیی لێ دێ؟ دەڵێ پێشمەرگەکان وتیان: راستە دوکتور قاسملوو زۆر گەورە بوو و شەهید بوونەکەی زەربەیەکی کاری و گورچکبڕی لە پەیکەری حیزب دا، بەڵام حیزب لێبڕاوانە درێژە بە رێبازی دوکتور قاسملوو دەدات و ناهێڵێ دوژمنان رۆژی خۆش ببینن و خەوی خۆش لە چاویان بکەوێ. ئەو ژنە دەڵێ کە پێشمەرگەکان وایان وت، هەرچەند دیسان بۆ شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو ناڕەحەت بووین، بەڵام سوکناییەک بە دڵماندا هات و وتمان شوکر .. ئەوەمان بیست کە حیزبەکەمان لە سەر درێژەدانی خەبات رادەوەستێ و خەباتەکە رێبەری دەکا».

ئەگەر بێت و نموونە بێنینەوە، هەزاران لەم نموونانە لە نێو خەڵکی کوردستاندا روویان داوە، لێرەدا بە هێنانەوەی ئەو نموونەیە کە لە سەر شریتی ویدیۆیی تۆمار کراوە، قەناعەت دەکەین. لە نێو کوردەکانی تورکیەشدا نموونەی ئەم هەستەمان هەبوو. لە دەیان گوندی ئەم ناوچەیە بە رەشپۆشین و گریان و نووسینی نامەی پرسە و سەرەخۆشی بۆ کومیتە و مەڵبەندی شیمال و بە هاتن بۆ لامان و دەربڕینی هەستی هاودەردی، ئەم هەست و سۆزەیان نیشان دەدا.

■ کاندیدابوونی دوکتور قاسملوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل (١٣٦٨)

لە مانگی رێبەندانی ١٣٦٨ی هەتاویدا بە دەستپێشخەریی کۆمیتەی ئۆتریش، دۆستانی گەلی کورد و پشتیوانیی ژمارەیەک لە زانایان و یاساناسەکان، نوێنەرانی پارلەمان و دیپلۆماتەکانی وڵاتانی فەرانسە،

ئیتالیا، ئۆتریش، چێکۆسلۆڤاکی، ئاڵمانی فیدراڵ، ئیسلەند بە ئاکادمیای بەخشینی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل پێشنیار کراوە کە بۆ قەدرزانی لە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی لە ڕێگای ئاشتیدا، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ئەو ساڵە بدرێت بە ڕێبەری هەڵکەوتووی گەلی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو.

پێشنیاری کاندیداتۆری بۆ بەخشینی ئەم خەڵاتە بە دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئیستدلال کردن بۆ دانی ئەم خەڵاتە بە ناوبراو هەر وەها ئەو پشتگیرییانەی کە لێی کراوە بۆ ئاکادیمیای ناوبراو لە ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆرویژ نێردرا.

لەو پێشنیارەدا هاتبوو کە: «د.قاسملوو سەرەڕای سەرکوتی بێڕەحمانە و خوێناویی گەلی کورد لە ئێران و ناوچە کوردنشینەکان، بەردەوام ئامادەیی ڕێککەوتنی لە خۆی نیشان داوە و خوازیاری چارەسەری مەسەلەی کوردەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و وتووێژی سیاسییەوە بووە. ئەو وەک ئەسڵێکی حاشاهەڵنەگر تیرۆریزمی وەک کەرەستەیەکی گوشارهێنانی سیاسی ڕەد کردۆتەوە و ویستەکانی لە چوارچێوەی پشتیوانی لە ناسنامە و مافی کوردەکان هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ». لە درێژەی ئەم نامەیەدا هاتووە کە: «بە هۆی پێداگری لە سەر ئەم هەڵوێستە بوو کە لە ئاکامدا بە نرخی گیانی تەواو بوو و ئەو کاتێک لە وییەن لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئەگەری ڕێککەوتنی ئاشتی لە وتووێژدا بوو، تیرۆر کرا».

■ ٥٥: جیابوونەوەی زۆربەی ئەندام و کادرە کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە حیزبی توودەی ئێران (١٣٦٩)

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩ زۆربەی ئەندامان و کادرە

کوردەکانـی حیزبی توودەی ئێران بـە دەرکردنی بەیاننامەیەک پاش دەربڕینـی بێهیوایـی خۆیـان بەرانبـەر بە سیاسـەت و کردەوەکانی حیزبـی تـودە و ڕێبەرانی، جیابوونەوەی خۆیان لەو حیزبە ڕاگەیاند. ئەوە بەیاننامە دوور و درێژە پاش باسکردنێکی تێروتەسەل لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی هاوچەرخ و داڕمانی جەمسەری کۆمۆنیستی، ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر مێژووی حیزبی توودە، بارودۆخی نێوخۆیی تەشکیلاتی حیزب و دۆخی بەستراوەییان، دێتە سەر هەڵوێستی ئەو حیزبە بەرانبەر بە پرسی نەتەوایەتی لە ئێران و دەڵێ:

> «پـاش یەکێتیـی فەرمایشـی لەگـەڵ فیرقـەی دێموکراتـی ئازەبایجان و بە لاسـاییکردنەوە لـە حیزبەکانی تەرازی نوێ، لـە بەرنامەی حیزبدا، مەسـەلەی نەتـەوەکان و مافی ئەوان و لە ریزی ئەو مافانەدا، فورموولی ناسـراوی مافی دیاریکردنی چارەنـووس، هاتـە مەیدانەوە. لەو کاتە بە دواوە، هەڵوێسـتی حیزبـی تـوودەی ئێـران بەرامبەر بـە مەسـەلەی نەتەوایەتی، یەکێـک لـە دیاردە هـەرە بەرچاوەکانی هەلپەرسـتی و نان بە نرخـی ڕۆژ خـواردن بـووە. بـە ڕەسـمی ناسـین و داننان بە مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـدا بە گوێرەی ئوسـوول، وەک هەر ماف و ئوسوولێکی دیموکراتیکیتر، پێویستە بە بێ گرتنە بەرچاوی کات و شـوێن، هەمیشـە جێگای داکۆکیی شێلگیرانە بێ. بەڵام حیزبی توودەی ئێران، هەمیشە لە بواری تێئۆرییەوە، دەکەوێتە چاوبەسـتن و ئەو ئەسڵانە دەسپێرێتە بەر فەرمانی بارودۆخی کاتوسـات کە مەبەسـت لەوەش پێوەندیی ڕێژیمی دسەڵاتداری ئێران لەگەڵ ئوردووگای سۆسیالیستی و بەر لە هەمووان یەکێتیی سۆڤێتە».

لە بەشێکی دیکەدا ئۆگریی کۆمۆنیستەکان بۆ «حیزبی سەرانسەری» بـە هـۆکاری پاشـگەزبوونەوەیان لـە مافی دیاریکردنـی چارەنووس

دادەنێت و دەڵێ: «مافی دیاریکردنی چارەنووس تا جیابوونەوەی تەواو و کەماڵ کە دروشمی کۆمۆنیستەکان بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بوو، گەرچی بوو بە هۆی پێکهێنانی کۆمارەکانی بە ڕواڵەت سەربەخۆ، بەڵام بە لە ئارادا بووونی فۆرموولەکانی حیزبی سەرانسەری و حیزب و دەوڵەت و بە ناچاری حیزبی سەرانسەری ـ دەوڵەتی سەرانسەری، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی پووچەڵ کرایەوە».

هەروەها باس لەوە دەکات کە هەڵوێستی حیزبی توودە لە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووس نیشاندەری ساتوسەودا کردنێکی بازاڕی لەگەڵ ئەو چەمکانە بووە و دەڵێ: «هەڵوێستی حیزبی توودەی ئێران لە سەردەمەکانی بەرزبوونەوەی هێزای بزووتنەوە لە ساڵانی ٢٤ـ٢٥ و ٤٦ـ٤٧ و بە تایبەتی دوای شۆڕشی ڕێبەندان، نیشاندەری قووڵی هەڵپەرەستی و قوربانیکردنی ئەسڵەکانی بە ڕواڵەت بیروباوەڕی خۆی لە بەرامبەر قازانج و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژدا بوو. تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی بوون و دەسەڵاتداریی تاکەحیزبی سەرانسەری لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێراندا، فێرمان دەکا کە ئەو چەشنە حیزبانە نەیانتوانیوە هاوکات وەڵامدەری داخوازییەکانی سەرجەم و بەشە تاکە تاکەکانی پێکهێنەری کۆمەڵ بن.

تاقیکردنەوەی شۆڕشی ڕێبەندانیش، جێگایەکە کە دەبێ گەلێک ئەزموونی لێ فێر بین. هەر لەو کاتەدا کە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەی ئێران لە خۆشیی فەزای ئاوەڵەی سیاسی و دەرەتانی دەمەتەقەی تەلەڤیزیۆنی گەشەکە ببوون، کوردستانی خوێناوی و بریندار، لە تاو ئێش و ئازاری خۆی پێچی دەخواردەوە. دێهات ئاگریان تێ بەر دراو چەنگیزەکانی ئیسلامی لە کەلاکان گردیان دروست دەکرد و ئێمە ئەندامانی سەرانسەری، بە کاوێژکردنەوەی خۆشبینییەکان و هێڵکێشان و هێڵسازییەکانی ناوەندێتی حیزب

دەکەوتینە پینەکردنی ئەم کوشتارە بە کۆمەڵانە و ئێمە کە ئاواتێکمان جیا لە چاکە و بەختەوەریی گەلەکەمان نەبوو، بەکردەوە لە تەنیشتی گەلەکەمان نەماینەوە».

لە درێژەدا دەپەرژێتە سەر پیلانگێڕییەکانی حیزبی توودە دژ بە بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەڵێ: «حیزب توودەی ئێران لە ناکۆکی و گیروگرفتی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی دابینکردنی هێژموونی خۆی کەڵکی وەرگرت و ئەم کارە لە دواییدا بە شێوەی داکۆکیکردن لە جیابوونەوەی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار خۆی نیشان دا.

جێگای سەرنجە کە دوای هێرش بۆ سەر حیزب، دەمڕاستەکانی ئەو کاتی حیزبی توودەی ئێران بۆ «وجیەالملە» نیشاندانی «کۆنفراسی میللی» و بە بیانووی تەختکردنی ڕێگای پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات، پێڕەوانی کۆنگرەی چواریان کردە قوربانیی سیاسەتی هەلپەرەستانەی خۆیان و لە یەک شەودا «باندی قاسملوو»ی پێشوو بوو بە بەڕێوەبەری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد.

لە کۆتاییدا ئەو گرووپە چەند خاڵێک وەکوو هێڵەکانی داهاتووی کاری سیاسیی خۆیان دەخەنە روو و دەڵێن: «ڕێباز و ئاسۆی هەرە گشتیی بزووتنەوەی ئێمە بەو چەشنە دیاری دەکرێ:

ـ ئێمە بۆ سەقامگیر کردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک کە حاکمیەتی یەکسانی هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران دابین بکا، تێدەکۆشین.

ـ ئێمە لە پێناوی یەکێتیی کردەوەی گشت هێزەکانی نیشتمانی و دێموکراتیک و شەخسیەتەکانی کورد لە کوردستاندا خەبات دەکەین.

ئێمە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە بەشێک لە

بزووتنەوەی جیهانی لە ڕێگای ئاشتیی جیهانیدا، نەهێشتنی دیکتاتۆری بە هەموو چەشن و شێوەیەکییەوە و سەربەخۆیی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا و رووخانی ڕێژیمەکانی زۆردار و زۆرداریی وڵاتەکان و خەبات لە دژی دەستدرێژیی ئیمپریالیزم دەنرخێنین».

لە کۆتایی ئەو بەیاننامەیەدا نووسراوەیەکی کورت بە ئیمزای غەنی بلووریان و حەمەدەمین سیراجی، دوو کەسایەتیی دیاری «تاقمی حەوت کەسی» کە بە تەحریکی حیزبی توودە لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە، دەبینرێت کە بەم چەشنەی خوارەوە پەشیمانیی خۆیان لەو خەیانەتە گەورەیە دەردەبڕن و دان بەوەدا دەنێن کە فریوی حیزبی توودەیان خواردووە:

هاونیشتمانی خۆشەویست!

خەڵکی شەریفی کوردستان!

ئێمە کە ئەم نووسراوە کورتەمان واژۆ کردەوە، لە ڕەوتی ئامادەکردنی بەیاننامەی جیابوونەوەی بەشی زۆری ئەندام و کادرەکانی سەر بە حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵاتدا بووین و بە گشتی لەگەڵ دەقی بەیاننامەکەدا هاودەنگین.

بەڵام لە بەر ئەوەی خۆمان و ژمارەیەک لەوانەی بەیاننامەکەیان واژۆ کردووە، لە ڕابردوودا، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووین و کاتێک بە هۆی جیاوازیی بۆچوون و لێکدانەوە و هێندێک هۆ و فاکتۆر کە ئاگری دووبەرەکییان خۆشتر دەکرد، لە حیزب جیا بووینەوە و لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) دەستمان کرد بە تێکۆشان و پاشان لە بەر ئەوەی ئاگاداریی پێویستمان لە ماهیەتی ڕابەری و ساختاری دژە دێموکراتیکی حیزبی توودەی ئێران نەبوو، چووینە پاڵ

ئەو حیزبەوە، ئێستاش رایدەگەیەنین لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئـەم بەیاننامەیـە بـە دواوە، هیـچ چەشـنە پێوەندییەکمـان لـە ژێـر هیـچ ناو و نیشـانێک لەگـەڵ حیزبی تـوودەی ئێران نییە و هـەر وەهـا هـەوڵ دەدەیـن رەوتـی جیابوونەوە لـە حیزبی دێموکراتـی کوردسـتان و تێکۆشـان لـە ژێـر نـاوی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران (پێڕەوانـی کۆنگرەی چوار) و چوونە پاڵ حیزبی توودەی ئێران کە پێویستی بە توێژینەوەی وردتـر و تێکڕایـی هەیـە و روانگەکانی خۆمان سـەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانـی قـووڵ، رووداوەکانـی سـەردەمسـازی ئێسـتا و شـوێنەواری ئـەو رووداوانـە لە سـەر پرۆسـەی خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردسـتان روون کەینەوە و بە ئاگاداریی گشتیی بگەیەنین.

غەنی بلووریان ـ حەمەدەمینی سیراجی

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩، رێکەوتی ١٩٩٠/٣/٣٠

■ ٥٦: تیـرۆری دوکتـور سـەعید و هاوڕێیانـی لـە ریسـتورانی میکونۆس (١٣٧١)

لە بیروباوەڕی ئیسـلامی و لەوانەش بیروباوەڕی شـیعەدا دنیا بە دوو بەش دابەش دەکرێت: «حەق» و «باتڵ». لەم شێوە بیرکردنەوەدا ئیسلامییەکان خۆیان بە حەقی موتڵەق و نەیارەکانیان بە باتڵ دەزانن. لـەم شـێوە روانینـەدا ویلایەتـی فەقیە نوێنـەری خوداوەند لە سـەر زەوییـە، هەرچـی ئـەو دەیڵێ و دەیـکا، رەوایە و جیهانـی بەرانبەری ناڕەوا. ئەم دیتنە لەگەڵ ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنـان و .. لـە دژایەتیدایە، کەرەسـتەی خەبات دژ بـە ئەم بۆچوونانە جیهـادە و جیهادیـش یانی لەناوبردنـی موخالیفەکانی بیروبۆچوونی ئـەوان. لـەم پێوەندییـەدا رێبەرایەتیی حیزبی دێموکـرات کە بۆ بەها

دێموکراتیکەکان تێدەکۆشێ و لەو بوارەدا چالاک و هەڵسووڕە، دەکەوێتە ریزی هەرەپێشەوەی ئامانجەکانی تیرۆری رێژیم. بەم پێیە لە چوارچێوەی بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامیدا رێبەرایەتیی حیزب لە بەرنامەی حەزف و لە نێوبردندا بوون. رێژیم بۆ بەڕێوەبردنی هەر تیرۆرێک لە دەرەوەی وڵات کومیتەیەکی بە ناوی «کومیتەی کاروباری تایبەت» پێک هێناوە. ئەم کومیتەیە کە لە ژێر نەزەری راستەوخۆی رێبەری نیزامدایە و دەفتەرەکەی لە کۆشکی فیروزەیە، سەرەڕای نوێنەرانی رێبەر و سەرۆک کۆمار، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران، وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت بەشدارییان تێیدا هەیە. لە کاتی ئەم تیرۆرانەدا خامنەیی رێبەر و رەفسەنجانی سەرۆک کۆمار، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت و عەلی ئەکبەر وەلایەتی وەزیری دەرەوە بوون. رێژیم لە ٢٢ی پوشپەڕی ٦٨دا بە تیرۆری دوکتور قاسملوو بە ئاواتی لەنێوچوونی حیزبی دێموکرات نەگەیشتبوو. بۆیە گەڵاڵەی لەنێوبردنی دوکتور سەعیدی دارشت. ئەم گەڵاڵەیە بە هۆی ژمارەیەک تیرۆریستی ئێرانی و لوبنانی کە بریتی بوون لە «کازم دارابی، عەبدولڕەحمان بەنیهاشمی» کە رێبەریی تیمی عەمەلیاتەکەی لە ئەستۆ بووە و «عەباس راحل، یوسف ئەمین» کە شەهیدەکانی وە بەر دەستڕێژی موسەلسەل دان و لە ژێر چاوەدێریی کومیتەی عەمەلیاتی تایبەتدا کار دەکات و پاش بەڕێوەبردنی تیرۆرەکە بە پێی بەرنامەیەکی لەپێشداڕێژراو دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و ماشینێکی بنزی ئاخر سیستمی لە پاداشتی ئەم جینایەتەدا پێ دەبەخشن، بەرێوە چوو.

■ چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی تیرۆر

دوکتور سەعید کە بۆ مەئموورییەتی ساڵانەی کاروباری دیپلۆماسی لە دەرەوە بوو، لە سەر بانگهێشتی رێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئەم رێکخراوەیەدا کە لە ١٤

تا ١٧ی سپتامبر لە ئاڵمان بە ڕێوە چوو، بە بەشداریی هاوڕێیان فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی دۆستی لەمێژینەی حیزب لەم کۆنگرەیەدا بەشداری دەکەن. لە سەر داوای دوکتور شەرەفکەندی قەرار دەبێ کە بۆ باسکردن لە سەر داهاتووی ئێران لەگەڵ نەفەراتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دانیشتنێکی هاوبەش پێک بێنن و ڕێکخستنی ئەم دانیشتنە بە نووری دێهکوردی کە مرۆڤێکی سیاسیی کارا و دۆستی حیزب بوو، دەسپێردرێ و لە کۆنگرەی ئێنترناسیونال سۆسیالیستیشدا وەک وەرگێڕ لەگەڵ وەفدی حیزب دەبێ، بەڵام نووری دێهکوردی بە هۆی کاری زۆرەوە ئەرکەکە بە کەسێک بە ناوی «عەزیز غەفاری» دەسپێرێ کە خاوەنی ڕێستۆرانەکە بوو و داوای لێ دەکات ئەو نەفەرانە ئاگادار بکاتەوە، عەزیز غەفاریش بۆ ڕۆژی هەینی ١٨ی سپتامبر خەڵکەکە ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام دانیشتنەکە بەهەر هۆیەک بوو دەکەوێتە ڕۆژی ٥شەممە ١٧ی سپتامبر، نووری دێهکوردی بۆ خۆی چەند کەسێک ئاگادار دەکاتەوە کە لە دانیشتنەکەدا بەشداری بکەن و بەم چەشنە بێجگە لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب و نووری دێهکوردی (حوسەین ئەحمەدی) پەرویز دەستماڵچی، مەهدی ئیبراهیمزادە، مەسعوود میرڕاشد، ئیسفەندیار و عەزیز غەفاری ئامادە دەبن کە کاتژمێر نزیک بە ١٠ و پەنجا خولەکی شەو بە کاتی ئاڵمان لە لایەن تیرۆریستانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و لە نێو ئەو هەشت کەسەدا تەنیا «دوکتور سەعید، فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلان و نووری دێهکوردی» بەر دەکەون و لە ڕێکەوتی ٢٦/ ١٣٧١/٦ی هەتاوی شەهید دەکرێن.

پاش ئەم جینایەتە پۆلیسی ئاڵمان گەمارۆی شوێنی ڕووداوەکە دەدەن و بە لێپرسینەوە لەو کەسانە کە لە ریستورانی میکونۆسدا بوون،

بەتایبەتی ئەو ئێرانیانە کە ناویان لە سەرەوە هات، موشەخەساتی قاتڵەکان و شێوەی ئاخاوتنیان کە بە فارسی بووە، هەر لە سەرەتاوە دەردەکەوێ کە قاتلەکان ئێرانین و دوای ماوەیەکی زۆر بەدواداچوون، دادگای لێکۆڵینەوە لەم جینایەتە لە لایەن دەزگای قەزایی ئاڵمانەوە پێک دێ و ناوی دادگاکە کە لێکۆلینەوە لە سەر جینایەتی ریستۆرانی میکونۆس دەکات، دەبێتە دادگای میکۆنۆس و ئێستا ئیدی میکۆنۆس لە هەموو دنیادا ناوێکی ناسراو و بەناوبانگە.

دادگای میکۆنۆس زیاتر لە سێ ساڵ و نیوی خایاند و لەو ماوەیەدا ٢٤٧ جار کۆ بوونەوە و ١٧٠ کەسیان بۆ شاهیدی بانگهێشت کرد. هەزاران کاتژمێر کاریان لە سەر کرد و هەزاران لاپەڕە کاغەزیان لەم بارەوە رەش کردەوە. یەکێک لە شاهیدەکان ئەبولحەسەن بەنیسەدر بوو کە بە سەرنجدان بەوەی کە ناوبراو لە رابردوودا سەرۆک کۆمار بووە، شاهیدییەکەی شوێندانەریی زۆری هەبوو. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش لەو پێوەندییەدا سپاسی ئازایەتی و شوجاعەتی ناوبراوی کرد.

یەکێکی دیکە لە شاهیدەکان کە بە هۆی بەنیسەدرەوە ناسێنرابوو، ئەبوولقاسم میسباحی ناسراو بە شاهیدی (C) بوو کە ناوبراو لە رابردوودا یەکێک لە بەرپرسانی دەرەوەی وەزارەتی ئیتلاعات بووە و زانیارییەکی زۆر ورد و بە کەڵکی لە ئیختیار قازییەکانی دادگای میکونۆسدا دانا. پاش ئەم شاهیدیدانە رێژیم زۆری هەوڵ دا کە ناوبراو بە کڵاوبەردار بناسێنێ و بیسەڵمێنێ کە ناوبراو هیچ بەرپرسایەتییەکی لە دامودەزگای ئیتلاعاتی ئێراندا نەبووە، بەڵام ناوبراو بە رادەیەک ناسرابوو کە رەتکردنەوەی ئێران بێجگە لە ریسوایی هیچی دیکەی بۆیان بە ئاکام نەهێنا، چوونکە ناوبراو یەکێک لە بناغەدانەرانی واواک بووە و «نوێنەری تامالاختیار»ی ئێران بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتەکانی ئاڵمان، فەرانسە

و وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـە مەبەسـتی ئازادکردنی بارمتە ڕۆژئاواییـەکان لـە لوبنـان بـووە و زۆر کەس لە ئاڵمـان ناوبراویان دەناسی.

کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران مەسەلەی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزب، شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و فەتـاح عەبدولـی و هاوڕێکانی لە ١٧ی سـپتامبری سـاڵی ١٩٩٢ لە شـاری برلینی وە بیر هێنایەوە و ڕەوتی موحاکمەی تاوانبارانی ئەو جینایەتەی هێنایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە ڕەزامەندیی خۆیان لە ڕەوتی بەرەوپێشـچوونی دادگای برلیـن دەربـڕی و بـە چاوێکـی پڕ لە هیـواوە ڕوانیانە هەوڵ و تەقـەلای دەزگای قەزایـی ئاڵمـان، هـەر بـەم هۆیەشـەوە سـڵاو و ڕێزی خۆیان بە نیشانەی پێزانین و ئەمەکناسی پێشکەش بە بەڕێزان سەرۆکی دادگا و دادستان و قازییەکانی دادگا کرد.

کۆنگـرە داوای لـە حکوومەتـی ئاڵمـان کـرد کە پێشـگیری لە هەر چەشنە نفووزێکی ڕێژیمی ئێران لە کاری دادگادا بکا بۆ ئەوەی دادگا بتوانـێ حوکمـی دادپەروەرانەی خۆی دەر بکا و کۆماری ئیسـلامیی ئێـران وەک بەرنامەداڕێـژ و عامیلـی ئەسـڵیی ئـەو جینایەتـە بە دنیا بناسێنێ.

هــەر لـەو کاتەدا کۆنگرە داوای لە کۆڕوکۆمەڵ و کەسـایەتییەکانی لایەنگـری حـەق و عەداڵـەت لـە جیهـان و بـە تایبەتی لـە ئورووپادا کـرد کـە هەموو نفـووز و ئیعتباری خۆیـان لـە لای دەوڵەتی ئاڵمان بـە کار بـەرن بـۆ ئـەوەی دادگای «میکونـۆس» بـە دوور لـە هـەر چەشـنە دەسـتێوەردانێک ڕەوتـی سروشـتیی خـۆی بپێـوێ و ڕێگا نـەدرێ جارێکی دیکـە عەداڵەت بە فیـدای بەرژەوەندییە بازرگانی و دیپلۆماسـییەکان بکـرێ. لـە مـاوەی دادگاییکردنەکەدا ئێـران زۆری هەوڵ دا بەڵکوو بتوانێ ئاراسـتەی دادگاکە بگۆڕێ. بۆ ئەم مەبەسـتە

«عەلی فەلاحیان» وەزیری ئیتلاعاتی ئێران سەفەرێکی ئاڵمانی کرد و لەگەڵ «ئیشمیت باوێر» وەزیری ئاسایشی ئاڵمان چاوپێکەوتنی کرد کە لە راگەیەنە گشتییەکانی ئاڵماندا ئەم چاوپێکەوتنە لە هەڵا درا تا بەو هۆیەوە ئیشمیت باوێر بانگهێشتی دادگا کرا و ئەویش ناچار بوو دان بەوەدا بنێ کە وەزیری تیرۆریستی ئێران ویستوویەتی کە وڵاتی ئاڵمان شوێن لە سەر دادگاکە دابنێ و ئاراستەی دادگاکە بگۆڕێ کە دیارە لەو ماوەیەدا دەزگای قەزایی ئاڵمان ویستیان بڕیاری دەستبەسەر کردنی ناوبراو دەر بکەن کە بە هۆی دەستێوەردانی دەوڵەتی ئاڵمانەوە ئەم کارە جێبەجێ نەبوو. لە کۆتاییدا لە رێکەوتی ١٣٧٤/١٢/٢٤ی هەتاوی دادگا حوکمێکی ئازایانەی دەرکرد و حوکمی دەستبەسەرکردنی «عەلی فەلاحیان»ی دەرکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی ١٣٧٤/١٢/٢٦ی هەتاوی لە بەیاننامەیەکدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە دەرکردنی ئەو حوکمە، پیرۆزبایی لە دەزگای قەزایی ئاڵمان کرد و هیوای دەربڕی کە رەوتی ئەم موحاکمەیە هەروا درێژە بکێشێ تا کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا مەحکووم دەکرێ. دوای دەرکردنی ئەم حوکمە رۆژی ١٣٧٤/١٢/٢٨ی هەتاوی هەیئەتی وەزیرانی ئێران لە دژکردەوەیەکدا بەم مەحکەمەیە، هەڕەشەی ئەوەیان لە ئاڵمان کرد کە ئەم شێوە رەفتارە دەتوانێ روو لەویش بکا و ئەتباعی ئەوان لە وڵاتی ئێران دادگایی بکرێن. سێ رۆژ پاش دەرچوونی ئەم حوکمە رێژیم هاتوهاوارێکی زۆری وە رێ خست و عامیلی دەرخستنی ئەم بڕیارەی بە کاری ئیسرائیل و ئەمریکا لە قەڵەم دا کە گۆیا ئەوان فشاریان بۆ دەزگای قەزایی ئاڵمان هێناوە کە ئەو بڕیارەی دەرکردووە. هەر لەم رۆژەدا ئەنساری حیزبوڵڵا بە سەرۆکایەتیی «حوسەین ئەڵڵاکەرەم» ژمارەیەک بەکرێگیراوی خۆیان لە بەر درگای باڵوێزخانەی ئاڵمان لە تاران کۆ کردەوە و

خوازیاری عوزرخوازیی ئاڵمان لە ئێران و هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە لە سەر فەلاحیان بوون و هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر ئەم حوکمە هەڵنەوەشێتەوە، حیزبوڵڵا لە تەواوی دنیادا ئامادەباش دەبێ. ئەمانە هەر ئەو هەڕەشانە بوون کە پێشتر دەوڵەتی ئۆتریشیان پێ ترساندبوون تا وە دوای جینایەتی ڤیەن نەکەون.

لە کۆتاییدا ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی حوکمی نیهایی دادگای میکۆنوس خامنەیی و ڕەفسەنجانیی وەکوو تاوانباری سەرەکیی تیرۆرەکە ڕاگەیاند و لەو حوکمەدا کە ڕایگەیاند، بەم جۆرە هاتبوو: «هۆی ئەم تیرۆرە دەبێ لەو ئاڵوگۆڕ و پێوەندییەدا کە پاش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا پێک هاتبوو ببینین. تێکۆشانی کوردەکانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، بە مەبەستی بەدەستهێنانی خودموختاری، ئەم حیزبەی کردوەتە یەکێک لە حیزبە هەرە بەهێزەکانی دژی ڕێژیمی دەسەڵاتدار.. بۆیە، ڕێبەریی سیاسیی ئێران بە مەبەستی سەرکوتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیاری داوە کە دژی ئەم حیزبە نە تەنیا بە شێوەی سیاسی بجووڵێنەوە، بەڵکوو مەبەستی لەنێوبردنی فیزیکیی ئەویشی هەیە.. .

قەتڵی دوکتور قاسملوو و دووکەس لە هاوڕێیانی لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩زایینی بەرانبەر بە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری وییەن، هەروەها ئەم قەتڵەی کە لەم دادگایەدا پێی ڕاگەیشتین، لە ئاکامەکانی بە کردەوەی وەها سیاسەتێکە و پێوەندیی نێوان قەتڵی ڤییەن و برلین زۆر ڕوون و ئاشکرایە.. .

بەڵگە و دۆکۆمنتە حاشاهەڵنەگرەکان کە لەم دادگایەدا پێشکەش کراون، شکڵ و شێوازی بڕیاردانی ئاستی هەرەسەرەوەی ڕێبەریی سیاسیی ئێران و هەروەها پێکهاتە و بەرپرسایەتییەکانی ئەم بڕیاردانانە، بە مەبەستی لەنێوبردنی دژبەرانی ڕێژیم لە دەرەوەی

وڵات، زۆر بە روونی و ئاشکرا پیشان دەدات.. . بڕیاردان لە پێوەندی لەگەڵ لەنێوبردنی دژبەرانی ڕێژیم لە دەسەڵاتی دامەزراوەیەکی نایاسایی (مەبەست ئەوەیە کە بوونی وەها دامەزراوەیەک لە یاسای بنەرەتیی ئێراندا نەهاتووە) و تەنیا لە سەر ئەمری ڕێبەری مەزهەبیی حکوومەت پێک دێت. ئەندامانی ئەم کومیتەیە بریتین لە: «سەرۆک کۆمار، وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت (واواک)، وەزیری دەرەوە، سەرکردەکانی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان و هەروەها ڕێبەری مەزهەبیی حکوومەتی ئێران».

قەتڵی برلین هەمووی لە بەر هۆکاری مەزهەبی نیە، بەڵکوو هۆکارەکەی تەنیا سیاسی و پەیوەستە بە ڕاگرتنی دەسەڵاتی سیاسییەوە. بە رواڵەت، دانی رووکەشێکی مەزهەبی بە ئەم قەتلە، ئەوە کە حکوومەتی ئێران، ئیدیعا دەکا کە گویا حکوومەتێکی ئیلاهییە، بە هیچ شێوەیەک لەم ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەم تیرۆرە تەنیا و تەنیا هۆکاری سیاسیی بووە و بە مەبەستی لەنێوبردنی دژبەرانی ڕێژیم بەڕێوە چووە. مەبەستی ڕێژیمی ئێران لەنێوبردنی دژبەرە چالاکەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵاتە.

■ بەشێک لە دەقی بڕیارەکەی دادگای میکۆنۆس

دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە، یەکێتیی ئورووپا، وێڕای ئەوەی ئێرانی بۆ ڕێککەوتن لە سەر قەدەغەکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و مافی مرۆڤ بانگهێشت کرد، ئەم بڕیارانەی دا:

١. لە هەلومەرجی ئێستادا هیچ بنەمایەک بۆ درێژەدانی دیالۆگی رەخنەگرانە لە نێوان ئێران و ئورووپادا نیە.

٢. نابێ چەک بە ئێران بفرۆشرێ.

٣. بەو ئێرانیانە کە کاری ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی دەکەن، ویزا نەدرێ.

٤. موشاویرە لە باری دەرکردنی مەئموورانی ئیتلاعاتی ئێران، لە

وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئورووپا. هەروەها ١٥ وڵاتی ئورووپایی باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران کشاندەوە، بەڵام پاش شەش مانگ لە ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٧٦ی هەتاوی بەبێ بەدیهاتنی داواکانیان گەڕانەوە بۆ ئێران. ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی بێ پرەنسیپیی وڵاتانی ئورووپایی بوو کە ئامادەن لە پێناو قازانجە مادییەکاندا چاوپۆشی لە هەموو ئوسوول و ڕێوشوێنە نەتەوەییەکانیان بکەن.

بابەتێکی جێگای سەرنجی دیکە پاش ڕاگەیاندنی ئەم حوکمە کە لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بکەین، هەڵوێستی بەناو نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شووورای ئیسلامیی ڕێژیم بوو. بەم بۆنەیەوە نامەیەک بە ئیمزای ١٦٠ ئەندامی ئەو مەجلیسە بۆ خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم نووسرابوو کە لەو نامەیەدا بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنۆس بە پیلانێکی ئەمریکایی ـ سەهیوونیستی لە قەڵەم درابوو و هێرش کرابووە سەر هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لەمەڕ کشانەوەی باڵوێزەکانیان لە ئێران. ئەم نامەیە بە ئیمزای هەموو بەناو نوێنەرانی شار و ناوچەکانی کوردستان (بێجگە لە نووربەخش، نوێنەری مەهاباد کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوو) گەیشتبوو.

حوکمی دادگای میکۆنۆس سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورەی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و جووڵانەوەی سەرتاسەریی ئێران و هەروەها بۆ تەواوی ئەو کەسانە بوو کە بۆ ئازادی و عەداڵەت و مافی مرۆڤ خەبات دەکەن.

پاش دەرچوونی ئەم حوکمە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و کەسایەتییەکان پیشوازی و خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بەم حوکمە ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە:

١. کومیتەی بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی.
٢. ڕێکخراوی «اتحاد فدائیان خلق ایران».
٣. ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێران.

٤. حیزبی میللەتی ئێران.
٥. ئەنجوومەنی دیفاع لە زیندانیانی سیاسیی ئێران.
٦. « شورای مقاومت ملی».
٧. «نەهزەتی مقاومەتی میللی».
٨. ڕێکخراوی لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان لە ئێران.
٩. « شورای مرکزی اتحاد فدائیان کمونیست».
١٠. ڕێکخراوی مەشرووتەخوازان.
١١. جووڵانەوەی میلیی ئێران.

هەروەها زۆربەی ڕۆژنامە و گوڤارەکان کە لە دەرەوە بە زمانی فارسی چاپ دەکرێت و هەروەها ئەم کەسایەتییانەش ئەبولحەسەن بەنیسەدر یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێران، پەرویز دەستمالچی سیاسەتمەدار، عەبدولکەریم لاهیجی یاساناس، عەلیڕەزا نووریزادە ڕۆژنامەنووس، میهدی خانبابا تیهرانی ڕۆژنامەنووس، مەنووچیهر گەنجی سیاسەتمەدار.

لە دەساڵەی شەهیدبوونیاندا، بۆ ریزگرتن لە یادی دوکتور سەعید و هاوڕێکانی لە ٢٣ی ئوکتوبری ٢٠٠٢ی زایینی بەرانبەر بە ١ی خەزەڵوەری ١٣٨١ی هەتاوی بە بەشداریی ڕێبەران و نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵە و ئەنجومەنی مرۆڤدۆستیی فەرانسەوی و ئۆرووپایی هەروەها بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەیان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کورد و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد و ئێرانی و ڕۆژئاوایی کۆبوونەوەیەک لە ساڵۆنی «مارس»ی پارلەمانی فەرانسە بەڕێوەچوو کە ژمارەیەکی زۆر وتار بۆ مەحکوومکردنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و ڕێزگرتن لە شەهیدەکان خوێندرانەوە.

لە ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ی زایینی بەرانبەر بە ٣٠ی بانەمەڕی ١٣٨٣ی

هەتاویدا بە بەشداریی نزیکەی هەزار کەس لە کورد و ئێرانییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە ناوچەییەکانی برلین و کەسایەتییە نیشتمانییەکان، پەردە لە سەر هێما (لوح)ی بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنوس لادرا. ئەم هێمایە لە سەر بڕیاری شارەداریی ناوچەی «شاری لاتنبۆرگ» لە شوێنی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا دانرا. کۆماری ئیسلامی هەوڵێکی زۆری دا کە پێش بەم کارە بگرێ، بەڵام هیچی بۆ نەچووە سەر و بەم چەشنە شارەداری ئازای شاری «لاتنبۆرگ» بە دانانی ئەم لەوحە رێزی لە قوربانییەکانی ئەم تیرۆرە ناجەوامێرانەیە گرت و ئەمە نیشانەی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بوو.

■ ٥٧: گواستنەوەی بنکەکانی حیزب لە قەندیل بۆ کۆیە (١٣٧٢)

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بەربەرەکانێ دژی هێزی پێشمەرگە دەستەوەستان و داماو بوو، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٩١ی زایینی کە حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی بە سەر کوردستاندا نەما، کونترۆڵی کوردستان کەوتە دەستی بەرەی کوردستانی و بە سەرەنجدان بەو راستییەکە هێزەکانی کوردستانی باشوور مەقەڕەکانیان ساڵانێک لە کوردستانی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوو، هەر بۆیە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵیان هەبوو کە لەم بەشە لە کوردستاندا کەوتە پیلانگێڕی و دەستی دایە تیرۆری تێکۆشەران لە بناری قەندیل کە شوێنی نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکادر و پێشمەرگە و هەروەها بنکەی دەفتەری سیاسی و کومیتەکانی ناوەندی کوردستان بوو، لە گەڵاڵەیەکی تیرۆریستیدا لە رۆژی ١٣٧٠/٨/٧ وانێت بارێکی بومبڕێژکراوی لە سەر رێگای هاتوچووی ئۆتۆمبیلی پێشمەرگەکان کە بەیانیان لە»ئێندزێ» شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکان بەرەو «بۆڵێ»

شـوێنی کاری ڕۆژانـەی دەفتەری سیاسـی دەڕۆیشـت، دانایەوە کە لەو ئۆتۆمبیلەدا ژن و منداڵی هاوڕێیانی حیزبیش هەبوون و ماشینە بومبڕێژکراوەکـە لـە ڕێـگای بەکرێگیراوێکـەوە کاتژمێـر ٩ی بەیانی بـە مینیبووسـێکی حیزبـدا تەقێنرایـەوە. بەداخـەوە لـەم عەمەلیاتـە تێروریسـتییەدا سـێ کـەس بـە ناوەکانی حەسـۆ عەلیپـوور جێگری هێـزی سـامەرەند، مـەلا ڕەسـووڵ گـەردی کادری حیـزب، جەلیـل مامایـی کـە شـۆفیری مینیبووسـەکە بـوو، شـەهید و ژمارەیەک لە سەرنشـینەکانیش بریندار بوون کە لە نێو بریندارەکاندا منداڵی ٥-٦ ساڵانیش هەبوون.

لەم ڕێکەوتە بە دواوە ڕێژیم هێرشـەکانی بە بومبارانی هەوایی و تۆپباران درێژە دا و ڕۆژی ٢٢ی ڕەشـەمەی سـاڵی ١٣٧١ی هەتاوی بەرانبەر بەی مارسـی ١٩٩٣ی زایینی کاتژمێر ١٠ی سـەرلەبەیانی ٦ فڕۆکەی بومبهاوێژی کۆماری ئیسلامی بە بومبی هێشوویی بنکەکانی نەخۆشـخانە و ماڵەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسـییان بۆردمان کرد کە لەو بۆردمانەدا ٤ پێشـمەرگەی حیزب بە ناوەکانی عەبدوڵڵا ڕەسـوڵزادە، ڕەسـووڵ عوسـمانی، حوسـەین شـەمامی و مەحموود محەممەدپوور شەهید و چەندین کەسیش بریندار بوون.

دەفتـەری سیاسـی لـە ڕاگەیەندراوێکـدا وێـڕای دەربڕینـی داخ و کەسـەر بـۆ شـەهیدبوونی ئـەو پۆلـە پێشـمەرگەیە و سـەرەخۆشـی لـە بنەماڵەکانیـان، ئـەم کـردەوە جنایەتکارانەیـەی مەحکووم کرد و داوای لـە کـۆڕ و کۆمەڵـە سیاسـی و بەشەردۆسـتەکان کرد دەنگی بێزاریـی خۆیـان بەرانبەر بە ئەم کردەوە دژی ئینسـانییەی کۆماری ئیسـلامی بـەرز بکەنـەوە و چیدی ڕێـگا نەدەن ئەم ڕێژیمـە گاڵتە بە پەسـەندکراوەکانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـکا و یاسـا نێونەتەوەییـەکان بخاتـە ژێـر پـێ و بـە تایبەتـی داوا لـە ڕێبەریـی بزووتنەوەی کوردستانی باشور و دەوڵەتی عێراق دەکا ناڕەزایەتیی

خۆیان بەرانبەر بەم پێشێلکارییە دەر ببڕن.

پاش ئەم بومبارانە تێکڕای ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیست، حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە، بونیادی فرانس لیبرتی، ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان، ڕێکخراوی یارمەتییە دەرمانییە نێونەتەوەییەکان و کەناڵ نەزان، سەروکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس ئەم کردەوەیان مەحکووم و شەرمەزار کرد.

لە درێژەی ئەم پیلانگێڕییانەدا ڕێژیم هەڕەشەی لە گوندنشینە سنوورییەکان کرد کە دەبێ بە مەودای ١١ کیلۆمیتر لە هەر دوو دیوی کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە گوندەکان چۆڵ بکرێن. بە وتەی خۆیان پلانی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبیان بە دەستەوە بوو کە ئەم پیلانە بە هۆی بانگەوازێکەوە کە دەفتەری سیاسی لە ڕۆژی ١٣٧٢\١١\٢٦ بڵاوی کردەوە، لەقاو درا. لەو بانگەوازەدا داوا لە گوندنشینەکانی هەر دوو دیوی سنوور کرابوو کە لە بەرانبەر ئەو پیلانەدا بوەستن و گوێ نەدەنە هەڕەشە و گوڕەشەی ڕێژیم کە پاش ئەم ڕاگەیەندراوە ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکانی کوردستانی باشوور ئامادەیی خۆیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند.

لە کۆتاییەکانی مانگی خاکەلێوەی ١٣٧٢ەوە تۆپبارانی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و ماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا گواستنەوەی بنکەکانی حیزب لە قەندیلەوە بۆ کۆیە هەر وا درێژەی هەبوو کە لەو تۆپبارانەدا ژمارەیەک هاووڵاتیی کوردستانی باشوور لە مانگی جۆزەردانداا شەهید و بریندار بوون. بێجگە لە تۆپ و خومپارەباران و بۆمبارانی هەوایی، لە ڕێگای دەستوپێوەندییەکانی خۆشییەوە بە پاڵپشتیی ژمارەیەک لە بەرپرسانی هێزە سیاسییەکانی

لە کوردستانی باشوور گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیان هان دابوون کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ملکەکانیان کە لەم بارەوە حیزب ساڵێک بە دانی ئیجارەیەکی خەیاڵی گوندنشینەکانی رازی کرد، بەڵام لە درێژەی ئەو هاندانانەدا سەرئەنجام گوندنشینەکان هەڕەشەکانی خۆیانیان لە حیزبی دیموکرات گەیاندە ئاستی رووبەڕووبوونەوە کە لەم پێوەندییەدا حیزب ناچار بوو بیر لە ئاڵوگۆڕی شوێن بکاتەوە بۆ ئەوەی پیلانی رێژیم کە تێکهەڵچوون لەگەڵ گوندنشینەکانی ناوچەکە بوو سەر نەگرێ. لەم پێوەندییەدا زیاتر لە دوو حەوتوو گەڕان. سەرئەنجام بڕیاری کۆچکردن لە قەندیل بۆ کۆیە لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە پەسەند کرا. کاتێک کە ئەم بڕیارە دەرچوو، بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات بوو و بەڕێوەبەری حیزب جێگری سکرتێری ئەوکات بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوو. مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین بەڕێز مستەفا هیجری ئاگاداری ئەم ئاڵوگۆڕە نەبووە، بەڵکوو مەبەست گواستنەوەی زانیارییەکە وەک خۆیەتی.

گواستنەوە لە قەندیل بۆ کۆیە بوو بە رێگایەک کە بە دڵی هیچکام لە رێبەرایەتیی حیزب نەبوو، بەڵام هەڵەی کاری رێبەری لەوەدا بوو کە هەموو شتێکی خۆی گواستەوە بۆ کۆیە بە بی ئەوەی کە بیرێک لە ئاکامی ئەم گواستنەوەیە بۆ داهاتوو بکاتەوە. بە باوەڕی من دەکرا حیزب ئەو کات بەشێکی بەرچاو لە هێزەکە بگوازێتەوە بۆ کۆیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرا دوو تا سێ تیمی ١٠٠ کەسی لە پێشمەرگە سەڵتەکان لە سنوور بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی جێگایەک بن بۆ جووڵاندنی هێز و توانای حیزب لە ساڵانی دوای گواستنەوەدا.

■ ٥٨: کۆنگرەی دەیەمی حیزب و یەکنەگرتنەوە (١٣٧٤)

لە نێوان کۆنگرەی نۆیەم بۆ کۆنگرەی دەیەمدا دوکتور سادق

شــەرەفکەندی، سکرتێری گشــتیی حیزب لە لایەن تیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامییەوە لە ریستۆرانی میکۆنۆسی بێرلین شەهید کرا و مستەفا هیجری، جێگری دوکتور سادق لە یەکەم کۆبوونەوەدا پاش شەهیدکرانی دوکتور سادق، وەکوو سکرتێری گشتی دیاری کرا.

یەکێـک لـەو بابەتانە کە بوو بە باسـی نێوخۆی حیزب و کۆنگرەی دەیەمی خســتە ژێر شــوێندانەریی خۆی، پرســی یەکگرتنەوە لەگەڵ «رێبەرایەتیـی شۆڕشـگێڕ» بـوو. بەشـێک لـە کادر و پێشـمەرگە و رێبەریـی حیـزب خوازیاری یەکگرتنەوە یا باشـتر بڵێیـن هێنانەوەی «رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» بوون و بەشەکەی دیکە بەو ئیستدلالە کە ماوەی ٨ ساڵە ئینشعاب رووی داوە و یەکگرتنەوەی کوتوپڕ ناتوانێ سـەرکەوتوو بێ، بـوون بـە دوو بـەرە و «عەبدوڵڵا حەسـەنزادە» رێبەریی خەتی یەکگرتنەوەی بەو شێوەیە کە خۆی پێی خۆش بوو، لە ئەستۆ گرت و لەم پێوەندییەدا بە داخەوە حیزبی تا ئێستاش کرد بـە دوو بـەش و بۆ گەیشـتن بەو ئامانجە لە هیچ شـێوە فەعالیەتێک خۆی نەبوارد و لەو پێوەندییەدا کار گەیشتە جێگایەک کە «باباعەلی میهرپـەروەر» لـە کۆبوونەوەیەکـی گشـتیدا کـە بەڕێـز عەبدوڵـڵا حەسـەنزادە بـۆ خۆشـی تێیدا بەشـدار بـوو، رایگەیاند کـە دیاردەی ناوچەگەرایی و دەستەبەندی، میعمارەکەی عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە.

بەم زەمینەوە کۆنفرانسـەکانی پێش کۆنگرەی دەیەم بەڕێوە چوون و هەر لە سـەرەتادا دیار بوو کە دەسـتەی «عەبدوڵڵا حەسـەنزادە» بـراوەی کۆنگـرەی دەیـەم دەبـێ و لە کۆتاییـدا کۆنگـرەی دەیەم لە ژێـر فـەزای تیرۆریزمـی کۆمـاری ئیسـلامیدا لـە رۆژی ٢٣ تا ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی لە هەولێر لە سـاڵۆنی حیزبی شـیووعی بەڕێوە چوو. ناوی کۆنگرەش بوو بە «کۆنگرەی پەنجاهەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران». کۆنگرە لە لایەن مـەلا حەسـەن شێوەسـەڵییەوە کرایـەوە کـە دوو کۆنگرە پێشـتر لە

دروشــم و خــەت و ڕێبــازی ئیســتراتیژیکی حیزب گۆڕانێکــی ئەوتۆیان بە ســەردا نەهات، بەڵام هەر وەک پێشبینی دەکرا، بڕیاری یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێڕ پەسەند کرا، لەگەڵ چەند بڕیارێکی دیکە کە دەقەکەیان بەم چەشنەیە:

١ـ دەرگای وتوویژ لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بکرێتەوە و ئەو بایکۆتەی تا ئیستا لە سەریان بووە، هەڵبگیرێ.

٢ـ کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم، هەوڵ بدات لە ڕێگای وتوویژەوە ئەم گیروگرفتە بە پێی ئوسوول و بە قازانجی حیزب و بزووتنەوە چارەسەر بکا.

٣ـ ئەگــەر ئــەوان بــی قەیــد و شــەرت، بــەو چەشــنەی کومیتــەی

ناوەندی موافقەتی لە سەر دەکا، حازر بن بگەڕێنەوە ناو حیزب، لە نێو ریزەکانی حیزبدا وەک هەموو کادر و ئەندامێکی حیزب چاویان لێ بکرێ و حورمەتیان بپارێزرێ.

- کەمایەتی بە هیچ جۆرێک مافی نیە دەربارەی ئەو بڕیارانەوە کە باری ئیجراییان هەیە، نەزەری خۆی لە دەرەوەی ئۆرگانەکەی باس بکا. سەرپێچی لەو ئەسڵە دەتوانێ سزای حیزبیی بۆ دابنرێ.

- لە بارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە کەمایەتی هەروەک زۆرایەتی مافی هەیە ٦ مانگ پێش لە کۆنگرە لە ڕێگای بڵاوکراوەی نێوخۆیی حیزبەوە نەزەری خۆی بەرێتە ناو بەدەنە و تەبلیغی بۆ بکا.

- کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرە ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی ئەم بڕیارە دیاری بکا و بە ئاگاداریی ئەندامانی حیزبی بگەیەنێ.

پاش کۆتایی کۆنگرەی دەیەم و یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، وەک دیار بوو «عەبدوڵڵا حەسەنزادە» وەکوو سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژێردرا و مستەفا هیجری، سکرتێری پێشوو پیرۆزبایی لێ کرد و زۆر بە هاسانی و بێ گێرە و کێشە و پێچ و پەنا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات کرا و تەنانەت پاش کۆنگرەش سکرتێری پێشوو بوو بە جێگری سکرتێری تازە کە ئەمە وەک مامۆستا «سەعد عەبدوڵڵا» بەرپرسی لقی دووی ئەو کاتی پارتی بە نوێنەری حیزبی لە هەولێر گوت، دیاردەیەکی نوێ بوو لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چوونکە تا ئەو کاتە هەر کە سکرتێرێک لە سکرتێریی حیزبێک کەوتبێ، یان بەجێی هێشتووە، یان ئینشعابی پێک هێناوە کە ئەم دیاردەیە لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبیشدا بە داخەوە ڕووی دا.

لە کۆبوونەوەکانی دوای هەڵبژاردنی سکرتێردا کۆمیتەی ناوەندی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پێئەسپێردراوی کۆنگرە کە تێکەڵبوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بوو، وەفدێکی پێک هێنا و «حەسەن شەرەفی، تەیموور مستەفایی، سلێمان کەڵەشی، قادر وریا» بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دیاری کران.

هەروەها وەفدی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پێک هاتبوون لە «فەتاح کاویان، حوسەین مەدەنی، کەماڵ کەریمی» .

بەدوای هەڵگرتنی بایکۆت لە کۆنگرەی دەیەم لە سەر «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» هاتوچۆکان بۆ لای یەکتر چڕتر بوونەوە. پاش دوو جار سەردانی بەرپرسانی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» و هاتنیان بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئامادەیی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە ڕاگەیاند.

لە یەکەم کۆبوونەوەی تەقسیمی کاری کومیتەی ناوەندیدا باسێکی تێروتەسەل لەو پیوەندییەدا هاتە ئاراوە کە بە گشتی دەتوانین بۆچوونەکان لە دوو تەیفدا باس بکەین: تەیفێک کە زۆرینەی کومیتەی ناوەندیی پێک دەهێنا و لە ڕاستیدا بڕیاری شکاندنی بایکۆت و تەنانەت یەکگرتنەوەشی لە کۆنگرە بە پەسەندکردن گەیاندبوو، بێجگە یەک و دوو نەفەریان نەبێ کە نەزری هێندێک جیاوازیان هەبوو، هەموویان سوور بوون لە سەر یەکگرتنەوە، بەڵام جیاواز بیریان دەکردەوە، ئەوی دیکەشیان بیری یەکگرتنەوەی هەبوو کە دیارە لە ناوەڕۆکدا هەر یەک قسە بوو. کەمایەتیی کومیتەی ناوەندیش پێی وابوو ماوەیەکی زۆرتر بدری بە یەکگرتنەوە جارێ بایکۆتەکە بشکێنین و پێکەوە هاوکاری بکەین، ئەگەر دەرکەوت کە زەمینە لەبارە بۆ یەکگرتنەوە، لە قۆناغی دووهەمدا ئەم کارە بکرێ، هەرچی بێ، پاش ئەم کۆبوونەوەیە و لە ١٣٧٤/٣/١٩دا ڕۆژی هەینی وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێک هاتبوون لە: عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەسەن شەرەفی، باباعەلی میهرپەروەر، تەیموور مستەفایی، ئیسمایل بازیار، سلێمان کەلەشی، کەریم مەهدەوی،

لەگـەڵ وەفدێکـی ڕێبەرایەتـی شۆڕشـگێڕ کە پێک هاتبـوو لە: جەلیل گادانی، حەسـەن رستگار، هاشـم کەریمی، سەرهەنگ قادری، کەماڵ کەریمی، عوسـمان رەحیمی، هاشـم رۆسـتەمی، لە «دۆڵە رەقە» کە ناوەندی دەفتەری سیاسـیی ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێڕ بوو، لە دەوری یەک کۆ بوونەوە.

پـاش قسـەکردن لـە کولیاتـی یەکگرتنـەوە یـان پێکـەوە کارکردن بڕیار درا کە دانوسـتان بۆ ئەم مەبەسـتە دەست پێ بکا و هەوڵەکان بـۆ یەکگرتنـەوە بێت، بـەڵام ئەگەریش لە کۆتاییـدا یەکگرتنەوەی لێ نەکەوتەوە، لانیکەم لە سـەر پێکەوە کارکردن سـاغ دەبنەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەر لایەک نوێنەری خۆیان بۆ وتووێژ لە سەر یەکگرتنەوە ناسـاند. وەفـدی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران پێک هاتبوو لە «حەسـەن شەرەفی، تەیمور مسـتەفایی، سلێمان کەڵەشی». پاش کۆبوونەوەیەکـی کومیتـەی ناوەنـدی داوا کـرا کـە وەفدەکـە زیاتـر بکرێ. لەم بارەوە «قادر وریا»ش پێی زیاد کرا. وەفدی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پێک هاتبوون لە «فەتاح کاویان، حسێن مەدەنی و کەماڵ کەریمی».

سـەرەتای وتووێـژەکان وەفـدی ڕێبەرایەتی بە دوو باڵ دەسـتیان پـێ کـرد و وەفـدی حیزبیش بـە هاوڕیی یەکترین. بـە کورتی بە باڵ قبووڵ نەکران و وتووێژەکان درێژەی کێشا و لە ئاکامدا بە هێندێک فورموڵی هاوبەش گەیشتن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

مەسـەلەی سـرنجڕاکێش ئەوە بوو کە «عەبدوڵڵا حەسەنزادە» کە دروشمی هێنانەوە و تواندنەوەی هەڵگرتبوو لە کۆبوونەوەیەکی نزیک بە کۆتایی دانیشـتنەکاندا بە هاوێشتنی ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لـە گیوومەیەکـدا دەیهەویسـت ئۆتۆریتـەی خـۆی بە سـەر هەمواندا بسەلمێنێ، لە کاتێکدا کە هەم وەفدی حیزب و هەم ڕێبەرایەتیی حیزب دەیانگـوت ئێسـتا کە بڕیـاری هاتنەوە یا یەکگرتنـەوە یا هەر ناوێکی

لێی دەنێن گەیشتووەتە کۆتایی، باش نیە بە گیوومەیەک پەکی بخەی کە دیارە ناوبراو زانیاریی زۆر باشی لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ پێ گەیشتبوو و دەیزانی کە وەزعی ماڵی و ناوخۆییان لەوپەڕی خراپیدایە ئەم هەوڵەشیان بۆ خۆ دەربازکردن لەو وەزعەیە.

یەکگرتنەوە لە چەند خاڵدا بە ئیمزای سەرۆکی دوو وەفد « حەسەن شەرەفی و فەتاح کاویان « گەیشت کە دیارە لە ڕێکەوتی ١٩ /١٠/ ١٣٧٥ی هەتاویدا پاش ٩ ساڵ دابڕان، ڕێبەرایەتیی شۆرشگێڕ گەڕایەوە بۆ نێو حیزبی دێموکرات، بەڵام چ یەکگرتنەوەیەک؟ ئەگەر سەرەتای یەکگرتنەوەکە بە شایی و خۆشی دەستی پێ کرد و بە کۆڵێک قەرزەوە کە حیزب بۆی بژاردن، لە فێرگە پێشوازییان لێ کرا کە ئەمەشیان عەبدوڵلا حەسەنزادە ڕێکی خستبوو و مانادار بوو. بە هاتنەوەیان پاش یەک دوو مانگ دەستەبەندییان دەست پێ کرد و بە کادر و پێشمەرگەکانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان دەگوت «هاوڕێیانی خۆمان» و بە ڕاستیش تا جاریکی دیکە کە لە ١٥/ ٩/ ١٣٨٥ی هەتاویدا لەگەڵ جەمعێکی چەند قاتی خۆیان لە حیزب جیا بوونەوە و هەروەک کوتلەیەک لە نێو حیزبدا کاریان دەکرد و یەکگرتوویی خۆیان لە نێو حیزبدا پاراستبوو، هەر بۆیە کاتێک کە ئینشعابی کۆنگرەی سێزدەهەم رووی دا، تەنانەت یەک تاقە نەفەریشیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەمایەوە، لەم لاشەوە بەشی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ئەوانیان لە کاتی هاتنەوەیان تا دووبارە جیابوونەوەیان بە «لادەر» ناو دەبرد.

ئەمەش دەقی ڕێککەوتننامەکەی نێوان حیزب و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ:

ڕێککەوتننامە

بە ئیمان بە ڕەوا بوونی خەباتی شێلگیرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بە لەبەرچاو گرتنی قازانج و مەسڵەحەتی بزووتنەوەی کورد و بۆ بەهێزتر کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەت لەم قۆناغە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و « حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ » لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتن :

١- لە ڕۆژی ئیمزاکرانی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە « حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ » تێکەڵ بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتەوە و دیاردەیەکی سیاسی بەو ناوە نامێنێ.

٢- هەتا کۆنگرەی یازدەهەم ئەو هاوڕێیانەی کۆمیتەی ناوەندیی « ڕێبەرایەتی » کە لە کۆمیسیۆنەکانی ڕێبەری کاریان کردوە، لە کۆمیسیۆن و کۆمیتەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسیی حیزب کاریان پێ دەسپێردرێ، مەگەر بە موافەقەتی خۆیان و بە سەلاح زانینی حیزب بنێردرێنە کۆمیتەکانی مەڵبەند و شارستان.

٣- ئەو کادر و پێشمەرگانەی « ڕێبەرایەتی » کە لە کۆمیتەکان کاریان کردوە، دەنێردرێنە کۆمیتەی هاوتاوی خۆیان لە حیزبدا و کاریان بۆ دیاری دەکرێ. لەو شوێنانە کە بە پێویست دەزانرێ، یەک یان دووکەس لەو هاوڕێیانە بە ئاگاداری و موافەقەتی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی دەکرێنە موشاویری کۆمیتەی مەڵبەند یان شارستان.

٤- لە بارەی پلەی تەشکیلاتییەوە، ئایین‌نامەی پلەی کادر و پێشمەرگە کە تا ئێستا لە بارەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەوە بەڕێوە چووە، لە سەر هەموو کادر و پێشمەرگەکانی « ڕێبەرایەتی » پیادە دەکرێ.

٥- تەشکیلاتی نهێنیی « ڕێبەرایەتی » لە ڕێگای ئەو مەسئوولەیەوە بە بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزب دەناسێندرێ و کار لە گەڵ ئەو تەشکیلاتە بە هاوکاریی بەرپرسانی ئاماژەتای درێژە دەدرێ.

٦- لە دەرەوەی وڵات، لەو شوێنانە کە حیزب کۆمیتەی دامەزراوی هەیە، ئەندامان و بەڕێوەبەرانی کۆمیتەکانی « ڕێبەرایەتی » لەگەڵی « ادغام » دەکرێن. بەرپرسی کۆمیتەی « ڕێبەرایەتی » لە هەر وڵاتێک دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە و یەک یان دوو کەس لە ئەندامانی دیکەی کۆمیتە، دەکرێنە موشاویری کۆمیتەی حیزب. لەو وڵاتانەش کە حیزب کۆمیتەی دامەزراوی نیە، ئەندامان و لایەنگرانی هەردوولا پێکەوە هاوکاری دەکەن، هەتا دەگەنە کۆنفرانس و کۆمیتە هەڵدەبژێرن.

٧- « ڕێبەرایەتی »، پێوەندییەکانی دەرەوەی تەحویلی بەشی پێوەندییەکانی حیزب دەدا و هەموو پێوەندییەکان لەو کانالەوە دەگیرێن. بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە سەر هێشتنەوە یان داخستنی پێنگەکانی پێوەندیی دەرەوەی « ڕێبەرایەتی » بڕیار دەدا.

٨- ڕێبەرایەتیی حیزب لە سەر درێژەدان یان کۆتایی پێهێنانی پێوەندی لەگەڵ ئەو لایەنانە کە حیزب پێوەندیی لەگەڵیان نەبووە، بەڵام « ڕێبەرایەتی » هەیبووە، بە قازانجی حیزب بڕیار دەدا.

٩- هەموو ئیمکاناتی تەدارەکاتی، چەک و تەقەمەنی، ڕادیو و چاپەمەنی، ئەسناد و مەدارێک و بە کورتی هەرچی دارایی « ڕێبەرایەتی » یە، لە ژێر چاوەدێریی هەیئەتێکی هاوبەشدا، تەحویلی حیزب دەدرێ، بەو تێبینییەوە کە ئارشیوی ڕادیۆ و چاپەمەنی وەک بەشێک لە ئارشیوی حیزبدا رادەگیرێ.

١٠- شەهیدان و کەم‌ئەندامانی هەردوولا بێ جیاوازی، وەک شەهیدان و کەم‌ئەندامانی حیزب چاویان لێ دەکرێ.

١١- ئەوانەی لە بارەی ئەمنییەتی بەوە گومانیان لە سەر بووە، لە هەرلایەک بووبن، لە ڕیزەکانی حیزب

دەرەکرێن.

١٢- هەروەک تا ئێستا لە حیزبدا باو بووە، هەر کەس بیهەوێ لە کۆنگرەدا ببێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، دەبێ ئامادە بێ لە کوردستان کار بکا. ئەگەر ژن و منداڵیان لە دەرەوەی وڵات بژین، هەتیان هەیە لە نێوان دوو کۆنگرەدا جارێک و ئەبەرەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ بە خەرجی خۆیان سەردانی ماڵ و منداڵیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە حیزب دەبێ بە پێی ئیمکان لە باری ویزا و پاسپۆرتەوە کۆمەگیان بکا.

تێبینی :

١ . ئەوەی ئەم بڕیارە بشکێنێ، ڕێبەرایەتیی حیزب بڕیاری لە سەر دەدا.

٢ . ماوەی دیاریکراو مەئموورییەتی حیزبی ناگرێتەوە.

١٣- لە نێو ڕیزەکانی « ڕێبەرایەتی »دا ئەو کەسانەی بە مەبەستی چوونەدەر ناوی خۆیان لە U.N نووسیوە، دەبێ پەروەندەی خۆیان لەو ڕێکخراوە وەرگرنەوە و ناوی خۆیان وەک خوازیاری پەنابەری ڕەش بکەنەوە. ئەوانەی ئەم بڕیارە بەڕێوە نەبەن، وەک ئەندامانی دانیشتووی حیزب دەناسرێن و دەبێ ئەوبەرەکەی لە ماوەی سێ مانگدا ماڵەکانیان لە کەمپەکانی حیزب ڕاگوێزن.

١٤- برادەرانی « ڕێبەرایەتی » سەرچاوەکانی داهاتیان لە ئیختیاری حیزب دەنێن و هەوڵ دەدەن بە قازانجی حیزب کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

١٥- ئەسڵی سانترالیزمی دێموکراتیک و بەڕێوەبی کەسایەتی لە « ڕأی »ی زۆرایەتی لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا بەڕێوە دەچێ.

١٦- بە مەرجێک بەیاننامەی هاوبەش هەتا ئاخری بەفرانباری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بڵاو بکرێتەوە، کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٧٦دا دەبەسترێ.

١٧- بیست کەس لە کادری ڕێبەرایەتیی « حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ » بە پێشنیاری دەفتەری سیاسیی « ڕێبەرایەتی » بە بێ هەڵبژاردن لە کۆنفرانسدا لە کۆنگرەی ١١دا بەشدار دەبن، بەو مەرجە ئەوانەی لە دەرەوەن پێش کۆنگرە، بە خەرجی خۆیان گەڕابنەوە کوردستان. « دەفتەری سیاسیی ڕێبەرایەتی »ی پێشوو دەبێ تا چوار مانگ دوای ئیمزای ئەم ڕێککەوتننامەیە ناوی ئەو بیست کەسە بدا بە دەفتەری سیاسیی حیزب.

١٨- هەر بڕیار و بەخشنامەیەک لە ١٣٦٦/١٢/٢٩ بەم لاوە لە لایەن هەر لایەکەوە دەرچووبێ، ئەگەر پێچەوانەی ناوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێ، بەتاڵ و بێ ئیعتیبارە.

١٩- لە هەر جێگایەکی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا ناوی « ڕێبەرایەتی » هاتوە، مەبەست « حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ »ە و لە هەر جێیەکیش ناوی حیزب هاتوە، مەبەست حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

٢٠- ئەم ڕێککەوتننامەیە لە سەرەتایەک و بیست بەند و دوو تێبینی پێک هاتوە، بە زمانی کوردی نووسراوە و ڕۆژی شەممە ٨ی بەفرانباری ١٣٧٥ ئیمزا کراوە.

لە	لە
کومیتەی ناوەندی	کومیتەی ناوەندی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران	« حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ »
١٣٧٥/١٠/٨	١٣٧٥.١٠.٣٠

■ ٥٩: تۆپبارانی کەمپی ئازادی (١٣٧٥)

ڕۆژی ٥ی گەلاوێژی ١٣٧٥ ستوونێکی دوو هەزار کەسی لە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە دوو سنووری باشماخ و ساوجییەوە هاتنە کوردستانی عێراق و بەرەو شاری سلێمانی هاتن و شەو لە «معەسکەر (پادگان) سەلام»ی ئەو شارە مانەوە. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی گەلاوێژ بەرەو شاری کۆیە کەوتنە ڕێ. ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە بەرزاییەکانی هەیبەت سوڵتان جێگیر بوون و نزیکەی ٢٠٠ کەسیان ڕۆیشتنە شارۆچکەی «تەقتەق» بۆ ئەوەی گەمارۆکە تەواو بکەن. کەرەستەی نیزامیی ئەم هێزە ئەمانە بوون: کاتیۆشای ٤٠ـ٤٠: شەش قەبزە، تۆپخانەی ١٣٠ و ١٥٥ میلیم: ١٢ قەبزە، دوو سەکۆی مووشەکهاوێژ جۆری ٢٥٠ م.م. فەرماندەری ئەم هێزە پاسدار «موحەممەدی جەعفەریی سەحراڕوودی» بکووژی دکتور قاسملووی نەمر بوو، جێگرەکەشی «سەردار ئەحمەد کازمی» یەکێک لە بەرپرسانی یەکەمی قەرارگای حەمزە بوو. تۆپ و خومپارەبارانی مەقەڕەکانی حیزب کاتژمێر ٦:١٠ی بەیانیی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ دەستی پێ کرد. ئەم هێزە لە دوو شوێنەوە ڕێگای گەڕانەوەی هەبوو: یەکەم سنووری لای سەردەشت، دووهەم بە «دۆڵی بالیسان»دا کە سەیتەرەکەی پارتی لە ڕێگای گەڕانەوەیان بە ویدا ڕێگەیان پێ نەدابوون، بۆیە ناچار بوون بە ڕێگای بێستانە و سلێمانی ـ قەلاچۆلان و سنووری «ساوجی»دا بگەڕێنەوە.

لە پێوەندی لە گەڵ ئەم هێرشەدا، خەڵکی پەنابەری کوردی ئێران و ژمارەیەکی کەم لە کوردانی عێراقیش بە وەستان و مانگرتن لە بەر درگای «یوو ئێن» لە هەولێر بە دەرکردنی بەیاننامەی

جۆراوجۆر لە دژی ئەم هێرشە و بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی. لێرەدا هەڵویستی حیزبی شیوعی زۆر بەرپرسانە بوو و تا کۆتایی ڕووداوەکە هاوکاری حیزب بوون، تەنانەت بەرپرسانیان بەردەوام بۆ هاوکاریکردن لە پێوەندیدا بوون. دانیشتوانی کەمپی ئازادیی حیزب ڕوویان لە هەولێر کرد و نزیک بە ٢٠ ڕۆژ لە بەر درگای «یوو ئێن» مانیان گرت، پاشان بە هەماهەنگیی حیزب و نوێنەرایەتیی «یوو ئێن» لە هەولێر، گەڕانەوە شوێنە وێرانکراوەکانیان کە چەند هەواڵنێریش لەم ئۆردووگایە هەواڵ و راپۆرتیان ئامادە کردبوو، ئەم ناڕەزایەتییە هەروەها لە ئورووپایش درێژەی هەبو کە زور ڕێکخراوی ئورووپایی، ئێرانی و کوردی، وێڕای مەحکوومکردنی ئەم جەرەیانە، ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بەم کردەوەیە دەربڕی.

دەفتەری سیاسیی حیزب ڕۆژی ١٣٧٥/٥/٢٠ بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا وێڕای ئاماژە بە شکستی حەرەکەتی ڕێژیم، ڕێزی لە هەڵوێستی هەموو ئەو کەسانە گرت کە لەم ڕووداوەدا پاڵپشتی حیزبی دێموکرات بوون و هاوسۆزیی خۆیان لەگەڵ حیزب دەربڕی.

لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوت کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هێرشەدا دەفتەری سیاسیی حیزب لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کردووە کە بە داخەوە قەت لە کومیتەی ناوەندی باسی لێ نەکرا و کومیتەی ناوەندیی لێ ئاگادار نەکرایەوە کە ئەم جۆرە ڕێککەوتنە جێگەی داخە.

هەڵوێستی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە لە پێوەندی لەگەڵ یەکێتیدا زور لاواز بوو. لە بەر ئەوەی کە یەکێتی وە پێش هێزەکە کەوتبوو، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا پاش گەڕانەوەی ئەو هێزە دوکتور کەمال فوئاد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەم چەشنە باسی لە ڕووداوەکە کردبوو:

«پێمان ناخوش بوو سەرجەممان کە هێزەکانی ئێران هاتنە ژوورەوە، هەر وەک تورکیەش پێمان فێرە، هیچ هێزێک لە یەکێتیی نیشتمانی لە ئێوەوە نزیکتر نیە، ئێرانییەکان هێندێک پێشنیاریان هەیە هیوادارین بێ وەڵام نەمێنێتەوە، هەوڵ بدەن کارێک نەکەین زیانی هەبێ بۆ هەر دوو لامان. ئەوەی ئێران داوای دەکا لە عورفی نێودەوڵەتیدا دروستە و ئێمە ناتوانین دەست لە ئێران هەڵگرین. ئەوەی کە وەکوو یەکێتی تۆ بێی شەڕی حیزبی دێموکرات بکەی، تەحوویلی بدەیەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا هەیە فەرقی هەیە. ئێمە دەمانهەوێ ئێرانی لێ بپارێزین (دوژمنایەتییەکەی پێ رابگرین).

هاتنی ئێمە دەبێ جێگای تەقدیر بێ. ئەگەر ئێمە نەبین، خراپتر دەقەومێ و ئێمەش تەئسیرمان زۆرە. کەوتووینە حاڵەتێک کە ئێران سنووری ئێمە ببەزێنێ و بێتە ژورەووە. ئێمە گلەییمان لە حیزب هەیە کە زرووفی ئێمەی لە بەرچاو نەگرتووە، ئێمە ناڵێین واز لە خەباتی چەکداری بێنن، ئێمە دەڵێین جارێ رایبگرن، خەباتی سیاسی ئازادیی تەواوی تێدا هەیە. ئەو کات ئەوە کرا، لەگەڵ ئێرانییەکان دادەنیشین. لەگەڵ ئەوەی ئێوە خەباتی چەکداری رادەگرن، ئەوانیش یانی ئێرانییەکانیش دەست لە تیرۆر هەڵبگرن، ئەگەر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ئێمە بێ ناتوانین ئەوە قبووڵ بکەین.

■ ٦٠: بزووتنەوەی ئیسلامی و رادەستکردنی تێکۆشەرانی دێموکرات بە کۆماری ئیسلامی (١٣٧٥)

لە رێکەوتی ١٣ی رەزبەری ١٣٧٥ی هەتاویدا کومیتەی شارستانی پاوە بڕیاری ناردنەوەوی تیمێکی حەوت کەسیی بۆ نێوخۆی وڵات دا، تەرکیبی ئەم تیمە حەوت کەسییە پێک هاتبوو لە:

«ئەرشەد رەزایی، محەممەد عەزیز قادری، یوونس محەممەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی. داریووش

ئیسلامدووست».

لە ماوەی مەئمووریەتی ئەم تیمەدا لە ناوچەی پاوە ڕێژیم بە هەموو هێزییەوە هەوڵ دەدات تیمەکە بخاتە داوەوە و زەربەیان لێ بدات، بەڵام بە هۆی وریایی ئەم تیمەوە ڕیژیم بە مەبەستەکەی ناگات. ڕێگای گەڕانەوەی ئەم تیمە بۆ تانجەڕۆ لە سلێمانی لە ڕێگای هەڵەبجەوە دەبێت و ئەو کات هەڵەبجە لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامیدا دەبێ.

کومیتەی پاوە لە وەزعی ئاڵۆزی ناوچەکە تێ دەگا و هەوڵ دەدات پێوەندی بکات بە تیمەکەوە کە سەرکەوتوو نابن تا لە یەک کاتدا تیمەکە ڕۆژی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی پاش ئەنجامدانی مەئمووریەتەکەیان بەرەو مەقەڕەکانیان دەگەڕێنەوە و بە ماشینێکی نەفەرهەڵگر لە هاوارەوە بەرەو هەڵەبجە دەکەونە ڕێ کە لە گوندی «عەنەب» سەر بە هەڵەبجە دەکەونە بۆسەی هێزێکی بزووتنەوە، بە فەرماندەهیی «ئەنوەر عەنەبی» و ڕادەگیرین، ئەم هاوڕێیانەش خۆیان بە بزووتنەوە دەناسێنن کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، بەڵام بەو حاڵەش بە قسەی خۆیان بە ڕواڵەت بۆ هاوکاریکردنیان دەیانبەنە مەقەڕەکانی بزووتنەوە لە «عەنەب» و هەر ئەو شەوە واتە شەوی ٣٠ی ڕەزبەر دەگوازرێنەوە بۆ پاوە و تەحویلی ئیتلاعاتی پاوە دەدرێن کە ئەم هەواڵە بە زووترین کات لە پاوەوە دەدرێ بە حیزب.

حیزبی دێموکرات هەم لە ڕێگای کومیتەی شارستانی پاوە و هەم لە ڕێگای نوێنەرایەتیی هەولێر و سلێمانییەوە داوا لە بزووتنەوە دەکا کە حیزبی دێموکرات لە چارەنووسی هاوڕێیانی ئاگادار بکاتەوە، بزووتنەوە خۆی لەم حەرەکەتە بە بێئاگا نیشان دەدات.

پاش دڵنیابوون لەوەی کە ئەم تێکۆشەرانە تەحویل دراونەتەوە، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٧٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ی

زایینی لە راگەیەندراوێکدا خەڵکی کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکان لەو خیانەتە ئاگادار دەکاتەوە و داوا لە بزووتنەوەی ئیسلامی دەکات کە لەباتیی پەردەپۆشکردنی ئەو کردەوەیە، ئەنجامدەرانی بە سزا بگەیەنن و بەو کارە نیشان بدەن کە لەم پیلان و تاوانە پڕ لە شورەییەدا رێبەرایەتیی بزووتنەوە بەشدار نیە و ئەمە سیاسەتی بزووتنەوە نیە، بەڵام بێدەنگیی بزووتنەوە و پاساوهێنانەوەی ناڕەوا دەری خست کە ئەم کردەوەیە بە بڕیاری رەسمیی بزووتنەوە و لە سەرەوەی هەموویانەوە «مەلا عەلی» رێبەری بزووتنەوە دەرکراوە.

راست لە سەروبەندی رادەستکردنەوەی ئەو تێکۆشەرانەدا بوو کە کەسێک بە ناوی «محەممەد حەسەن» پێوەندیی بە بەرپرسی نوێنەرایەتیی هەولێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کرد و بە زمانی عەلی باپیرەوە و وەک نوێنەری عەلی باپیر ئەو کردەوەیەی پشتڕاست کردەوە و گوتی: «ئەو کردەوەیە کاری مەلا عەلی عەبدولعەزیز و ئەنوەر عەنەبییە و ئەوانیش وەک بەشێک لە بزووتنەوە ئەو کردەوەیە مەحکووم دەکەن و رادەگەیەنن لەوانەیە ماوەیەکی دیکە لە بزووتنەوەدا ئینشعاب روو بدات». کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی زۆریان هەوڵ دا مەسەلەکە بە لاڕێدا بەرن و تەنانەت بەرپرسایەتییەکەی بخەنە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام بەڵگە و سەنەدەکان بە رادەیەک روون و حاشاهەڵنەگر بوون کە هیچیان پێ نەبرا بێجگە لە ریسوایی و سەرشۆڕیی زیاتر.

«داریووش ئیسلامدووست» یەکێک لەو حەوت کەسە گیراوە کە لە رێگای خۆشکەزاکەیەوە بە ناوی عەدنان کە پێشتر هاوکاری بزووتنەوە بووە، لە چوارچێوەی پیلانێکدا کە ئیتلاعات بە مەرجی ئازادبوونی داریووش بۆی دادەنێ، دەگەڕێنرێتەوە بۆ کوردستانی عێراق کە بە هۆی داریووش ئیسلامدووست و زانیاریی حیزب لەو بارەوە پیلانەکە

پووچــەڵ دەکرێتــەوە و داریــووش ئــازاد دەبێ، لــە وتوویژێکــدا لەگەڵ ڕۆژنامــەی «کوردســتان» خەیانەتەکــەی بزووتنەوە بەم چەشــنە باس دەکات و دەڵێ:

شــەوی ١٣٧٥/٧/٢٧ی هەتــاوی لــە کاتــی گەڕانەوەمــان لــە ناوچــەی هەورامانــی کوردســتانی ئێــران و لــە «هــاوار» بــە هــۆی ئۆتۆمبیلێکی شەخســییەوە کــە خاوەنەکەی نــاوی «عومەرە» بوو، بــەرەو هەڵەبجە وەڕێ کەوتیــن. کاتژمێــر نزیکی ٨ی شــەو لە نزیک گوندی « عەنەب « جەماعەتێــک چەکدار پیشــی ئێمەیــان گرت و داوای کارتی شناســاییان لێ کردین، ئێمەش دەســتبەجێ داوامان لەوان کرد کە خۆیان بناســێنن، هەم شــۆفیرەکە ئەوانی دەناســی و وتی بزووتنەوەی ئیســلامین و هەم خۆشــیان گوتیــان جەماعەتــی بزووتنــەوەی ئیســلامین. ئێمــەش داوای هاوکاریمــان لێ کــردن بۆ گەڕانەوەمان بۆ بنکەکانــی خۆمان. ئەوانیش بەڵێنیــی هاوکارییــان پێ داین. پاشــان بە شــۆفیری ماشــینەکەیان گوت «تــۆ بــڕۆ» و بردینیانــە مەقەڕی خۆیان و ســەعات ٤ی شــەو چەکیان کردیــن و چاویــان بەســتین و فڕێیــان داینە ناو ماشــینێکەوە و ئاگامان لێ نەبوو بەرەو کوێمان دەبەن تاکوو بەیانی لە پاوە لە دەرکی ســپای پاسداران خۆمان بینییەوە.

لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناردنی نامە بۆ ڕێکخراوە دێموکراتەکان و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان، سکرتێری گشــتیی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و لــە ڕێگای دوکتــور «گرانژۆن»ەوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە فەرانسە و نامەی سەوزەکانی پارلەمانــی ئۆتریــش بــۆ وەزیری دەرەوەی ئۆتریــش داوا کرا کە گیانی ئــەو تێکۆشــەرانە لــە مەترســیدایە و چارەنووســیان روون بکرێتەوە تا لــە کۆتاییــدا پــاش ٨ ســاڵ و هەوڵێکــی زۆر لــە ســاڵی ١٣٨٣ لــە لایەن باڵوێزخانــەی بریتانیــاوە داوا لــە ئێران کرابوو کە ئاخــر هەواڵی ئەو ٦ کەسەیان پێ بدات. ئێران لە وەڵامدا رایگەیاندبوو کە هەر ٦ کەسەکەیان

ئیعدام کراون. دیارە لە جەریانی ئەو هەشت ساڵەدا وەک ئاماژەی پێ درا، یەکێک لە گیراوەکان بە ناوی «داریووش ئیسلامدووست» بە هەر شێوەیەک توانی بگەڕێتەوە بۆ لای حیزب.

■ ٦١: تیرۆرەکان لە کوردستانی باشوور و عێراق (١٩٩١- ١٩٩٥)

لە ساڵانی خەباتی حیزبەکەماندا بۆ بە دەستهێنانی مافی نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، خەباتگێڕانی دیمۆکرات بەردەوام کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هێرشی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی و بە داخەوە بەشێکی بەرچاو لەو تیرۆرانەش لە کوردستانی باشوور و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کوردیدا بەڕێوە چوون و هەر چەند بەشێکی زۆر لە تیرۆریستەکان ناسراو بوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە تا ئێستا تاقە تیرۆریستێکیش نەکەوتە بەر لێکۆڵینەوەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. لەوەش خراپتر بە داخەوە بەشێک لەو تیرۆریستانە ئەندامی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان بوون. لووتکەی ئەو ناحەقی و زوڵمەش تیرۆری دەروازەی کۆیە بوو کە بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانیان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون. سەرەڕای روون و ئاشکرابوونی رووداوەکە، یەکێتی کەوتە هێنانەوەی پاساوی نابەجێ و لەوەش خراپتر، لە ساڵی ٢٠١٤دا بەرپرسی ئەو پرسگەیە بە ناوی «حاجی مەسیفی» کرایە بەربژێری یەکێتی بۆ ئەندامەتی لە پارلەمانی کوردستاندا کە ئەمە بۆ جارێکی دیکە زامی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی لە لای ئەندامانی حیزب نوێ کردەوە.

تیرۆری دەروازەی کۆیە کاتێک رووی دا کە تیمێک لە بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەی سلێمانی بانگهێشتی پلینیۆمی کومیتەی ناوەندی کرابوون. نامەی دەعوەتی هاوڕێیانی بەرپرس بە هۆی سیخوڕێکەوە بە ناوی «ئازادی عەلی بالە» خەڵکی مەهابادەوە کە کادرێکی حیزبی بوو و زۆر جێگای باوەڕی سکرتێری ئەو کاتی حیزب و لە خزمانی ناوبراو بوو، بەڕێ دەکرێت و ناوبراویش کۆماری ئیسلامی لەو کۆبوونەوەیە

ئاگادار دەکاتەوە. ڕۆژی دواتر ڕێژیم لە ڕێگای دووکان ـ کۆیە لە پێچەکانی دووکان کەمینێک بۆ لێدان و تیرۆری بەرپرسانی حیزبی دادەنێتەوە و لە شوێنی دیاریکراو تەقە لەو ئۆتۆمبیلی بەرازیلییە دەکەن کە بەرپرسانی حیزبی تێدا بوون و لە ئاکامدا بەرپرس و پێشمەرگەکان دێنە دەست و تیرۆریستەکان راو دەنێن و دەست بە سەر ئۆتۆمبیلەکەیاندا دەگرن. لەم تەقە و پێکدادانەدا بە داخەوە، کاک مەنسوور فەتاحی، بەرپرسی کومیتەی شارستانی پاوە بە توندی بریندار دەبێ کە بە هۆی یەکێک لە پێشمەرگەکانەوە بە ناوی جەلال خەڵکی ناوچەی ئێناخی دەگەیەنرێتە بنکەی حیزب لە کۆیە. بە داخەوە کاک مەنسووریش سەعاتێک دواتر بە هۆی کاری بوونی برینەکەیەوە شەهید دەبێ. لێرەدا لەگەڵ ئەوەی تیرۆریستان بۆسەیان ناوەتەوە، بەڵام بە هۆی ئازایەتیی هاوڕێیانی حیزبی تیک دەشکێندرێن و هەڵدێن و بەرپرسانی حیزبیی دیکە کە پێک هاتبوون لە مەنسوور ناسری، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی و ئەندامی رێبەری و ئەبووبەکر ئیسماعیلی ناسراو بە ساماڵ، بەرپرسی کومیتەی بانە، یەدوڵڵا شیرین سوخەن پێشمەرگە و رەفعەت حوسەینی پێشمەرگە بەرەو کۆیە وە ڕێ دەکەون کە بەداخەوە لە سەیتەرەی کۆیە بە بێ لێپرسینەوە لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە و هەر چوار کەسەکەیان شەهید دەبن. پێویست بە گوتنە، کاتێک کە بەڵگەکانی ناو ئۆتۆمبیلەکە بە دەستکەوت گیراوەکەی ڕێژیم کەوتە بەردەستی حیزب، ئازادی عەلی بالەش هەروەک گوترا زۆر نزیک بوو لە سکرتاریا و ئاگادار بوو کە یەکێک لەو مەدرەکانە کاسێتێک بوو کە ناوبراو راپۆرتی هاتنی هاوڕێیانی بۆ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی تێدا باس کردبوو، بۆیە هەڵهات و گەڕایەوە بۆ ئێران بۆ باوەشی کۆماری ئیسلامی. ماوەیەک دواتر خەباتگێڕانی دێموکرات لە ناوچەی مەهاباد لە تۆڵەی ئەو کردەوە خائینانەیەدا بە سزای کردەوەی خەیانەتکارانەیان گەیاند.

ئەم بانگهێشتە بۆ دوایین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی١٠ بوو بەرەو کۆنگرەی ١١ دەڕۆیشتین زۆری لە سەر نەڕۆین و هەرکام لەم تیرۆرانە داستانێکی تراژیکیان هەیە و تیرۆری وا هەیە کە تەنیا لە بەر تەلیسە ئاردێک بە ڕێوە چووە کە فیلمی دانپێدانانی تیرۆریستەکەش لە بەر دەستدایە.

لێرەدا سەرنجی خوێنەران بۆ ئامارێک لەو تیرۆرانە رادەکێشین کە کۆماری ئیسلامی راستەوخۆ یان بە هۆی دەستوپێوەندییەکانیەوە لە کوردستانی باشوور و عێراق دژ بە چالاکانی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی ئەنجامی داون.

کۆی ئەو کەسانەی لە کوردستانی عێراق هێرشی تیرۆریستییان کراوەتە سەر، بە ناوی رێکخراوەکانیانەوە لە ساڵی ١٣٧٠ تا ١٣٧٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٩١ تا ١٩٩٦ی زایینی:

ناوی رێکخراو	کوردستان			عێراق		
	شەهید	بریندار	سەرجەم	شەهید	بریندار	سەرجەم
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران	٨٨	١٨	١٠٦	١	-	١
کۆمەڵە	١٢	-	١٢	-	-	-
موجاهیدین	-	-	-	٥	-	٥
پەنابەر	٢٠	٥	٢٥	-	-	-
باقی هێزەکان	٥	-	٥	-	-	-

تێبینی: زۆربەی هەرە زۆری پەنابەران ئەندام یان لایەنگری حیزبی دێموکرات بوون.

اسامی شماری از اپوزیسیون ایرانی که در فاصلەی سالهای ١٩٩١ تا ١٩٩٦ هدف سوء قصد عوامل جمهوری اسلامی قرار گرفته‌اند:

(١)

ردیف	نام و نام خانوادگی	حزب یا سازمان سیاسی	تاریخ ترور	محل ترور	ساکن	کشته	زخمی
١	عبداله بیژن فر	دمکرات	١٩٩٠/٩/٢٠	رانیه	مهاباد	+	-
٢	مام حبیب	کومله	١٩٩١/٦/٥	رانیه	سنندج	+	-
٣	کامران‌منصور(منوچهر)	اتحادیه‌کمونیستها	١٩٩١/٧/١	سلیمانیه	-	+	-
٤	احد کُرد کشی	دمکرات	١٩٩١/٨/٢٢	سلیمانیه	اردبیل	+	-
٥	محمد (آرام) فتحی	کومله	١٩٩١/٨/٢٧	جادەی زرگویز	سنندج	+	-
٦	صابر (صارم) فرهادی .	کومله	١٩٩١/٩/١	بازی	سنندج	+	-
٧	جلیل ماماثی	دمکرات	١٩٩١/٩/٢٩	اندزەی - بولی	پیرانشهر	+	-
٨	حسن علیپور (حسو)	دمکرات	١٩٩١/٩/٢٩	اندزەی - بولی	پیرانشهر	+	-
٩	ملا رسول گردی	دمکرات	١٩٩١/٩/٢٩	اندزەی - بولی	پیرانشهر	+	-
١٠	سعید یزدانپناه	اتحادیه انقلابیون	١٩٩١	سلیمانیه	بوکان	+	-
١١	خالد سقزی	« خابات »	١٩٩١	رانیه	سقز	+	-
١٢	محمد بابایی (حمه رەش)	پناهنده ایرانی	١٩٩١	سلیمانیه.	سقز	+	-
١٣	کمال زورمیی	پناهنده ایرانی	١٩٩١	دره‌ء شهیدان	سردشت	+	-
١٤	عثمان زورمیی	پناهندەی ایرانی	١٩٩١	دره‌ء شهیدان	سردشت	+	-
١٥	کمال قادرزاده	دمکرات	١٩٩١	پنجوین	مریوان	+	-
١٦	محمد خضری	دمکرات	١٩٩٢/١/١٢	سلیمانیه	سقز	+	-
١٧	محمد رحمانی	دمکرات	١٩٩٢/٦/٢	چومان	پیرانشهر	+	-
١٨	علی تاتەوره	دمکرات	١٩٩٢/٦/٠	حلبجه	مریوان	+	-
١٩	هادی محمودی	دمکرات	١٩٩٢/٦/٠	حلبجه	اورامان	+	-
٢٠	سالار ساعدپناه	دمکرات	١٩٩٢/٦/٠	حلبجه	سنندج	+	-
٢١	فخرالدین مرادی	دمکرات	١٩٩٢/٦/٠	حلبجه	سنندج	+	-
٢٢	ابراهیم شیخی (بالدار)	دمکرات	١٩٩٢/٦/١٧	جادەرواندز- اربیل	بوکان	+	-
٢٣	شاپور فیروزی	دمکرات	١٩٩٢/٧/١	رانیه	کامیاران	+	-
٢٤	ستار جلالی	دمکرات	١٩٩٢/٩/١	مام خطیب	نوسود	+	-
٢٥	خدر الماس	دمکرات	١٩٩٢/٩/١	مام خطیب	اشنویه	-	+
٢٦	محمدامین معروفی	دمکرات	١٩٩٢/٩/١	مام خطیب	پیرانشهر	-	+
٢٧	دکتر محمد صادق شرفکندی	دمکرات	١٩٩٢/٩/١٧	برلن	بوکان	+	-
٢٨	فتاح عبدلی	دمکرات	١٩٩٢/٩/١٧	برلن	نقده	+	-
٢٩	همایون اردلان	دمکرات	١٩٩٢/٩/١٧	برلن	سقز	+	-
٣٠	نوری دهکردی	تشکل چپ	١٩٩٢/٩/١٧	برلن	شهرکرد	+	-
٣١	شاهرخ مرادی	دمکرات	١٩٩٢/١١/١٣	دربندخان	سنندج	+	-
٣٢	انور ابراهیمی	دمکرات	١٩٩٢/١١/١٢	دربندخان	سنندج	+	-
٣٣	صلاح مرادی	دمکرات	١٩٩٢/١١/١٣	دربندخان	سنندج	+	-
٣٤	رشید رستمی	دمکرات	١٩٩٢/١١/١٣	دربندخان	سنندج	+	-

(٢)

ردیف	نام و نام خانوادگی	حزب یا سازمان سیاسی	تاریخ ترور	محل ترور	ساکن	کشته	زخمی
٣٥	طاهر منوچهری	دمکرات	١٩٩٢/١١/١٣	دربندخان	نوسود	+	-
٣٦	مام نظر (محمدنظری)	«رنجدران»	١٩٩٢	عربت سلیمانیه	قلخانی	+	-
٣٧	سیف الله سلیمانپور	پناهنده ایرانی	١٩٩٢	سلیمانیه	سقز	+	-
٣٨	رضا سلیمانپور	پناهنده ایرانی	١٩٩٢	سلیمانیه	سقز	+	-
٣٩	کامران سلیمانپور	پناهندهایرانی	١٩٩٢	سلیمانیه	سقز	+	-
٤٠	محمد مهریانی	دمکرات	١٩٩٢	باریکه سلیمانیه	مریوان	+	-
٤١	کریم گاگلی	هوادار دمکرات	١٩٩٢	پنجوین	مریوان	+	-
٤٢	احمد گاگلی	هوادار دمکرات	١٩٩٢	پنجوین	مریوان	+	-
٤٣	کامران شافعی	دمکرات	١٩٩٣/٣/١٠	رانیه	مهاباد	+	-
٤٤	جمال نامی	دمکرات	١٩٩٣/٧/٢٢	سلیمانیه	سنندج	+	-
٤٥	سعدون عباسی	پناهندهایرانی	١٩٩٣/٨/١٢	رانیه	مهاباد	+	-
٤٦	احمد فاتی	پناهندهایرانی	١٩٩٣/٨/١٢	رانیه	سردشت	+	-
٤٧	دکتر بهرام	سیاسی	١٩٩٣/٨/٢٥	رانیه	تبریز	+	-
٤٨	بهرام آزادفر	دمکرات	١٩٩٣/٩/٣	آنکارا	ارومیه	+	-
٤٩	محمد قادری	دمکرات	١٩٩٣/٩/٦	آنکارا	پیرانشهر	+	-
٥٠	ملا احمد درویشی	دمکرات	١٩٩٣/٩/١٠	دیانا	ارومیه	+	-
٥١	عثمان عثمانی	کومله	١٩٩٣/١١/٢	سلیمانیه	-	+	-
٥٢	صدیق رشیدی	سیاسی	١٩٩٣/١١/٣	سلیمانیه	-	+	-
٥٣	محمود مجاهدی	دمکرات	١٩٩٣/١٢/١١	حاجی آباد	سردشت	+	-
٥٤	محمد شیخەپور	دمکرات	١٩٩٣	سنگسر	-	+	-
٥٥	محمد بوکانی (خاله حەمە)	دمکرات	١٩٩٤/١/١٢	دیانا	بوکان	+	-
٥٦	مصطفی اورامان	پناهنده ایرانی	١٩٩٤/١/١٣	اربیل	-	+	-
٥٧	شریف رحمانی	« خەبات »	١٩٩٤/٣/٨	سلیمانیه	مهاباد	+	-
٥٨	سید جلال حسینی	دمکرات	١٩٩٤/٣/١٥	سلیمانیه	کانی سانان	+	-
٥٩	رشاد کریمی	کومەله	١٩٩٤/٣/٣٠	سلیمانیه	-	+	-
٦٠	شفیع کریمی	« کومەله »	١٩٩٤/٣/٣١	سلیمانیه	-	+	-
٦١	صالح جهانگیری	دمکرات	١٩٩٤/٤/٢	حلبچه	بوکان	+	-
٦٢	فتاح سعیدی	دمکرات	١٩٩٤/٤/٢٣	سلیمانیه	ارومیه	-	+
٦٣	علی حیدری دژ آهنگ	دمکرات	١٩٩٤/٤/٢٤	دربندخان سلیمانیه	شاهآباد	+	-
٦٤	عبدالله ایزدی	دمکرات	١٩٩٤/٤/٢٤	سلیمانیه	-	+	-
٦٥	ابراهیم ساعدی	دمکرات	١٩٩٤/٦/١٢	سلیمانیه	سنندج	+	-
٦٦	احمد محمد پور	دمکرات	١٩٩٤/٦/١٤	بازیان سلیمانیه	سقز	+	-
٦٧	ابوبکر سبکتگین	دمکرات	١٩٩٤/٦/١٤	دیانا	اشنویه	+	-
٦٨	مامه گوله	دمکرات	١٩٩٤/٦/٢٢	ماوت	سردشت	+	-

(٣)

ردیف	نام و نام خانوادگی	حزب یا سازمان سیاسی	تاریخ ترور	محل ترور	ساکن	کشته	زخمی
٦٩	کریم بال افکن	دمکرات	١٩٩٤/٧/٤	رانیه	مریوان	+	-
٧٠	علی اصغر الماس پور	دمکرات	١٩٩٤/٧/١٩	پنجوین	سنندج	+	-
٧١	ابراهیم رحمانی	دمکرات	١٩٩٤/٧/١٩	رانیه	کامیاران	+	-
٧٢	مام مراد محمد زاده	دمکرات	١٩٩٤/٧/٢٣	باسرمه	ارومیه	+	-
٧٣	احمد روئینتن	دمکرات	١٩٩٤/٧/٣٠	جاده دیانا	ارومیه	-	+
٧٤	مراد جولا	دمکرات	١٩٩٤/٧/٣٠	جاده دیانا	پیرانشهر	-	+
٧٥	یوسف مولودی	دمکرات	١٩٩٤/٧/٣٠	جاده دیانا	پیرانشهر	-	+
٧٦	قادر قلندری	دمکرات	١٩٩٤/٧/٣٠	جاده دیانا	پیرانشهر	+	-
٧٨	محمد درخشان	دمکرات	١٩٩٤/٧/٣١	جاده دیانا اربیل	پیرانشهر	+	-
٧٩	محمدامین بایزیدی	دمکرات	١٩٩٤/٧/٣١	جاده دیانا اربیل	پیرانشهر	+	-
٨٠	غفور حمزەای	دمکرات	١٩٩٤/٨/٤	بغداد	بانه	+	-
٨١	علی اکبر تیموری	«کومەله»	١٩٩٤/٨/٩	سلیمانیه	کرمانشاه	+	-
٨٢	کشتمند عباسی (پیوند)	«کومەله»	١٩٩٤/٨/٩	سلیمانیه	کرمانشاه	+	-
٨٣	عبدالله سوزی	دمکرات	١٩٩٤/٨/١٢	دربندخان سلیمانیه	مریوان	+	-
٨٤	محمد رشید	دمکرات	١٩٩٤/٨/١٣	حلبجه	مریوان	+	-
٨٥	اسفندیار طاهری	دمکرات	١٩٩٤/٩/١٦	انزل ارومیه	ارومیه	+	-
٨٦	سهراب طاهری	دمکرات	١٩٩٤/٩/١٦	انزل ارومیه	ارومیه	+	-
٨٧	بهروز تقی زاده	دمکرات	١٩٩٤/٩/١٦	انزل ارومیه	ارومیه	+	-
٨٨	سلمان کرهی	دمکرات	١٩٩٤/٩/٢٢	شپیران ارومیه	ارومیه	+	-
٨٩	سراج الدین جاجوری	دمکرات	١٩٩٤/٩/٢٢	شپیران ارومیه	ارومیه	+	-
٩٠	عمر کُرده	پناهندەسیاسی	١٩٩٤/١١/٢	سنگسر رانیه	بوکان	+	-
٩١	مام مولود سلیم ساغلو	سیاسی	١٩٩٤/١١/٢	حاج آباد رانیه	مهاباد	+	-
٩٢	اکبر منبری	دمکرات	١٩٩٤/١١/٣	بازیان سلیمانیه	سنندج	-	+
٩٣	حسین اجاق	سیاسی	١٩٩٤/١١/٢٢	چوارقورنه	-	+	-
٩٤	خالد جهانی	دمکرات	١٩٩٤/١١/٢٥	سلیمانیه	بوکان	-	+
٩٥	حسن جت	دمکرات	١٩٩٤/١١/٢٧	قلعەدزه	مهاباد	+	-
٩٦	حسن بازرگان	دمکرات	١٩٩٤/١٢/٦	منطقه رانیه	پیرانشهر	+	-
٩٧	نوری مهاباد	غیر سیاسی	١٩٩٤/١٢/٧	اربیل	مهاباد	+	-
٩٨	محمد شیخه	دمکرات	٩٤/١٢/١٣	سنگسر	پیرانشهر	+	-
١٠٠	جلال خانەخلی	سیاسی	١٩٩٤/١٢/١٤	قلعەدزه	سردشت	+	-
١٠١	محمد سعید قادری	دمکرات	١٩٩٤/١٢/٢٧	کویسنجق	نوسود	+	-
١٠٢	صدیق سقزی	دمکرات	١٩٩٤	سلیمانیه	سقز	+	-
١٠٣	محمود لاویانی	«کومەله»	١٩٩٤	پنجوین	مریوان	+	-
١٠٤	مراد شوکری	پناهنده ایرانی	١٩٩٤	سلیمانیه	ذهاب	+	-

(٤)

ردیف	نام و نام خانوادگی	حزب یا سازمان سیاسی	تاریخ ترور	محل ترور	ساکن	کشته	زخمی
١٠٥	واسع جهانگیری	دمکرات	١٩٩٤	حلبچه	-	+	-
١٠٦	امیر ایزدی	دمکرات	١٩٩٤	سلیمانیه	-	+	-
١٠٧	محمد محمدپور	دمکرات	١٩٩٤	بازیان	-	+	-
١٠٨	عبدالله ریانی	دمکرات	١٩٩٤	دارەبەنکن	-	+	-
١٠٩	خالد محمد زاده	هوادار دمکرات	٩٥/١/٥	شقلاوه	مهاباد	+	-
١١٠	حیدرخسروی	پناهنده ایرانی	٩٥/١/٩	سلیمانیه	بانه	+	-
١١١	عبدالخالق حفیدی	هوادار دمکرات	٩٥/١/١٢	سلیمانیه	سردشت	-	+
١١٢	محمد نانوا	پناهندهایرانی	٩٥/١/١٢	جاده بازیان	سقز	+	-
١١٣	حیدر عبدالله بگ	پناهندهایرانی	٩٥/١/١٩	دوکان	بانه	+	-
١١٤	اسماعیل انجیری	دمکرات	٩٥/٢/٩	سلیمانیه	ایرانی	+	-
١١٥	سعدون بارزان	دمکرات	٩٥/٢/٧	رانیه	بوکان	+	-
١١٦	مام حسن آذربرزین	دمکرات	٩٥/٢/٧	رانیه	مهاباد	+	-
١١٧	بارزان انجینیی	دمکرات	٩٥/٢/٣١	سلیمانیه	سقز	-	+
١١٨	مظفر محمدی	دمکرات	٩٥/٢/٣١	سلیمانیه	-	+	-
١١٩	محمد عبدالهی	دمکرات	٩٥/٤/١	باسرمه	پیرانشهر	-	+
١٢٠	سلیمان چکرده	دمکرات	٩٥/٤/١	باسرمه	پیرانشهر	+	-
١٢١	نجم الدین شریعت پناه	دمکرات	٩٥/٥/٢٣	اربیل	سردشت	+	-
١٢٢	دکتر علی دبیری	پناهنده ایرانی	٩٥/٥/٢٤	رانیه	ارومیه	+	-
١٢٣	عثمان کیانی	کومله	٩٥/٦/٢	سلیمانیه	مریوان	+	-
١٢٤	عثمان فرمان	کومله	٩٥/٦/٢	سلیمانیه	مریوان	+	-
١٢٥	عفت حداد	مجاهد	٩٥/٦/٩	بغداد	-	+	-
١٢٦	فرشته اسفندیاری	مجاهد	٩٥/٦/٩	بغداد	-	+	-
١٢٧	سیدعسکر حسینی	پناهنده ایرانی	٩٥/٦/١٥	سلیمانیه	مریوان	+	-
١٢٨	قادر فلاحی	پناهنده ایرانی	٩٥/٧/٨	دیانا	اشنویه	+	-
١٢٩	حسین ادیبی	مجاهد	٩٥/٧/٩	بغداد	ایرانی	+	-
١٣٠	ابراهیم	مجاهد	٩٥/٧/٩	بغداد	ایرانی	+	-
١٣١	یارعلی	مجاهد	٩٥/٧/٩	بغداد	ایرانی	+	-
١٣٢	رحیم محمودی	دمکرات	٩٥/٧/١٦	رانیه	ایرانی	+	-
١٣٣	فاروق مرادی	دمکرات	٩٥ ٧/٢٠	اربیل	ایرانی	+	-
١٣٤	ناصر پیرانی	دمکرات	٩٥ ٧/٢٠	اربیل	مهاباد	-	+
١٣٥	عسکر رستمی (گوله)	دمکرات	٩٥/٩/٢٤	روستای رستم	قلخانی	+	-
١٣٦	مصطفی قادرزاده	دمکرات	٩٥/١٠/١٦	شیخ شیرز رانیه	پیرانشهر	+	-
١٣٧	حسین دمه	دمکرات	٩٥/١٠/١٦	شیخ شیرز رانیه	پیرانشهر	+	-
١٣٨	سید طالب حسینی	پناهنده ایرانی	٩٥/١٠/٢٤	سلیمانیه	دیواندره	+	-

(٥)

ردیف	نام و نام خانوادگی	حزب یا سازمان سیاسی	تاریخ ترور	محل ترور	ساکن	کشته	زخمی
١٣٩	سیدمسلم حسینی	پناهنده، ایرانی	٩٥/١٠/٢٤	سلیمانیه	دیواندره	+	-
١٤٠	منصور فدائی	پناهنده، ایرانی	٩٥/١٠/٢٤	سلیمانیه	بانه	+	-
١٤١	أفتاب حسینی	پناهنده، ایرانی	٩٥/١٠/٢٤	سلیمانیه	دیواندره	+	-
١٤٢	کتان حسینی	پناهنده، ایرانی	٩٥/١٠/٢٤	سلیمانیه	دیواندره	+	-
١٤٣	حسن خالقی	پناهنده، ایرانی	٩٥/١١/١	دیانا	اشنویه	-	+
١٤٤	عزیز کریمی	پناهنده، ایرانی	٩٥/١١/١	دیانا	اشنویه	-	+
١٤٥	عمر دهستانی	دمکرات	١٩٩٥/١٢/٦	حریر	مهاباد	+	-
١٤٦	عثمان رویان	دمکرات	٩٥/١٢/٣٠	اربیل	اشنویه	+	-
١٤٧	ابوبکر رحیمی	دمکرات	٩٥/١٢/٣٠	اربیل	نقده	+	-
١٤٨	غفور مهدی زاده	دمکرات	٩٥/١٢/٣١	کویسنجق	نقده	+	[illegible]
١٤٩	علی امینی	دمکرات	٩٥/١٢/٣١	کویسنجق	سقز	+	-
١٥٠	صدیق عبدالهی	دمکرات	٩٥/١٢/٣١	کویسنجق	سردشت	+	-
١٥١	محمد سوورمبی	دمکرات	١٩٩٥	اربیل	-	+	-
١٥٢	حاجی عبدالله محمدی	هوادار دمکرات	٩٦/١/٢	سلیمانیه	سقز	+	-
١٥٣	رحمان شعبان زاده	دمکرات	٩٦/١/٢	سلیمانیه	بانه	+	-
١٥٤	طاهر روحانی	کومله	٩٦/٣/١٤	سلیمانیه	کامیاران	+	-
١٥٥	فرامرز کشوری	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	+	-
١٥٦	طاهر عزیزی	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	+	-
١٥٧	عثمان رحیمی	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	+	-
١٥٨	حسن ابراهیم زاده	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	پیرانشهر	+	-
١٥٩	حسن علیپور	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+
١٦٠	فریق حسن زاده	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+
١٦١	جهانگیر ابراهیمی	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+
١٦٢	پریزاد آبرندی	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+
١٦٣	محمدامین ابراهیمی	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	پیرانشهر	-	+
١٦٤	عثمان شیخانی	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+
١٦٥	علی بابل	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+
١٦٦	علی شاداب	دمکرات	٩٦/٣/١٧	جیژنیکان	اشنویه	-	+

■ ٦٢: دەرمانداو کردنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب (١٣٧٦)

لە سەرەتای ساڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا بە هۆی دوو بەکرێگیراوی ڕێژیمەوە کە خزێنرابوونە ناو ریزەکانی حیزب، ٩٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە جنووب کە نیشتەجێی دەڤەری «بازیان» سەر بە پارێزگای سلێمانی بوون، دەرمانداو کران و جۆری دەرمانەکەش سالیۆم بوو. پێشتریش لە ناوچەی سەقز بە هۆی بەکرێگیراوێکی نفووزیی دیکەوە ٣ کەس لە کادرەکانی تیمی تەشکیلاتیی سەقز لە پاییزی ١٣٧٥ی هەتاویدا دەرمانداو کرابوون کە ناوەکانیان بریتی بوون لە: «سەید ئەحمەد حسەینی، ساڵح سەقزی و عەتا کێلەشینی» کە نەفەری دووهەم و سێهەمیان شەهید بوون و نەفەرەکەی دیکەش بە هۆی هەوڵێکی زۆر بە خۆشییەوە رزگاری بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ دەرمانداوکردنی ٩٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی مەڵبەندەکانی ١ و ٢ی کومیتەی کرماشاندا دەفتەری سیاسی راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بانگەوازێکی بەپەلە

کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە جیهاندا!
ڕێکخراوە پزیشکی و دەرمانییە خێرخوازەکان!

لە بەرەبەری دەرچوونی حوکمی یەکجاریی دادگای بێرلین لەسەر پەروەندەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیەکانی دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جینایەتێکی سامناکی دیکەی خوڵقاند.

لە نێوەڕاستی خەرمانانی ڕابردوودا نەخۆشییەکی بەکۆمەڵ لە نێو ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە لە ناوچەی بازیانی سەربە ئوستانی سلێمانی لە کوردستانی عێراق دەژین، سەری هەڵدا. بەشێکی زۆر لە نەخۆشەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کران. بەڵام لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، نەخۆشخانەکانی ئەو شارە کارێکی ئەوتۆیان بۆ چارەی نەخۆشەکان و ناسینی نەخۆشییەکەیان لە دەست نەهات. هەر بۆیە بەرەبەرە هەموویان ڕەوانەی شاری بەغدا کران و بە کۆمەکی مانگی سووری عێراق لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە خەوێنران.

دوای تاقیکردنەوەی پێویست دەرکەوت ئەو هەڤاڵانە لە ئاکامی خواردنی ژاری خەتەرناکی "تالیوم"ەوە دەرمانداو بوون. هەر ئێستا زیاتر لە شەست کەس لەو دەرمانداوکراوانە لە نەخۆشخانەکانی بەغدادا کەوتوون و گیانیان لە مەترسی دایە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار پیلانی دەرمانداوکردنی تێکۆشەرانی دێموکرات لەلایەن ئورگانەکانی ئەمنییەوە ئاشکرا کراوە و هەموو جارێ دەرکەوتووە کە تیرۆریستەکان سەربە کۆماری ئیسلامین، هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی نەخشەی تیرۆریستیی پاییزی ڕابردوو کە لەودا سێ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە بە ژاری "تالیوم" دەرمانداو کران و دوو کەسیان شەهید بوون، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەم کردەوە دژی ئینسانییەش کاری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامییە. بۆیە:

- لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ داوا دەکەین دەنگی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەو تاوانە بەرز کەنەوە و ڕێژیمی ئیسلامیی تاران مەحکووم بکەن.
- لە ڕۆژنامەنووسانی دەرەوە و نوێنەرانی کۆمیتەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ بانگهێشتن دەکەین سەردانی نەخۆشخانەکانی بەغدا بدەن و فیلم و ڕیپۆرتاژ لە قوربانییانی جینایەتی تازەی ڕێژیم ئامادە بکەن.
- ئەگەرچی پزیشکان و نەخۆشخانەکانی بەغدا هەرچی لە دەستیان هاتووە بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو نەخۆشانە کردوویانە و ئێمە لێرەوە سوپاسیان دەکەین، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە چەند ساڵە خراوەتە سەر عێراق و لەبەر کەمبوونی ئیمکاناتی دەرمانی داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە پزیشکی و دەرمانییە خێرخوازەکان دەکەین بەپەلە بە هاواری دەرمانداوکراوەکان بگەن و بۆ نەجاتدانی گیانیان هەوڵ بدەن.

هیوادارین ئەو تاوانە دژی ئینسانییەی ڕێژیمی ئێران هاندەرێکی دیکە بێ بۆ ئەوەی دادگای بێرلین حوکمێکی عادڵانە و بەرپرسانە لە بارەی بەرنامەڕێژانی تیرۆری ساڵی ١٩٩٢ی بێرلین، یانی کاربەدەستانی هەرە سەرووی کۆماری ئیسلامی بەوە دەربکا.

لە چاوەڕوانیی هەنگاوێکی بەپەلە و کارسازدا

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٦/١/١٢ (١٩٩٧/٤/١)

■ ٦٣: کۆنگرەی ١٣، کۆنگرەی دەستکەوتە مێژووییەکان (١٣٨٣)

کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران بە یەکێک لە سەرکەوتووترین کۆنگرەکانی حیزب لە قەڵەم دەدرێ. ئەم کۆنگرەیە کە لە نێوان ڕۆژانی ١٣-١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا گیرا، لە زۆر بواردا توانی هەنگاوی کردەکی و قایم بۆ پێشکەوتنی حیزب و جووڵانــەوەی میللــی ـ دێموکراتیکــی خەڵکی کورد لە کوردســتانی ئێران هەڵبێنێ. بێگومان هەر هەنگاوێک کە حیزبی دێموکرات لە پاش کۆنگرەی ســێزدەهەمی خۆیدا هاوێشتوویەتی، هەنگاوێکی ئابستراک نییــە و پێوەندیــی بــە ئامانــج و ئارمانەکانــی ئەم حیزبــەوە هەیە. بە خوێندنەوەیەکی دروســتی ڕەساڵەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ج لە باری مێژوویی و چ لە باری پێوەندیی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی ئێران بە ئاستە جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆییەکانــەوە، یەکــەم هەنــگاو گرینگتریــن هەنگاوێکــە کــە هەر حیزبێکــی بەرپرســیار و خاوەن ڕەســالەت هەڵیدەگرێ. کەوابوو بۆ

دەستنیشـانکردنی ئاستی سـەرکەوتوویی هەر حیزبێک لە قۆناخێکی دیاریکراودا پێش هەمـوو شـتێک دەبێ سـەرنجی تێڕوانیـن و خوێندنەوەی ئەو حیزبە لە مەسـەلە جۆراوجۆرە پێوەندیدارەکان بە خۆیـەوە بـدرێ و پاشـان ئەگەر لە بواری تیۆریکدا جەخت لە سـەر راسـتی و دروسـتیی خوێندنـەوەکان کـرا، ئەمجـارە باس لـە بواری پراکتیک و هەنگاوە کردەکی و عەینییەکان بکرێ.

■ کۆنگرە ی سێزدەهەمی حیزب لە بواری تیۆریکدا

لـە بەنـدی یەکەمـی بەرنامـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران، پەسـەندکراوی کۆنگـرەی ١٣دا هاتـووە: «حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران، حیزبـی پێشـڕەوی خەڵکـی کوردسـتانی ئێرانە و شانبەشـانی هێـزە پێشـکەوتووەکانی سەرانسـەری ئێـران بـۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسـی گەلی کورد لە کوردسـتانی ئێراندا خەبات دەکا» لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردسـتان دامەزرانـی خـۆی راگەیانـد و ئامانجەکانـی خـۆی لە ٨ مـادەدا بـاس کرد کە هەمـان ئەو ئامانجەن کە لە مادەی باسـکراودا هاتوون.

گۆڕانکارییـە قووڵەکانـی نێـوان کۆنگرەکانـی ١٢ و ١٣ی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە سێ ئاسـتی گشـتیدا خۆیـان دەرخسـت کـە بە پێـی جـۆری گۆڕانکارییەکان خێرایـی و گۆڕان لە هێندێکیاندا زۆر و لە هێندێکیان هێور و بەرەبەرە دەهاتنە پێش چاو، بەڵام بە گشـتی هەموویان ئاکامی ئەو گۆڕانە بوون کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا هاتبوونە ئاراوە. لە ئاسـتی جیهانیدا پاش هەرەسـهێنانی بەرەی سۆسیالیستی بـە رێبەرایەتیی یەکێتیی سـۆڤێت لە سـەرەتای دەیـەی ٩٠ی زایینیدا، بەرینبـوون و خێرایـی تـۆڕی پێوەندییەکان، جێگیربوونـی پێوەندییە

سەرمایەدارییەکان لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا، لێک نزیک بوون و تەمومژاوی بوونی چەمکە سیاسییەکان و بە تایبەتی خوێندنەوەکان لە چەپ و راستی سیاسی، پێشکەوتنی بەرچاوی وڵاتانی پەرەئەستێن و نزیکبوونەوەی ئابوورییان لە وڵاتانی خاوەن رێژەی بەرزی گەشەی مرۆیی هاتنە دی و بە گشتی ئەوەی»ماهان« وەکوو گوندی جیهانی ناوی دەبات لەو کاتەدا ببوو بە راستی. لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کە لە ئاستی جیهانیدا رووی دا، بزووتنەگەلێک لە هەر گۆشەی جیهاندا سەریان هەڵدا کە یان دژایەتیی ئەو رەوتەیان دەکرد، یان وێڕای پێشوازی لەو رەوتە، لە بیری سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی یان مەزهەبی یان ناوچەیی خۆیان بوون. هەر بۆیە لە لایەکەوە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم زەقتر و بەرچاوتر خۆی نواند و لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری رەوتی بەجیهانیبوون و دژی ئامریکا وەکوو ئاڵاهەڵگر و سەردەمداری ئەو رەوتە سەریان هەڵدا. یەکێک لە بزووتنەوە نەیار و ناڕەسەنەکانی سەر گۆڕەپانی جیهانی بە تایبەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تیرۆریزمی ئیسلامییە کە بە دوای رووداوی کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی نیۆیۆرک، ئیدی زۆر دەرهەستتر جیهانی بە سەر دوو بەرەی لایەنگری تیرۆریزم و دژی تیرۆریزم دابەش کرد. بناژۆخوازیی ئیسلامی بوو بە ئاڵاهەڵگری تیرۆریزم و خەبات دژ بە هەر بە رەوتێکی ئازادیخوازانە بە تایبەتی لە وڵاتە موسڵماننشینەکاندا. ئەگەر تا دوێنێ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران دروشم و کردارە بناژۆخوازانەکانی ئەو رێژیمە، چاوپۆشیی لێ دەکرا و بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا لە قەڵەم نەدەدرا، ئەوا جیهان پاش کارەساتی ١١ی سێپتامبر سەرنجی پتری دایە سەر ئەو راستییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران نە تەنیا بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکوو بۆ خەڵکی هەموو جیهان هەڕەشەی راستەقینەیە. لە لایەکی

دیکەوە رۆژئاوا و بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروشمی چاکسازی بە تایبەتی لە بواری سیاسی و ئابوورییان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەرز کردەوە و لەو بڕوایەدا بوون کە لەو ڕێگایەوە هەم پێگە و رۆڵی تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ناوچەکەدا کەمڕەنگ دەکەنەوە و هەمیش سەقامگیری کە پێویستییەکی سەرەتایی سەردەمی بەجیهانیبوونە، دابین دەبێت.

لە بەندی سێهەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣دا هاتووە: «دوای رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، هێرشی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و رووخاندنی رێژیمی توندڕەوی ئیسلامیی تاڵەبان و لێکبڵاوکردنی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەو وڵاتە، سەرەتای دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. بە دوای ئەویشدا، دەوڵەتی عێراق لە ژێر تەوژمی هێرشی نیزامیی ئامریکا و هاوپەیمانانیدا رووخا. ئەو رووخانەش وەک بوومەلەرزەیەک ناوچەکە و دنیای دەرەوەی هەژاند. دەتوانین بڵێین دوای شەڕی دووەمی جیهانی، هیچ رووداوێک ئەوەندەی ئەو شەڕە، پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی نەشڵەژاندووە. بە تایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گیروگرفتی سیاسی و ئابووری و کێشە نەتەوەیی و ئاینییەکانیان تێدا بە هێزە، حکوومەتەکانی لەوە نیگەران کرد کە باڵانسی سیاسی لە ناوچەکەدا تێک بچێ و نەتوانن درێژە بە حاکمیەتی کۆنەپەرستانەیان بدەن.

سەرکەوتنی خەڵکی عێراق لە بنیاتنانی وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیک لە دوارۆژدا، شوێنەوار لە سەر خەڵکی وڵاتانی دراوسێ دادەنێ. گەلانی وەزاڵەهاتوو لە نیزامە دیکتاتۆر و دواکەوتووەکان چاوەڕوانی هەلێکن تا بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێمۆکراسی و مافی نەتەوایەتیی خۆیان چالاکانەتر بە گژ رێژیمە دژی گەلییەکاندا بچنەوە. هەر ئێستا

خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسساز. لەو نێوەدا مافی سیاسیی کورد لە عێراق لە سەر ئەساسی فیدرالیزمی جۆغرافیایی ـ نەتەوەیی لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا بە رەسمی ناسراوە. جێگیربوونی ئەو شێوە فیدرالییە دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا».

بەم پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێندنەوەیەکی دروستی رووداوە جیهانی و ناوچەییەکان، خۆی لە بەرەی دژی تیرۆریزمدا دەبینێتەوە و پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکا کە بتوانێ لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و دابینبوونی دێموکراسی لە ئێراندا یارمەتیدەر بێت.

لە ئاستی نێوخۆییدا گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە ژێر کاریگەریی رووداوە جیهانییەکان و خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا زیاتر لە جاران بە ماف و ئازادییەکانی خۆیان ئاشنا بوون و چالاکانەتر لە جاران لە گۆڕەپانی خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆیان بەشدار بوون. بێگومان بە جیهانیبوون و خێرایی و پەرەسەندنی پێوەندییەکان لە لێکتێگەیشتنی گەلانی ئێران و لێکنزیکبوونەوەی گەلە ستەملێکراوەکاندا کاریگەریی بەرچاوی هەبووە و هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا پێش کۆنگرەی ١٣ی خۆی درۆشمی ئیستراتژیکی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»ی بەرز کردبووەوە و نزیک بە ٥٩ ساڵ لەو پێناوەدا تێکۆشابوو، بە لێکدانەوەی دروست و فرەلایەنی ئاستەکانی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی، لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا

وەک لە بەندی ٣ی بەرنامەی حیزبدا هاتووە دروشمی ئیستراتژیکی خۆی کردە «دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران». ڕووداوەکانی پاش کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە ئێراندا، وەک ڕابوونی جەماوەریی عەرەبەکانی خووزستان، بەلووچەکان، ئازەرییەکان کە تەنانەت ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهانیان بە خۆیانەوە خەریک کردبوو، باشترین بەڵگەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە خەباتی گەلانی ئێران بە تەواوی پێی ناوەتە نێو قۆناغێکەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبوا و پێویست بوو دروشمی «فیدرالیزم بۆ ئێران» بەرز بکاتەوە. لە بەندی ٤ی ئامانجە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣دا هاتووە: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هاوپەیمانانی ستراتیژیکی خۆی دەزانێ و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی پشتیوانی دەکا».

■ کۆنگرەی سێزدەهەم لە مەیدانی کردەوەدا

لە بواری ڕێکخستندا:

ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر دەفەرموێ: «ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە». بێگومان بوارەکانی ڕێکخستن، دیپلۆماسی و تەبلیغات پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە یەکترەوە هەیە، بەو مانایە کە سەرکەوتن لە هەرکامیاندا بەستێن بۆ سەرکەوتن لەوانی دیکەدا دەڕەخسێنێ، بەڵام وەک لە وتەی ڕێبەری مەزنماندا هاتووە، حیزبێک یان ڕێکخراوێک بە بێ ڕێکخستنی کارامە و زیندوو و گشتگیر، نە دەبێتە خاوەنی دیپلۆماسیی بەهێز و نە تەبلیغاتێکی متمانەپێکراو و شوێندانەر. یەکێک لە گرینگترین هەنگاوەکانی پاش کۆنگرەی ١٣ی حیزب، ڕاکێشانی خەڵک بۆ نێو

گۆڕەپانی راستەقینەی خەبات، واتە خەباتی جەماوەرییە. داخرانی دووکان و بازاڕەکانی شاری مەهاباد لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ واتە لە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی گەلی کورد دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانید، ڕێبەرایەتیکردنی دروستی خرۆشانی جەماوەریی هاوینی ٨٤ی خەڵک کە خاڵی دەستپێکردنی شەهیدکردنی شوانە سەید قادر لە ١٨ی پووشپەڕی ئەو ساڵەدا بوو، پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ داخستنی دووکان و بازاڕەکان و هەروەها کوژاندنەوەی رۆشنایی ماڵەکان لە شەودا لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥ و هەروەها ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥ و هەروەها ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٦، نیشانی دا لە وەدەستهێنانی دەستکەوتی گرینگ لە باری خەباتی جەماوەری و هەنگاوی بوێرانە و ڕێکخستنی زیندوویان و بەرینی حیزبی دێموکرات لە پاش کۆنگرە ١٣ دەدا. هەر چەند حیزبی دێموکرات هەمیشە ئەو شانازییە گەورەیە هەبووە کە خەڵکی کوردستانی ئێران بە پشتیوانی لە حیزب و گیانفیدایی لە پێناو ئامانجەکانیدا حیزبیان بە حیزبی پێشڕەوی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی خۆیان زانیوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێکخستنی خەڵک و سازدانی ئێعترازیکی مەدەنی کە زۆربەی هەرە زۆری شار و دێهاتەکان بگرێتەوە و خاوەنی ئامانجی روون بێت، بە شێوەیەک کە راگەیەنە ناسراوەکانی جیهان باسی بکەن و ئامانجەکانی بە ناتەمومژاوی و رەوا لە قەڵەم بدەن، پێویستی بە بەرنامە و خەبات لەو پێناوەدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە پاش کۆنگرەی ١٣ بەڕێوەچوونی تەبلیغاتی حیزبی بە شێوەیەکی بەردەوام لە ئاستێکی بەرین لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشاندا سەلمێنەری ئەو راستییە بوو کە خەباتی حیزبی دێموکرات هەموو کوردستانی ئێران لە خۆ دەگرێ و بە ناوچەیەکی تایبەت بەستراوە نییە.

کەوابوو لە بواری ڕێکخستندا دوو دەستکەوتی زۆر مەزن بە دەست هاتن کە ئێستاش بەردەوامن یەکەمیان ڕاکێشانی خەڵک بۆ خەباتی جەماوەری و دووهەمیان پەلهاوێشتنی خەبات بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستانە.

■ بواری دیپلۆماسی:

یەکێک لە هەنگاوە گرینگ و دەستکەوتەکانی پاش کۆنگرەی١٣ی حیزب لە بواری دیپلۆماسیدا، چوونە سەرەوەی پلەی ئەندامەتیی حیزب لە ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیست وەک گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی پاش نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. وەرگیرانی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامەتیی ئینتیرناسیۆناڵی سۆسیالیستیی لاوان و وەرگیرانی یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامەتیی ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیستی ژنان لە دەستکەوت و سەرکەوتنە بەرچاوەکانی حیزب بوو لە بواری دیپلۆماسیدا. بۆ نموونە وتاری کردنەوەی ڕێوڕەسمی سەد ساڵەیی ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیستی لاوان کە لە ئاڵمان بە ڕێوە چوو، لە لایەن نوێنەری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان ئێرانەوە پێشکەش کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٥ بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە بێ نوێنەرەکان (UNPO) کە گەورەترین ڕێکخراوی گەلانە لە جیهاندا کە نوێنەریان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە. ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی لە پاش دامە زراندنی لە ساڵی١٩٩٣دا ڕۆڵیکی بەرچاو بگێڕێ لە ڕاکێشانی پشتیوانیی جیهانی لەو گەلە بێ دەوڵەتانەی کە ئێستا خاوەنی کیانی سیاسی و ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی لە ڕێگای (UNPO)وە لە کۆبوونەوەی شووورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری بکا و بەمەش ببێ بە

یەکەم ڕێکخراو و تەنیا ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەشداری کۆبوونەوەی فەرمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. ئەندامەتیی حیزب لە UNPO و بەشداری لە کۆبوونەوەی فەرمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوو دەستکەوتی بە نرخ و مێژوویی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدرێ.

■ بواری تەبلیغاتی: دامەزراندنی تەلەڤیزیۆنی تیشک، ئاڵوگۆڕ لە ڕاگەیاندندا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش کۆنگرەی ١٣ی خۆی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە نوێکانی ڕاگەیاندن، هەنگاوی جیددیی هاویشتووە و بێجگە لە دامەزرانی چەندین سایتی بەهێزی ئینتێرنێتی و نوێکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ئەو ڕادیۆیە لە ڕێگای سەتەلایتەوە، چاپەمەنیی خۆی لەگەڵ سەردەمدا گونجاندووە و هەروەها گرینگترین دەسکەوتیشی دامەزراندنی ڕایەڵەی ماهوارەیی «تیشک» لە بەهاری ساڵی١٣٨٥ بووە. تەلەڤیزیۆنی «تیشک» بە بڵاوکردنەوەی چەندین کاتژمێر بەرنامە توانیی ببێتە جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و مێوانی زۆربەی زۆری ماڵەکان لە کوردستاندا. بێگومان دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی «تیشک» وەکوو کاریگەرترین ڕاگەیەنی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرینگی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و بردنی بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکرات بۆ نێو دڵی خەڵکی کوردستان و ئێران هەبوو. بە داخەوە وەشانی بەرنامەکانی ئەم تەلەڤیزیۆنە لە ساڵی ١٣٩٣دا بە هێندێک هۆی تایبەت ڕاگیرا کە هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانێ بەرنامەکانی خۆی دەست پێ بکاتەوە.

■ هەڵبژاردنی کۆنگرەی١٣، دیموکراتیکترین هەڵبژاردنی مێژووی حیزب

پاش کۆنگرەی دوازدەهەم ناکۆکی لە نێوان دوو باڵی حیزب درێژەی کێشا و بەو ناکۆکییەوە کۆنگرەی سێزدەهەم لە رۆژی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ لە کۆیە بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو. میکانیزمی گرتنی کۆنفرانسەکانی کادر و پێشمەرگەکان لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری کرابوون کە زۆرینەی کومیتەی ناوەندی لەو لایەنە بوو کە دەنگی نەهێنایەوە، بۆیە هەموو قایمکارییەک لە کۆنفرانسەکاندا دەکرا و تەنانەت چەند کەسێکیش کە لە سوید دەنگیان هێنابووەوە، ڕێگایان پێ نەدرا بگەڕێنەوە. بەو حاڵەشەوە لە سالۆنی کۆنگرە دەنگ بۆ مەشروعییەتی کۆنگرە وەرگیرا و پاش پەسەندکرانی مەشروعییەت، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد.

دوایین بڕگەی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی بوو. لە کۆنگرەکانی پێش کۆنگرەی سێزدەهەمدا کۆنترۆڵی هەڵبژاردن زۆر لاواز بوو و خەڵک لە تەنیشت دەستی یەکتر دەنگەکانیان دەنووسی، بۆیە ئیحتمالی نفووز و رودەربایستیی زۆری تێ دەکەوت، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا کۆنترۆڵ زۆر ورد بە ڕێوە دەچوو. دوو باڵی نێو کۆنگرە لە هەرکام لە وێستگەکانی دەنگداندا بەشدارییان بوو. پێدانی بەڵگە کە لە لایەن خۆسرەو بەهرامی و خالید عەزیزییەوە ئیمزای هەر دوو نەفەری لە سەر بوو، ناوی کاندیداتۆرەکان لە سێ کابیندا کە بۆ دەنگدان دیاری کرابوو، هەڵواسرابوو. لە سەر سندووقی دەنگەکان تەیموور مستەفایی و سەعید بەیگزادە راوەستابوون.

پاش تێ هاویشتنی دەنگەکان بە سەر ٣ گرووپی ٥ کەسیدا دابەش دەکران کە لە هەرکام لە بەشەکاندا ٣ کەس لە زۆرایەتیی کۆنگرەی ١٢ و ٢ کەس لە کەمایەتی بەشدار بوون و دەنگەکانیان دەژماردن و هەر بەشەو دەنگەکانیان کۆ دەکردەوە و بە ئیمزای ٢ کەس لە هەر لایەنێک دەگەیشت .

پاش ئەم قۆناغە دەنگەکان دەگەڕانەوە بۆ ناوەندی ئەسڵیی هەڵبژاردن کە مستەفا مەولوودی بەرپرسی بوو و بۆ کۆکردنەوەیشی ئەم کەسانە بەشدار بوون:

خالید عەزیزی، مستەفا مەولوودی، کەماڵ کەریمی، خوسرەو

بەهرامی، سەید رەزا دروودگەر، تەیموور مستەفایی.
پاش کۆکردنەوە و ئیمزای هەمووان بەشدارانی کۆنگرە بانگ دەکرانەوە و ئاکامی دەنگهێنانەکە رادەگەیەندرا و بڕگەکانی دیکەش هەر بەم چەشنە و بە هۆی ئەم کەسانەوە بەڕێوە دەچوو و بەم چەشنە لەم هەڵبژاردنەدا رێگا بۆ ئیحتمالی نفووز و لە رووەدەربایسی گیرکردن نەمابوو، بۆیە دەنگدەر بە ویژدانی خۆی و لە سەر ویستی خۆی بێ هیچ ئیجبارێک دەنگی بە هەر کەس دەدا کە پێی باش بوو.

■ ٦٤: دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ (١٣٨٣)

حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی کۆنگرەی ١٣ی خۆیدا، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە هاوپەیمانیی ستراتیژیکی خۆی دەزانێ. حیزبی دێموکرات بۆ یەکخستنی هێزی گەلانی ئێران، لە ڕێگای دامەزراندنی رێکخراوێکدا هەنگاوی هەڵهێنایەوە کە بەشی سەرەکیی ئەو حیزب و رێکخراوانەی گەلانی بندەستی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە کە بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵدا تێدەکۆشن ئەو رێکخراوەیە «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ»ە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا دامەزرا و حیزبی دێموکرات سەرەکیترین هێز و شوێندانەرترین هێز لە دامەزراندنیدا بوو. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە لە سەرەتای دامەزرانیدا لە ١٦ رێکخراوی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران پێک هاتبوو، لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا دەتوانێ وەک سەرەکیترین و بە بەرنامەترین هێز بۆ پاش رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بنوێنێ. کۆنگرەی نەتەوەکان لە گرینگترین دامەزراوەی دارشتنی ستراتیژی دەرەوەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئامریکا واتە»ئینتێرپرایز»، لە کۆنگرەی ئامریکا، لە

پارلەمانی فەرانسە و چەندین جار لە پارلەمانی ئورووپا هەڵوێست و بەرنامەی خۆی خستووەتە ڕوو.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و سەرکەوتنەکانی بە یەکێک لە گرینگترین دەستکەوتەکانی بواری پراکتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش کۆنگرەی ١٣ دەژمێردرێ.

■ ٦٥: ناڕەزایەتیی چل ڕۆژەی خەڵکی کوردستان و خەباتی مەدەنی (١٣٨٤)

ڕۆژی شەممە ١٣٨٤/٤/١٨ لاوێک لە لایەن پۆلیسی مەهابادەوە بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید دەکرێ. خەڵکی شاری مەهاباد بۆ وەرگرتنەوەی جنازەکەی دەچن کە بە هۆی ئەشکەنجەوە چاوی لە کاسە دەرهاتبوو و لە سەر هەموو گیانی شوێنەواری ئەشکەنجە دەبیندرا و جێگای چەند گوللەیەکی پێوە بوو کە ئەمە دەبێتە هۆی هاتنە سەر شەقامی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بەم جنایەتە سامناکە و دروشم دان دژی ڕێژیم دەست پێ دەکا. ئەم ناڕەزایەتییانە تا ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ درێژە دەکێشێ و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دکتور قاسملوو دوکان و بازاڕی شار بە تەواوەتی دادەخرێ و ئێوارەی ئەو ڕۆژە تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە خۆپێشاندان دژی ڕێژیم درێژە دەکێشێ و دروشمەکانی ئەم ڕێپێوانە بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە دژی ڕێژیم دەبێ، ناڕەزایەتیی خەڵک لەم شارەدا تا ڕۆژی ١٣٨٤/٤/٢٨ درێژە دەکێشێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شوێندانەریی جیددیی لە سەر درێژەکێشان و بەسیاسی کردنی ئەم ڕێپێوانە هەبوو، لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا بریار دەدات هەوڵ بدرێ ئەم ڕێپێوان و ناڕەزایەتییە تەنیا لە مەهاباددا نەمێنێتەوە و ناڕەزایەتییەکە

بۆ پشتیوانی لە شاری مەهاباد بگوازرێتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان. هێزەکانی رێژیم لە ماوەی ئەم ١٠ رۆژەدا بە یارمەتیی هێزی تایبەت و هەزاران نەفەر لە هێزەکانی دیکە کە لە ناوچەکانی دیکەوە هێنرابوونە ئەم شارە، دەکەونە سەرکوتی خەڵک. لەو ماوەیەدا دەیان کەس لە لاوانی ئەم شارە بریندار و بە سەدان کەس دەستبەسەر و رەوانەی زیندان دەکرێن. لەم ناڕەزایەتییانەدا دەرەجەدارێکی رێژیم بە ناوی ئیستوار نامجوو دەکوژرێ و چەند کەس لە هێزەکانی رێژیم بریندار دەبن.

رێژیم بو پێشگیری کردن لە پەرەسەندنی ئەم ناڕەزایەتییانە لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا، هێزێکی یەکجار زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە دێنێتە کوردستان. لە رۆژەکانی ٢٧ و ٨٤/٤/٢٨ خەڵک لە پیرانشار و شنۆ بۆ پشتگیریی لاوانی خەباتگێڕی مەهاباد خۆپیشاندان رێک دەخەن. لە درێژەی ئەم رەوتەدا ناڕەزایەتییەکان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی بۆکان، سەردەشت، سەقز، سنە، کامیاران، مەریوان، پاوە، کرماشان، ورمێ و شارەکانی دیکەی کوردستان.

لە رۆژی ٨٤/٥/٣ سێ کەس بەناوەکانی عومەر ئەمینی کوری شێخ محەمەد و بایزی مەعروفی کوری مستەفا و جەمیلە خزری ناسراو بە خەجیج کچی رەحمان شەهید دەکرێن.

ئەم رێپیوانانە لە رۆژەکانی ١١ی گەلاوێژ لە سنە و ١٣ی گەلاوێژ لە سەقز درێژەی کێشا و ژمارەیەک لە خەڵک شەهید و بریندار بوون و هێزی رێژیمیش زیانی بەر کەوتبوو. لووتکەی ئەم ناڕەزایەتییانە رۆژی ١٦ی گەلاوێژ بوو کەخەڵکی کوردستان لە ماکوو تا کرماشان بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان و مانەوەیان لەماڵەکاندا مانیان گرت و نیشانیان دا کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان سوور و پێداگرن. ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتییانە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچوون کە رێژیم زور بێبەزەییانە دەجوولایەوە و هەزاران کەسی دەستگیر کردبوون

و سەدان نەفەر بریندار و دەیان کەسیشی شەهید کردبوون و کوردستانی کردبووە پادگانێکی نیزامی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش خەڵک نەترسان و درێژەیان بە نارەزایەتییەکانیان دا.

دەسکەوتەکانی ئەم نارەزایەتییە مەدەنییە نیشاندانی دیمەنێکی شارستانیانە لە خەباتی مەدەنی لە لایەن خەڵکەوە، پشتگیریی شارەکانی کوردستان لە یەکتر، دەنگدانەوەی ئەم حەرەکەتە لە ناوەندە سیاسی و رووناکبیرییەکان و لە راگەیەنە گشتییەکاندا بوو. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە رێژیم ناچار بێ بە دوای هۆکاردا بگەڕێت و وەفدی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە بنێرێتە کوردستان. وەفدەکانی رێژیم داوایان لە خەڵک کردبوو کە رێژیم لە هۆکاری ئەو نارەزایەتییانە ئاگادار بکەنەوە. یەکێک لەو وەفدانە کە پێک هاتبوون لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نیشتمانی لە مەجلیسی شووراى ئیسلامی و ژمارەیەکی دیکە لە بنیادەکانی کوماری ئیسلامی بو لێکوڵینەوە لەم نارەزایەتییانە کۆبوونەوەیەکیان لە رۆژی ٨٤/٥/١٨ لە سالۆنی فەرمانداریی مەهاباد پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا سەلاحەدین ئاشتی، رۆژنامەوانی مەهابادی بەم چەشنە هۆکارەکان باس دەکا کە ئەمە نموونەیەک بوو لەو وەڵامانە کە وەریان گرتووە و ئەمەش دەقی وتەکانی سەلاحەدین ئاشتییە:

«من ناتوانم ئەو جیاوازیدانان و نابەرابەرییەی کە لە ماوەی ٢٦ساڵی رابردوودا دەرهەق بە میللەتی کورد لە ئێراندا رو دەدا، بە تەواوی باس بکەم. هەر بۆیە بە کورتی دەڵێم :

١. ئەگەر بە راستی کەس یا کەسانێک مەبەستیان لێکۆڵینەوە لە جووڵانەوەی ئەم قۆناغەی میللەتی کورد لە ئێرانە، بە بڕوای من باشترە مەسەلەکە لە کوشتنی یەک یان چەند کەسدا کورت نەکەنەوە. بۆ لێکۆڵینەوە لە جووڵانەوەی مەدەنیی کوردەکان لەم قۆناغەدا باشترە بۆ مانگێک پێش لەم رووداوەی مەهاباد بگەڕێنەوە

کە مەبەست هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە. ئەگەر باش ورد بینەوە، ئەم جموجۆڵە نوێیە درێژەی هەمان دژکردەوە جیددییە مەدەنیەیە کە بە وتەی دەوڵەت ٤٠٪ی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کرد و نموونەی بەرچاوی ئەو بەشداری نەکردنە دەنگی ١٨٪ ی خەڵکی شاری مەهاباد بوو کە لە دەوری دووهەمیشدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمتریش بوو.

بۆ دەبێ بۆ هەڵبژاردن بگەڕێینەوە؟ لە بەر ئەوەی کوردەکان دەزانن کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دێموکراتیکە لە جیهاندا و پشتکردن لە سندووقەکان کردەوەیەکی لۆژیکی و مەدەنییە ئەگەر قەرار بێ هیچ گۆڕانێک لە کوردستاندا پێک نەیەت.

بەرچاوترین نموونەی ئەم ڕوانینە ئازادبیرانەیە دەنگی ٨٥٪ی میللەتی کورد بە ئاغای خاتەمی بوو لە دەوری یەکەمی سەرکۆماریی ناوبراودا، بەڵام چون هیچ ئاکامێکی بەدواوە نەبوو و کارساز نەبوو، خەڵک ڕێگایەکی دیکەی لە پێش گرتووە کە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

٢. ئاغایان! کاتێک دەبینن یا دەبیستن کە لە قۆناغێک لە زەمەندا دروشم و وتەکان و ویستی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی کورد یەک دەگرێتەوە، تووشی سەرسووڕمان مەبن، لە بەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن نە ئەمریکا بۆ ئێمەی ناردووە نە ئورووپا. ئۆپۆزیسیۆنی کورد ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەن و لە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقوڵاون. بیرکردنەوەی بێجگە لەمە هەڵەیە. ئەگەر وا بیر دەکەنەوە کە بە سڕینەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی لە گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕەکاندا کارێک دەبەنە پێش، لە هەڵەدان. پەراوێزخستنی ئەوان نەک نابێتە هۆی ئارامی، بەڵکوو مەسەلەکە دووقات ئاڵۆز دەکا، وەرن بە خۆمان شەهامەت بدەین و دەوڵەت شەهامەت بە خۆی بدات. پێشنیاری من ئەوەیە کە دانیشتن لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد زۆر کارساز دەبێ.

٣. مەسەلەیەکی دیکە کە میللەتی کورد دەڕەنجێنێ، روانینی ئەمنیەتییە. ئەم روانینە بەرچاوتەسکانەیە مەترسیدارە. بەداخەوە تەواوی بوارەکانی ژیانی ئێمەی لە پرسەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی و ...دا گرتۆتەوە کە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی مەدەنیی لەم بابەتە و جووڵانەوەی مەدەنیی ئیستامان بەو پێوەرە هەڵدەسەنگێنن کە جووڵانەوەی ئیستامان نابێ بەم پێوەر و بەرچەسپانە لێک بدرێتەوە، ئەگەرنا ئاکامی پێچەوانەی لێ وەردەگرن. نەهێشتنی روانینی ئەمنیەتی، لابردنی بایکۆت و جیاوازیدانان، گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی.

ئاغای جەلالی! سەرۆکی وەفدی نێردراو! رووی قسەکانم لە ئێوەیە.

٤. پێشنیارەکەم ئەوەیە کە وەفدێکی بە سەلاحیەت و خاوەن دەسەڵات بنێرنە کوردستان، لە ٢٦ ساڵی رابردوودا زۆرێک لەم جۆرە وەفدانە هاتوونەتە کوردستان و گەڕاونەتەوە ناوەند. ئێستا راپۆرتەکانیان لە ئارشیڤی تاران تۆزی لێ نیشتووە.

٥. من شادمانم و شانازی دەکەم بە رۆژی ١٦ی گەلاوێژ و بەرزی دەنرخێنم. ١٦ی گەلاوێژ رۆژی یەکگرتوویی رۆحی نەتەوەیی میللەتی کوردە لە کوردستان، ئەگەر نەڵێم هەموو خەڵکی کوردستان، بە جورئەت دەتوانم بڵێم کە نزیک بە تەواوی هەموو خەڵکی کورد لەم رۆژەدا دەستیان لە کار کێشایەوە و مانیان گرت، بێ گومان ئەم یەکگرتوویە «نا»یەکی گەورە بوو لە بەرانبەر کردەوەکانی نیزام و پێشاندەری وزە و هێزێکی مەدەنییە لە نێو گەلی کورددا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

٦. وتەی کۆتاییم ئەوەیە کە من هەرگیز بە ئێرانی بوونی خۆم شانازی ناکەم، من هەرگیز بە ئێرانی بوونی خۆم شانازی ناکەم تا ئەو رۆژەی کە وەکوو هاووڵاتییەکی دەرەجە یەک لەم وڵاتەدا

نەناسرێم.

نموونـەی دیکـەی لـەم چەشـنە بووچونانە یەکجـار زور بوون کە وەک دەڵێن مشت نموونەی خەرواره.

■ ٦٦: ئینشعابی پاش کۆنگرەی سێزده (١٣٨٥)

دوابـەدوای کۆنگـرەی دوازدەهـەم کێشـە و دووبەرەکایەتـی هـەروا بـەردەوام بـوو. قۆڵـی دەسـەڵاتدار بـە هـۆی جیاوازیدانانی جۆراوجـۆر و پەسـەندکردنی بڕیـار بـە بێ گوێدان بـە کەمینەی ناو حیـزب هەلومەرجی کۆتایی دەسـەڵاتدارێتیی خـۆی خۆش کرد و لە بەرەبـەری کۆنگـرەی سـێزدەدا لـە وەزعەکە تێ گەیشـتن و کەوتنە دانانـی گەڵاڵـەی جۆراوجۆر بۆ مانەوە لـە رێبەرایەتیدا، بەڵام گەڵاڵە یـەک لـە دوای یەکـەکان فریایـان نەکەوتن و لە ئاکامـی هەڵبژاردنی کۆنگـرەی سـێزدەهەمدا بوون بـە کەمینەی کۆمیتـەی ناوەندی، بەو جیاوازییـەوە کـە ئەوەی دوێنێ بە ئەرکـی کەمینەیان دەزانی، ئەمڕۆ بـۆ خۆیـان پەسـەندیان نەبـوو و دوای کۆنگـرە کەوتنە کارشـکێنی و بیانووگرتـن بـە رێبەریـی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سـێزدەهەم و عەبدوڵڵا حەسـەنزادە کە سـەردەمانێک دەیگوت لە نیوان ٩٩ کەسدا ئەگـەر لـە لایـەک ٥٠ کـەس و لە لایـەک ٤٩ کەس بێ، هیـچ چار نیە و دەبـێ ٤٩ کەسـەکە مـڵ رابکیشـێ بـۆ بڕیـاری ٥٠ کەسـەکە، لـەم حاڵەتـەدا کە خۆی و رەفیقەکانی کەوتبوونە کەمایەتی، دەسـتی کرد بـە بیانووهێنانـەوە. تـازە ئەو فۆرموولەی لا پەسـەند نەبوو، بەڵکوو داوای دەکرد بۆ هەر بڕیارێک دەبێ تەوافوق بکرێ و لەوەش زیاتر رۆیشت و کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی قبووڵ نەبوو و دەیگوت دەبی هەیئەتێک لە هەر دوو لا پێک بێ و ئەو هەیئەتە بڕیار لە سەر چارەنووسی حیزب بدات.

کەمایەتـی بـە رێبەریـی عەبدوڵـڵا حەسـەنزادە هـەر هەنگاوێکـی

کومیتەی ناوندییان بە دڵ نەبووبا، نەدەچوونە ژێر باری و کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییان تەحریم دەکرد بۆ ئەوەی لە رەسمیەتی بخەن و بە قەولی خۆیان بڕیارەکانی یاسایی نەبن. لە ٢١ ئەندامی کومیتەی ناوەندی ٨ کەسیان لەوان بوون و کومیتەی ناوەندی کۆبوونەوەکانی بە بەشداریی ٢ لە سەر ٣ی ئەندامەکانی رەسمیەتی پەیدا دەکرد. ئەم ژمارەیەی خۆیان وەکوو هەڕەشەیەک بۆ لە رەسمیەت خستنی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە کار دەهێنا و لە کۆبوونەوەکانی سکرتێری حیزبدا بەشدارییان نەدەکرد و لە سەر چەند سایتێک کە بۆ خۆیان دایاننابوون، کەوتنە نووسین لە دژی زۆرینەی رێبەرایەتیی حیزب و ئەوەی دوژمن بیری لێ نەکردبووەوە لە دژی ئەو رێبەرییە بینووسێ، ئەوان دەیاننووسی. کاتێک کە پرسیاریان لێ دەکرا ئێوە نووسیوتانە، حاشایان لێ دەکرد. سەردانی ئەم رێکخراوی سیاسی و ئەو رێکخراوی سیاسییان دەکرد و دەکەوتنە خراپە گوتن بە هاوڕێکانی دوێنێی خۆیان و بە نەخوێندەوار و دیکتاتۆریان ناویان دەبردن و لە بیریان چووبوو کە هەر دوێنێ ئەمانە هاوکارە نزیکەکەیان بوون، چۆن بوو لە چاوترووکانێکدا جێگر سکرتێری دوێنێ کە مایەی شانازی و مودیر و .. بوو، ئێستا ببوو بە نەخوێندەوار و دیکتاتۆر و هتد.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتووێژێکدا کە ناوی «ئەزموونی خەبات»ی لە سەر دانراوە بە بێ ئەوەی هەست پێ بکا، هێندێک بەڵگەنامەی سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن بوونی خۆیانی بڵاو کردووەتەوە کە بە خۆشییەوە بەڵگەنامەکان بۆ خۆیان پێویستیان بە شرۆڤە و لێدوان نیە و ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەوان لانیکەم یەک ساڵ پێش لەوەی کە ئینشعابەکەیان رابگەیەنن، لە حیزبدا حیزبێکی دیکەیان ساز کردووە و ناوی «پەیمانی نیشتمانی» یان لە سەر داناوە و لەم پەیمانەدا بە روونی دەردەکەوێ کە ئەوەی بۆیان گرینگ نەبووە،

بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدە بووە، بەڵکوو بۆ خۆیان کومیتەیەکیان پێک هێناوە کە ئەگەرچی ناوی ٦ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێراوی کومیتەی ناوەندیی تێدایە، بەڵام چەند کەسێکی دیکەی وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حسەین مەدەنی، قادر وریا و عوسمان ڕەحیمی وەک ئەندامی ئەو کومیتەیە هەڵدەبژێرێن کە ئەوانە ٣ کەس لە نێو خۆیاندا وەک هەیئەتی ئیجرایی هەڵدەبژێرن کە بێگومان عەبدوڵڵا حەسەنزادە یەک لەوان بووە.

ئەمەش دەقی ئەو پەیمانی بە ناو نیشتمانییە:

پەیمانی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ڕاستکردنەوە

ساعەت ٨ی دوانیوەڕۆی هەینی ١٣٨٤/٩/١٠ ئەندامان و جێگران و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی (قۆڵی کەمایەتی) و ئەندامانی ڕێبەریی کۆنگرەی دوازدە کە هەڵنەبژێرانەوە، بێجگە لە هاوڕێیان حەسەن ڕستگار و محەممەد کەسرایی و خالید وەنەوشە کە لە سەفەرن، لە ماڵی کاک حسین مەدەنی بۆ باس لە سەر وەزعی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕەفتاری پاوانخوازانەی قۆڵی دەسەڵاتدار کۆ بوونەوە و پاش باسێکی بەسوود گەیشتنە ئەم ئاکامە:

١. ڕەفتاری قۆڵی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی بە کردەوە حیزبی بە خۆیی و بێگانە و مەحرەم و نامەحرەم و فەرماندەر و فەرمانبەر دابەش کردووە، ئەم ڕەفتارە تا ئێستا زیانێکی زۆری لە پرێستیژی حیزب داوە و مەترسیی زیاتریشی لێ دەکرێ. بۆیە پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی پتەو و شیلگیر بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەفتارانە و جێگیرکردنی ئەسڵی بەرامبەریی ئەرک و مافەکانی ئەندامانی حیزب بۆتە پێویستییەکی مێژوویی.

٢. بۆ ئەم مەبەستە ڕێبەرایەتییەک لە حەوت ئەندامی کومیتەی ناوەندی (کەمایەتی) و هاوڕێیان حسین مەدەنی، عوسمان ڕەحیمی،

قادر وریا و عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێک هات و ڕێگایان پێ درا کە لە خۆیان هەیئەتێکی ٣ یان ٥ کەسی وەک هەیئەتی ڕێبەرایەتی هەڵبژێرن هەروەها ئەرکیان پێ سپێردرا کە نەخشەیەک بۆ سازماندەهی و میکانیزمێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پاوانخوازی دابنێن.

٣. بڕیارەکانی ئەو دوو هەیئەتە بۆ ئەندامانی حەرەکەتی راستکردنەوە (لازم اجرا) و هەر لەو کاتەدا هەیئەتی بەڕێوەبەری دەتوانێ بڕیاری هەیئەتی ئیجرایی هەڵوەشێنەتەوە.

٤. ئەندامانی ئێستای کومیتەی ناوەندی وتەبێژی ئەم حەرەکەتە لەگەڵ قۆڵی پاوانخوازان، بەڵام لەو مەسەلەدا کە پیوەندییان بە کێشەکانی نیوخۆیی حیزبەوە هەیە، تابیعی بڕیاراتی ڕێبەریی ئەم حەرەکەتەن و لە کۆبوونەوە لەگەڵ تەرەفی موقابیلدا هەموویان لە سەریانە چالاکانە بەشداری باسەکان بن و دیفاع لە بۆچوونەکان بکەن.

٥. ئەم حەرەکەتە پەیمانێکی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانییە و زەربەلێدانی بە تاوان دەژمێرێ.

٦. ئەم بزووتنەوەیە بۆ خۆبواردن لە کار نیە و ئەندامانی ئەم بەشە دەبێ بەو پەڕی دڵسۆزی و نەزم و دیسیپلینەوە ئەرکەکانیان راپەڕێنن و حورمەتی ڕێبەریی حیزب و ئەندامانی تەرەفی موقابیل بپارێزێ و هەر لەو کاتەدا بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەم حەرەکەتەیش ئامادە بن.

٧. کاری ئەم حەرەکەتە بەدەستهێنانی پلەو پایە نیە و حەرەکەت بەرعۆدە نیە لە دوارۆژدا پلەوپایە بۆ هیچ کەس بەدەر لە هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەندامانی حیزب مسۆگەر بکا. هەر لەو کاتەدا هیچ کەسیش ناچار ناکا بە پێچەوانەی ویست و ئۆگریی خۆی بەرپرسایەتییەک وەربگرێ.

٨. بە مەبەستی پاراستنی یەکێتیی ریزەکانی ئەم حەرەکەتە

ژیاندنەوەی هەر شتێک کە برینەکانی رابردوو بکولێنێتەوە، بە تاوان دەژمێردرێت.

٩. رێبەرانــی شــەهید قــازی، قاســملوو، شــەرەفکەندی لــە هەمــوو جێگایەک و لە لایەن هەموو بەشدارانی ئەم حەرەکەتەوە بە ڕێزەوە یــاد دەکرێنــەوە و لە ژووری کاری هەمواندا عەکســی هەر ســێکیان هەڵدەواسرێ.

١٠. هەمــوو هاورێیــان بــە قــەد یــەک، ئەندامی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئیرانــن و بێ حورمەتــی بە رابردووی هەر بەشــێک لە هاوڕێیــان قەدەغەیــە. نــە کــەس دیفاع لــە رێبەرایەتیی شۆڕشــگێڕی پێشــوو دەکا و دەیژێنێتــەوە و نــە کــەس بــۆی هەیــە بێ ئەدەبــی بەرامبەری بکات.

١١. ئــەم حەرەکەتــە بــۆ درکاندنــی نهێنییەکانــی حیــزب و بردنــی ناکۆکییــەکان بــۆ دەرەوەی حیــزب دەستپێشــخەر نابــێ و ئەگــەر لە قۆڵــی پاوانخــوازەوە بێ حورمەتــی بە خــۆی یــان ئەندامەکانی کرا، کــەس هەقــی نیــە بۆ خــۆی وڵام بداتەوە و ئەو کارە لە ســەلاحیەتی دوو هەیئەتی بەڕێوەبەری و ئیجراییدایە.

١٢. رێبەریــی ئــەم حەرەکەتــە بــە پێــی چوونەپێشــی رەوتەکــە میکانیزمــی تــازە دیــاری دەکا بۆ ئــەوەی قۆڵی پاوانخــواز ناچار بکا مل بۆ وەک یەک ناســینی هەموو ئەندامانی حیزب و بەشــدارکردنی هەموو تواناکان لە کار و تێکۆشانی حیزبیدا و هەڵگرتنی هەر چەشنە جیاوازی دانانێکی ناڕەوا رابکێشێ.

بەڵگەی (٤)

[illegible]

بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب

لەگەڵ سڵاو

ئەمڕۆ شەممە ٨٤/٢/٧ نامەیەکمان بە ئیمزای کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی سکرتاریا پێگەیشت کە داوا دەکا رۆژی دووشەممە (دووسبەی) سەعات ١٠ی بەیانی بۆ بەشداری لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندیدا لە سکرتاریا ئامادە بین. لەو پێوەندییەدا بە پێویست دەزانین سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵە رابکێشین:

١. شاراوە نیە کە گیروگرفتێک لە نێوخۆی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دا هەیە کە هەموو فکری هاوڕێیانی بەخۆیەوە خەریک کردووەو بە کردەوە کاروباری حیزبی بەرەو راوەستان بردوە. ئێمە لە ماوەی رابردوودا ریزە پێشنیارێکمان بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە خستۆتە بەرچاوی هاوڕێیان کە بەداخەوە هیچ کردیان لێ نەگیراوە.

٢. پلینۆم و کات و شوێنی گیرانی و بەرنامەی کارەکەی دەبێ بە بڕیاری دەفتەری سیاسی دیاری بکرێن و هیچ ئاییننامەیەک سەلاحییەتی بە بەرپرسی سکرتاریا یا سکرتێر نەداوە بەتەنیا لەو بارەیەوە بڕیار بدەن. لێرەش دا لە شەش ئەندامی دەفتەری سیاسی ٣ کەس موخالیفن و بەو جۆرە بانگهێشتنەکە لە جێدا دروست نیە.

٣. لەبەر هەر دوو هۆی سەرەوە ئێمە هەشت ئەندامی کومیتەی ناوەندی و سێ جێگرو دوو موشاویر بڕیارمان داوە نەیەینە هیچ کۆبوونەوەیەکی لەو بابەتەو ئاشکراشە بەپێی بەندی دەهەمی پێڕەوی نێوخۆی حیزب؛ (بڕبڕەی٢) پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بەبێ ئامادەیی ئێمە کە زیاتر لە سێیەکی ئەندامانی ئەسڵیی کومیتەی ناوەندیمان لەگەڵە رەسمییەت پەیدا ناکاو بڕیارەکانی کۆبوونەوەیەکی لەو بابەتە نامەشرووعن.

٤. بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە کە ناوی "پلینۆم"تان لەسەر داناوە پێشێلکردنی راشکاوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لەبەریەک هەڵتەکاندنی ریزەکانی حیزب و لەیەک قسەدا کودیتایەکە دژی یەکپارچەیی حیزبەکەمان لە یەکێک لە ناسکترین هەلومەرجەکانی ژیانی سیاسیی خۆیدا.

٥. بەراشکاوی رادەگەیەنین ئەگەر کۆبوونەوەیەکی وا بگرن و ناوی پلینۆمی لەسەر دابنێن، ئێمە بە لێبڕاوییەوە هەڵوێستی لەسەر دەگرین و ناشەرعی بوون و نارەسمی بوونی لەقاو دەدەین. هەر لەو کاتەدا هەموو رێگایەکی مەشرووع دەگرینەبەر بۆ ئەوەی پێش بەڕێوەچوونی بڕیارە ناشەرعییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە و لەتکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگرین.

٦. پاش هەموو ئەمانە داوا لە جەنابت و هاوبەناحەکانت دەکەین بۆ پاراستنی ئوسووڵی حیزبی و یەکیەتیی تەشکیلاتیی حیزب و بۆ کۆتایی هێنان بە نیگەرانیی هەموو دڵسۆزانی حیزب؛ واز لە گرتنی ئەو کۆبوونەوەیە بە ناوی پلینۆم بێنن و لە جیاتی ئاڵۆزترکردنی قەیرانی نێو حیزب رێگای دیالۆگ و برایەتی و ئێک گەیشتن بگرنە پێش. دڵنیابە ئەو هەنگاوەی بە نیازن هەڵی بێننەوە نە قازانجی حیزب و بزووتنەوەی تێدایە و نە شانازییەک بۆ هیچ

کەس، بە ئاواتی بڕیاری بەرپرسانە، ئەندامانی ئەسڵی و جێگرو مەشاوێری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

حەسەن رەستگار

عەلی مێهرپەروەر

مستەفا مەولوودی

حەسەن قادرزادە

کەمال کەریمی

سمایل بازیار

عومەر باڵەکی

لوقمان مێهفەر

خەدیجە مەزووری

محەممەد حەسەن پوور

محەممەد گەسرایی

هێمن سەیدی

عەبدوڵڵا بەهرامی

١٣٨٤/٢/٧

بێجگـە لەم پەیمانی بەناو نیشـتمانییەش کۆبوونەوەکانیان تەحریم دەکرد، ئەمەش بەڵگەی ئەو تەحریمەیە. ئەم بەڵگانە تەنیا نموونەیەکن لە خەرواریێک بەڵگەی دیکە کە حیزبیان بەرەو ئینشـعاب برد و بەو پەڕی چەواشـەکارییەوە وایان دەنواند کە گویا زۆرینەی ڕێبەرایەتیی حیـزب ئەوانی پەراوێز خسـتووە و تەعامولـی لەگەڵیان باش نەبووە و هتد.

لـە ڕۆژی ١٥/ ١٣٨٥/٩ی هەتاویـدا ئـەو گرووپـە جیابوونـەوەی خۆیان لە حیزب ڕاگەیاند. جیابوونەوەیەک کە هەر لە پاش کۆنگرەوە حەسـەنزادە بە بی ئەوەی ڕایبگەیەنێ، پێکی هێنابوو و کەرەسـتە و ئامرازی بۆ دابین کرابوو.

لـە سەیروسـەمەرەکانی دوای ئـەم ئینشـعابە ئەوە بـوو کە پاش ماوەیـەک دواتـر، بە ڕواڵەت داوای یەکگرتنـەوەی حیزبیان دەکرد و چوونە لای هەموو حیزب و لایەنێک و کەوتنە گوشـار دروسـتکردن بۆ ئەم سیاسـەتەیان، سیاسـەتێک کە بێجگە لە فریوکاری هیچی دیکە نەبـوو و بـۆ ئـەم وتەیەش دوو دەلیل هەیە: یەکەم لە بانگهێشـتنێکی سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتاندا کـە هـەر بـە هـۆی داواکاریی ئەوانـەوە لـە دیوانـی سـەرۆکایەتیی هەرێمدا پێک هاتبـوو، عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئامادەی یەکخستنەوەی حیزب نەبوو، لە کاتێکدا کە کاک مسـتەفا هیجـری ئامادەیی خۆی بۆ یەکخسـتنەوەی حیزب دەربڕی. بێجگـە لەمـە، وەفدێکـی هاوبەشـی پارتـی و یەکێتـی بـۆ ناوبژیوانی هاتنە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوای باسـێکی زۆر وەفـدی حـدکا ئامـادە بوو لـە زووترین کاتـدا کۆنگرە بگـرێ، بـە مەرجێـک ئـەوان ئاکامـی ئـەو کۆنگرەیـان قبـووڵ بێ و پارتـی و یەکێتیـش چاوەدێری بکەن کە ئەمەشـیان قبووڵ نەکرد. تا ئێسـتاش هەر دروشـمی یەکگرتنەوە دەدەن بەبێ ئەوەی هەنگاوێکی بە کردەوەی بۆ هەڵگرن.

■ ٦٧: ڕاگەیەندراوی دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێزگرتن لە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

لە بیستەمین ساڵی شەهیدکرانیدا (١٣٨٨)

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

کۆمەڵانی بەشەرەف و مافخوازی کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

٢٠ ساڵ لەمەوپێش لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاویدا، ڕێبەری مەزنی گەلی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێی تێکۆشەر، کاک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد گەیشتە ڤیەن، پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تا لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکات، بەو هیوایەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست لە سیاسەتی کوردکوشتن هەڵ بگرێ و پرسی نەتەوەی ١٠ میلیۆنیی کورد لە ئێراندا لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام مەخابن لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاویدا، وەڵامی پێغەمبەری ئاشتی و مامۆستای دێموکراسی بە گوللە درایەوە و هاوڕێ لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، شەڵاڵی خوێن کرا و تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو.

تیرۆرکرانی ناجوامێرانەی ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە سەر مێزی وتووێژ، ڕەتکرانەوەی خوێناویی پەیامی ئاشتی و تەبایی ئەو ڕێبەرە مەزنە بە نوێنەرایەتی لە گەلی کوردستانەوە بوو و لەو کاتەوە تا ئێستا، ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵانی مافخوازی کوردستان، لەو ئامرازە دزێوەی سەرکوت و داپڵۆسین

کەڵک وەردەگرێ و هیچ چەشنە گۆڕانێکی ئەرێنی لە سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە ئازادیکوژەدا بەدی ناکرێ. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگە، گەلی کورد لە سەر داوا رەواکانی خۆی سوورە و قاسملوو گوتەنی «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات».

کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان!

با لە بیستەمینساڵڕۆژی تیرۆرکرانی ڕێبەری ناوداری کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوودا، هەم سیاسەتی تیرۆر و رەشەکوژیی ئەو ڕێژیمە لە بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهاندا مەحکووم بکەین و هەم بە کوردکوژان بسەلمێنین کە ئاوات و ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەر، ئاوات و ئامانجی بە میلیۆنان کوردی بێبەش لە مافە نەتەوایەتییەکانیەتی و نەتەوەکەمان تا وەدیهێنانی سەرجەم ئامانجەکانی قاسملوو دەست لە خەبات هەڵ ناگرێ.

دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێزگرتن لە ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە ٢٠ەمین ساڵی شەهیدکرانیدا داوا دەکات:

١. داخستنی سەرجەم دووکان و بازاڕەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

٢. کوژاندنەوەی چرای ماڵی هاووڵاتیان بۆ ماوەی ٣ خولەک لە کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٢ی پووشپەر بە کاتی تاران.

٣. هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان.

٤. هەڵکردنی ئاڵای شینی کاڵ و ئاسمانی و کەڵک وەرگرتن لەو ڕەنگە لە شێوەی جۆراوجۆردا.

٥. خۆپاراستنی گوندنشینان لە هاتوچۆ بۆ شارەکان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا.

٦. هاتنە سەرشەقام و شوێنە گشتییەکان لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی

٢٢ی پووشپەردا، بە جلوبەرگی کوردییەوە.

٧. لە هەر شارێکی کوردستاندا، یەکێک لە شەقام یان گۆڕەپانەکانی شار بە ناوی شەقام یان گۆڕەپانی دوکتور قاسملوو ناودێر بکرێ.

ئەو شەقام و گۆڕەپانانەی کە بە ناوی دوکتور قاسملووی نەمرەوە ناودێر دەکرێن، بریتین لە:

ریز	ناوی شار	ناوی شەقام یا مەیدان
١	ئیلام	«امام خمینی»
٢	ئەیوانغەرب	«امام خمینی»
٣	کرماشان	بلواری «بهشتی»
٤	گێلانغەرب	«جهاد»
٥	قەسری شیرین	«راه کربلا»
٦	سەرپێڵی زەهاو	فەلەکەی «امام خمینی»
٧	کرند	راه کربلا
٨	شەهاباد	«باهنر»
٩	سەحنە	«امام خمینی»
١٠	روانسەر	خیابانی ئەسڵی
١١	جوانڕۆ	مەیدانی بەسیج
١٢	پاوە	فەلەکەی شهدا
١٣	کامیاران	«خیابان بهشتی»
١٤	سنە	«خیابان پاسداران»
١٥	قوروە	«خیابان چمران»
١٦	دێگولان	«سێرای جمهوری»
١٧	مەریوان	جمهووری
١٨	دیواندەرە	«خیابان امام خمینی»
١٩	سەقز	مەیدانی «قدس»

٢٠	سایین قەڵا	فەلەکەی»قیام»
٢١	تیکاب	فەلەکەی «یادبود»
٢٢	بانه	مەیدانی «جهاد»
٢٣	رەبەت	«فەلەکەی جمهوری اسلامی»
٢٤	سردشت	«خیابان امام خمینی»
٢٥	بۆکان	بلواری «جمهوری اسلامی»
٢٦	مەهاباد	خیابان «جمهوری اسلامی»
٢٧	پیرانشار	مەیدانی «قدس»
٢٨	نەغەدە	«خیابان رجایی»
٢٩	شنۆ	«خیابان امام خمینی»
٣٠	ورمێ	«خیابان امام خمینی»
٣١	سەڵماس	«امام خمینی»
٣٢	ماکۆ	«جواد قنبری»

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

با هەمووومان بە بەڕێوەبردنی ئەو حەوت خاڵە کە خستمانە پێش چاوی ئێوەی بەڕێز، رێز لە خەبات و تێکۆشانی رێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بگرین و وێڕای مەحکوومکردنی تیرۆری ئەو مرۆڤە مەزنە، لە سەر ئارمانجە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی رێبەری مەزنمان کە ئارمانج و ئاواتی بە میلیۆنان کوردی بێبەش لە مافەکانیەتی، پێ داگرینەوە و بە نەیارانی نەتەوەکەمان بسەلمێنین کە رێبازی قاسملوو، رێبازی خەڵکی مافخوازی کوردستانە.

سڵاو لە گیانی پاکی رێبەری زانامان کاک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاریی

کوردستان
مەرگ و نەمان بۆ دوژمنانی ئازادی و مافی گەلان
دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێزگرتن لە یادی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
لە ٢٠ەمین ساڵی شەهیدکرانیدا
سپاسنامە
لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی بیستەمین ساڵوەگەڕی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووی نەمردا
خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان!
ئەندامان و لایەنگرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵیشدا، سەرەڕای هەڕەشە و گوشاری لە ڕادە بەدەری هێز و ئۆرگانە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی، وەڵامدانەوەتان بە بانگەوازیدەستەی بەڕێوەبەریی یادی بیست ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی گەل، دوکتور قاسملووی نەمر، نیشانەی ڕێزدانانتانە بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەم ڕێبەرەمەزنە و لەهەمان کاتدا دژایەتی و بێزاری دەربڕینە لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
یەکگرتوویی بێوێنەی ئێوە بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، هاتنە سەر شەقام بە جلوبەرگی کوردی، کەڵکوەرگرتن لە رەنگی ئاویی ئاسمانی، نەهاتنی گوندنشینە خۆشەویستەکان لەو رۆژەدا بۆ شارەکان، هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، کووژاندنەوەی چرای ماڵەکانتان بۆ ماوەی ٣ خولەک و سەرەنجام بە کردەیی کردنی ناوی ئەو شەقام و مەیدانانەی کە بە ناوی دوکتور قاسملووی ڕێبەر ناودێر کراون، جێگای ڕێز و قەدرزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە هەمان کاتدا نیشانەی سووربوونتان لە

پشتیوانیکردن لەم حیزبە خەباتکارە و ئامانجەکانیەتی.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

یەکگرتوویی ئێوە لەم حەرەکەتە مەدەنی و ژیرانەیەدا هیوابەخشی دواڕۆژێکی روون بۆ گەلی کورد و پەیامێکی قورس و قایمە بۆ دوژمنان و نەیارانی گەلەکەمان کە بێگومان شوێندانەرییەکانی ئەم حەرەکەتە لە داهاتوودا زیاتر رەنگ دەداتەوە و دەردەکەوێ.

سەرکەوتنی بەرچاوی گەلەکەمان لەم پانۆرامایەدا لە یەکگرتوویی و ئازایەتی و بوێریی تەک تەکی ئێوە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیدا بوو و دەبێ ئەم یەکگرتووییە وەک گلێنەی چاو بپارێزین، چوونکە لە داهاتووشدا رەمزی هەر سەرکەوتنێکمان لە یەکگرتوویی و یەکڕیزیدایە.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە سەر ئەو باوەڕەین کە دەکرێ و دەبێ وێڕای بوونی بیری جیاواز و فرەچەشن لە کۆمەڵگای کوردستاندا، پێکەوە هاوکار و هاوخەبات بین لە پێناو هێنانەدیی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەختیار و هەر ئەم هاوکاری و یەکگرتووییەش دەتوانێ رەمزی سەرکەوتنمان بێ.

لە هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای کۆبوونەوەی گشتی لە بنکەی دەفتەری سیاسی بە بەشداریی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزب، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی کوردستان لەم رێوڕەسمانەدا رێزیان لە خەبات و تێکۆشانی قاسملووی نەمر گرت.

هەروەها لە بنکەی ناوەندی ٣ی کوردستان، لە شارەکانی هەرێمی کوردستان: هەولێر، سلێمانی و کەلار یادی ئەم رێبەرە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان کرایەوە و چەندین کەسایەتیی سیاسی و زانستگایی قسەیان لە سەر رۆڵی دوکتور قاسملوو لە خەباتی رزگاریخوازانەی

کورددا کرد و ئەم خەباتەیان بەرز نرخاند.

لە دەرەوەی وڵاتیش چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار بە بەشداریی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب و کەسایەتییە سیاسییە بیانی، ئێرانی و کوردستانییەکان بەڕێوە چوون، کە لە باس و بابەتەکانیاندا تیشکیان خستە سەر رۆڵی سیاسی و دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو و هەوڵە نێونەتەوەییەکانی ئەم رێبەرە ئاشتیخوازە و جارێکی دیکە داوایان لە حکوومەتی ئوتریش و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان کرد پەروەندەی ئەم تیرۆرە بخەنە بەرباس و رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بڕیاردەرانی ئەم تاوانە بە دادگای نێونەتەوەیی بناسێنن و بە سزای کردەوە جینایەتکارانەکەیان بگەیەنن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەزاران سڵاو و سپاس دەنێرێ بۆ ئەو کەسانەی تەنانەت بە کردەوەیەکی بچووک لە بە سەرکەوتن گەیاندنی بانگەوازی دەستەی بەڕێوەبەریی بیستەمینساڵیادی تیرۆرکردنی رێبەری شەهید دوکتور قاسملوودا هاریکار بوون و پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە هەموو ئەو کەسانە دەکا کە بە ئیحساسێکی پاک و ئازاییەکی بێوێنەوە هاتنە مەیدان و ئەم سەرکەوتنەیان دەستەبەر و تۆمار کرد و هەروەها سپاسی ئەو کەس و لایەنانە دەکا کە بەشدارییان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بیستەمین ساڵیادی دوکتور قاسملووی شەهیددا کرد.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٨٨/٨/٢٣

نیشتمانی قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕدا رابوو

راپۆرتی رۆژنامەی «کوردستان» لە حەماسەی ٢٢ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٨٨:

بە پێی راپۆرتەکانی «هەواڵدەریی کوردستان» ئەمساڵ لە ٢٢ی

پووشپەڕدا، بیستەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملووی نەمر، کوردستان ڕابوو. شارەکانی کوردستان لە بێدەنگییەکی پڕمانا ڕۆچوون، هەم بۆ ناڕەزایەتی دژی تیرۆری ڕێبەری بێوێنەی نەتەوەی کورد و هاوڕێیانی لە وییەن لە لایەن دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و هەم بە مەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی بەرزی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی، ڕەنگی شینی ئاسمانی بە نیشانەی ڕەنگی هزرە قووڵ و مرۆڤتەوەرەکانی دوکتور قاسملووی ڕێبەر، هەموو شار و گوندەکانی کوردستانی داپۆشی، دروشمی شۆڕشگێڕانە و تراکت و فیلمی تایبەت بەم بۆنەوە و هەروەها ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بەرچاو دەکەوتن. خەڵکی گوندەکان لە هاتوچۆ بۆ شارەکان خۆیان پاراست، خەڵکی شارەکان لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا بە جلوبەرگی کوردییەوە هاتنە سەر شەقام و گۆڕەپانە سەرەکییەکان و هەڵوێستی خۆیان نواند و لە سەر کاتژمێر ١٠ی شەو بۆ ماوەی سێ خولەک چرا و ڕۆشنایی ماڵەکانیان لە هەموو شار و گوندەکاندا بە نیشانەی یەکیەتی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان لە ناڕەزایەتی دەربڕین دژی ڕێژیم و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبەری شەهیدیان کوژاندەوە.

* ٧ خاڵی پێشنیاری بە بۆنەی ٢٢ی پوشپەڕەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە خەڵکی سەرانسەری کوردستان کردبوو تا بە جێبەجێکردنی ٧ خاڵی پێشنیارکراوی «کومیتەی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو لە بیستەمین ساڵی شەهیدکرانیدا»، لە خەبات و لەخۆبوردوویییەکانی ڕێبەری مەزنمان ڕێز بگرن و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. ڕەوتی جێبەجێبوونی ٧ خاڵە پێشنیارکراوەکە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

■ ١. داخستنی دوکانو بازاڕەکان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا

مەهاباد، بۆکان، سەقز، ورمێ، ڕەبەت، شنۆ، نەغەدە، بانە، سنە، پاوە، دیواندەرە، جوانرۆ، خۆی، ماکۆ، سەڵماس، سەلاسی باوەجانی، کامیاران و سەریاس لەو شارانە بوون کە هێندیکیان بە تێکڕاو هێندێکی دیکەیان تا رادەیەک بازاڕ و دووکانیان داخست.

لە مەهاباد، دووکاندار و بازاڕییە دلێرەکانی ئەو شارە سەرجەم دووکانەکانیان داخست و شار لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوا هاوڕێ و هاوهەنگاوی حەرەکەتە شۆڕشگێڕانەکە بوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە هێزێکی سەرکوتکەری زۆری تەیار بە چەکی هێنابووە شارەکە و بە شکاندنی قوفڵ و درگای هێندێک لە دووکانەکان دەیهەویست لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن و دەرخستنی داماوی و دەستەوەستانیی خۆیەوە، ڕووبەڕووی حەرەکەتەکە بێتەوە کە بە خۆشییەوە ژمارەیەک لە ریش چەرمووەکان و کەسایەتییەکانی ئەو شارە بە ڕێژیمیان ڕاگەیاند کە ئەگەر درێژە بە شکاندنی قوفڵی دووکانەکان بدەن، خەڵک لە دژیان ڕادەپەڕێ و بەمجۆرە سەرکەوتنی حەرەکەتی خەڵکی مەهاباد و دەستەوەستانیی ڕێژیم لەو شارەدا بە تەواوی مسۆگەر بوو.

لە بۆکان، دووکان و بازاڕەکان لە تەواوی ڕۆژدا داخرابوون و سەرەڕای گوشارەکانی ڕێژیم لە ڕۆژانی پێشتر و بەتایبەت لە ٢٢ی پووشپەڕدا بۆ سەر بازاڕییەکان تا دووکانەکانیان بکەنەوە، حەرەکەتی مەزنی خەڵک لە پێناو ئامانجەکانیاندا درێژەی کێشا و بە تەواوی سەرکەوتوو بوو.

لە سەقز، مانگرتن لە شێوەی داخستنی دووکان و بازاڕەکان هەموو شاری گرتەوە و تەنانەت دووکانی سەر شەقامەکانی ڕوو لە دەرەوەی شاریش و لە نێو کۆڵانەکانیش بەسترابوون. ڕێژیم هێزە

سەرکوتکەرەکانی خۆی بردە سەر ماڵی هێندێ لە دووکاندارەکان و بە بێحورمەتیکردن بە بازاڕییانی بەڕێز هێندێکیانی ناچار بە کردنەوەی دووکانەکانیان کرد کە لە کۆتاییدا ئەوانەشی کە ناچار کرابوون هەر ماوەیەکی کورت خۆیان راگرت و سەرلەنوێ دووکانیان داخستەوە و رێژیمی داماو و داتەپیو نەیتوانی پێش بە سەرکەوتنی حەرەکەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکەکە بگرێ.

لە شنۆ نزیک بە تەواوی دووکان و بازاڕەکانی شار هەر لە بەیانییەوە داخرابوون و ئەم حەرەکەتە بێوێنەیەی خەڵک لە کاتێکدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو کە کاربەدەستانی رێژیم لە چەند رۆژ پێشترەوە هەڕەشەیان لە هەموو بازاڕییان و دووکاندارانی ئەو شارە کردبوو کە ئەگەر لەگەڵ حەرەکەتی ئێعترازی خەڵک لە ٢٢ی پووشپەڕدا بکەون، سزای قورس چاوەڕوانیان دەکات.

لە نەغەدە، هەموو دووکان و بازاڕەکانی بەشە کوردنشینەکان داخرابوون و ژمارەیەک لە دووکانداران و بازاڕییانی بەشە ئازەری نشینەکانیش لەگەڵ ئەو حەرەکەتە کەوتن. گوشارەکانی سەر خەڵکی ئەو شارە لەرادەبەدەر بوو، بەڵام خەڵک حەرەکەتەکەیان سەرخست.

لە شاری بانە، هەموو دووکان و بازاڕەکان لە بەری بەیانەوە داخرابوون و خەڵکی دلێری ئەو شارە، سەرەڕای گوشارە توندەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم، گومانیان لە پێویستی پەیوەستبوون بەم حەرەکەتە جەماوەرییە نەکرد.

لە رەبەت، سەرانسەری رۆژ، هەموو دووکان و بازاڕەکان داخرابوون و گوشارەکانی رێژیم بۆ سەر خەڵکی ئەو شارە و وەرگرتنی بەڵێننامەی زۆرەملا لە بازاڕییان بۆ دانەخستنی دووکانەکان هیچی پێ نەکراو سەرکەوتنی تەواو بوو بە نسیبی شارەکە.

لە ورمێ لە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی نێو شاردا کە بریتین

لە ئیسلام ئاباد، ئابیاری، گرەجوو، تەرزەلوو، کوشتارگا، حەسار، ئەلواج، شەهرەکی سپا، شەهرەکی دانشگا، دیزەی سیاوەش و لە چەند ناوچەی ئازەرینشینیش هێندێ لە دووکانو بازاڕەکان داخرابوون. هەروەها لە شارۆچکەکانی «دزێ»و «زێوێ» لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێدا، دووکان و بازاڕەکان داخران و خەڵکی ورمێ لەگەڵ ئەم یەکیەتییە کەوتن.

لە سنە، بازاڕ و دووکانی ناوچەکانی کەمەربەندی ۱۷ی شەهریوەر، فەیزئاوا، کانی کوزەڵە، عەبباس ئاوا، فەرەح، حەسەن ئاوا و غەفوور بە تەواوی داخرابوون و بەشێک لە دووکان و بازاڕەکانی شەقامی قاسملوو، فردەوسی و شاپووریش داخرابوون.

هەروەها لە شارەکانی پاوە، دیواندەرە، جوانڕۆ، خۆی، ماکۆ، سەڵماس، سەلاسی باوەجانی، کامیاران و سەریاس بە رادەی جۆراوجۆر دووکان و بازاڕەکان داخرابوون و خەڵکی ئەو شارانە لەگەڵ حەرەکەتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان کەوتن.

■ ۲. کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ ماوەی ۳ خولەک لە کاتژمێر ۱۰ی شەوی ۲۲ی پووشپەڕ بە کاتی تاران:

لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستاندا، لە ماکۆ و سەڵماسەوە تا کرماشان و ئیلام، خەڵک لە کاتژمێر ۱۰ی شەوی ۲۲ی پووشپەڕدا بۆ ماوەی ۳ خولەک چرای ماڵەکانی خۆیان بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی بەرزی دوکتور قاسملووی نەمردا و هەروەها ڕێزدانان بۆ گیانی پاکی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کوژاندەوە. شایانی باسە کە ئەم حەرەکەتە ئێعترازییە لە هێندێک لە شارەکاندا سەداسەد سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ڕۆشنایی چرا حکوومەتییەکان دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە زۆر سەرکەوتوو بووە.

■ ٣. هەڵکردنی ئاڵای سێ رەنگی کوردستان:

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو شارەکانی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای سێ رەنگی کوردستان، کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییان بۆ شار و گوندەکان خوڵقاند. ئەم حەرەکەتە لە زۆربەی شارو گوندەکاندا سەرکەوتوو بووە.

■ ٥. هەڵکردنی ئاڵا بە رەنگی شینی ئاسمانی و کەڵکوەرگرتن لەو رەنگە لە شێوازی جۆراوجۆردا:

لە سەرانسەری مانگی پووشپەڕدا و هاوکات لەگەڵ چالاکییە بەربڵاوە تەبلیغاتییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شوێنە جیاجیاکانی سەرانسەری کوردستاندا، ئاڵا بە رەنگی شینی ئاسمانی لە سەر بەرزاییەکانی شارەکان و هەروەها لە نێو شەقام و کۆڵانەکانی شارەکاندا هەڵکرا و لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕیشدا ئەم رەنگە بە شێوەی بەرچاو لە شارەکاندا بەدی دەکرا. بۆ نموونە لە شاری سەقز، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، وێڕای هەڵکردنی ئاڵا بە رەنگی شینی ئاسمانی، بە پرژاندنی رەنگ بە دیوار و سەر شەقام و کۆڵانەکاندا، شاریان رەنگڕێژ کرد.

■ ٥. خۆپاراستنی گوندنشینان لە هاتووچۆ بۆ شارەکان لەو رۆژەدا:

ئەم حەرەکەتە جەماوەرییە لە لایەن گوندنشینانی دلێری کوردستانەوە لە دێهاتەکانی زۆربەی شارەکان بە تەواوی بە شێوەیەکی بەرچاو بەڕێوە برا و گوندنشینان وێڕای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئاڵای شینی ئاسمانی و تەبلیغاتی بەرین لە ئاستی گوندەکاندا، بە خۆپاراستن لە هاتوچۆ بۆ شارەکان هەروەک هەمیشە هاوڕێی ئەو یەکیەتی و یەکهەڵوێستییەی کۆمەڵانی خەڵک بوون.

■ ٦ـ هاتنە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕ بە جلوبەرگی کوردییەوە:

خەڵکی کوردستان ئەم حەرەکەتە سەمبوولیکەیان بە باشی و بە سەرکەوتووییەوە بەڕێوە برد. لە هێندێک لە شارەکاندا، هێزەکانی ڕێژیم دەیانویست ئاپۆرەی خەڵک بە توندوتیژیدا بکێشن و بەم شێوەیە سیمای حەرەکەتی شارستانییانە و مەدەنی خەڵک خەوشدار بکەن کە بە خۆشییەوە خەڵکو بەتایبەت توێژی لاوان ئەم پیلانەی ڕێژیمی داسەپێنەری برینداریان پووچەڵ کردەوە.

٧ـ لە هەر شارێکی کوردستاندا، یەکێک لە شەقام یان گۆڕەپانەکانی شار بە ناوی شەقام یان گۆڕەپانی دوکتور قاسملوو ناودێر بکرێ:

لە مانگێک پێش ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕەوە، «کومیتەی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو لە بیستەمینساڵیادی شەهید کردنیدا» بە راپرسی لە خەڵکی شارەکان و لێکدانەوەی وردی رای خەڵک، ئەو شەقام یان گۆڕەپانانەی دیاری کرد کە بە ناوی دوکتور قاسملووەوە ناودێر کران و پێش لە ٢٢ی پووشپەڕ رایگەیاند کە خەڵک بە تەواوی پێشوازییان لێ کرد و هەر ئێستا خەڵکی کوردستان لە هەر شارێکدا خاوەنی شەقامێک یان گۆڕەپانێک بە ناوی ڕێبەری مەزنی خۆیانەوەن و شانازیی پێوە دەکەن.

■ چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە پووشپەڕدا، لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ٢٢ی پووشپەڕ، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە سەرانسەری شارو گوندەکانی کوردستاندا بە شێوەی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. چالاکییەکان بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوو بە شێوەی فیلم و تراکت، بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو، نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانەی تایبەت بەم

ڕۆژە لە شوێنە گشتییەکاندا، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، هەڵکردنی ئاڵا بە ڕەنگی شینی ئاسمانی، بڵاوکردنەوەی بانگەوازی «کومیتەی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو لە بیستەمین ساڵیادی شەهید کردنیدا»و ...

ئەو شارانەی کە تێیاندا چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە بریتین لە: ورمێ، مەریوان، شنۆ، بۆکان، نۆدشە، دێولان، کامیاران، سەقز، نەغەدە، مەهاباد، سنە، پیرانشار، بانە، ناوچەی هەوشار، نەوسوود، سەردەشت، دیواندەرە، ماکوو، پاوە، خۆی، سەلاسی باوەجانی، کرماشان، ڕوانسەر، سەڵماس، ڕەبەت، شائاباد، قەسری شیرین، سەرپێڵی زەهاو، کرندی غەرب، گەهوارە و ئیلام. شایانی باسە کە لە گوندەکانی سەر بە هەموو شارەکاندا چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە. هەروەها لە تاران لە سەر گۆڕی «ندا ئاغا سوڵتان» کە لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییانەی تاراندا شەهید بوو، وێنەی دوکتور قاسملوو و وتە بەنرخەکانی ئەم ڕێبەرە شەهیدە دانرا. لە کوورەخانەکانی وایەگان، شەبەستەر، نەورۆز و سەلامەتیشدا چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو. ئەندامان و لایەنگرانی دلێری حیزب لە مەهاباد لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا هەموو حەوزەکانی مەیدان و پارکەکانی ئەو شارەیان بە ڕەنگی سوور دەرهێنا، بە نیشانەی خوێنی بەناهەق ڕژاوی شەهیدان.

■ پەرچەکرداری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم پێش ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، بە هۆی دەستبەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان، بانگهێشتکردنی دووکانداران و بازاڕییەکان بۆ ئیدارەی ئەماکنی ئیتلاعات، وەرگرتنی بەڵێننامەی زۆرەملێ لە بازاڕییان و بەنیزامیکردنی هەرچی زیاتری شار و گوندەکانی کوردستان دەیانەویست بە ترس و تۆقاندن لە حەرەکەتی جەماوەری و دوژمن بەزێنی خەڵکی

کوردستان پێشگیری بکەن کە بە خۆشییەوە ناکام مایەوە.
لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ تا لە ڕێگەی توندوتیژییەوە حەرەکەتی مەدەنیی خەڵک و سیمای حەرەکەتەکە خەوشدار بکات کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوو. لە رۆژی ٢٣ی پووشپەڕدا، هێزەکانی ڕێژیم بە پۆلۆمپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دووکانەکانی خەڵک لە چەندین شاردا و بەتایبەت لە مەهاباد، بۆکان، سەقز و شنۆ و هەروەها پچڕاندنی بەرقی بەشێکی زۆر لە بازاڕەکان هەوڵی دا هێزی زۆر و سەپێنەری خۆی بنوێنێ کە بە هۆی یەکگرتوویی خەڵک لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کردەوانەی ڕێژیمدا، لەو کارەشدا ناکام و دەستەوەستان مایەوە و بەمجۆرە یەکیەتیی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان سەرکەوتنی خۆی تۆمار کرد.

■ رەنگدانەوەی حەرەکەتی جەماوەریی خەڵک

ئەم حەرەکەتە شۆڕشگێڕانە و یەکگرتووەی خەڵکی کوردستان لە لایەن راگەیەنەکانی شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە رەنگدانەوەی هەبوو. جگە لە راگەیەنە کوردییەکان، لە تەلەڤیزیۆن، رادیۆ، ماڵپەڕە هەواڵییەکان و رۆژنامەکانەوە تا بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوی جیاواز، لە راگەیەنە فارسی زمان و ئینگلیسی زمانەکانیشدا رەنگی دایەوە.
تەلەڤیزیۆنی «تیشک»، راگەیەنی جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی مانگرتنەکەدا بە وەشانی راستەوخۆ و رەنگدانەوەی سات بە ساتی مانگرتنەکە لەم پێناوەدا تێکۆشا کە ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا. هەروەها بەشەکانی فارسیی VOA، DW و رادیۆ فەردا، هەرچەند لە ئاستی چاوەڕوانییەکان نەبوو، بەڵام ئەو هەواڵانەیان گواستەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە گواستنەوەی سات بە ساتی مانگرتنەکە و ناردنی هەواڵەکانی بۆ راگەیەنەکانی وڵاتانی دەرەوە،

لەم پێناوەدا هەوڵی بێوچانی دا.

■ سپاسی حدکا لە خەڵکی خەباتگێڕ و ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزب

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ٢٣ی پووشپەڕ لە سپاسنامەیەکدا روو لە خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو ئەم سەرکەوتنە مەزنە بۆ گەلی کورد هەوڵیان دا، سپاسی کرد و لە سەر یەکیەتی و بوێریی خەڵک وەکوو رەمزی سەرکەوتنی حەرەکەتەکە جەختی کردەوە. دەقی ئەم بەیاننامەیە لەم ژمارەی ٥١٣ی رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو کراوەتەوە.

■ ٦٨: ٢٣ی بانەمەڕ، رۆژێک کە کوردستان سەری بە سێدارە داخست (١٣٨٩)

لە بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ، کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە جینایەتێکی خولقاند. لە سێدارەدانی بە کۆمەڵی پێنج چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد و ئێرانی بە ناوەکانی «فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەمهوولی، فەرهاد وەکیلی و میهدی ئیسلامیان» جینایەتێک بوو کە زیاتر لە هەر شتێک نیشاندەری داماوی و لاوازیی رێژیم بۆ دەربازبوون لە کێشە و قەیرانانەکان بوو.

پاش هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی وردبینانە لە نێوخۆی وڵات و بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هێزەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و حیزبەکانی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران -

کۆمەڵـە، ڕێکخـراوی خەباتـی کوردسـتانی ئێـران بـە ڕاگەیەندراوی جیـاواز، بـەڵام ناوەڕۆکێکـی وەک یـەک، خەڵکـی کوردسـتانیان بـۆ مانگرتنێکـی سـەراسـەری لـە ڕۆژی پێنجشـەممە، ٢٣ی بانەمـەڕ بانگهێشـت کـرد. بڵاوکردنەوەی ئـەو بانگەوازانە لە کاتێکدا دەسـتی پـێ کـرد کـە کاتێکـی زۆر لـە بەردەسـتدا نەبـوو و لـە لایەکـی دیکەشـەوە ڕێژیـم بۆ خۆتەیارکـردن و بەڕێکردنـی هێزەکانی خۆی بـۆ بەرەوڕووبوونـەوە لەگـەڵ هـەر چەشـنە ناڕەزایەتییـەک ئامادە بـوو تا جووڵەکان هەر لە سـەرچاوەکەدا بخنکێنێ، ئاواتێک کە هێزە کوردییـەکان نەیاندەویسـت ڕێژیم بە ئاڵۆزکردنی کەشـەکە پێی بگا. بەرئـەنجامەکـەشـی مانگرتنـی ڕۆژی پێنجشـەممە، ٢٣ی بانەمـەڕ بوو کە خەڵکی کوردستان، گشت ئێرانییەکان و جیهانیان سەرسامی هەڵوێستی ئازایانەی خۆیان کرد. گەلی کورد بـە هەنگاوێکی شیـاو بـە خەڵکی ئێرانی سـەلماند کە دەکرێ بە یەکگرتوویی و نیشـاندانی ئیـرادەی نەتەوەیـی، ملهوڕەکان بـە چۆکدا بێنی. هەڵوێسـتی خەڵکی کوردسـتان کـە بەرچاوترینـی لـە شـار و ناوچەکانـی سـنە، مهاباد، ورمێ، بۆکان، کامیاران، نەغەدە، شـنۆ، سـەقز، دیواندەرە، دێگولان، جوانڕۆ، پاوە، نەوسـوود، سەردەشت، مەریوان، ماکۆ و.. دەرکەوت، پەیامێک بوو بۆ بنەماڵەکانی ئەو شەهیدانە کە: «کوردستان ئێوە بە تەنیا ناهێڵێتەوە».

لایەنێکی دیکەی ئەو ڕووداوانە کە هەم ڕێژیم و هەم کوردەکانیش چاوەڕوانیـان نەدەکـرد کە بێ گومان زیاتر ڕێژیمی سەرسـووڕماو کـرد، شـکاندنی ڕۆژووی بێدەنگیـی چەندیـن دەیـەی ئێرانییەکان لە ئاسـت لە سـێدارەدانی چالاکانی سیاسیی کورد بوو، بێدەنگییەک کە ناڕاستەوخۆ ڕێژیم وەک بەڵگە و جەوازی ڕەزامەندی بۆ کردەوەکانی خـۆی لـە کوردسـتان، بە ئەژماری دێنا. بەڵام ئـەو جارە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو شیاوی تێڕامان و ڕێزلێنانە، بە جۆرێک کە دژکردەوەی

بەجێی هەموو گرووپ و لایەنەکانی ئێرانی وەک چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ، رووناکبیری، مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، کرێکاری، کۆماریخوازی، سەڵتەنەتخواز، پان ئێرانیست، کۆمۆنیست، خوێندکاری و.. بە دواوە بوو. دۆخێک کە تەنانەت کەسانی وەک مووسەوی و کەڕووبی و زەهرا رەهنەوەردیشی ناچار کرد هەر نەبێ بە پێچوپەنا سەرکۆنەی ئەم کارە بکەن. ئێرانییەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا شانبەشان یان تەنانەت لە پێشەوەی هاونیشتمانانی کوردستان بەردرگای باڵویزخانە و کۆنسوولگەرییەکانی رێژیمیان کە لە راستیدا ناوەندی سیخوڕەکانی رێژیمن، لە وڵاتانی فەرانسە، ئاڵمان، بلژیک، ئامریکا، سوئێد، کانادا، دانمارک، بریتانیا، هۆلەند، ئۆتریش و.. گرت و بێزاری و رق و تووڕەیی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی نیشان دا.

رێکخراوە ئێرانییەکانی وەک: ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییانی سیاسیی ئازەربایجان لە ئێران، رێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران و دەوروبەری، «ئەدواری تەحکیمی وەحدەت»، کانوونی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، شوورای هاوئاهەنگیی بزووتنەوەی کۆماریخوازانی دێموکرات و لائیک لە ئێران، شوورای کاتیی سۆسیالیستە چەپەکانی ئێران، کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، کومیتەی بەرگری لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران، کۆمەڵی ئیسلامی ئێرانییەکان، یەکێتیی کۆماریخوازانی ئێران، بزووتنەوەی فیدراڵ دێموکراتی ئازەربایجان، ناوەندی نووسەرانی ئێران، ناوەندی نووسەرانی ئێران لە تاراوگە، کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران، کۆمەڵگای بەرگری لە مافی مرۆڤ لە ئێران، ئەنجومەنی توێژەرانی ئێران، ئەنجوومەنی پاشایەتیی ئێران، شوورای کاتیی گشتیی سکۆلارە سەوزەکان، رێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران،

یەکگرتوویی بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ، حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران، بەرەی نەتەوەیی ئێران ـ ئورووپا، ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی خەڵکی ئێران، ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران (زۆرینە)، شووورای هاوئاهەنگیی بزووتنەوەی کۆماریخوازە دیموکراتەکانی ئێران، چەپی دیموکراتی ئازەربایجان، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، شووورای چالاکانی نەتەوەیی ـ ئایینی، بنەماڵەی لە سێدارەدراوەکانی ساڵانی ڕابردوو، کۆمەڵێک لە چالاکانی ناوداری سیاسیو مافی مرۆڤ و .. ئەو جینایەتەی ڕێژیمیان ریسوا کرد و لە سەر بێ تاوانیی چوار کوردی لە سێدارەدراو جەختیان کردەوە.

یەکێکی دیکە لە بابەتە شایانی سەرنجەکان، ڕێپێوانی ناڕەزایەتی دەربڕینی بەربڵاوی ئەفغانییەکان لە شاری جەلال ئاباد و لە بەردەم کۆنسولگەریی ئێران بوو کە بە هەڵگرتنی وێنەی شەهیدانی کورد و پلاکاردگەلێک کە نیشاندەری پشتیوانی لە گەلی کورد بوو، کۆنسولگەریی کۆماری ئیسلامییان دایە بەر بەرد و وێنەی خامنەیی و ئەحمەدینژادیان سووتاند.

لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، ئەو ستەمەی کە لە کورد کرا و هەروەها مانگرتنە بێهاوتاکەی کوردستان دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبوو. یەکێتیی ئورووپا و ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لە سێدارەدانەکانیان بە توندی ئیدانە کرد. دەیان کەسایەتیی زانستگایی لە ئەمریکا و ئورووپا لە سێدارەدانی چالاکانی کوردیان مەحکووم کرد.

لە نێوخۆی وڵاتدا بەهۆی ناڕەزایەتی و مانگرتنی زیندانییان، ڕێژیم ناچار بوو بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێوین هەڵوەشێنێتەوە. هەروەها لە زیندانەکانی ورمێ، سنەو گەوهەردەشتی کەرەج ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو هاتە ئاراوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، کانوونی زیندانییانی سیاسیی ئێران لە تاراوگە، کۆمیتەی خوێندکاریی بەرگری لە

زیندانییانی سیاسی، کۆمیتەی خوێندکاریی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی و مەدەنیی کورد و.. ئەو جینایەتەی ڕێژیمیان مەحکووم کرد.

بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بۆ مانگرتنی سەرتاسەریی ٢٣ی بانەمەڕ
هاونیشتمانانی تێکۆشەر!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوشتاری ئازادیخوازان بەردەوامە و ئاخرین قوربانییانی ئەم کوشتارە تا ئێستا پێنج لاوی ئازادیخواز بوون کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ لە زیندانی «ئێوین»ی تاران لە سێدارە دران. فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەمهوولی، فەرهاد وەکیلی و عەلی حەیدەریان ئەو چوار لاوە کوردە تێکۆشەرە بوون کە تاوانەکانیان تەنیا کوردبوون و سووربوونیان لە سەر داوای مافە ڕەواکانی گەلە بێبەشەکەیان بوو. ئەوان چوار کەس لە هەزاران تێکۆشەری نیشتمانەکەمان بوون کە دڵیان پڕ لە ئەوینی ڕزگاریی گەلەکەیان لە دەست دێوەزمەی جەهل و نەزانی بوو و ئێستاش ژمارەیەکی دیکە لە هاونیشتمانانی ئازادیخوازی ئێمە لە زیندانە پڕشوورەییەکانی ڕێژیم و لە ژێر ئەشکەنجەی بەکرێگیراواندا چاوەڕوانن کەنگێ دڵی پڕ لە ئاواتیان بە گوللەی ئازادیکوژان لە لێدان بکەوێ.

بێگومان هەتا ئەو کاتەی خەڵک تەنیا بە داخ و کەسەرەوە شاهیدی کوژرانی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانی خۆیان بن و دژایەتیی خۆیان بە کردەوە دەرحەق بەم هەموو زوڵم و زۆردارییە نیشان نەدەن، لە داهاتووشدا ڕۆژانە شاهیدی ئەم ڕووداوە تاڵانە دەبین، چوونکە ڕێژیم بەزەیی بە هیچ مافخوازێکی ئێرانی و بە تایبەت مافخوازی کورددا نایە.

بۆیە داوا دەکەین رۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی بانەمەڕ بەرامبەر بە ١٣ی مانگی مەی، بۆ نیشاندانی نارەزایەتیو دژایەتی لە بەرامبەر ئێعدامی ئەو لاوە ئازادیخوازانە و وەستاندنی ئێعدامی ئازادیخوازانی دیکەی کورد، بە یەکگرتوویی دەست بدەنە مانگرتنێکی گشتی و لەو رۆژەدا قوتابی و خوێندکاران و مامۆستایان نەچنەوە قوتابخانە، کارمەندان نەچنەوە سەر کارەکانیان، بازارییەکان دوکانو بازاڕ دابخەن و کرێکاران لە سەر کار ئامادە نەبن، پێویستە لەو رۆژەدا خەڵک لە ماڵ نەچنە دەر و شەقام و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکان چۆڵ بن. بەم چەشنە بە رێژیم و بنەماڵەی ئەو کۆمەڵە شەهیدانەی دواییمان رابگەیەنین کە شەهیدەکان و رۆڵە بەجەرگە ئازادیخوازەکانی ناو زیندانەکان، رۆڵەی خۆشەویستی هەموو نەتەوەی کوردن و لە لایەکی دیکەشەوە بەم بێدەنگییە نفرەت و بێزاریی خۆیان بە دژی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن.

بەو هیوایە کە هاونیشتمانانی تێکۆشەر بەو مانگرتنە کە خەباتێکی مەدەنی و سەردەمیانەیە، رۆژی پێنجشەممە بکەنە رۆژێکی مێژوویی دیکەی پڕ لە شانازیی خۆیان لە رۆژانی بەربەرەکانی دژی زوڵم و سەرەڕۆیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەم چەشنە دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی رێژیم، گەلانی بندەستی ئێران و هەموو دنیا بگەیەنن.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی هەموو خەڵکی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٢١ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٠/٥/١١ زایینی

سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە خەڵکی کوردستان
بە بۆنەی سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ
کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ئازادی!
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

جارێکیتر ورەی پۆڵایین و هێزی لەشکان نەهاتووی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونی شۆڕشگێڕانەی ئێوە وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی کارەساتێکی خوێناوی سەری هەڵدایەوە و لە ڕۆژانێکدا کە دێوەزمەی سەرکوت و سێدارە قاقای سەرکەوتنی بە سەر تەرمی پیرۆزی پۆلێک لە تێکۆشەرانی ڕێگای بەختەوەریی گەلەکەماندا لێ دەدا، تیریێژی خودئاگایی و شارستانیەتی ئێوە لەگەڵ شنەبای دلڕفێنی هاوپشتی و یەکگرتوویی، هەوری چڵکنی دیکتاتۆری و خەفەقانی شوومی سێبەرە ڕەشەکانی لە سەر وڵاتەکەمان ڕاماڵی و لووتکەکانی زاگرۆسی کردە بڵیندگۆی حەماسەیەک کە ٤ ڕۆڵەی تێکۆشەری گەل بە ئازایەتییەکیکەم وێنە، شابەیت و مەتلەعەکەیان بە خوێنی ئاڵیان لە سەر لاپەڕەکانی مێژوو نووسی و تاک بە تاکی ئێوە، پیر و لاو، ژن و پیاو، کچ و کوڕ، قوتابی و مامۆستا، بازاڕی و کرێکار و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بوون بە پیت و وشە و دێڕ و ڕستە بۆ سەرخستن و تۆمارکردنی ئەو حەماسەیە.

کاتێک کە جەللادەکانی ئێڤین، چوار بەوری برینداری زنجیریان لە بەرەبەیانێکی غەریبی بانەمەڕدا بەرەو قوربانگای پەتی نگریسی سێدارەکانیان دەبرد، پێیان وابوو کە بەو تاوانە سامناکە، هەناسە لە گەرووی دالاهۆدا دەخنکێنن و زنجیر لە ملی ئاویەر و شیرینسوار و بێستوون و شاهۆ دەکەن و ئاگری بۆ هەمیشە بە چۆکدا دێنن و شوورەی پۆڵایینی دیموکراسی دەڕووخێنن. بەڵام وەک مێژووی خەباتی خوێناویی گەلەکەمان سەلماندوویە، لەوەتی ئێمە هەین و

کوردستان کوردستانە، ڕێبازی سەرفیرازی و ڕزگاری، ڕووبارێکی خرۆشانە کە بۆتە سەرچاوەی ڕووناکی و ژیان و لەمپەرەکان نەک هەرگیز نەیانتوانیوە رایوەستێنن، بەڵکوو هەر لەمپەر و کۆسپێک بۆتە هۆی پەنگخواردنی قین و پتەوبوونی ئیرادەمان بۆ تێکشکاندنی قەڵای تاریکی و بەخوڕتر و بەلرفەتر لە جاران ڕێگای سەرکەوتن بۆ گەیشتن بە ئامانجمان بڕیوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە بەڕێوەچوونی شکۆداری مانگرتنی سەرانسەریی ٢٣ی بانەمەڕ دەسکەوتێکی نەتەوەیی بوو کە ڕۆڵی سەرەکیی ئێوە لە ڕێکخستنی ئەو مانگرتنەدا و کار و خەبات و چالاکییەکانتان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمی شۆڕشگێڕانە و بانگەوازی حیزبەوە و هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر وەیشوومەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژێکی زێڕین و لەبیرنەکراوی بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێراندا دژ بەو ڕێژیمە کۆنەپەرستە تۆمار کرد و پەپوولەی ڕۆحی پیرۆزی شەهیدانی کردە میوانی گوڵزاری خۆشەویستیتان و دڵی خەمباری دایکانی ئازیەتباری لە ئەمەگناسی و پێزانینتان بەرامبەر بە بارەگای پیرۆزی شەهیدان دڵنیا کردەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت هەوڵ و هیممەتی دلێرانەی ئێوە لە پێناوی سەربەرزیی حیزب و گەلەکەتان و ڕۆڵی حاشاهەڵنەگرتان لە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانە و بەربڵاوی مانگرتنی سەرانسەریی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا، سەرەڕای هەموو هەڕەشە و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی و ناحەزانی گەلەکەمان، ڕێز لێ بگرێت و سوپاسی بێپایانی خۆی ئاراستەی هەموو لایەکتان بکات و دەستی ماندوویینەناستان بە گەرمی بگوشێت. بێگومان ئەم سەرکەوتنە

بەرهەمی کار و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی ئێوەیە و لە داهاتووشدا ڕێنوێنێک بۆ بەرینترکردنەوەی خەبات لە پێناوی ئازادی، دێموکراسی و سەرکەوتوویی هەرچی زیاترمان لە بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبی و نەتەوەییەکانماندا دەبێت.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکشەممە، ٢٦ی بانەمەڕی

■ ٦٩: بەرگری لە نیشتمان لە شەڕ دژی داعشدا (١٣٩٣)

لە مانگی جۆزەردانی ١٣٩٣دا ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش موسڵی داگیر کرد و پاش خۆقایمکردنی لەو شارە و دەستبەسەرداگرتنی چەکوچۆڵێکی زۆر لە سوپای بێ ورە و رووخاوی عێراق بە سەرکردایەتیی نووری مالیکی تەماعی داگیرکردنی کوردستانیشیان کرد و دوای ماوەیەک هێرشیان لە مووسڵەوە بەرەو هەولێر دەست پێ کرد و تا داگیرکردنی مەخموور پێشڕەوییان کرد و شاری هەولێریان خستە مەترسییەوە و ترسیان خستە دڵی خەڵکەوە. لەم کاتەدا حیزبی دێمۆکرات بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ئامادەیی خۆی بۆ بەشداریکردن لە بەرگری لە خاک و نیشتمان نیشان دا کە بە خۆشییەوە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە داوا لە حیزبی دێمۆکرات کرا کە پێشمەرگەکانی بۆ بەرگریکردن بنێرێت بۆ بەرەکانی شەڕ. سەعات ٧ی شەو دەفتەری سیاسی بۆ تاوتوێکردنی ئەم بڕیارە کۆ بووەوە و وێڕای پێشوازی کردن لەو داواکارییە هەر ئەو شەوە چەند یەکەیەکی پێشمەرگەی ئامادە کرد و لە کاتژمێرەکانی بەیانیدا بەرەو بەرەکانی شەڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی داواکار ناردە بەرەکانی شەڕەوە کە بە خۆشییەوە چوونی ئەو هێزە ورەیەکی باشی بە پێشمەرگەکانی هەرێمی کوردستان بەخشی. بە گەیشتنیان بۆ شوێنی مەبەست دوو گوندیان لە چەکدارانی داعش پاک کردەوە

و دەسکەوتەکانی ئەو شەڕە کە چەند قەبزە تفەنگ و ماشینێک بوو، تەحویلی بەرپرسانی ئەو میحوەرە دران.

بەڵام بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە پاش ٤٨ کاتژمێر دوای مانەوەی هێزەکەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لایەنی پێوەندیدار وێڕای سپاس و پێزانین داوایان لە ئێمە کرد کە هێزەکانمان بگەڕێنینەوە و ئێمەش پرسیارمان لێ کردن بۆ؟ وەڵامیان ئەوە بوو کە باشتر وایە بگەڕێنەوە. هەر بۆیە ئەو هێزانە هەر چەند پێیان ناخۆش بوو، گەڕانەوە بۆ مەقەڕەکانی حیزب. پاش ماوەیەک دەرکەوت کە قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس گوشاری خستووەتە سەر هەرێم و ئەوانیش لەو حاڵەتە ناسکەدا نەیانویستووە کێشەی ئێرانیش تووشی خۆیان بکەن. بۆیە داوایان لە ئێمە کردبوو کە هێزەکانمان بکشێنینەوە. بەو حاڵەشەوە حیزبی دیموکرات بە بەرپرسانی هەرێمی ڕاگەیاندبوو هەرکات و لە هەر شوێنێکدا پێویست بە بەشداری و هاوکاریی ئێمە بکات، بە پێی توانا ئامادەی هاوکاری دەبین.

■ ٧٠: گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاخ و هەڵسوکەوتی Pkk

Pkk لە ڕۆژی پێکهاتنیەوە دەستی دایە پڕوپاگەندە لە دژی حیزبە ڕەسەنەکانی کوردستان و یەکیانی بە پاشماوەی عەشیرەت و ئەوەی دیکەی بە نوێنەری بورژوازی و .. بە ئەندام و لایەنگرانی دەناساند.

لە ڕۆژانی نیشتەجێ بوونیان لە سووریەدا دروشمی سەرەکییان بوو بە «باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، یەک وڵات و یەک خەبات». بە بۆچوونی pkk کوردستان ڕۆژئاوای نەبوو و ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ سەر ئەو ساتوسەودایە کە ئەم حیزبە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سووریە هەیبوو و ڕادەی بەستراوەیی و ملڕاکێشانی بۆ دەسەڵاتی حافیز ئەسەد پیشان دەدا و پاش کۆچی دوایی حافیز ئەسەد و لە

سەروبەندی بومبارانی شیمیایی خەڵکی سوریە و کاولکردنی گوند و شارەکان بە سەر دانیشتوانیاندا لە ژێر بومبارانی تۆپ و خومپارەی ئەرتەشی ئەم ڕێژیمە و لە هەلومەرجێکدا کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەرەو ڕووخان دەچوو، لقەکانی pkk لە سووریە بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە نزیکترین بنکەکانی سوپای بەشار ئەسەد دانا و ئەو ناوچانەی کە لەم هەلومەرجەدا کەوتبوونە دەست خەڵکی کوردی ئەم ناوچەیە تا نووسینی ئەم دێڕانە تەنانەت یەک کارمەندیشیان لە لایەن ڕێژیمی بەشار ئەسەدەوە دیاری دەکرێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە P.Y.D لقی pkk پێشگیری دەکا لە ڕۆیشتنەوەی حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتی خۆیان.

لە کوردستانی باشووریش لە یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمانییەوە تا ئێستا دژایەتی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە کوردییەیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە و سەرەتا پارلەمان و حکوومەتی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بە دەنگی خەڵک هەڵبژێرابوون بە داردەستی ئەمریکا و ئینگلیس ناو بردن و کەمترین بایەخیان بۆ ئەم دەسکەوتە گرینگەی خەڵکی کوردستان دانەنا. تەنانەت ٢ جاریش شەڕیان لە دژیان هەڵایساند و ژمارەیەک لە لاوانی کورد کە بۆ ڕزگاریی نیشتمان هاتبوونە ریزی pkkوە کەوتنە هێرش بۆ سەر گرینگترین دەسکەوتی خەڵکی کوردستان و ژمارەیەک لاوی کورد لە هەر دوو لا شەهید بوون کە بەرپرسایەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسانی pkk.

لە کوردستانی باکووریش ئەوەندە بەسە بڵێین تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بوونی هیچ حیزبێک قبووڵ ناکا و لە ڕۆژانی خەباتی لە باکووری کوردستان هەرکام لەو حیزبانەی وە بەر دەست کەوتبان، هیرشی دەکردەنە سەر و قەلاچۆی دەکردن.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو بەشەکانی دیکەدا pkk دەستی

دایە ڕێکخستن و دامەزراندنی حیزبی دەستکرد و کۆنفرانسەکانی لە ژێر لوتفی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە بردن و ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو پێوەندییانەی کە ئەم حیزبە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دایمەزراندبوو.

pkk بە پێی بڕیاری کۆنگرەی دووهەمی لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی پیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهێز کرد و لە کۆنگرەی سێهەمدا ئەو پیوەندییەی وەکوو ستراتیژی خۆی ناساند. لەو پێوەندییەدا ئۆجالان لە کتێبی «٧ ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆ»دا کە بە عەرەبی چاپ کراوە، سەبارەت بەو ئامانجە ستراتیژیکە دەڵێ:

«ئەو کوردانەی کە لە مانای نیشتمانپەروەری و سیاسەت ناگەن «کەڕ و بێ میشک و کوێرن»، ئەگەر بۆ دوژمن لە سەر ئامانجە ستراتیژییەکان تەنازولت کرد، ئەوە شێت و خائینی.. ئەو چوار دەوڵەتە کە کوردستانیان داگیر کردووە، هەموویان دوژمنمان نین، بۆیە نابی بە چاوێک سەیری هەموویان بکەین».

هەر لە بەر تیشکی ئەم ستراتیژییەدا ئۆجالان لە پەیامێکدا کە بۆ کۆڕێکی تایبەت لە ٢ی ڕێبەندانی ١٩٩٦ لەباری ٥٠هەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێک هاتبوو، بە تەلەفۆن بەشداریی کرد و ڕایگەیاند: «بە تەجرەبەی ئێمە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمی شای ئێران نیە و مرۆڤ باش هەست بە جیاوازی دەکات، حیزبی دێموکرات ماوەیەکی درێژ دژی شای ئێران شەڕی کرد، شەهیدی دا، گەلێک لە ئەندامانی زیندانی کران، ئەوانە شەهیدی دێموکراسی، تەنانەت شەهیدی وڵاتپارێزی ئێرانن».

لە درێژەی ئەم پەیامەدا وتی:

«میللەتی کورد میللەتێکی ئێرانییە، لە زمان و کولتووردا برای یەکدی بوون. ئێمە نامانەوێ کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستێ. هەر لەو کاتەشدا لە کۆماری ئیسلامیمان دەوێ نەک تەنیا

بۆ کوردی رۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو کوردان سیاسەت دارێژێ، ئێمە هەردوو موحتاجی یەکترین».

لە درێژەی ئەم سیاسەتە ئیستراتژییەدا کاتێک لە ٣ی رەشەمەی ٧٧ خەڵکی شاری سنە بە ئیعتراز بە گیرانی ئۆجالان کەوتنە رێپێوان و لە رەوتی رێپێوانەکەدا دروشمی دژی رێژیمیان بەرز کردەوە، pkk ئەو خەڵکەی بە داردەستی سەهیوونیزم و ئیمپریالیزم ناو برد، ئەم بەیاننامەی pkk لە رۆژی ١٣٧٧/١٢/٦ی هەتاوی بڵاو کرایەوە کە لەم پێوەندییەدا لە بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا ئەم وتانەی pkk مەحکووم کران.

دوایین شاکاری pkk کە هەر پێوەندیی بە ستراتژیی و سیاسەتی pkk لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە لەم دواییانەدا بوو کە:

رۆژی ١٣٩٤/٣/٣ی هەتاوی تیمێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ پێوەندیگرتن بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە چووبوونەوە کوێستانەکانی کێلەشین، بەو بیانووەوە کە ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە (هەرێمی میدیا) بۆ کەس نیە لەو ناوچەیەدا هاتوچۆ بکات، گەمارۆی پێشمەرگەکانی حیزبیان دا کە پێشمەرگەکان دەسبەجێ بەرپرسەکانیان لە دۆخەکە کە بۆیان پێش هاتووە ئاگادار کردەوە، دەفتەری سیاسیی حیزب لە رێگای پێوەندییەکان، دۆستانی هەر دوو لا و تەنانەت دۆستانی pkkوە هەوڵی دا کە کێشەکە چارەسەر بکرێ، بەڵام قسەیان هەر ئەوە بوو. دەفتەری سیاسی لە نامەیەکدا کە ناوەرۆکەکەی لە خوارەوە هاتووە، داوای کرد بە دانوستان کێشەکە چارەسەر بکرێ و لە کۆتاییدا pkk سەرلە بەیانیی رۆژی ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ هێرشی کردە سەر ئەو تیمە پێشمەرگەیەی حیزب و پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی «قادر کەریمی» شەهید و ٣ پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون. ئەمە تاوانێکی گەورە بوو کە لە لایەن هەموو حیزبەکانی کوردستان

و بەتایبەتی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە مەحکووم کرا.
pkk لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە هەوڵەکان لە ئارادا بوون، ڕایاندەگەیاند ئەوان لە ژێر گوشاری کوماری ئیسلامیدان و ناتوانن ڕێگا بدەن کەس بەو سنوورەدا هاتوچۆ بکات و بەم چەشنە pkkی ڕزگاریدەری وڵات و نەتەوە بوو بە سنوورپارێزی وڵاتی داگیرکەر. بەڵام پاش چەندین دانیشتن و بە نێوبژیوانیی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی وتووێژەکاندا و پاش چەند دانیشتنێکی دووقۆڵی، ئەو گرژی و ئاڵۆزییە کە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی پەکەکەوە پێک هاتبوو، کۆتایی پێ هات و پێوەندییەکانی نێوان دوو لایەن بەرەو ئاساییبوون ڕۆیشت و تا نووسینی ئەم دێڕانە بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاخەکانی سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان جێگیر کراوە.
دەقی نامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کە لە سەرەتای ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەدا بۆ سەرکردایەتیی پەکەکە نووسرابوو، بەم چەشنە بوو:

بۆ بەڕێز/ کۆنسەی سەرۆکایەتیی کۆما جڤاکێن کوردستان

لەگەڵ سڵاو!

ئاگادار کراین کە داواتان کردووە هاوڕێیانی ئێمە لە شوێنەکانی مانەوەی ئیستایان دابەزن.

ئەو داوایە ئەگەر بە مەبەستی کشانەوە و گەڕانەوەی هاوڕێیانمان و پێشگرتن بە خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ئاشکرایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناتوانێ ئەو جۆرە گوشارانە قبوولأ بکا. بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی پێوەندیی دۆستانەماندا تێبینییەکتان هەبێ دەکرێ بە دانیشتن و لێک تێگەیشتن ڕیگایەک بۆ چارەسەری مەسەلەکە

بدۆزینەوە.

ئێمـە هەر لـە ڕۆژی یەکەمی ئەم وەزعـەوە لە چەند کانالّی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆوە داوای دیـدار و چاوپێکەوتن و چارەسەری مەسەلەکەمان کردووە کە بە داخەوە یا وەڵامێک نەبـووە یـا ئەگەر بە دەگمـەن وەڵامێکیش بووبێ « نا» بووە، ئەویـش بـە ئۆلتیماتـۆم و هەڕەشـەوە کـە ئـەوە دوورە لـە پێوەندیی سیاسی نێوانمان.

ئێمـە دڵنیاتـان دەکەیـن کە لە لایەن ئێمـەوە هیچ هۆیەک بۆ گـرژی و ئاڵـۆزی لـە نێوانمانـدا نیـە و هیواداریشـین ئێوەش هـەروا بیـر بکەنەوە و هەنگاو بەرەو کردەوەیەک نەنێن کە لە بەرژەوەندیـی هیچ لایەکمان و بزووتنەوەی کورد بە گشـتیدا نەبـێ و ئێمـەش ناچار نەبین لەو پێوەندییەدا ڕاسـتییەکان بۆ بیروڕای گشتی ڕوون بکەینەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٢٠١٥/٥/٢٢ی زایینی

١٣٩٤/٣/١ی هەتاوی

سەرچاوەکان

١. رۆژنامە ی «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢. راپۆرتی کۆنگرەکان

٣. تلاش در راه تفاهم، ناصر، چاپی یەکەم ١٣٦٠، چاپەمەنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٤. نووسین و وتارەکانی دوکتور قاسملوو

٥. ئورووپاییەک لە وڵاتانی کوردان، نووسینی نەسرین قاسملوو، چاپی یەکەم ٢٠١٤، چاپخانەی سەردەم.

٦. اسناد میکونوس، پرویز دستمالچی، چاپی یەکەم، شهریور ١٣٧٦، برلین.

٧. ئەزموونی خەبات، هەیاس کاردۆ، چاپی یەکەم ٢٠١١، چاپخانەی

ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٨. چل ساڵ خەبات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، چاپی دووەم، ١٣٧٦/١٩٨٨
٩. ٢٢ روز حماسه و ایپار در سنندج، پاسدار مجید نداف، چاپی یەکەم ١٣٨٩، چاپ انتشارات دانشگاهی جامع امام حسین.
١٠. جنگ خونین در سنندج، چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران، چاپی یەکەم ١٣٦١، بڵاوکراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران.
١١. کۆکراوەکانی بیهزاد خۆشحاڵی
١٢. نامیلکەی «جنگ در کردستان»
١٣. چشم انداز ایران (ویژه کردستان)، نشریه سیاسی راهبری، پاییز ١٣٨٤

70 Historical Stations

Teimour Moustefai

Kurdistan 2015

70 Historical Stations

Teimour Moustefai

Kurdistan 2015